# لە نێوان بەغدا و هیچ جێیەکی تر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بریگیتا برۆبل

# له نێوان بەغدا و هیچ جێیەکی تر

له ئەڵمانییەوە:

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

ناوی کتێب: لە نێوان بەغدا و هیچ جێیەکی تر
نووسینی: بریگیتا برۆبل
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقیبیان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٦٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

بەغدا

# بەشی یەک

دایکی تکای لێ کرد: "سەعید، تکایە لە ماڵەوە بمێنەوە! من شەو هەر لەم نێزیکانەی گەڕەکی خۆمان، گوێم لە تەقە بوو. ئەگەریش دەترسیت پێویست ناکات بۆ خوێندنگە بچیت."

سەعیدیش پێ دەکەنێت. ئەو هەرگیز لەبەر دایکی وای دەرناخات کە ترسی هەیە. ئەو تەمەنی پازدەیە و لە تەک ئەحمەدی هاوڕێیدا و لە پردەکەی تەمووزەوە، خۆی فڕێداوەتە ناو ئاوەوە. ئەو ماتۆڕە یاماها زەبەلاحەکەی براکەی ئەحمەدی لێخوڕیوە. ئەگەرچی تەنیا یەک دوو کیلۆمێتر بوو، بەڵام هەر خراپ نییە. ئەو لە گەشتێکدا بۆ چیا و لە تەک بابەگەورەیدا، بۆ یەکەم جار چەکێکی ڕاوی گەورەی بەدەستەوە گرت و دەستیشی هیچ نەلەرزی. ئەو جارێکیان داڵێکی گەورەی بە ئاسمانەوە دی. چۆن داڵەکە بە کەشخە و فیزەوە بەسەر ئەمدا خولی دەخوارد، هەتا خۆی بە کونی تاشە بەردەکەدا کرد. کەواتە ئەم بەهێزە و هیچ ترسێکی نییە! دایکی بە پاڕانەوەوە وتی:

– "تەلەفۆن بۆ مامۆستاکەت دەکەم. بەڵێ، تەلەفۆنی بۆ دەکەم و پێی دەڵێم؛ کە تۆ نەخۆشیت و سکت ژان دەکات. یانیش جێیەکی دیت دێشێت. ئیتر گرینگ نییە، چونکە خۆی تێ دەگات بۆچی ئەم کارە دەکەم. ئەویش کوڕێکی هەیە، بۆیە لێم تێ دەگات."

سەعیدیش هاوار دەکات:

– "دایە، کردەیەکی بێ کەڵکە! ئەی پاشان لە پۆل چۆن لێم دەڕوانن؟! ئەی بۆ سبەینێ و دوو سبەینێ چی دەڵێیت؟"

بابی وەک هەر بەیانییەکی تر، سەری بەسەر ڕۆژنامەکەیدا شۆڕ کردووەتەوە و قاچەکانی لە ژێر مێزەکەوە لێ بڵاو کردووەتەوە. ئەو پێڵاوی لە

پێدا نییە و تەنیا گۆرەوی سپی تێنسی لە پێدایە. گۆرەوییەکانی کە جارجارە براکەی لە "بەرلین"ەوە بۆی دەنێرێت. سەعید کە بۆ یەکەمین جار بە مامە بەسام ئاشنا بوو، ئەم تەمەنی هەشت ساڵان بوو. مامی بەر لە شەڕ، جارجارە سەری لێ دەدان. مامی پیاوێکی گەورەی ورگ زل بوو. مامە بەسام گۆرەوی کاڵای باشی بۆ دەنێرێت کە لە سەدا سەد خورین. کە ئەم جۆرە گۆرەوییانە لە دەستپێکی جەنگەوە ئیتر لە بەغداد دەست ناکەون. بەرلەوەیش و لە سەردەمی ئابڵووقەی ئابووریدا کە ئەمریکا بەسەر عێراقیدا چەسپاندبوو، زۆر دەگمەن دەتوانرا وەها کاڵایەک بکڕدرێت. ئەو گۆرەوییە سپییانە بەسەر کەفی لە بەردی تاریک دروستکراوی ژووری خواردنگەکەوە، وەک ببریسکێتەوە وەها بوو. بابی سەعید بۆڵەی لێ بەرز بووەوە:

" – درۆ بە هیچ ناگات، بە هیچ. ئەگەر بکەوینە درۆکردن، ئیتر دەستبەرداری نابین. من وەک رۆژانی تر، لەتەک خۆمدا دەتبەم."

عەلوای دایکی سەعید لە سەردەمی خۆیدا هێندە جوان بوو، دە خوێندکاری هەمان زانکۆ دەیانویست زەماوەندی لە تەکدا بکەن. بابی سەعید هەرجارێک بیەوێت ژنەکەی هەڵبدات ئەمە دەڵێتەوە. سەعیدیش کە لە ڕوخساری دایکی هەڵدەڕوانێت، ناتوانێت باوەڕ بکات. چونکە هەردەم لە ترس و خەم و مەراقدا، ڕوخساری تێک دەچێت، پێستیشی تەنک و تەنکتر دەبێتەوە. ئەو دەتوانێت هەر ڕۆژەی چرچی زۆرتر بەسەر نێوچاوانییەوە بەدی بکات. ئەو سەردەمەشی کە هێشتاکە سەدام حسێن لەسەر دەستەڵات بوو، دایکی هەر ترسی لە هێز و زۆرداریی پۆلیسی نهێنییەوە هەبوو. خوشکەکەی عەلوا و مێردەکەی لەلایەن پیاوانی سەدامەوە لەسێدارە دران، چونکە دەیانویست لە لوبنانەوە تەلەفۆنی ساتەلیت بێنن. ئەو جۆرە تەلەفۆنەی کە ناتوانیت گوێبیستی بیت و بیخەیتە ژێر چاودێرییەوە. بابی عەلوایش بە مردن تاوانبار کرا، چونکە نوکتەی لەسەر سەدام کردبوو. ئەو سەدامی بە شێت و تاوانبار ناساندبوو کە جێگەی ئەو بەندیخانەیە. کێشەکە لەوەدا بوو، بابی عەلوا ساتێک لە بازاڕ و مەیدانی میوەفرۆشی خەریکی کڕینی کاڵەک بووە،

ئەم نوکتەیەی کردووە، لێ ئەو ناوەیش پڕ بووە لە ئەمن. بۆیە هەر لەوێدا قۆڵبەست کراوە و گیراوە. دوو براکەشی لە جەنگی یەکەمی کەنداودا کوژران. بۆیە ئیتری کەسێکی وەها لە ماڵباتە گەورەکەی نەمابووەوە. کە ئەمریکییەکان هاتن و سەدامیان خست، هیواخواز بوون کە ژیان باشتر بێت. بەڵام ئیدی وا پاش جەنگەکەیش شیعە و سوننە شەڕی دژی یەکتری دەکەن و هەردەمیش خراپ و خراپتر دەبێت.

عەلوا بە ناچاری و دوودڵییەوە و بەدەنگی بەرز وتی:

– " دەی خۆ ئەوە نابێتە درۆ! چونکە ئەگەر کوڕەکەم ترسی هەبێت، هەستی پێ دەکەم. خۆم گوێم لێ بووە، ساتێک لە دەرەوە تەقە بوو، سەعید چۆن قیژاندویتی."

بابی سەعید وتی: " ئەوە تەقە نەبووە. تۆ گوێت زرنگاوەتەوە و بەهەڵەدا چوویت. خۆیشت دەزانیت کە ئەم گەڕەکەی ئێمە ئارامە. چونکە خۆیشت دەزانیت کە شیعەکان لەم وڵاتەدا زۆرینەن، بۆ ئەوەی ئیدارەی وڵات بەڕیوە بچێت، پێویستییان بە ئێمەیە. لێرەکانەدا هیچ شتێک ڕوو نادات و هیچیشمان لێ نایەت."

دوکتۆر محەمەد ئەلحەریری بابی سەعید ، مامۆستای کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدادە. ئەوجا عەلوا بە خەفەتەوە ورتاندی:" ئاخ مەمەد. من گەلێک ماندووم. ئەرێ ئەم بەزم و ڕەزمە کەنگێ کۆتایی پێ دێت.." قاپەکەی بەردەمی بۆ ئەولاوەتر پاڵ پێوەنا و سەری نایە بان مێزەکە. خۆشی لە پیاڵە چاکەی بەردەم بابی سەعیدیش دا، سەعید دی چۆن بەخێرایی پیاڵە و ژێرپیاڵەکە سووریان خوارد، چاکەی لێ ڕژا و کەوتە سەر زەوییەکە و شکا. تکەی چاکە ڕژایە خوارەوە و دەتکانە سەر گۆرەوییە سپییەکانی بابی سەعید. سەعید ئەمڕۆکە لە تەک ئەحمەدی هاوڕێیدا ژوانی هەیە، هەتا دوای خوێندنگە پێکەوە بچنە سەر ڕووبارەکە. بەو هۆیەی کە بۆمبایەک لەبەر لۆرییەکی پڕ لە تەلەفۆنی دەستیدا تەقیوەتەوە و بارە تەلەفۆن بۆ ناو ڕووباری – دیجلە– تگریس قلْپ بووەتەوە. بارێکی پڕی لۆری لە تەلەفۆنی تەواو تازەی دەستی.

سەعید و ئەحمەد مەلەوانی باشن و دەتوانن وەک حووت خۆیان بەژێر ئاودا بکەن. ئەوان دەیانەوێت ئەو تەلەفۆنانە بدۆزنەوە کە کەوتوونەتە قووڵاییی ڕووبارەکەوە. ئەگەرچی زەوق و یارییەکە، لێ پێدەچێت کە هێشتاکە ئەو ئامێرانەیش کار بکەن. دیارە کە پۆلیسیش ئەو دەوروبەرەیان بۆ نەگیراوە، چونکە هەر ڕۆژە و لە جێیەکی تر ڕووداو دەقەومێت. بابی سەعید دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵدەکات. ئەو کە لە کۆلێژ وانە وتنەوەی هەبێت، هەمیشە قاتێکی تۆخ لەبەر دەکات، ئەوجا گۆرەوییە سپییەکان. سەعیدیش ئەمەی بەلاوە پەسەندە. سەعید ئەو ساتەی لە گەرماوەکە قژی خۆی شانە دەکرد، گوێی لێ بوو کە گوایە ئەوە کۆتایی جووتە گۆرەوی ساغە ماوەتەوە. ئەگەرچی بابی کاردامۆن و زاخیش بخاتە ناو ئاوەکەوە، بۆ هەر تاکێکیش کەوچکێکی چا، بەڵام پێدەچێت کە پەڵەکانی چا لە گۆرەوییەکان نەبنەوە، جا نەخوازەڵا خوری لە سەدا سەدیش بێت. هەر هەموویان بە شەقەی کەوتنەخوارەوە و پارچەپارچە بوونی ژێرپیاڵە سیرامیکەکە بەسەر کەفە بەردینەکەوە سڵەمینەوە و ڕوویان گرژ بوو. دایکی سەعید خێرا وتی:" ئاخ مەمەد، نەمدەویست شتی وەها ڕوو بدات!" ژێرپیاڵەکە ڕەنگی سەوزی هەبوو بە لێواری ئاڵتوونییەوە. وێنەی بچکۆلەی باڵندەیش بە ڕووکاری لێوارەکەیەوە نەخشێنرابوو. کە سەعید خۆی بۆ هەڵگرتنەوەی پارچەکان چەماندەوە، بۆی دەرکەوت کە هیچێک لە وێنەکان بە ساغی نەماونەتەوە. دانەیەکیان باڵێکی نەمابوو و دانەیەکیان سەر. باڵندەیەکی تریش پەل و یەکێکی تریشیان دەندووکی نەمابوو. هەرهەموو پارچەکانی بە ئاگاییەوە کۆکردەوە و لەسەر مێزەکە و پاڵ تەشتە شیرە ترشاوەکەدا داینان. بابی سەعید کابرایەکی شیکپۆشە. ئەو هەمیشە بەڕێکوپێکی خۆی دەگۆڕێت و هەفتەی جارێکیش دەچێتە سەرتاشخانە، هەتا ڕیشی بتراشێت. سمێڵێکی چڕ و ڕەشی هەیە کە وەک مووەکانی قژی شەوق دەدەنەوە. چەند تاڵی زیوینیش لە نێوانیاندا دەبریسکێنەوە. لەوساتەوەی لەبەر هۆکاری مەترسی بۆ یانەی تێنیس ناچێت و وەرزش ناکات، کێشی زۆر و قەڵەو بووە. ئیتر کراسەکانی بە بەری تەسکن

و بەسەر ورگییەوە دەکشێن. چونکە لەوە شەرمەزارە، بۆیە هەوڵ دەدات کە ورگی بەناودا ببات. دەڕوانێتە پێیە شێدار و پیسەکانی خۆی. ئینجا قاچی چەپی بەرز دەکاتەوە و گۆرەوییەکە دادەکێشێتە خوارەوە. قاچی ڕاستیشی بەرز دەکاتەوە و تاکەکەی تریش لە پێی دادەکەنێت. سەعید بۆڵە ئاسا دەڵێت:

– "ئەی کێ من بۆ خوێندنگە دەبات؟ چونکە دوا دەکەوم. یانیش بە پاسکیل بڕۆم؟"

بابی لە ساتێکدا دەستی بە گۆرەوییە شێدارەکانەوەیە وەڵامی دەداتەوە:" هێندە بەخۆتا ڕامەبینە. زۆر جێی مەترسییە." عەلوا پەلاماری گۆرەوییەکان دەدات. لەسەر ئەژنۆ چۆک دادەدا و لەسەر تەختی زەوییەکە دایان دەنێت و دەستیان پێدا دەنێت و دەشڵێت: "دەیانشۆم، ئەوجا دەبینیت وەک نوێ وان." زەردەخەنەیەک دەکات و چاوە مرواریەکانی ئاویان تێ دەزێت. سەعید بە گریانی دایکی دڵگران دەبێت. بۆیە پێی خۆشە کە ئەو هەمیشە پێبکەنێت. بەڵام سەعید لە یادی نییە کەنگێ و بۆ کۆتایی جار دایکی پێکەنیوە. لە ساتێکدا بابی سەعید دەرلنگی پەڵاوی پانتۆڵەکەی هەڵدەکات، دەڵێت: "دایکت دەتبات. من دەبێت بڕۆم و خۆم بگۆڕم." عەلوایش خێرا وەڵام دەداتەوە: "هیچی وەها نییە، پەڵەکانیان لێ لادەبەم. هەموویان بخەرە بان پێخەفەکەمان، باشە؟ وا منیش نیو دەمژمێری تر دەگەڕێمەوە. لێ، قاتە خۆڵەمێشییەکەت لەبەر بکە." لە ساتێکدا بابی سەعید بە پێی پەتی لە چێشتخانەکە دەچێتە دەرەوە، دەڵێت: "باشە، باشە." سەعیدیش گوێی لە شلپەی پێی ڕووتی بابییەتی کە دەکەونە سەر کەفی زەوی داڵانەکە. ئیتر کە دەگاتە سەر پلیکانەکان، گوێی لە دەنگی پێکانی نابێت. ئەگەرچی پلیکانەکانیش هەر بەردن، بەڵام لە جۆرێکی تری بەرد. کە دەنگی هەنگاوەکان کپ دەکەن. خانووەکە سێ نهۆمییە. نهۆمی خوارەوە، جێی خۆشتن و خواردنگە و ژووری دانیشتنە. کە میوانیشی تێدا پێشوازی دەکرێت. نهۆمی بەرزتر، ژووری نووستنی دایک و باب و گەرماوێکە. لە پاڵ ئەوانیشدا پەڕتووکخانەیەک. لەولاتریشەوە ژوورێکی نووسینگەی دایک. دایکی سەعید وەک کارمەندێکی

خۆبەخش لە ڕێکخراوی (ئونیسێف – منداڵپارێزانی جیهانی) دا کار دەکات کە سەرپەرشتی منداڵانی هەتیو دەکەن. ئەو زارۆکانەی باب و دایکیان لە شەڕدا تێداچوون. عەلوا خوێندنی لە بەشی مێژووی عارەبیدا تەواو کردووە. زۆری کەیف بە هۆزانڤانە مەزنەکانی عارەب دێت. وەک ئەلموحالابی و یانیش ئەلمعەری کە بەر لە هەزار ساڵ و لە بەغدادا بە چوار ساڵی بینایی لە دەست داوە و بەڵام خوێندوشێتی. لە هەمووشیان زۆرتر کەیفی بە ئەبونەواس دێت. هۆزانڤانی دیوانی هارون ئەلڕەشیدی خەلیفەی نێوداری وڵات. ژوورەکەی سەعیدیش لە کۆتاییی نهۆمە. دەرگەیەکی ژوورەکەی بەسەر بالکۆنێکدا دەڕوانێت. کە هاوینان وەها گەرم دەبێت کەس تەحەمولی ناکات و مرۆڤ وا دەزانێت ئەگەر بچیتە دەرەوە، لەبەر گڕەی گەرما، هەردوو بینایی چاوەکانت دێنە دەرەوە، ئیتر شەوان لەو باڵکۆنە بەسەر دەبەن. چەندین دەمژمێری دوای خۆرئاوا، ساتێک نەسیمێکی فێنک خۆی بە شەقام و کۆڵانەکانی بەغداددا دەکات، لەوێکانەدا فەرش ڕادەخەن و لە ژێر ئەستێرەکاندا دەخەون. بەهەرحاڵ، بەر لە شەڕ وەهایان دەکرد. سەعید زۆر یادی ئەو ڕابردووانە دەکات... کە دەرگەی گەرماوەکە دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە، دایکی سەعید دەست دەخاتە بان سەری سەعید و بە نیگەرانییەوە دەڵێت:" دەی وەرە با بڕۆین. دەتبەم بۆ خوێندنگە.. خۆ تۆ هەر وازناهێنیت."

دەرگەی گەراجەکە تەنیا لە دیوی ناوەوە دەکرێتەوە. ئەمیش بۆ چرکەساتەکانی ئەرخەیان بوونە. ئەوان ماڵەکەیان باش دەپارێزن. ئەو ناوەی کە ئەوانی لێ دەژین نێزیکە لەو گەڕەکەی پێشووتر ناوی شاری سەدام بوو، ئێستاکە پێی دەڵێن شاری سەدر و زۆربەی زۆریان شیعەن. بەڵام سەعید و خزمەکانی سەر بە لکە ئاینی سوننەن. ئەوانەی کە لە سەردەمی سەدامدا، کە خۆشی هەر سوننی بوو، هێز و دەستەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە بوو. ئەوان بە هەموو جۆرێک دژایەتی شیعەی دژبەریان دەکرد. بەڵام هەر لە ناو سوننییەکانیشدا زۆر هەبوون کە بەرەیان لە دژی سەدام و ڕژێمەکەیدا کردبووەوە. دایک و بابی سەعیدیش هەرگیز پێوەندی و ئاشنایەتییان لە تەک

دارودەستەی سەدامدا نەبوو. خۆیان لەو جۆرە پێوەندییە دەپاراست. ئیتر وا نهاکە و پاش ڕووخانی سەدامی دیکتاتۆر، شیعەکان ڕاوی سوننە خراپەکارەکان دەکەن. تەنانەت جیاوازی سوننەی لایەنگر و یان دژە سەدامیش ناکەن. جارجارە ڕوو دەدات کە گەڕەکەکانی سوننە دەکەونە بەر تەقە و دەستدرێژی شیعەکان... بۆیە دایکی سەعید ترسی هەیە... لەوەتەی ئاشکرا بووە کە ئەمریکییەکان ناتوانن ئارامی و ئاسایشی سوننەکان بپارێزن، سوننەکان خۆیان لە تۆڵەی شیعەکان دەپارێزن. لە ماڵەکانیانەوە سەنگەریان گرتووە و بەرهەڵستی لە خۆیان دەکەن. هەر بۆیە دەشێت تەنیا لە دیوی ناوەوە دەرگەی گەراجەکە بکرێتەوە. بەنێکی درێژی پێوە کراوە. کە بەنەکە ڕادەکێشیت دەرگەکە بۆ سەرەوە هەڵدەسێت و دەتوانیت بچیتە دەرەوە. جارجارە ڕووناکییەکە هێندە ڕوونە کە ناتوانیت هیچ ببینیت. ئەمڕۆکە یەکێکە لەو ڕۆژانە. بۆیە دایکی سەعید ئەم بەیانییە چاویلکەیەکی لە چاو کردووە. هەمیشە حەز دەکات چاویلکەیەکی وەها پان لە چاوان بکات کە هەموو ڕوخساری بشارێتەوە. بەڵام سەعید لەمێژە دەزانێت ؛ لە چاوکردنی وەها چاویلکەیەک تەنیا لەبەر جوانی و یانیش پارێزگاری لە چاوەکانی نییە.

دایکی ئەمڕۆیش بە سەرزەنشتەوە وتی: "گەرەکمە وەها کەمتر ببینم. حەز دەکەم چاوەکانم ئەو شتانە بەڕاست وەرنەگرن کە روو دەدەن. " ئینجا باسی ئەوە دەکات، بەغداد لە ڕابردوودا و بەر لە شەڕ، بەر لەوەی کە ساروخی ئەمریکییەکان بەر ئەم ناوە بکەون، چ شارێکی جوان و لەبەر دڵان بووە. گەڕەکەکەی چەندە سەوز و بە شەوق بووە. سەعیدیش بە ئاخ و ئۆفەوە پێی دەڵێت: "ئاخ دایە. هەر ساتێک من دەبەیت ئەمانە دەڵێیت.." سەعید بە هاتنی ئەو ڕۆژە خۆشحاڵە کە تەمەنی دەبێتە ١٧ساڵان. چونکە ئیتر دەتوانێت مۆڵەتی ئۆتۆمبێل لێخوڕین دەربێنێت. ئەگەرچی ئەو لەمێژە دەتوانێت ئۆتۆمبێل بهاژوێت. ساڵێک لەمەوبەر بوو باپیری کە لە شاری کەرکووکی کوردنشینی باکووری وڵات دەژی، مۆڵەتی پێدا لە پشت سووکانی مارسیدێسە کۆنەکەیەوە دابنیشێت. گەلێک لە گەنجەکان لە عێراقدا بە ١٤ ساڵیش

ئۆتۆمبێل لێدەخورن. ئەم و ئەحمەد خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن کە هەردووکیان و بە نۆبە، ئۆتۆمبێلە پیکابە تۆیۆتاکەی بابی ئەحمەد وەربگرن و بە گەڕەکەکانی بەغدادا فەڕە لێ بدەن و بسووڕێنەوە. بچنە مەیدانە گەورەکان و یانیش بۆ سینەما. دەی خۆ دەبێت جارێک ئاسایشی تەواوەتی بگەڕێتەوە، کە بتوانن شەوانیش ئۆتۆمبێل بهاژون. چونکە نهاکە سەعید بۆی نییە، تەنانەت بە پاسکیلیش بۆ خوێندنگاکەی بچێت. دایکی بە مەترسییەکی گەورەی دەزانێت. ئۆتۆمبێلی دایکی سەعید، فۆرتێکی موستانگی مۆدێل کۆنە کە زۆر دەگمەن و دژوارە، بتوانیت پارچەی یەدەکی بۆ پەیدا بکەیت. بابیشی ئۆتۆمبێلێکی هیۆندای قوپاو لێدەخوڕێت. خەونی سەعیدیش ئەوەیە، ئەگەر باب و دایکی بیانتوانیایە مارسیدێسێکی زیوینیان بکڕیبایە. کە جارجارە سەعید باسی دەکات، بابی بە پێکەنینەوە پێی دەڵێت: "دەڵێیت لە بیرت کردووە، لە چ وڵاتێکدا دەژیت؟ ئۆتۆمبێلێکی نوێ بکڕیت بۆ ئەوەی بێ مێشک و شێتەکان بیتەقێننەوە؟" عەلوای دایکیشی بە بۆڵەوە دەڵێت: "واز بێنە و شتی وەها مەڵێ. لەبەرئەوەی ئێمە ناحەقیمان لەهەمبەر کەسێکدا نەکردووە و ئازاری کەسێکمان نەداوە، بۆیە هیچ شتێکیش لە ئێمە ڕوو نادات. بۆیە من بەپێچەوانەوەی دەبینم. بیر لەو کەسانەیش بکەرەوە کە هاوکاری خێزانەکەمانیان داوە...." لە ڕاستیدا عەلوا ڕاستی دەوت. برایەکی عەلوا کە پارێزەر بوو، هەوڵی دەدا ئەو کەسانەی بە بێ هۆیەک دەگیران و ئەشکەنجەیش دەدران، ئازادیان بکات. جارجارە ئەم هەوڵەی سەری دەگرت. سەعید بە باری درێژیی لەسەر کورسییەکەی دواوە دانیشتووە. خەریکی پشتێنی پانتۆڵەکەیەتی. ئەو لە ژێر پانتۆڵەکەیەوە، دەرپێی مەلەکەی لەبەر کردووە و قەڵسی دەکات. چونکە ئەو بەباشی نەزانی بۆ دایک و بابی باس بکات، ئەم و ئەحمەد پاش نیوەڕۆکەی نیازی چیان هەیە. ئەوەی وت کە گوایە پاش نیوەڕۆ و بۆ خوێندن لە خوێندنگە دەمێننەوە. ئەم بەیانییەیش چڕی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل وەک هەمیشە، بەهەراوزەنا و هەوایش بە گاز پیسە. وەک ئاسایی ئەو ناوە پڕە لە پۆلیس و سەربازی ئەمریکی لە ناو جێب و لە

زرێپـۆشـدا، یانیش لە بەردەم بینا گـەورەکـاندا ئێـشک دەگـرن. بەهەمـوو لایەکیشدا چاڵ هەڵکەنراوە، سەنگەر و بەربەست لێ دراوە و دروست کراوە، هەتا بەرهەڵسـتـی لە خـۆ تەقـێنەرەوە و خـۆکـوژییـەکـان بکرێت. رێگە لەو ئاژاوەگێڕییە بگیرێت کە دەخوازن عێراق بەتەواوی بخەنە کەشێکی تەڤلەهەڤ و نائەمینییەوە. لێخوڕەکان وەک شێت لە هۆڕن لێداندان، بەری فولکەکانیان گـرتووە و هیـچ گـوێش بە یاسـای هاتوچۆ و گـڵـۆپی سـوور نادەن. هەمـوو بەیانییەکیش هەر وەسایە. دایکی سەعید بە بێدەنگی و ئارامی لێدەخوڕێت. بە شـەقامی خالیدی کوڕی وەلیدا دەچنە خوارەوە و ئینجا بە دەستی چەپدا بۆ مـەیدانی وەتیق! ئا لێرەکانەدا چڕی هاتوچۆ تەواو دەوەستێت. سـەعید سەرنجی کابرایەک دەدات کە گارییە دەستییەکەی بە کەرێکەوە، بە فولکەکەدا و لە نێوانی هەوای پیسی دووکەڵکێشی لۆرییەکانەوە پاڵ پێوەدەنێت. پیاوەکە ڕیشێکی سپی هەیە و دوو برۆی چڕ کە تۆزێک لە بابەگەورەی دەچێت. تەنیا ئەم جامانەیەکی سپی و گوڵینکەداری سووری بە سەرەوەیە. یەک خـەروار تەماتەی نیوە پێگەیشتوو بەسـەر گاریەکـەیەوە هەڵچنراوە. ئەو لەسـەر رێی چوونە بازاڕی سەوزە و میوە فرۆشتنە. لە پێشیشیانەوە – ستریکە – یەک، زرێپـۆشـێکی تایە لاستـیکی ئـەمـریکی دەڕوات. ئەمـریکییـەکـان بەم جـۆرە زرێپۆشانە لە ناو باغدادا ئێشک دەگرن. سـەربازانی پۆلینیش پاسـەوانی لە زانکۆی تەکنیکی بەغداد دەکەن. ئاپۆڕەیەک لە خەڵک لە بەردەم پەنجـەرەیەکی بەشیشگیراوی بینایەکدا لەسەردا وەستاون. ئەوان دەیانەوێت ناوی خۆیان بۆ بوونە پۆلیس تۆمار بکەن. زۆر جار تەقە و دەستڕێژ لەوەها ئاپۆڕەیەک کراوە. بۆیە سـەعید، سـەرنجی ئۆتۆمـبێلەکـانی تری دەدات. لێ، ئەو چەندین جار لوولەی چـەکی لە پەنجـەرەی ئۆتۆمـبێلی بچکۆلـەی تۆزاوی و پیسـەوە بەدی کـردووە. پیـاوانی بەدی کـردووە کـە ڕوخـسـاری خـۆیان بە جـامـانەیـەکی فەڵەستینییەکان شاردووەتەوە و تەقەیان لە ئۆتۆمبێلێکی تر کردووە. سەعید لاشـەی پاش تـەقـینەوەی بۆمـبـای لە مـەیدانێکدا دیوە. بەڵام ئەم تەنیـا لە ئۆتۆمبێلەوە، لە تەک بابیدا و لەسەر ڕێگەی چوونە خوێندنگە، بە کورتی ئەو

دیمەنانەی دیوە. ئیتر بابیشی بە بیستنی تاتتووتی فریاگوزاریی، خێرا لەو ناوە دوور کەوتووەتەوە و خەڵکانیش بە ترسەوە لە هەوڵی خۆدوورخستنەوەدا بوون. سەعید لە ناو ئەو وێنانەدا، وێنەی کیژۆڵەیەکی لە یاددا ماوە کە کراسێکی سووری لەبەردا بوو. کیژەکە لە ڕۆخی شەقامەکە دانیشتبوو، قاچێکی نەمابوو بە ئەبڵەقبوونەوە، لە قاچە خوێناوییەکەی تریی خۆی هەڵدەڕوانی. خۆیشی نەیدەزانی بۆچ وا لەم بەیانییەدا ئەو کیژەی دێتەوە یاد؟ وێنەی ئەو کیژە لەبەر بینییا زیندوو بووەتەوە. ئیتر وا لەسەر هێڵی ناوەڕاستی شەقامەکەدان. لە ناکاو پیکابێکی تۆیۆتا لە پاڵیاندا دەوەستێت. کەسێک بە دەم پانکردنەوەوە بە پەنجەرەکەدا دەکێشێت. سەعید خێرا دەڵێت: " ئەوە ئەحمەدە..." بۆشی پێدەکەنێت. بەڵام ئەم وەک هاوەڵەکەی کردەوەی سەیر ناکات. ئەحمەدیش وەک هەمیشە و لەلایەن بابییەوە دەبرێت بۆ خوێندنگە. لە ڕابردوودا ئەحمەد و سەعید بە پاسکیل و لە ماوەی سی چل خولەکدا و بە ناو شاردا، بۆ خوێندنگە دەچوون. زۆر جاران لەبەر دەروازەی پارکەکاندا پێک دەگەیشتن و ئینجا بەژێر سێبەری درەختی پارکەکاندا لێیان دەخوڕی. لەبەرئەوەی کەسێک لە خەمی درەختەکاندا نەبوو تا ئاویان بدات، وشک هەڵهاتن و نەمان. گەلێک لە لوولەکێشی ئاویش لە شەڕدا هەڵتەکێنران و شکێنران و لەکەڵک کەوتن. ئەگەر چاکیش بکرێنەوە هێندە بەرگە ناگرن و نامێننەوە. تەنانەت تاکە بیرێکی ئاویش نەماوە کە ئاوی لێ هەڵێنجرێت. هیچ شتێکی جوانی ڕابردووی بەغداد وەک جاران نەماوە. وا ئەحمەد هەمدیسان بە ئاماژەی دەست و بە کێشان بە پەنجەرە داخراوەکەدا، لە تەک ئەماندا دەپەیڤێت. کە سەعید پەنجەرەکە بۆ خوارەوە دادەگرێت، ئەو تەپوتۆز و دووکەڵە پیس و قورسی بەنزینە دێتە ژوورەوە. دایکی دەکەوێتە کۆکین. دایکی دەسرۆکەیەکی کاغەز لەبەر لووتیدا ڕادەگرێت و دەڵێت:" سەعید پەنجەرەکە دابخەرەوە. سەعیدیش خێرا بە ئەنگوست ئاماژەیەکی سەرکەوتن بۆ ئەحمەد دەکات و پەنجەرەکە دادەخاتەوە. ئیتر لە پیکابەکە هەڵدەڕوانێت کە تۆزێک لەمان دوورتر بەرەو پێش دەچێت. لە لای ڕاستی ئەمانەوە و بەهەمان خێرایی

جێبێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی دەڕوات. وا ئیتر لەسەر ئەو شەقامەن کە بەرەو خوێندنگەکەی سەعید دەچێت. بینایەکی نۆژەن بە بەشی زۆرەوە. هۆڵێکی وەرزش، هۆڵێکی فێربوونی مۆسیقا، ئەکادێمییەکی پۆلیتێکنیک. ئەم ئەکادێمییە پۆلیتێکنیکە وەختی خۆی سەدام کردویتییەوە. لە ڕابردوودا وێنەیەکی گەورەی سەدام بە دەروازەکەدا هەڵواسرابوو، کە نهاکە پێوەی نییە. هەتا دەستپێکی خوێندنگە، ئۆتۆمبێلی زۆر لەبەر دەروازە گەورەکەوە، هەروەک زۆربەی دیوارەکانی بەغداد، بەدرێژاییی دیوارە بەرز و بە تەلبەن پەرژین کراوەکەوە وەستاون. کە پارێزگاری لە کاری تیرۆریستی پێ بکرێت. لە ڕابردوودا و بەو سەرەوە کووپە دانرابوون و کاکتۆسیان تێدا ڕوێنرابوو. ئەو کاکتۆسانەی کە تەنیا بە شەونمی شەو دەژیان، شەونم ئەوانی لە تینوویتی و وشکهەڵهاتن دەپاراست و لە بەیانییەکاندا وێنەیەکی جوانیان وێنا دەکرد. ئیدی وا جێبە بۆرەکە دوو سێ ئۆتۆمبێل لە پێش ئەمانەوەیە. لێخوڕی جێبەکەی چاویلکەیەکی دژەڕۆژی بەبەر چاوەوەیە، لەمان هەڵدەڕوانێت و سەری دەباتەوە ناوەوە. بە هێواشی و بۆ پێشەوە دەڕۆن. کە ئیستۆپێک دەگرن، ئۆتۆمبێلێک پێشیان دەداتەوە. ئیتر کە ئۆتۆمبێلێک لەبەر دەروازەکەدا بوەستێت، خوێندکارەکان باز دەدەنە خوارەوە و بە کۆمەڵ بەرەو حەوشەکە دەڕۆن. لە حەوشەکەدا تەنیا دوو دارخورمای تۆزاوی کەمێک سێبەر دەکەن.

ئۆتۆمبێلێکی ب، م، دەبڵیو، لە پێش جێبەکەوە دەڕوات. سەعید ئاواتەخوازە لە داهاتوودا ئۆتۆمبێلێکی وەهای هەبێت. ئینجا بیر دەکاتەوە، ئەگەر لە داهاتوودا ببمە پزیشک، یانیش بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی مەزن، ئەوا هەر لە سەرەتاوە ئۆتۆمبێلێکی وەهاو بەڵام کابریۆ دەکڕم. خوێندنگەکەی ئەم کۆلێجێکە تەنیا بۆ کوڕان. سەعیدیش دەیتوانی بچێتە کۆلێجێکی تێکەڵ، بەڵام ئەوان لەبەرئەوەی مامۆستای باش لێرەکانەدان و دۆستێکی بابیشی مامۆستای وانەی زانستە ئیسلامییەکانە، بۆیە بڕیاریان بۆ ئێرە بە پەسەندتر زانی. سەعید وا دەیبینێت کە ئەحمەدی هاوڕێی چەند ئۆتۆمبێل لە پێش جێبەکەوە، لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێت، بە نیگەرانییەوە جانتاکەی بە شانیا ئاوێزان دەکات و ئیتر بێ ئەوەی ئاوڕێک لە بابیشی بداتەوە کە هێناویەتی،

خۆی بە دەروازە و حەوشەکەدا دەکات. سەعید پەنجەرەکە دادەداتەوە و هاوار دەکات:" هێی ئەحمەد، ئێستاکە دێم.." دایکی چاوێک بە ترسەوە چاوێک بەو ناوەدا دەگێرێت و دەڵێت:" دەتەوێت لێرەکانەدا دابەزیت؟" سەعید وەڵام دەداتەوە:" بەڵێ، بەڵێ.." دایکیشی بە پاڕانەوەوە دەڵێت:" ئەی ماچێک نییە..؟" سەعیدیش دەڵێت:" ئاخ، دایە..!" چاوەڕێ دەکا تا ئۆتۆمبێلەکەی پاڵیان تێپەڕێت، ئینجا بەخێرایی لە ئۆتۆمبێلە فێنکەکە دەردەپەڕێتە دەرەوە و سەر جادەکە و بەلای چەند گاریی لە کەر هەڵبەستراودا تێ دەپەڕێت کە باری ئاسنیان بار کردووە. لە ساتێکدا سەرنجی چاوەکانی لەسەر ئەحمەدە، دەستێک لە دایکی هەڵدەخات. ئینجا دەستەکانی بە بەردەمییەوە دەگرێت و هاوار دەکات: "دەڕاوەستە.." بەرەو ئەوێ خار دەدات. ئەحمەدیش ئاوڕی لێ دەداتەوە. ئا لەو ئان و ساتەدا زرمە و گرمەی تەقینەوە دێت. ئەو ناوە دەلەرێتەوە و بایەکی بەهێزیش بەسەریاندا گوزەر دەکا. لە ڕوخساری ئەحمەددا دەبینێت چی ڕووی دابێت. چۆن لەناکاو ڕوخسارە خۆشحاڵەکەی تێک دەچێت و دەگۆڕدرێت بۆ مۆنی. ڕەنگی زەرد دەبێت و چاوەکانی زەق و ئەبلەق دەبن. بینیشی چۆن خەڵکەکە، هەر هەموویان بەلای ڕاستدا خۆیان وەردەگێرن. بەولایەدا کە زرمە و گرمەکە بەرز بووەوە. دڵی سەعید دەکەوێتە لێدانێکی خێرا. بیر دەکاتەوە، واچاکە چاوەڕێ بکەم هەتا ڕوخساری ئەحمەد زەردەخەنەی تێ دەگەڕێتەوە. ئیتر ئەحمەدیش خۆی بەلای جێی زرمە و گرمەکەدا وەردەگێرێت. بەڵام هێزی نائەمینبوون زۆر لە ترس خۆی کاریگەرترە. ئەگەرچی ئەو هەرگیز ئارەزووی نوێژی نەبووە، بەڵام هاوار دەکات – ئەڵاهو ئەکبەر – . لە پێشدا کەرەکە دەبینێت. نەخێر، گرمۆڵەیەک لە پێست و خوێن و ورگی هەڵقڵیشاو کە پارچەکانی بەو ناوەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە. گوێی لە هاوار هاوارەوەیە. ئەگەرچی دەنگێک داوای گەڕانەوەی لێ دەکات، بەڵام هەر بۆ پێشترەوە دەچێت. هەر هەموو هاوار هاواریانە، خەریکە مێشکی تێک بچێت و بتەقێت، چونکە هاوارەکان هێندە خەمبار و ترسناک و تۆقێنەرن. ئۆتۆمبێلەکەی دایکی شەق و شڕ بووە. بەڕاست و چەپدا پارچە بڵاو بوونەتەوە. ئەو جێیەی کە دایکی دانیشتبوو، هەمووی هەر خوێنە. چاو

دەگێڕێت؛ ئەی دایکی کوا؟ وا تەنێک لەسەر جادە قیرەکە کەوتووە. نەخێر، شتی وەها نابێت. ناتوانم وەها دیمەنێک ببینم. وەک نزا – ئەڵاهو ئەکبەر– ێک دەڵێت و خۆی وەردەگێڕێت. سەرنجی خەڵکەکە دەدات کە لە خەمی ئۆتۆمبێلە شەق و شڕەکەدان. ئیتر وا گوێی لە هاواری دایکیەوەیەتی. کەسێکیش بە تەلەفۆنی مۆبایل قسە دەکات و لەگەڵیشیدا دەستەکانی دەجووڵێنێت. بەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەی بەرەو جێی ڕووداوەکە دێن، بەرەو پێشەوە دەچێت. بەرەو ئەو جێیەی کە دایکی........ ئینجا هاوار دەکات:" ئەوە دایکمە.. لێگەڕێن با بچمە پێشەوە..!" کەسێک خۆی بەلای ئەمدا وەردەگێڕێت. ئەو کەسەیش مامۆستاکەیەتی. مامۆستا عەبدول ستار ئەلجەنابی، کە دۆستی بابیەتی. ئەو هەردوو دەستەکانی بڵاو کردووەتەوە، هەتا سەعید ئەو دیمەنە نەبینێت. سەعید هاوار دەکات:" دایە..! دایە.." مامۆستاکەی دەقیژێنێت: "نابێت سەعید، نابێت. نابێت بچیتە ئەوێکانە.. تکات لێ دەکەم لەوێ مەڕوانە.. وەرە لای من..!" ئینجا مامۆستاکەی ، وا بە توندی سەعید بە خۆیەوە دەنووسێنێت کە سەری سەعید لە نێوان دەستەکانی مامۆستادا گیر دەخوات و قووڵاییەک لە چاکەتە خۆڵەمێشییەکەیدا دروست دەکات. سەعیدیش بە ئاسپایی هەر دەڵێت: "نە.. نە .. نە.." و فرمێسک لە چاوەکانییەوە دەردەپەڕێن. ئینجا لە ترسی ئەوەی نەکا قاچەکانی سست بن و بکەوێتە سەر زەوییەکە، خۆی بە مامۆستاوە توند دەگرێت. گوێی لە تاتووتی ئۆتۆمبێلی پۆلیس و فەرمانی پیاوەکانە. گوێی لە خرمەی هەنگاوی پۆستاڵی سەربازەوەیە. گوێی لە تەقەوەیە. بیری لێ دەکاتەوە: "جێبەکە بوو، جێبەکە. یانیش پیرە پیاوی بان گاری و کەرەکە. بۆچ؟ بۆچ؟ هێدی هێدی هەست بە زبریی چاکەتەکەی مامۆستا عەبدول و بە بۆنی جگەریش ناکات بەسەر بەرگەکانییەوە. لە مێشکیدا سەدای تەقینەوە و زرمە و گرمە نابیستێت و دەنگ نادەنەوە. هەست بە وشکی ناو دەمی خۆی ناکات. شل دەبێت، بەهێواشی دەکەوێتە سەر زەوییە خۆڵاوییەکە، دەبوورێتەوە و لەهۆش خۆی دەچێت. کۆتاییی ڕستەیەک کە هێشتاکە دەیبیستێت، دەنگی دایکێتی کە چۆن بە پاڕانەوەوە دەڵێت: " ئەی ماچم نادەیتێ؟"

## بەشی دوو

دایکی سەعیدیان لە پارچەیەک قوماشی سپییەوە پێچا. لەو جۆرە قوماشەی خەڵکی ئیسلامی پێ دەخرێتە گۆڕەوە. بەڵام قەتماغەی برین کفنەکەی سوور دەکرد و پەڵەی دروست دەکرد. بۆیە بابی سەعید هەردەم قوماشی نوێی داوا دەکرد، هەتا ژنەکەی لە قوماشی سپی بێگەرددا بشاردرێتەوە. هەرجارەیش دەیڕوانییە باقی ماوەی لاشەی ژنەکەی، دەکەوتە گریان و فیغان. دەی ئیتر هەروەک لە قورئانیشدا ئاماژەی پێ کراوە، دەبێت هەر مردوویەک دوای بیست و چوار کاتژمێر بخرێتە گۆڕەوە.

وا ئیتر نهاکە لە ژووری دانیشتنی خانووەکەیاندا دانیشتوون. هێندە خەفەت و پەژارە و ئازاریان هەیە کە ناتوانن قسان بکەن. نەسمەی هاوەڵێکی عەلوا لەوێکانەیە و چا بۆ ئەو خەڵکە ئامادە دەکات کە دێنە پرسەکە. گەلێک لە هاوسێکانیش هاتوون و خواردنیان لە تەک خۆیاندا هێناوە و دەیدەنە میوانەکان. بۆنی خۆشی ڕێحانە و نەعنا بەو ناوەدا بڵاو بووەتەوە. کە چاوی سەعید پڕ فرمێسک دەبن. سەعید قیت لە تەک بابیدا دانیشتووە. قەنەفە لێوار ئاڵتوونییەکە بە قوماشیک داپۆشراوە. وەک دایکی هەمیشە دەستی بە قوماشەکەدا دەخشاند و دەیوت: "قوماشێکی سووری جوان." بەڵام وا لە ناکاو ڕەنگی سوور، تەنیا بەمانای ڕەنگی سووری خوێنە. سەعید دەیویست وەک چۆن دایکی لە قوماشی سپییەوە پێچراوە، ئاوەهایش قەنەفەکە بە قوماشی سپی داپۆشرێت، بەڵام بابی دژ بوو. ئارەزووشی دەکرد، خۆشی بە جلکێکی سپییەوە لە چاڵێکدا لێی ڕاکشێت و ئیتر هەرگیز نەیەتە دەرەوە. کە منداڵ بوو، حەزی لە لەستۆکی چەک دەکرد. کلاشینکۆف و چەکی دژەهەوایی پلاستیکی هەبوو. تەنانەت نارنجۆکیش. کە خۆی و ئەحمەد وەک سەرباز،

پۆلیس یانیش ڕێگر، یارییان پێ دەکردن. لێ نهاکە نازانێت کە منداڵ بوو، چلۆن بیری کردووەتەوە. بۆچ بە وەها شتێک یاری کردووە. لە کاتێکدا لەستۆکی تری جوانتر هەبوون.

سەعید لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە و پشتییەکی پڵپڵەداری ئاڵتوونیش لەبەر پشتیدا. لە بەردەمیدا و سەر مێزەکەیش پیاڵەیەک چا دانراوە. خەڵکی دێن و لە بەردەمیدا دەنووشتێنەوە. ماچی دەکەن و شتێک بە گوێیدا دەچرپێن. شتێک کە ئاماژە لە ئارامکردنەوە و خەمخۆری و دڵنەواییکردن دەکات. بەڵام ئەو تەواویش لە وشەکانیان تێ ناگات. دەڵێیت ئەوان باسی شتێکی بۆ دەکەن کە ئەم تێگەیشتنی بۆی نییە. وەک لە مێشکیدا سەدای بن ئاو زایەڵە بداتەوە. دوای سێ ڕۆژی مردنی کەسێک، هێشتاکە خەڵکی دێن هەتا دڵنەوایی بدەنەوە و بەخواسپاردن لە مردووەکە بکەن. دۆستەکانی زانکۆی بابیشی لەوێن، بەڕوخسارێکی خەمبارەوە دڵنەوایی دەدەنەوە و خەمی خۆیان بەیان دەکەن. سەعید دەبینێت کە بابی وەڵام دەداتەوە، بەڵام ناتوانێت گوێی لێ بێت کە بابی چی دەڵێت. تەنیا ئەوە دەبینێت کە بابی بە نیگەرانی و پەژارەوە سەر ڕادەوەشێنێت. پێدەچێت کە ئامۆژگاری بکەن، هەتا لە بەغداد دەربچێت.

لەو ساتەوەی کە سەعید لە باوەشی مامۆستاکەیدا لە هۆش خۆی چوو، پاشان بەئاگا هاتەوە. پەنجەرەی خوێندنگاکەی بەدی کرد، چۆن لە ژێر هێزی تەقینەوەکەدا لە بنەوە دەرهاتبوو، چاڵی قووڵ لە سەر دیوارەکە دروست بووبوو. لەو ساتەوەی کە شەقامە قیرەکەی کن خوێندنگەکە بووبووە چاڵێکی مەزن و پارچەی ئۆتۆمبێلی تێدا دەسووتا... گێژ و وڕ بووە. مێشکی دەڵێیت هیچی تێدا نەماوە و لە هیچ تێ ناگات. بابیشی کە کابرایەکی گەنمڕەنگە، ڕوخساری دەڵێیت خۆڵەمێشە. دەستەکانی وەها دەلەرزن، دەبێت لە نێو قاچەکانیدا بیانشارێتەوە. تەنانەت ئەژنۆکانیشی دەلەرزن. هەموو لەشی لە هەژاندایە. جار جارەیش مووچڕکەیەک بەلەشیدا گوزەر دەکات ، کە لە ئاکامدا ئاخ و ئۆفێک دەکەوێتە بان لێوەکانی. ئاخ و ئۆفێک کە کۆتاییەکەی

بە هـاوارێک دێت. ئای، ئـایەکی درێژ و شـکات ئاسـایی! دەرەوە تاریک بووە و سەر شەقامەکانیش بێدەنگتر. چونکە بە هاتنی تاریکی، کەسێک حەز ناکات و نایەوێت بەڕێگاوە بێت. بەڵام هێشـتاکە دراوسـێکان لە کنیـانن. شـیوەن بۆ عـەلوا دەکـەن. ژنێکی گـەشـبین بە ژیان و هەردەم ئامـادەی هاوکـاریـی، کـە هەرگـیز زیانـی بە کەسـێک نەگـەیاندووە. نەسـمەی دۆسـتیـشی هێشـتاکـە لەوێکانـەیە و لە خـواردنگەکـە قـاپ و دەفـرەکـان دەشـوات. نـەسـمـە لە فەرمانگەیەکی نوێی میری سکرتێرە. ئەو دەبێت سبەینان دەمژمێری حەوت بە ئۆتۆمـبـێلەکـەی ڕێکەوێت و لـەسـەر کـارەکـەی بێت. ئیـتـر لەو سـاتەوەی ئەوە بەسەر دایکی سـەعیددا هاتووە، زۆرتر دەترسێت. لێ ئەو ئەمڕۆکە ناتوانێت و نایەوێت لەهەمبەر ترسەکەیەوە قسان بکات. ئەحمەدی دۆستی سـەعید بۆ ناشـتنەکە نەهات. بابی تەلـەفۆنی کرد و داوای لێبووردنی کرد، چ خـۆی و چ کوڕەکەشی ناتوانن بەشداری ناشتنـەکە بن. هۆکـەشی قەدەغـەی هاتوچۆ بوو لە گـەڕەکـەکـەیاندا. هەر هەمـوو شـەوەکـەی بەریش تـەقـە و دەسـتـڕێژ بووە. سـەربازیش لـە دەوروبەری ماڵی ئەوان لە دوای تێـرۆریستی خۆحـەشارداودا گـەڕاون. بەڵام دایکێک و خـەدیجـەی کـچی هـاتن. سـەعـیـد لە سـەردەمی خوێندنگەی سـەرەتاییـەوە لە هەمـان گەڕەکی زەیوونەوە، خەدیجە دەناسێت. دایک و بـابی خـەدیجـە بەوبـەری شــەقـامــەکـەوە دەژیان. جـا لـەبەروەی کـە دایکەکانیـان یەکتریان خۆشدەویست، پێکەوە دەچوونە شت کڕین، خـەدیجە و سـەعـیدیش زۆر جـاران هـەر پێکەوە دەبوون و وەک خـوشـک و برا وەها بوون. ئیتر کە ئەوان گواستیـانەوە، کەمتر یـەکتریان دەدی. بەڵام سەعید زۆر جاران بیــری لە خــەدیجــە دەکــردەوە. یادی لە دەنگە ناسکەکــەی و زەردەخـــەنە شەرمنەکەی دەکردەوە. لەو بریسکەی چاوانەی و دەست خستنە سـەر دەمەی خــۆی و خــۆ تەسککردنەوەیـەی، کــە ئەمــیش بـەو هیــوایە بوو بـزانێت، لەم سـاتەوەخـتـەدا بیـر لە چی دەکـاتەوە. زۆربەی ڕۆژەکـانی پشـوویش بەیـەکتـر دەگـەیشتن. یانیش کە دایک و بابیان ژوانـێکیـان بۆ گۆشت و کـەباب برژاندن ڕێک دەخـست. یانیش پێکەوە سـەیرانێکیـان بۆ ناو باخـەکـانی زانکۆ ڕێک

دەخست. دایکی خەدیجە لە پەڕتووکخانەکەی ئەوێدا کاری دەکرد.

ئەمێستاکە خەدیجەیش وەک ئەم تەمەنی ١٥ ساڵانە. بەڵام ئەگەر بچێتە سەر شەقام، لەچکێک لەسەر دەکات و عابایەک لە خۆی دەئاڵێنێت. وەک ئەو هەموو کیژۆڵانەی نهاکە دەیکەن. کە لە تەک سەعیدا دەپەیڤێت چاوەکانی دادەگرێت. ئەگەریش دابنیشێت، پانتۆڵەکەی وەها ڕێک دەکاتەوە، هەتا کەسێک قاچ و پووزە باریکەلەکانی نەبینێت. تەنانەت قۆڵەکانی و ملیشی دادەپۆشێت. سەعید دەزانێت کە قۆڵ و ملی ئەو چۆنن. چونکە ساتێک منداڵتر بوون و بەو ناوەدا کایەیان دەکرد، دەستی لێ دابوون. بەڵام ئێستاکە، ساتێک بۆ خەوتن پاڵ دەکەوێت، دەکەوێتە بیرەوە کە ئەی پێستی لەشی چۆن بوو؟ هەر هەموو ساتی ناشتنەکە، خەدیجە لە پاڵ دایکیدا وەستابوو. وەیش خۆی بە دایکیەوە نووساندبوو، دەتگۆ پێویستی بە کۆڵەکە و پایەیەکی خۆپێوەڕاگرتنە. هەردووکیان خۆیان لە عابای ڕەشەوە ئاڵاندبوو. ئەگەرچی دایکی خەدیجە لە ڕابردوودا هەرگیز بۆ مزگەوت نەڕۆیشتووە، بەڵام نهاکە بووەتە باوەڕداری دینی. وەک چۆن قورئان جەختی لێ دەکات، وەسا ڕۆژی پێنج جاران نوێژ دادەبەستێت. نوێژ دەکات هەتا یەزدان یارمەتی عێراق بدات و ڕێگەیەکی ئاشتی بدۆزرێتەوە. بابی سەعیدیش لەو باوەڕەیدایە؛ خوا حەز دەکات، ئاشتی بچێتە ناو مرۆڤەکان خۆیانەوە. لەسەر گۆڕی دایکی، خەدیجە بۆ تەنیا جارێکیش لەمی نەڕوانی. ئەو لە هەمبەر ئەمدا شەرمێون بووە. قورئان داوا لە کیژی بەساڵاچوو دەکات، ئەگەر خورتێک یانیش پیاوێک لە بەرامبەریاندا بێت، سەرنجیان دابگرن. هەروەک چۆن گەنجێکیش نابێت لە ڕوخساری ژنێک هەڵڕوانێت، بەڵکوم بە ڕێزەوە چاویان داگرن. لە کن ئیسلامییەکان ئەو ئازادییە نییە، لەگەڵ یەکدا وەها هەڵسوکەوت بکەن، وەک لە کن مەسیحی و جوولەکە باوێتی.....

بایەکی بەهێز لە گۆڕستانەکە هەڵی کرد. گەرد و خۆڵەکەی دەکرد بە سەروچاوی خەڵکەکەدا. سەعید لە ژێر دانەکانیدا، هەستی بە دەنکی زیخ دەکرد. ئەگەرچی هێشتاکە زوو بوو، بەڵام گەرم بوو. خەڵکەکەیش بۆنی

ئارەقـەیان لێ دەهات. بەسـەر جادە قـیـرەکەی بەرەو تکریت دەچوو، گرمـەی ئۆتۆمـبـێل دەگـەیشـتـە کن ئـەمـان. وەک هـەمـیـشـە و چۆن بـا لە باشـوورەوە هەڵبکات. بەڵام پێـشـدەچوو بـۆیە دەنگەکـە هـێندە زۆرە، چونکە وا زرێپـۆشی ئەمـریکی لە گـەڕاندان، یانیش لە ئـامـادەکـردنی هێـرشـێکدا بـوون بۆ سـەر بەرهەڵستیکەران. هەمیشە شتێک ڕووی دەدا و هەمیشەیش بەڕێگەوە بوون.

خەڵکی ناو گۆڕستانەکە سەریان بەرەو گرمـەگرمەکە وەرچەرخاند. بۆیە بۆ ماوەیەک مەلاکە خوێندنی ئایەتەکەی لێ تێکچوو و بە قەڵسییەوە لە خەڵکەکەی هەڵڕوانی. کـە سـەعـیـد بەرەو لای خـەدیجـەی هـەڵڕوانی، ئەوان دەڕۆیشتن. هەردووکیـانی وەک دوو باڵندەی لارەلارکـەر بەدی کـرد، لە نێـوانی گۆڕەکانەوە بەرەو دەروازەی چوونە دەرەوە دەڕۆیشـتن. دەتگۆ ئەگــەر بەخــێــرایی نەبێت ناتوانن ئێـرە جێ بهـێـڵن. عـەبدولی مـامـۆسـتـاکـەی سـەعـیـدیش هـاتبـوو. هەرجارێک سـەعید بەرەولای ئەوی هەڵدەڕوانی، ئەویش بە هەستەوە سەرێکی بۆ دەلەقـاند. ئیـتـر ئەویش هەتا کـۆتایی مـایەوە. لە کـۆتاییـدا هێندەیان گڵ بەسـەر لاشـەکـەدا کـرد، هـەتا وەک تەپۆڵکەیەکی دەنواند. چـونکە گـڵـەکـە لە قـووڵایـی زەوییـەوە هەڵکەنرابوو، بۆیە تۆخـتـر لە گـردۆڵکەکـانی ئەو دەوروبەرە بوو، کە وەک خـۆڵی خـاکیـان دەنواند. خـەرمـانـەیەک بە دەوری ڕۆژدا دروست ببووبوو. خـولەک بۆ خـولەکیش گـەرمـاکـە زیاتر دەبوو. سـەعـید تکەی ئارەقی بەسـەر ڕوخسـارەکانـەوە دەدی. سەرنجیـشـی دا کـە ئارەق و تۆز نیـشـتـوونەتە سـەر برژانگ و سـمـێـڵـی بابی. دیشـی کـە ژنێک بە پەنهـانی دەسـرۆکـەیەکی کاغەزی خسـتە بن باڵە ئارەقاوییەکەی خـۆیەوە. دیشـی چۆن پیاوێک خۆڵی ناو گـوێکانی پاک دەکردەوە. بەڵام جـیـاواز لەوانە، ترسـی لە ڕوخسـارەکـانی ئەو کەسانەدا هـەست پێ دەکرد، بە دەوری گۆڕەکەدا وەستابوون. ئینجا بابی دوو کێلە بەردی نایە ئەمسـەر و ئەوسەری گۆڕەکە. چونکە قـورئان وەها دەسـتـوور دەدات، گۆڕی پیـاو یەک کێل و گۆڕی ژنێکیش دوو کێلی هەبێت. ئیـتر ناشێت بڕازێنرێتـەوە. بەڵام سـاتێک مـحـەمـەد مـاڵەوەی جێ هـێـشت، چڵـێکی لەو گـوڵەژاڵـەیەی حـەوشـەکـەیـان لێ کـردبووەوە و لە تـەک خـۆیدا هێنـابووی، کـە

سێبەری لە حەوشەکەدا دەکرد و داری خۆشەویستی دایکی سەعید بوو. سەعید دەتوانێت باش بیری لێ بکاتەوە، چۆن بەیانییەک دایکی دەرگەی کردەوە، لە ساتی ئاماژەکردن بە ژاڵەکەدا وتی: "بڕوانە چەندە ڕندە. ئەم درەختە گەورە دەبێت و گوڵ دەکات و دەگەشێتەوە. دەڵێیت تەنیا دەیەوێت خۆشی بە ئێمە بگەیەنێت. بابی سەعید لەسەر گۆڕەکە بۆ چاندنی چڵە ژاڵەکە، لە جێیەکی شیاو دەگەڕا. چونکە گڵە بڵەکە نەیدەتوانی ڕێک ڕای بگرێت. ئەوجا وێنەیەکیشی لەسەر تەپۆڵکەکە هەڵچەقاند. وێنەکە لە شووشە و چوارچێوە گیرابوو. لە وێنەکەدا عەلوا کراسێکی سەوزی تۆخی لەبەردا بوو کە سەردەستەکانی بە مەرجان ڕازێنرابووەوە. لە وێنەکەدا بێ سەرپۆش بوو. دایکی سەعید هەمیشە لەو باوەڕەیدا بوو، ڕاستە ئەو موسڵمانە، بەڵام ژنێکی مافی ژنناسە. ڕای وابوو: "من لێ ناگەڕێم لە لایەن دەمارگرژە پیاوەکانەوە دەستوورم پێ بکرێت، چلۆن خۆم بپۆشم..." دایک و بابی سەعید هەمیشە کەسانی هۆشیار و خۆناس و ئاغر بوون، هێندەیش ئاینی نەبوون. سەعید لە بیری نایەت، کەی و بۆ کۆتایی جار بابی سەری لە مزگەوتێک دابێت و یانیش گوێی بۆ نوێژی هەینی ڕادێرابێت. تەنانەت دایکی لە مانگی ڕەمەزاندا و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا بەستەنی خواردووە. هیچ گرینگی بە ڕێساکانی ئاین نەدەدا. سەعیدیش تەواو لێی ڕوون نەبوو، ئایا بە باش یانیش بە خراپیان بقەبڵێنێت. جارجارە وای بە بیردا دەهات، بۆیە ئەمان لە کەسانی تر زیاتر کێشەیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. چۆن قژەکانی دایکی شەوق دەدەنەوە. یان چاوەکانی و دەمیشی. چۆن لە وێنەکەدا پێ دەکەنێت. سەعید نەیدەتوانی چاو لە بینی وێنەکە هەڵبگرێت. ئێوارەیەکی یادی ١٤ساڵەی لەدایکبوونی ئەم بوو. دایک و بابی دۆستەکانیان بانگەهێشتن کردبوو. خواردنی مەسگوفیان ئامادە کردبوو. ماسی برژاو و سوورەوکراو و حوموس. سەعیدیش هەر گوێی لەو سیدییە دەگرت کە بۆیان کڕیبوو. هێندە گوێبیستی بوو، هەتا هەمووی ئەزبەر کرد. دایکیشی بە خەمخۆرییەوە بەدەم ورتەی گۆرانییەوە، لە فرتە فرتدا بوو. ئەگەرچی ئەمە ساڵێک لەمەوبەر بوو، بەڵام هەردەڵێیت دوێنێ بووە. سەعید

ناتوانێت کۆتایی بە گریان بێنێت. کە دوێنێ بەیانی هەرسێکیان لەسەر مێزی نانخواردنی خواردنگەکە پێکەوە دانیشتبوون، دایکی هەستی بە شتێک کردبوو. بۆیە دەیویست بەرهەڵستی لە ڕوودانی ئەو ڕووداوە بکات. بۆیە تکای لە کوڕەکەی کرد، لە ماڵەوە بمێنێتەوە. دەنگێک بە گوێیدا چرپاند:" تاوانی تۆیە سەعید کە دایکت مردووە، تاوانی تۆیە.."

وا سێ هەفتەیە کە سەعید کاتی بە سێ بەشەوە کردووە. ئێستا و پێش لە مردنی دایکی و لە داهاتوودا. مرۆڤ ناتوانێت ئەم ژیانی دووەمە، لەتەک هیچدا بەراورد بکات. بەرلەوە ژیان بەهەشتێک بوو. لێ نهاکە دۆزەخە. دۆزەخێک لە بێدەنگی و فرمێسک و خەمباریی. دۆزەخێک لە خاڵێتیی، لە ترس و لە بێزاریی. لە ڕۆژنامەکانیشدا لە هەمبەر ئەو تەقین و کوشتنەوە هەواڵ بڵاوکرایەوە. گوایە کەسێکیش نازانێت، دەبێت لە دژی کێ ئەو کردەوەی بۆمب تەقینەوەیە کرابێت. ئایا خوێندکار بێنە کوشتن یانیش ئامانج ساختمانی پاڵ خوێندنگەکە بووە، کە جێنێراڵێکی پێشووی سوپای عێراق تێیدا دەژیا. یان ئەمیش یەکێک لەو کردارە تێرۆریستیانە بووە، بۆ ئەوەی ترس بڵاو بکاتەوە و ژیان لە پایتەختدا ئیفلیج بکرێت. وەک لێی کۆڵراوەتەوە، تەقەمەنییەکان بەسەر گاری و کەرەوە بووە. بێجگە لە بکەرەکان دوو کەسی تریش کوژران. مامۆستایەکی نوێ و گەنجی ژنیش، کە لەسەر ڕێگەی چوونە خوێندنگەکە بووە کوژراوە. بەڵام سەعید ئەوی نەدەناسی. لە ڕۆژی ئەو تەقینەوەیەوە کە دایکی بووە قوربانی، ڕۆژ بە ڕۆژ بارەکە لە شاردا خراپ و خراپتر دەبێت. پێرێش وەزیرێک و هەردوو پاسەوانەکەیان لەسەر جادە بەر گوللە دا و کوشتیانن. دوێنێش لەبەر ساختمانێکی میریدا تەقینەوەیەک ڕووی دا و پازدە کەس بوونە قوربانی. ئەمڕۆیش لە ئاکامی تەقینەوەیەکی بەر وێستگەی سەرەکی پاسدا، پازدە کەس بوونە قوربانی. جا شایەد سبەینێ، لە مەیدانێکی سەوزە و میوەفرۆشی، یانیش لە زەماوەندێکدا ژمارەی قوربانی بگەنە سەد. کەسێک لای ئاشکرا نییە، کە بەیانی بە ساغی و بێوەیی ماڵەوە جێ دێڵێت، ئایا ئێوارە بە بێوەی دەگەڕێتەوە. پاش هەر تەقینەوەی بۆمبێک،

خەڵکان بە بێچارەیی و دەستەپاچەییەوە کۆ دەبنەوە، هەتا دژی ئەو تێرۆرە شێتییە نارەزایی خۆیان دەربڕن. سەعیدیش زۆری حەز دەکرد لەوەها پرۆتێستێکدا بەشدار بێت، چونکە خۆی بە قەرزاری دایکی دەزانی، بەڵام بابی بەشداریکردنی لێ قەدەغە کردبوو. ترسێکی نادیار لە تێداچوونی کوڕەکەشی. سەعید خۆیشی هەر ترسی هەبوو. جا لەبەر خوێندنگە و سەر ڕێگە، یانیش لە ئاپۆڕەی ئۆتۆمبێل و خەڵکی بەر دەروازەی خوێندنگەکە. بۆیە جارێکە بڕیاری مانەوەی لە ماڵەوە دا.

وا سێ هەفتەیە کە مامۆستا عەبدولستار ئەلجەنابی دێتە ماڵەوە بۆ لای، هەتا بابەتەکانی خوێندنی پێ بڵێتەوە. بابەتەکانی ئەردنیگاری، ماتماتیک، ئینگلیزی و مێژووی عێراقی پێ دەڵێتەوە و سەرنجی مەشقەکان و ئەرکەکانی ماڵەوەی دەدات. ئەمەیش ئاکارێکی دڵخۆشکەرە کە ئەم مامۆستایە بەم کارە هەڵدەستێت. ئەو لەو سەری شار دەژی. بۆ گەیشتنە ئێرەکانە، دەبێت بە ناو دوو گەڕەکی مەترسیداردا تێپەڕێت. کە تەقینەوەی زۆر لەو دوو گەڕەکەدا ڕوویان داوە. لێ ئەو بۆیە بەم کارە هەڵدەستێت، چونکە هاوڕێی محەمەدی بابی سەعیدە. بێجگە لە ترسەکەشی، سەعید هەست دەکات کە بەند کرابێت. کەسێک ئیتر لە ماڵەکەدا ستران ناچڕێت و پێ ناکەنێت. لە ڕابردوودا، زۆربەی پاش نیوەڕۆکانی لە تەک ئەحمەدی هاوڕێیدا بەسەر دەبرد. یانیش لە تەک دۆستێکی تریدا و بە پاسکیل دەچوونە جێیەک. یانیش لە تەک ئەوانی تردا لەسەر ڕووباری دیجلە بەیەکتر دەگەیشتن. ئەمێستاکە بەیانییان ماڵەکە پاک دەکاتەوە. لە دووکانە نێزیکەکان پێویستییەکان دەکڕێت. ئەو کارانە ڕادەپەڕێنێت کە لە ڕابردوودا، دایکی ڕای دەپەڕاندن. ئیتر لە چاوەڕێی هاتنی مامۆستاکەیدا دەبێت. دەمژمێرەکانی دواییش، هەتا بابی دەگەڕێتەوە بەتەنیایە. هیچ شتێکیش نییە خۆی پێوە سەرگەرم بکات. بۆیە لەو دەمژمێری تەنیایانەدا، کابووس دای دەگرێت. پێشبینی ئەوە دەکات، چۆن بابی ئۆتۆمبێلە هیونداکەی بەناو ئاپۆڕەی هاتوچۆکەراندا دەهاژوێت. لە هەموو لایەکیشەوە، بە چاوی ناخ، گالیسکەی بەکەر بەستراوەوە دەبینێت کە

سندووقی ئاسنیان بار کردووه. ئەگەر لە دەرەوەی ماڵەکەشیان ئۆتۆمبێلێک کێشەی سلف لێدان و خستنە کاری هەبێت، ترس دای دەگرێتەوە و ترپە ترپی دڵی زیاد دەکەن.

ئەو سەعیدە بەتوانایە بووەتە خورتێک بە ترس و پەژارە و خەمەوە. ساتێک خۆر تەواو ئاوا دەبێت، تاریکیش وەک لێفەیەکی ڕەش ئاسمانی بەغداد دادەپۆشێت، ئینجا بابی دەگەڕێتەوە. هەرگیزیش بەر لە جێهێشتنی زانکۆ، تەلەفۆن ناکات، لەبەروەی نەکا هاتنەوەکەی درێژە بکێشێت. هەتا سەعید نەکەوێتە پەژارە و خەمەوە. ئیتر سەعید تەنیا گوێی لێ دەبێت، چۆن دەرگەی دەرەوە تەقەی دێت و دەخرێتە سەر پشت. چۆن دەروازەی گەراجەکە دەکرێتەوە و ئۆتۆمبێلەکە دێتە ژوورەوە. چۆنیش، بەرلەوەی مۆتۆڕەکەی بکوژێتەوە، دەنگەکەی بە دیوارە چیمەنتۆکەدا گوزەر دەکات و گرمەی دێت. ئیتر دوای قەدەرێکی تر کە دەرگەکە دادەخرێتەوە، جیرەی دەرگەی سەر حەوشە بچکۆلەکەی بۆ ناو ماڵەکە دێت دەبیسترێت، ئەو حەوشە گچکەیەی دایکی جلوبەرگ و چەرچەفی تێدا هەڵدەخست. ئیتر سەعید خۆی هەڵدەداتە سەر قەنەفەکە و پەرتووکێک بەدەستەوە دەگرێت. بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە لە پەژارەدا نەبووە. بابی بە دەم ئاخ و ئۆفەوە چاکەتەکەی دادەکەنێت و هەڵی دەواسێت. دەستێک بە ناو قژیدا دێنێت و دەچێتە خواردنگەکە. ئەو کە جاران قیت ڕادەوەستا، نهاکە پشتێکی کۆماوەی هەیە و پیرتر و ماندوو دیارە. ئەمە خەمی سەعیدیشە. بابی بۆ ماوەیەک دەستەکانی و پاشان ڕوخساری لە ژێر ئاوی ساردی بەلوعەکەدا ڕادەگرێت. سەعیدیش تا بیست و یانیش جارجارە سی دەژمێرێت، هەتا بابی هاوار دەکات؛ هەموو شتێک باشە؟ سەعیدیش بەدەنگی بەرز وەڵامی دەداتەوە:" ئەرێ. بۆچ نا." ئیتر بابی لە ژێر گرێژنەی دەرگەی ژووری دانیشتندا وەستاوە. بابی لەڕ بووە. ورگی هەر نەماوە و پانتۆڵەکە بە بەری دەلبە. پەڵە لە ژێر چاوەکانیدا دروست بوون و هەڵپەنماون. بابی دەڵێت: "سبەینێ پشووم هەیە.." لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و خۆ بەخۆ دەست بە سەر ئەژنۆی کوڕەکەیدا دەخشێنێت و

دەڵێت: "دەتوانین شــتــێک بکەین. ئارەزووت لە چیــیــە؟" ســەعــیــدیش وەڵام دەداتەوە: "نـازانم." بابی دەڵێت: " ئێــمــە دەبێت جــارێک بچــینـە دەرەوە. بۆ جێیەک کە سەوز بێت." سەعید بە دەنگی نزم دەڵێت :" باشە نـهاکە کوێندەرێ کـەسکە؟" دەی ســەعـیـد ڕاست دەکـات. گـەرمـایی هـاوینەکـە کـۆتایی پەڵەی ســەوزی شــاری وشـک هەڵگەڕاند. تەنانـەت باخی بۆتانەکـەیش کـە جــاران بەشــێکی ڕازاوە بوو وشک هەڵگەڕاوە، چونکە ئیــتـر پارە بـۆ ئاودانی نیــیــە. تەنانەت زۆربەی لوولەکێشییەکانیش خراپ کراون. کۆتاییی شێریش لە باخی ئاژەڵاندا، کــە جــاران ئاژەڵی لـە بەردڵانی خـــەڵک بـوو، بە ئەشکەنجـــەوە لە تینووێتیدا خنکا. ئەم هەواڵەیش لە ڕۆژنامـەدا بڵاوکرایەوە. تەنانەت خـەڵکی چۆن بۆ مـرۆڤـە کـوژراوەکـانی سـەر شـەقـام و یـانیش مـاڵەکـاندا دەگـریان، ئاوەهـایش بۆ شـێـرەکـان گـریان. بابی بـە ئارامی و سـۆزەوە پەرتـووکـەکـەی لەدەست وەردەگـرێت، کـە سـەعـیـد هـیـچ نەیخـوێندبووەوە، ئینـجـا دەپرسـێت:" ئەمڕۆ چیت کرد؟" سەعید وەڵام دەداتەوە:

" خوێندم"

" چیت خوێند؟"

" ماتماتیک و ئینگلیزی"

" ئەی پێت خۆشن؟"

" خراپ نین. بەڵام جارجارە بە تەنیا خوێندن قەڵسکەرە."

ســەعــیــد نەک هەر لە مــاتمـاتیکدا یەکـێک لە بـاشــتــرین بووە، بەڵکوم لە وانەکــانی تریشــدا. ئەو پێـویســتـی بە نمرەی باشـــە، چونکە گـــەرەکـیـــە دەرمـانگەریی بخـوێنێت و وەک بابی ببێتـە پزیشک. سـەعید هەمـیشـە حـەزی کردووە بۆ خـوێندنگە بچێت. حەزی دەکرد خۆی لە تەک هاپۆلەکانیدا بەراورد بکات، ئیـتـر پێشـی خـۆش بوو کـە نمرەکـانی لە زۆربـەیان باشـتـر بوو. بابی بە هێواشییەوە لێی دەپرسێت:

– دەتەوێت لە چوونە خوێندنگەدا بەردەوام بیت؟

چونکە بابی ڕای وابوو، سەعیدیش دەبێت لە تەک ترس و پەژارەکەیدا خۆی ڕابێنێت و بەسەریاندا سەرکەوێت. سەعید لە وەڵامدا تەنیا شانەکانی هەڵتەکاند. بۆیە بابی وتی:

- ئەمە بە مانای بەڵێیە یان نەء..؟

- نازانم.

- باشە دوای پشووەکە، دەتوانین هەوڵێک بدەین؟

سەعید کە سەرنجی لە خوارەوە و لەسەر زەوییەکەیە، سەرێک دەلەقێنێت. بابی پێڵاوەکانی داکەندبوو. ئەو نهاکە گۆرەوی ڕەش لە پێ دەکات. چونکە ئیتر لە مردنی ژنەکەیەوە، گۆرەوی سپی لە پێ نەکردووە. بێشک نەک هەر، کەسێک نییە ئەرکی شتنەکان جێبەجێ بکات، بەڵکو نێو ماڵەکەیش هێندە خاوێن نییە. چەند جارێک ئەو سەمیرەیە هات بۆ ماڵ پاککردنەوە و ڕێککردن کە وەختی خۆی دایکی سەعید کاری پێدابوو. سەمیرە تەختی زەوییەکەی بە فلچە پاقژ کردەوە و پەنجەرەکانیشی سڕی و خاوێن کردەوە. جلکەکانی شت و ئوتوشی کردن. بەڵام ئیتر لەو ساتەوەی ئەو پاسەی ئەوی پێ دەهات، لە گەڕەکی سەدر تەقێنرایەوە، ناوێرێت سوار بێت. جارجارە نەسمە دێت و بڕێک لە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات. بابی سەعید هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە و دەڵێت:" ئێمە پێویستە ئیتر ژیانێکی ئاسایی بژین..." ئینجا بە زەردەخەنەیەکی ڕووخۆشییەوە درێژەی دەداتێ:" چونکە دایکیشت چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکات، کوڕەکەم.. بۆیە نابێت کەمتەرخەم بین.." سەعید کە هێشتاکە سەری دانەواندووە، سەری دەلەقێنێت. سەعید سەرنجی لەسەر گۆرەوییەکانی قاچی بابێتی کە دوو کونیان لە پێشەوە تێدان. بابی دەڵێت: "سبەینێ داوەتی خواردنگەی دەرەوەت دەکەم." سەعید سەری بەرز دەکاتەوە و دەپرسێت: "کام خواردنگە؟" لە ڕابردوودا، خواردنگەی جوان و نایاب لە بەغدادا هەبوون. دایکی زۆری حەز دەکرد، خۆی جوان و کەشخە بکات و بچێتە خواردنگەکانی ژێر دار خورماکان. پەسەندترین خواردنگە بۆ ئەو، ئەوانە بوون کە لە حەوشە و باخەکانیاندا، دووکەڵی برژاندن هەڵدەستا و

مرۆڤی بەرەو خۆی ڕادەکێشا. ئەوانەی کە گڵۆپی ڕەنگییان ئاوێزان کردبوو و لە مایکرۆفۆنەکانیانەوە، ئاواز و سترانی عەرەبی پەخش دەکرا. سەعیدیش باش خۆشاوی شیرینی هەنارەکانی لە یادە کە لە لێوانی درێژ و بەرزدا ئاراستە دەکران و بە شمشاڵە باریکە دەخورانەوە. دەتوانێت باشیش بیر لەو منداڵانە بکاتەوە، کە لەسەر پلیکانە بەردینەکان دادەنیشتن و بە هەڵمات کایەیان دەکرد. باشیشی لە یادە کە جارێک یەک مامری بە تەنیا خوارد. دوو ڕان و دوو باڵ و دوو پارچە سنگ، هەر هەموویان خرابوونە خەستە شلەیەکی مزرەوە. دەشتوانێت باش یادی پێکەنینەکانی دایکی بکاتەوە. بۆیە پێشنیازی بۆ بابی کرد، بچنە ئەو خواردنگەیە.

بەڵام ئەو خواردنگەیەش نەمابوو. ئێرەیش لەلایەن خۆکوژێکەوە بە بۆمبا تەقێنراوەتەوە و بەسەر یەکدا وێران بووە. چ دەروازەی چوونە ژوورەوەکە و چ ئەو دارە گەورەیەی لە ڕابردوودا، مێزی لە ژێردا دانرابوو. کە بابی لە تەک سەعیددا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوونەوە، وتی:" هەموو شێت بوون، هەر هەموو شێت." خواردنگەکەی نێزیک هۆتێل فەلەستینیش، کە لە سەردەمی شەڕدا ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی بیانی تێیدا دەژیان داخراوە. هیچ تابلۆیەک هەڵنەواسراوە. کە لە پەنجەرە بە شیش گیراوەکەوە لە ناوەوەیان هەڵڕوانی، بۆیان دەرکەوت کە بە تەواوەتی چۆڵ کراوە. هیچ کورسی و مێزێکی تێدا نەمابوو، تەنانەت دەرگەی سەر ژووری خواردن لێنانەکەیش لە گرێژنە هەڵکێشرابوو. دیوارەکانیش پیس و پەڵاوی و شتیان لەسەر نووسرابوو. لای سەعید هیچ گرینگییەکی نییە، تا بزانێت چییان لەسەر نووسراوە. دیارە کە تاڵانکەر و ڕاووڕووتکەر لێرەکانە بوون. هەردووکیان بێدەنگ سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبنەوە. سەعید دەڵێت:" دەی خۆ ئاشکرایە ، بە بێ دایە، بیرێکی باشیش نییە. کە بابی مۆتۆڕەکە دەخاتە کار، دەستێک دەخاتە بان شانی. سەعیدیش پێی دەڵێت: "وا باشترە کە هەردوو دەستەکانت بەسەر سووکانەکەوە دابنێیت." کە ڕێ دەکەون، سەعید بە پەژارە و ترسەوە لە دەوروبەر هەڵدەڕوانێت. سەرنجی شک و ترس دەداتە ئەو ئۆتۆمبێلانەی، یان

لەمـان تێ دەپەڕن یانیش لـە دوایانەوە دەهاژوون. لە کـیۆسکێکی سـەر جـادە لادەدەن، دوو کەباب لە تەک بازنە پیاز و پەتاتەدا دەکڕن. لەسەر داوای خۆیان لە ڕۆژنامـەدا بۆیان دەپێـچنەوە و ئیـتر بەرەو مـاڵەوە دەکـەونەوە ڕێ. لەبەرەوەی هـەمـدیسـان کـارەبا نییـە، شـەقامـەکـان تەواو تاریکن. ئەمـەیش لـە ڕۆژێکدا چەندین جار ڕوو دەدات، بەتایبەتیش لە شەواندا.

بابی سـەعـیـد دەڵێت:" باش بـوو کـە بیـرمـان لە لێنانی خـواردن لە مـاڵەوە نەکردەوە. مۆمێک دادەگیرسێنن. بوتڵێک ئاو لە بەستەرەکە دەردێنن کە ئیـتر ساردیش نییە. لـە پاڵ یەکدا و لەسـەر قەنەفـە پڵپڵـە ئاڵتوونـییە ڕەنگ چۆوەکە دادەنیشن کە بە پارچەیەک قوماشی سوور داپۆشراوە. هەروەک دایکیشی لە سـاتی کـەباب خـواردندا وەهـای دەکرد، سـەعـید دەسرۆکە کـاغـەزەکان بەش دەکات و لـەسـەر ڕانەکـانیـان بڵاوی دەکـەنەوە. دایکی بـە پێکەنینەوە وتـبووی: "قاپ بە کەڵکی ئەم جۆرە خـواردنانە نایەت." کە لە خـواردن دەبنەوە و سـەعید بەڕێگەوەیە دەسـرۆکە کـاغـەزە چەورەکان بخـاتە ناو زبڵـدانەکەوە، کـارەبایش دێتـەوە. لە چرکە سـاتی دەسـتپێکدا، شـەوقی گڵـۆپی سـەقـفـەکە ئازاری چاو دەدات. سـەعـیدیش گـوێی لێیـە چۆن بەسـتـەرەکە ویزە ویزی لێ هـەڵدەسـتێت. تەلەفـیـزیۆنەکـە هـەڵدەکـەن. هـەواڵەکانیـش هیچ جیـاوازییـەکی لـە تەک ئەوانی پێـشـووتردا نـییـە. تەقـینـەوە و خـراپـەکاری. ئەمـڕۆکـەیش کـەسـانی زۆری بە بارمـتـە گـیـراو. بـابی سـەعـید بە ڕووگـرژییـەوە دەڵێت: " ئـەوانەی وەهـا کـارێک دەکەن، جـەردە و مرۆڤکوژ و تاوانکارانن کـە بەوەهـا کارێک پارە پـەیدا دەکەن، پارەیەکی پیس. دەدەن بەسـەر مـاڵاندا، خـەڵک بە بارمتە دەگرن و بۆ بەردانیان، داوای دۆلار لە خـەڵک دەکـەن. یانـیش بەم کـارە وڵاتانی بیـانـی دەخـەنـە ژێر گـوشـارەوە. ڕۆژنامـەنووس وەک بارمـتە دەگرن و بۆ بەردانیـان، لە وڵاتەکانیـان پێشنیـازی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکەن. جـا هـەر دەڵێیت لەم وڵاتە نەفرەتییـەدا چەک کـەم بێت، ئەوان بەو پارەیەی وەری دەگرن چەک دەکڕن..." سـەعـیـدیش هـەر سـەر دەلەقـێنێت. چونکە دەزانـێت کـە بابی لەسـەر کـار تەماشـای تەلەفیزیۆن دەکات. ئەمەیش خەمی هـەموو کەسێکە. هـەر کەسێکیش

باش دەزانێت، هەتا بێت خراپتر دەبێت. بابی دەست بە سەریدا دێنێت و دەپرسێت:" سبەینێ دەچیتە خوێندنگە..؟ " سەعیدیش بێدەنگ سەر دەلەقێنێت. سەعید نازانێت کامێک لەمانە بەهێزتر و مەزنترن؛ بینینی ئەحمەد و هاورێکانی تری و ئارامییەکەی لە تەک ئەواندا، یانیش ترس؟.

## بەشی سێ

بەناو بازاڕ و گەڕەکی گەیلانیدا، بە هەمان ڕێی ئاساییدا بەرەو خوێندنگە بەڕێوەن. بێجگە لەوەی وەک نائاسایی، دەبێت چەند پێچێک بکەنەوە. لە هەموو لایەکەوە بەربەستی نوێ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە هەڵچنراوە. سەعید و دایکی بەهەمان ڕێگەدا تێپەڕین، سەعید هەستی پێ کرد و دی، چۆن دایکی لە قەلەقی و ترسا، سوکانەکەی توند دەگوشی. لێ، دایکی لەم کۆتاییانەدا و لە ئۆتۆمبێلدا، هەردەم بە چرپە و نائەرخەیان بوو.... وا نهاکەیش پۆلیس خەریکی گرتنی شەقامێکن. گوێشیان لە شاتە شات و تاتتوتەوەیە. شتێک لە سەری چوارڕێیانەکە ڕووی داوە. بۆیە دەبێت لە چەند لاجادەوە، بۆ سەر شەقامە سەرەکییەکە بگەڕێنەوە. بەڵام خۆ ئەمە هەمان ڕێگەی سێ هەفتەی بەرییە. ئەو ساتەی بۆ کۆتایی خولەکەکان دایکی لە ژیاندا مابوو. بێ لەوەی ئەم هەست بە هیچ شتێک بکات!

لەوساتەی کە بابی بە قەلەقییەوە، مۆنۆتۆن ئاسا بە سوکانەکەدا دەکێشێت، سەعید لە هەوڵی ئەوەدایە ئارام بێت. بەسەر خۆیدا، بەسەر بیرەکان و هەستیدا زاڵ بێت. سەری بەولادا وەردەگێڕێت، هەتا بابی نەبینێت چۆن ئەم لێوەکانی خۆی دەکرۆژێت. لە ناکاودا هەست دەکات، گەدەی تەواو نییە. هەست بە گەدەپڕی و پێچ پێداهاتنی سکیدا دەکات. ئیتر کە قرقێنەیەک لێ دەدات، بۆنێکی وەک هێلکەی خراپ بوو، هەست پێ دەکرێت. باری دەروونی خراپە و هەست بە نیگەرانی و پەژارە دەکات. بیری جەنجاڵە.... ئای دایە، ئای دایە. ئەی هەر لەسەر ئەم ڕێیەی چوونە خوێندنگە نەبوو؟ بەڵێ. ئەی باشە باسی چیان دەکرد؟ ئەو ساتەی کە لە گەراجەکە هاتنە دەرەوە، دایکی چی وت؟ :"... ئاخ لەم ڕووناکییە ڕۆشنە، ، ئاخ خۆزگە ئەم هاوینە قەڵسکەرە

بەسەر دەچوو..." ئەی چی تری وت؟ : "... چاوەکانم ناخوازن، ئەو شتانەی کە لێرەکانە ڕوو دەدەن، بەڕاستیان وەربگرێت..." ئەی پاشان؟ : " لە بیرت نەچێت کە بەبێ شەپقەکەت نەچیتە خوێندنگە.... دوای تەواوبوونی وانەی وەرزش، ئاوی ساردی سەهۆڵ ئاسا نەخۆیتەوە..." دایکی هەمیشە ئەمانەی دەوت. هەروەک ئەم منداڵێکی گچکە بێت، هەمیشە ئاگەداری دەکردەوە. ئەرێ دایکی لە کۆتاییی ڕۆژی ژیانیدا چی لەبەردا بوو؟ پۆشاکێکی دڵتەڕانە بوو؟ یەکێک لە کراسە پڕڕەنگەکانی هاوینە؟ ئەی چۆنی دەنواند؟ ئەی پانتۆڵێکی ڕەش و بلووزێکی قۆڵ درێژی هێڵ هێڵی لەبەردا نەبوو؟ بۆ ئەم هیچ گرینگ نەبوو، دایکی چی دەپۆشی... گەدەی دێشێتەوە. کە چاوەکانی دەنووقێنێت؛ جارجارە کە دایکی تەنوورەیەکی نوێی لەبەر دەکرد، لەبەر ئەمدا خۆی دەسووڕانەوە و دەیپرسی:" چۆنە؟" ئەمیش کە هیچ جارێک بەتەواوەتی سەرنجی نەداوەتێ، دەیوت: " خراپ نییە." وا ئەمرۆکە داخی لێ دەخوات؛ هەرگیز پێیدا هەڵنەداوە. دەکرا لە تەکیا میهرەبانتر بووایە.

بەڵێ، ئێستاکە دێتەوە یادی. ئەو ڕۆژە قاتە شینەکەی لەبەردا بوو. قژیشی لە ژێر لەچکێکی ڕەنگیدا شاردبووەوە. لەم کۆتاییيانەدا و لە بەر ترسیان لە ئیسلامە فێندامێنتاڵیستەکانی شیعە، ژنەکان لەچکیان لەسەر دەکرد. دایکی جارێکیان وتی: " ئەوان گەرەکیانە ئێمە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست بگێڕنەوە. بۆ ئەو سەردەمەی کە ژنان بۆ پیاوەکانیان بە بەندە سەیر دەکران. ئەو ساتانەی کە پیاوان بڕیاردەری ژیان و مردنی ژنەکانیان بوون. وەک ئێستاکەی وڵاتی سعودی عەرەبی، کە ژنانی – خیانەتکار – بێ وەفا بەردەباران دەکەن..." دایکی ئەوەشی خستبووە سەر: " ئەوە هیچ ڕاست نەبووە کە سەدام شیعەکانی بە شێوەیەکی زۆر زاڵمانە چەوساندووەتەوە، بەڵام ئەمەیش بەو مانایە نییە کە بگەڕێینەوە سەردەمی بەربەریی پاشکەوتوو. " لە ڕابردوودا عەلوا نینۆکەکانی بۆیە دەکرد. بەڵام ئیتر ئێستا، کە چاودێرانی ئاینی چاویان لە هەموو جێیەکە، وای بە باشتر دەزانی نینۆکەکانی بۆیەی بریقەدار نەکات و جلکی کورتیشی لەبەر نەدەکرد. بەڵام کە بۆ ناو شاریش دەچوو، وەک ئافرەتە

ترسـاوەکـانی تر، عـابایەکی ڕەشی لـە تەک خـۆیدا نەدەبرد و بەسـەر خـۆیدا نەدەدا. ئەو پارچە قوماشە ڕەشەی، لەشی دەشاردەوە..... کەواتە لەو کۆتاییی سەفەرەیاندا باسی چییان دەکرد؟ هەمدیسان گەدەی سەعید گوشرایەوە و هەستی بە دڵ تێکچوون دەکرد. لە ناکاویش هەستی بە سەرەگێژە کرد... دایکی باسی منداڵێکیشی کرد، کە لە هێرشێکی ئەمریکییەکاندا، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی تێدا چوون. چونکە ئەمریکییەکان وایان دەزانی، شەڕکەرانی – ئەلقاعیدە – لەو ماڵەدا خۆیان حەشارداوە. بەڵام لەوێکانەدا ئاهەنگی زەماوەندێک دەگێڕدرا. وتیشی کە منداڵەکەیش زامدار بووە. زۆری حەز دەکرد بچێتە نەخۆشخانە و سەردانی بکات، بەڵام ترسی لە لێخوڕینە لەمـــســـەری شـــارەوە بۆ ئەوســـەری. دەبێت ئەو ســـاتەی ئەمـــانەی بۆ ئەم گێڕابێتەوە، بیری لە چی کردبێتەوە؟ ئەم نازانێت. لێ، ئەم وەک هەمیشە، هەر بیری لە کن ئۆتۆمبێل بوو.... ناو دەمی پڕ بوو لە تف...پێدەچێت کە دایکی شتێکی وتبێت کە تەنیا تایبەت بەم بوو؟ شتێکی گرینگ. گرینگی وەها کە ئەم نابێت لە یادی بکات. بە درێژاییی ژیانی خۆی، وەک پەیامێکی پیرۆز لە کن خۆی بیهێڵێتەوە. بەڵام هیچی وای نایەتەوە یاد. گەدەی وەک بەرمیلێک بێت و پڕ لە زەرداوی تاڵ. تاڵییەک کە بە لەشیدا تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە.

ئیتر وا دەگەنە مەیدانی وەعتیق. ئەو جێیەی کە گاری و کەرەکە لە پێشیانەوە بوون. جێبەکەیشی کە ماوەیەکی زۆر لە تەنیشت ئەمانەوە دەڕۆیشت. جێبێکی بۆر کە دوو پیاوی تێدا بوو. ئەرێ هەردووکیان چاویلکەی خۆریان بە بەرچاوەوە نەبوو؟ دانەیەکیان ئاوڕی لەمان نەدایەوە؟ سەعید بیر دەکاتەوە: دەبێت باشتر بیهێنمەوە یادم. بۆیە دەکەوێتە شێلانی ناوچاوانی خۆی. سەری دەکەوێتە ژان. باشە بۆچ ناتوانم تەواو بیهێنمەوە یادم؟ ئەو ساتەی کە من لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم، دایکم چی وت؟ ئەی شتێکی نەوت؟

بابی دەڵێت:" کوڕم وا دەگەینێ." سەعید ئاگای لە خۆی نییە. بێدەنگ و کش و مات، ڕەپ دانیشتووە. خۆی هێندە لار کردووەتەوە کە بڕبڕەکانی پشتی ژانیان تێ زاوە. تەنانەت ماسوولکەکانی ڕوخساریشی گرژ بوون. بابی

به پەژارەوە دەپرسێت:" گوزەرانت باش نییە؟ ئەوە چیتە؟ ڕەنگت تەواو سپی هەڵگەڕاوە..." سەعید قرقێنەیەک دەکات. تامە تاڵەکەی ناو دەمی تەحەمول ناکرێت. بە ورتەوە دەڵێت:" هەر شت باشە." لە نێوان دوو دار خورمای تۆزاویدا، سەربانە سوورەکەی خوێندنگەکە دەردەکەوێت. چەندین مانگە باران نەباریوە و هەر هەموو دارەکان ڕەنگی تۆزیان گرتووە. دەگەنە شەقامەکە. ئالەوێکانەدا بوو کە ئەحمەدی بەدی کرد. هاوارێکی وەک؛" هێی.. وادێم..! "ی لێ کرد. ئەی دایکی؟ ئەی ئەویش شتێکی وت؟ هێشتا ئۆتۆمبێلەکە لە جووڵەدا بوو، دایکی لێی دەخوڕی، کە ئەم دەرگەکەی کردەوە ، هەتا باز بداتە خوارەوە، چونکە نەیدەتوانی چاوەڕێ بکات. زۆری قینی لەوە بوو، لە بەرچاوی ئەوانی تردا، دایک و بابی هەتا بەر دەروازەی خوێندنگەکە بیبەن. چونکە گوایە ئەم هێندە ترسنۆکە، ناتوانێت لە بەغدادا دە هەنگاوێک بە پێیان بڕوات. ئەو دابەزی و بەلای بەشی پێشەوەی تۆتۆمبێلەکەدا هەڕای کرد. دێتەوە یادیشی کە بۆنی تەرسی تازەکراوی کەر لە هەواکەدا دەهات. وای دەزانی کە پێدەچێت قاچی پێدا نابێت. ئەوجا دایکی پرسی: "ئەی، ماچێک نادەیت؟" دایکی، وەک هەر دایکێکی تر چۆن داوای ماچ لە کوڕەکانیان دەکەن، کە بە دژواری ڕازی دەبن، چونکە پێیان باشترە کیژێک ماچیان بکات وەک لە دایکیان. کێ لەبەرچاوی هاوپۆلەکانیدا ماچ بە دایکی دەدات؟ کێ کاری وەها دەکات؟ ئەی چۆن بیزانیبایە کە هەر پاش دە چرکە دایکی دەکوژرێت و دەمرێت؟ دەیتوانی پێشبینی وەها شتێک بکات؟ دەیتوانی چی بکات هەتا ئەوی ڕزگار بکردبایە؟ هەستی بە گەدە پڕی و نیگەرانی دەکرد. هەستی بە تامێکی تاڵ لە گەدەی و دەمیدا دەکرد. هێلنجێکی دا، نوشتایەوە و لە کۆشی خۆیدا ڕشایەوە. بابی ئۆتۆمبێلەکە لادەداتە لاوە. بەڵام لە بەر چڕی هاتوچۆ ناتوانێت لە هیچ جێیەک بوەستێت. ئۆتۆمبێلەکەی دوایشەوە، هەر دوو سانتیمێتر بەینیان هەیە. مێشکی سەعید وڕەی دێت و گێژ بووە. لەو باوەڕەیدایە کە هاکا دەمرێت. تەنانەت دڵی بەوەش خۆش بوو، ئەگەر هیچ نەبێت دڵی تێکەڵ نەهاتایە. بابی بە سەرسامییەوە هاواری لێ دەکات: "

کـورم.. ئەوە چیتـە..؟" سـەعیـد نـاتوانێت وەڵام بـداتەوە، بۆیە تەنیـا سـەری دەلەقـێنێت. هێندە خـۆی کـوور دەکـاتـەوە، هـەتا سـەری بەر داشـبـوڵەکـە! دەکـەوێت. مـشـتـەکـانـی لە گـەدەی گـیـر دەکـات و هێلـنجـێکـی تر دەداتەوە. لیکاوێکی زەرد لە دەمیەوە دێتە دەرەوە. دەڵێیت گەرەکییە، لە ڕۆژی مردنەکەی دایکییەوە هەرچییەکی خواردووە، هەڵی بهێنێتەوە.

هەر بەدەم لێـخـوڕینەوە، بـابی دەست لە دەسـت و ترپەی خـوێنـی دەگـرێت. بۆیە هەر خێـرا دەکەوێتە خـۆی. شـووشـەی پەنجـەرەکـە دادەگرێت و دەسـتی دەهێنێتە دەرەوە، هەتا بتـوانێت ئۆتۆمبێلەکانی پاش و تەنیشتییەوە ڕابگرێت. ئینجا بە هاوارەوە دەڵێت:

– کوڕەکەم نەخۆشە، بۆیە وازم لێ بێنن کە پێچ بکەمەوە...

هەر هـەمـوو ئـۆتۆمـبـێلەکـان دەوەسـتن. ئەوانەشـی کـە دێن لـە پشت سـەری ئەوانی ترەوە دەوەستن، لێی دەگەڕێن هەتا لەسەر شەقامە چوار لاییـەکە پێچ بکاتەوە. زۆریش جێی سەرسـوڕمانە، کەسێکیش هۆڕن لێ نادات. ئیتر دوای دە خولەکی تر، دەگەنە نەخۆشخانەی یەرمووک و بەشی منداڵان.

سـەعیـد لەسـەر چـەرچێـفی سـپی بان دۆشـەکـێک ڕاکـشـاوە، کـە بۆنـێکی ناخۆشـیان لێ دێت. ڕەنگی دیوارەکە شینی کاڵە. لە چەند لایشەوە بۆیاخـەکە هەڵی داوە. یەکێک لە پەنجەرەکـانیش بە باشـی داناخرێت. بۆیە هـەراوزەناکەی دەرەوە، هـۆڕن لێـدان و شـاتە شـات و تاتتـوتـات، دەبیـسـترێت. بەردەوام شـاتە شـاتی ئۆتۆمـبێلی پۆلیس و تاتتـوتی ئـەمـبـولانس. ژوورەکە بۆنی دەرمـانـی دژە مـیـکرۆب و پاقژکـردنەوەی لێ دێت. کـە قـوڕگی دەهێننە خـوروو. بۆیە هـەمـوو ساتەکەیش هـەست بە ئاڵۆشی سـەر پێستی دەکات. لەبەروەی کە لە نهۆمەکەی خوارووتر، کە جێی گەورەساڵانە و نـهاکـە بووەتە بەشی ئەو خەڵکانەی تووشی خـەمـۆکی و تێکچـوونی دەروونی بوون، جـێگە نەبوو، بۆیە ئـەمـیـان لـە بەشی نەشتـەرگەری منداڵان و لاوان پاڵخستووە. ئاکامی پشکنینەکەش؛ تێکچوونی بەهێزیی دەروونی. بەڕۆژ سەرگەرمییەکی زۆری هاتوچۆی پزیشک و پەرستار و پاقژکەرەکان. شەوانیش تەواو بێدەنگ. هێندە بێدەنگ، مرۆڤ تەنیا گوێی لە

تەقـینەوەکـانی دوور لێـرەوە دەبوو. یان سـەدای دەسـتـرێژ، تەقـینـەوەی ئەو تۆپانەی کـە زرێپـۆشـێک دەیان هاوێژێت. بۆیە لـەشی سـەعـید دەکـەوێتـە هەڵلەرزین. قـاچـەکـانی وەها دەجـووڵێنەوە، دەڵێـیت تەزووی کـارەبایی بەردەکـەوێت. دەسـتـەکـانیشی ئارامـیـیـان نـیـیـە. ئیـتـر هەتا ڕەنگی شین هەڵدەگـەڕێت، ژبیـر دەکات هەناسـە بداتەوە. هـەرجارێکیش ئەم حاڵەتە پاتە بێـتـەوە، خـورتەکـەی لە لایـەوە و لەسـەر جـێگەکـە پاڵکەوتووە، ئەنگوست بە دوگـمـەیەکـدا دەنێت و پـەرسـتـدار بانگ دەکـات. کـە سـەعـیـد دەرزییـەکی ئـارامـبـوونەوەی لـێ دەدرێت، ئـیـتـر هـەر دوای مـاوەیەک...... لـە ژووری دانیـشـتنەکـەی مـاڵەوەیانە و لە تـەک دایک و بابیـدایە. هەمـوویان لەسـەر قـەنەفـەکە دادەنیـشن و پێدەکەنن. ئیـتـر هێندە پـێکەوە دادەنیشن، هەتا ئیـتـر دەرمانەکە کارگەریی نامێنێت.

سەعید لەسـەر پشت پاڵکەوتووە و سەری بەلای ڕاسـتدا وەرگێڕاوە. چونکە لە لای ڕاسـتییـەوە پەنجـەرەکەیە و لە لای چـەپیشـییەوە، کوڕە گـەنجـەکەیە کە سەری بە بانتـاژی خوێناوی بەسـتراوە. کە سەعید هیچ پێی خۆش نییە، ئەوە ببینێت. دوو تەختە خـەوی تریش لە بەرامبـەریاندایە. بەڵام دەوریان بە دیواری نێوان گیـراوە. پەرستارەکان لە ساتێکدا پوتڵی ئاوی گیراوە – ئینفوزیۆن – یانیش بـانتـاژی خـوێناوی و کیـمـاوییـان بەدەسـتـەوەیە و بەو ناوەدا فـرتەیان دێت. سەعید حەز ناکات سەیری ئەوێکانەیش بکات. وا سێ ڕۆژە کە سەعید لە نەخۆشخانەیە. پزیشک باسیل هەموو بەیانییەک و پاش نیوەڕوانێک سەری لێ دەدات. لەسـەر پێخـەفەکەی دادەنیـشێت و هەوڵ دەدات لە تـەکیا بپەیڤێت. پزیشک عـارف باسیک، پزیشکێکی ڕووخۆشی گەنجە کە چاویلکەیەکی فلزی لـە بەرچـاودایە و هـەمـیـشـەیش بەسـەر لووتیـەوەیەتی. ئەو پزیشکی دەروونناسییە، دەزانێ چ پرسیـارێک ئاراستە دەکات و چۆنیش بەسەبر بێت، سـائـەگـەر نەخـۆشـێکیش نەیویست لە هەمبـەر ئەو بابەتەوە وەڵام بداتـەوە کە ئازاری پێوە دەچێژێت. سەعید هیچ قسان ناکات. ئەو ناتوانێت باس لە باری ناخی خـۆی بکات. نـاتوانێت باسی ئـەوە بکات کـە دایکی ئـەمی بـۆ خـوێندنگە

برد، چی ڕووی دا. ناتوانێت هیچ باسێکی کۆتایی سەرلەبەیانییەکە بکات. لەو ساتەوەی کە هەوڵی دەدا بە هەمان شەقامی ڕووداوەکەدا بڕوات، ئیتر هیچ وشـــەیەکی لەبارەی ئەو ڕووداوە ترسناکـــەوە بۆ وتن نیـــیـــە. بەڵام بەوەش خۆشحاڵە کە پزیشک باسم دێت و لەلایەوە و لەسەر پێخەفەکەی دادەنیشێت. بە هاتنی بابیـشی شـادمـانـە. بەڵام بابی ڕەنگی زەرد بووە و پەژارەیی پێوە دیارە. جـارجـارەیش کـراسـی ئوتوو نەکـراوی لەبەردایە. سـەعـیـد بەوەی خۆشحاڵە کەسێک لە کنی دادەنیشێت، بە ڕۆیشتنی کەسەکەیش ئاسوودە دەبێت. چونکە ئەوسـا دەتوانێت هەمـــوو هزری لە کن هەراوزەناکـــەی ناو مێشکییەوە بێت. ساردکەرەکەی هەردەم باش کاری نەدەکرد، لە کار کەوتووە. دڵۆپە ئاوی پاڵێوراو لە چوارچێوەی ئاسنینی ساردکەرەوەکەوە، دەتکایە سەر دەرگەکە. تکەکـان وەک ئاوازێک وابوون کە ئەم دەیتوانی لەســەر ئەو ئاوازە، پارچە مۆسیقایەک بەرهەم بێنێت. ئاوازەکە ئەمی لەو بارە ناهەموارە بەدوور دەخـــست. دەی وا ئاوازی تکەکـــانیش کـــۆتاییـــیـــان پێ هات. خـــۆی لە چەرچەفـەکـەیەوە پێچـا و چاوەکانی نووقـاند. بە زیندەخـەون، وەک دایکی، لە چاڵێکی فێنکدا ڕاکشاوە. ئینجا چاوەڕێ دەکات هەتا خۆڵی بەسەردا بکرێت. هەست بە گڵمۆتکە گڵەکان دەکات دەکەونە سەر لاشەکەی. ئیتر بەســەر شان و سک و سنگ و لاقـەکـانـیدا. گڵ بەســەردا کردنەکـە، ئاوازێکی نەرمی هەیە. ئەمەیش فێنکی بە لاشە گەرمەکەی دەگەیەنێت. لێ، گڵەکەی بان ئەم هەردەم قورس و قورسـتر دەبێت. بۆیە ، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگەی ئەو پەستاوتەی گـڵـــە بگرێت، دەبێت زۆر بەهێـواشی هەناســە بداتەوە، یانیش هەناســەی ڕابگرێت. چونکە لەو باوەڕەیدایە، ئەگەر ئەو مـاوەیەکی درێژ وەها پاڵکەوێت، ئەوسا دەتوانێت ببیستێت، چۆن دایکی لە تەکیدا دەپەیڤێت.

کات تێ دەپەڕێت. وا سێ ڕۆژە کە بابی سەعید نەهاتووە بۆ نەخۆشخانە. بۆیەکـە پزیشک باسـیل زۆرتر لە پێشـوو لە لایەوە و لەســەر پێخـەفـەکـەی دادەنیشێت. کە سبەینان پەرستارەکان بیانەوێت بیشۆن، نێوچاوانی ماچ دەکەن و شتێکیشی بەگوێدا دەچرپێنن. شتێکی ئارامکەرەوە و دڵنەواییکەر.

سەعید بۆ ژوورێکی بەشی نەخۆشەکان گوێزراوەتەوە. رەنگی دیوارەکانی ئێرە سەوزی کاڵە. کەڕوویش سووچێکی ژوورەکەی گرتووەتەوە. لەولاتریشەوە ئاودەستخانەکانن. سەعید هەردەم، بە دیوارە تەنکەکاندا، گوێی لە شەقەی کردنەوە و داخستنەوەی تاکی دەرگەکانە. لەوەش تێ ناگات کە بۆچ بابی سەردانی ناکات. کە لەم بارەیەوە لە پزیشک باسیلیش دەپرسێت؛ ئەو بە بزەیەکەوە دەست بە سەر دەستیدا دێنێت و دەڵێت: "سەعید خەمی لێ مەخۆ. تۆ دەبێت بەر لە هەر شتێک تەندروستیت باش بێتەوە. ئیتر هەموو شتێک بەباشی دەڕوات! " بەڵام سەعید خەمبار و نیگەرانە. هەست دەکات کە شتێک گۆڕدرابێت. بەڵام نازانێت وەسفی ئەو گۆڕانە بکات. تەنیا کاتێک ئەو بە بیجامەی نەخۆشخانەکەوە خۆی بەرەو تەوالێتەکان بەکێش دەکات، لە سەرنجەکانی ئەو خەڵکەکە ورد دەبێتەوە کە پێی دەگەن، ئیتر هەست دەکات کە ئەو سەرنجانە، دەیانەوێت شتێک بەم بڵێن. جارجارە بە دەم نێوچاوان خورانەوە ڕادەوەستێت و بە چواردەوری خۆیدا هەڵدەڕوانێت. لە دالانە درێژەکە هەڵدەڕوانێت و سەرنجی پێخەفە بەتاڵەکان دەدات کە بە ڕاست و چەپدا ئامادە کراون. سەتڵەکەی ئاوی پیس و پەڕۆیەکیش تێیدا. سەرنجی ژنێکی ڕەشپۆش دەدات کە دەگری و لەلایەن دوو کوڕییەوە، قایم ڕاگیراوە. لە پیاوێک هەڵدەڕوانێت کە بەردەوام سەری خۆی بە دیوارەکەدا دەکێشێت. هەروەک بیەوێت بەوجۆرە ئازارەکان لەخۆی دوور بخاتەوە. سەرنجی ڕووناکییە پڕ لە گەرد و خۆڵی بەر پەنجەرەکە دەدات. لە کن ڕاستیشەوە ئامرازەکانی تەختی زەوی پاککردنەوە هەن. ئینجا بیر دەکاتەوە، دەبێت شتێک ڕووی دابێت. باشە بۆچ کەسێک شتێکم پێ ناڵێت؟

لە ڕۆژی سێیەمدا باپیرەی دێت. باپیری کابرایەکی هەڵچوو و بەڕێز و ئاغرە. ئەو ڕوخسارێکی وەک باڵندەی ڕاوکەری هەیە. چاوانێک کە لە ڕابردوودا شین بوون و نەهاکە کاڵ بوونەتەوە، کە هەمیشەیش بینینی بەرەو خراپتر دەچێت. سەعید زۆر جاران و بۆ ئەوەی کات بەخێرایی بەسەر بچێت، ڕۆژەکان دەنووێت. لێ، کە سەعید چاوەکانی دەکاتەوە، باپیرەی لەسەر تاکە

کورسی پلاستیکی ناوەڕاستی ژوورەکە دانیشتووە. باپیرەی دەڵێت:

– سڵاو خورتەکەم... باش خەوتوویت..؟

سەعید بە سەرسوڕمانەوە خۆی ڕاست دەکاتەوە. دەست بە قژەکانیدا دێنێت و قۆپچەکانی بیجامەکەی دەبەستێت. ئینجا دەپرسێت:

– چۆن و لە کوێوە هاتوویت؟

لە گوندەکەی باپیرییەوە کە لە بەراییی چیادایە، هەتا بەغداد بە ئۆتۆمبێل سێ دەمژمێرە. بەڵام ڕێگەیەکی پڕ مەترسیشە. بابی وەڵامی دایەوە:

– لە ماڵەوە دێم.

– ئەی چۆنە وا لێرەکانەیت؟

باپیرە بەرەو پەنجەرەکە هەڵدەڕوانێت. سەعید دەیبینێت چۆن ڕوخساری گرژ دەبێت، هەروەک بیەوێت بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت. ئینجا دەڵێت:

– باوکتمان بە خاک سپارد.

سەعید هیچ تێ ناگات. خۆی بۆ سەرەوە هەڵدەکێشێت و دەڵێت:

– دایکم مردووە..

باپیری بەدەم هەنسکەوە، لە جێگەکەی خۆی بەرز دەبێتەوە و دێتە کن سەعید. بە ئاخ و ئۆفەوە خۆی بەسەر لێواری تەختە خەوەکەی سەعیددا دەدات. ئینجا دەڵێت:

– پێریێ، بەرۆژی ڕووناک و لە گەڕەکی – ڕەبیعیە – ڕووی دا.....

ئەوە ئەو شەقامەیە کە بە ناو گەڕەکەکەیاندا تێ دەپەڕێت. درێژەی پێ دا:

– لە بەردەم خۆشاوفرۆشییەکدا ڕووی دا. نازانم بابت چۆن ئەو کەمتەرخەمییەی کردووە و بە پێ بەڕێگەوە بووە.

باپیرەی هەردەم و بە لەرزینەوە، پەنجە ئێسقاناوی و خوار و خێچەکانی، بەسەر بەتانییەکەدا دێنا.

– خەڵکەکەی، ئەوانەی کە ڕووداوەکەیان بەچاوی خۆیان دیوە دەڵێن؛ دوو

زەڵام چوونەتە خۆشاوفرۆشییەکەی بابتی تێدا بووە. یەکێک لە زەلامەکان لە تەک بابتدا قسەی کردووە و ئەویتریش تەقەی لێ کردووە. تەقەی لەسەر دڵی کردووە و ئیتر دوور کەوتوونەتەوە. ئەوانەی کە لەوێکانە بوون، دەبێژن کە دووانەکە پێشکەنیون.

باپیرە چاوەکانی دەنووقێنێت و پەنجەکانی لە قۆڵی سەعید گیر دەکات. سەعید وەک بەردێک ساردوسڕە. بیر دەکاتەوە کە نابێت شت وەسا ڕاست بێت. ناشێت بابی مردبێت. نەخێر، دەبێ هەڵە بێت. بۆیە باوەڕ ناکەم. بە بێدەنگییەوە ملی وەردەگێڕێت و فرمێسکەکان خۆ بە خۆ دەتکێنە بان سەرینەکە. ئینجا دەکەوێتە هەنسکدان:

- نا. نا.. نا..!

دەستەکانی لە دەستی بابە گەورەی دەردێنێت و بە سەر سنگی خۆیدا دەکێشێت. بە ورگی خۆیدا دەکێشێت. بەردەوام و بە توندی و لە تەک هاوار هاواردا، بەخۆیدا دەکێشێت. هەتا دوو پەرستار دێنە ژوورەوە. خۆیان بەسەریدا دەدەن و توند دەیگرن.

- سەعید گیان بێدەنگ بە. کۆترۆلکە گیان بێدەنگ بە.. نهاکە پزیشک دێنین.

پزیشک باسیل دەگات و دەرزییەکی بەدەستەوەیە. زۆر خەمبار دیارە و ژێر برژۆڵەکانی پەڵەی شین. هەردەم پزیشک کەمتر دەبێتەوە. چونکە هەردەم پزیشکەکان، بەهیوای دنیایەکی باشتر، ئێرەکانە جێ دێڵن و هەڵدێن. کە سەعید پزیشکەکە بەدی دەکات دەقیژێنێت:

- جەنابتان لە تەک مندا درۆتان کرد! جەنابتان وتتان؛ هەر شت باش دەبێت. بەڵام بابم کوژراوە!

پزیشک عارف باسیل سەری دادەنەوێت و دەڵێت:

- داوای لێبووردن دەکەم. من نەمدەتوانی شتی وەها بدرکێنم. بۆیە بیرم کردەوە، باشترە کە باپیرەتان بیڵێت.

باپیرەی نە دەجوولێتەوە و نە هیچیش دەڵێت. نینۆکەکانی زەرد هەڵگەڕاون. جووتێک پێڵاوی قوماشی لە پێدایە و کراسێکی سپی بەسەر پانتۆڵێکی پانوپۆڕدا داداوەتەوە. ئەو بە مارسیدێسە کۆنەکەی هەتا بەغداد هاتووە، تا کوڕە خۆشەویستەکەی بەخاک بسپێرێت. لە ناکاو سەعید هەست بە سەری دەزییەک بە سەر قۆڵییەوە دەکات. پزیشک باسیک بە ئارامییەوە مادەی ناو دەرزییەکە دەڕژێنێتە ناو دەماری قۆڵی سەعیدەوە... لە چرکەساتدا لەشی سەعید خاو دەبێتەوە. چاوەکانی دەنووقێن و وێنە بە بەر بینیندا دێن و دەچن.

ئارامییەک سەرتاپای لەشی دادەگرێتەوە و هەست بە سووکیی باڵندەیەک لە ئاسماندا دەکات. بە چاوی ناخ، سەعید باپیری دەبینێت، چۆن ئەو بۆ گوندەکەی خۆی لە دامێنی چیا دەگەڕێتەوە. ڕێگەیەکی خۆڵی بێ کۆتایی، بە زەوییە وشکاییەکەدا درێژ دەبێتەوە. تەپ و تۆز لە پشتی ئۆتۆمبێلەکەوە بەرز دەبێتەوە. سەعید باش دەزانێت لەو جادەیەوە بەرەو بەغداد چۆن چۆنییە. خاڵی پشکنینی زۆر و پارچە لاستیکی بزمارڕێژکراوی بان جادەکە، هەتا خەڵکی ناچاری وەستان بکەن. چونکە جارجارە و لە دەوری جادەکانەوە تەقە دەکرێت. هێرشکەران خۆیان لە ناو قامیشەلان و زەلەکان و یانیش کێڵگەی گەنمەشامی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکان حەشار دەدەن. یانیش بە کلاشینکۆفە لەسەر پێکانیانەوە، خۆیان لە ماڵە بۆمباردومان و وێران کراوەکانەوە مەلاس دەدەن. بەڵام باپیرەی ترسی لەوەها سەفەرێک نییە. چونکە ئەو لەوەی یەقینە، ڕۆژی مردنەکەی دیاری کراوە. جا ئیتر لەو ساتانەدا بکوژرێت و یان خۆی بخاتە مەترسییەوە. یانیش ئەو ساتەی لە ژووری فێنکی ماڵەکەیدا دانیشتووە. سەرەتای نامەکانی کە باپیرە هەردەم بۆ محەمەدی کوڕی دەنووسی، بە " بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.." دەستیان پێ دەکرد. ئینجا"... کوڕم محەمەد سڵاوت لێ بێت. سڵاو لەتۆیش بووکەکەم، لە تۆیش کوڕەزاکەم.. سەعید لە پشتی چاوە نووقاوەکانییەوە، باخەکەی باپیرەی دەبینێت. دارە – مەنگۆ – کەی ناو باخەکە و بەرهەمە خۆشەکەی کە مێخۆشە. لە گەوڕی پشت ماڵەکەیشەوە گوێی لە ئاژەڵەکانە، لە پڕمە و پژمە و

لرخەی مەڕ و بزنەکان. باپیرەی سەعید کابرایەکی ڕێزدارە. ساتێک لە تەک باپیرەیدا، کە خۆی بەسەر گۆچانە نووک ئاسنەکەیدا دەدا و پێکەوە بەناو گوندەکەدا دەڕۆیشتن، خەڵکەکەی دی خۆیان لە بەردەمیدا دەنووشتانەوە. باپیرەی ئەو جۆرە کارد و – قارچک – انەی پیشان دەدا، کە لە ژێر گابەردەکانەوە سەریان دەرهێنابوو. باپیری بۆی باس کرد، چۆن ئەو توانی دەڵەکێک لە تەڵە ڕزگار بکات. دەڵەکەکەیش پێش ئەوەی بڕوات و بزر بێت، چۆن هەڵوێستەی کرد و لەمی هەڵدەڕوانی، هەروەک بیەوێت ڕوخساری ئەو مرۆڤە لە زهنی خۆیدا بهێڵێتەوە کە ڕزگارکەری بووە و ژیانی بۆ گەڕاندووەتەوە. سەعید باپیری خۆشدەوێت. کە سڵاوی لێ دەکات، دەستی باپیری ماچ دەکات و سێ جاران دەیخاتە بان نێوچاوانی خۆی.....

کە سەعید هەمدیسان چاوەکانی دەکاتەوە، تاریکی باڵی بەسەر نەخۆشخانەکەدا کێشاوە. باپیرەی هێشتاکە و بێ جووڵە لەسەر لێواری پێخەفەکە و لە پەنایەوە دانیشتووە. باپیرەی بە چاوە ڕەنگ تێکچوو و کاڵەکانییەوە لێی هەڵدەڕوانێت. سەعید بیر دەکاتەوە، هاکا باپیری بەم دەڵێت: دەتوانێت لە گوندەکەیان و لە تەک ئەمدا بژی... بەڵام باپیرەی دەڵێت:" وامان بڕیار داوە کە بتنێرینە کن مامت."

– لای مامم؟

– مامە بەسامت کە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەژی. من و دایە گەورەت بۆ ڕاگرتن و ڕاژەکردنی تۆ پیرین. چ لە کن مەش و چ لەو دەوروبەرەیش، وەک ئێرە و لە بەغداد، خوێندنگەی باشی لێ نییە.. ڕۆڵەکەم، خۆ تۆ گەرەکتە ببیتە پزیشک....

ئیتر لە ناکاو سەعید دێتەوە هۆش خۆی. تەواو بەئاگایە. دڵی بەخێرایی لێ دەدات و فرمێسک زاوەتە چاوەکانی. بەدەم هەنسکەوە دەڵێت: "بۆ من هیچ گرینگ نییە. من تەنیا دەمەوێت کە دایە و بابەم لە کن بن..!" وەک منداڵێکی بچکۆڵەی لێ هاتووەتەوە. گوێی بە هیچ نییە و دەگری. لەگەڵیا بیریش دەکاتەوە؛ "بۆچی ؟ بۆچ دەبێت خێزانەکەم وەهایان لێ بەسەر بێت؟ خۆ ئێمە

هیچ کارێکی خراپمان نەکردووە؟" هەست بە دەستە کۆڵەکانی باپیری، بەسەر نێوچاوانی خۆیەوە دەکات. باپیری بە نەرمییەوە دەڵێت: "ئەوە خواستی یەزدانە. لە ساتی لەدایکبوونی بابتدا، یەزدان لە تیانووسێکی گەورەدا، ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی بابتی تۆمار کردووە..." سەعید بە دەنگێکی کپەوە دەپرسێت: " بەڵام بۆچ؟ خۆ ئەگەر شەڕ نەبووایە، وەها چالاکییەکی خۆکوژی نەدەکرا، کە دایکمی پێوە بوو؟ وەها مرۆڤێک نەدەبوو، وەک ئەوانەی بابمیان کوشت! بۆچی بەو کارە هەڵساون؟!

باپیرەیشی دەڵێت: " ئەمە تاقیکردنەوەیەکە و سیاسەتیشە. لە بەرژەوەندی هەندێک وڵاتدایە، کە ئاشتی لە وڵاتەکەماندا سەقامگیر نەبێت. کە وڵاتەکەمان ئارام و ئاسایش نەبێت. دەیانەوێت چینە باشەکە لەناو بەرن، تێ دەگەیت..؟" سەعید بە گریانەوە وەڵام دەداتەوە:" نەخێر. "خەڵکی لە تەک عێراقێکی نوێژەن و پێشکەوتوودان، بەڵام ئەو جۆرە خەڵکەی تر ناخوازن کە عێراق هەنگاوی پێشکەوتووخوازانە هەڵبێنێت و عێراق خۆی لە سیستەمی ڕۆژئاوا نێزیک بکاتەوە. چونکە ئەوان هیچ شتێک بە باش نازانن کە لە ڕۆژئاواوە بێت. خۆ دەشزانیت کە سەدام دژی دەستەڵات و وڵاتێکی ئیسلامیش بوو. مامەڵەی لە تەک پیاوانی ئاینیدا زۆر خراپ بوو. کردبوونیە جێی گاڵتە و قەشمەریی. بۆیە نهاکە زۆرێک لەو مەزهەبییانەی کە لە ژێر دەستەڵاتی سەدامدا ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجەیان کێشاوە، تۆڵە دەکەنەوە، بەتایبەتی شیعەکان کە دەیانەوێت عێراق بکەنە دەوڵەتێکی ئاینی، جا ئەگەرچی خوێنی زۆرتریش بڕێژرێت.." کە سەعید هیچ وەڵامێک ناداتەوە، باپیرە زەردەخەنەیەک دەکات و درێژەی پێ دەداتەوە: "بەڵام مرۆڤ نابێت ڕێگەی وەها کارێکیان بدات. لە قورئاندا هاتووە؛ ئەوانەی کە بە پێی قورعان دەژین، ڕۆژی پێنج جاران نوێژ دەکەن، پاشان دەچنە بەهەشتەوە. بەڵام مانای ئەوە نییە کە خوێنێکی وەها زۆر بێتە ڕشتن. کوڕەکەم، مزگەوتیش تەنیا ئەو جێیەیە کە ئێمە تێیدا لە خواوە نێزیکین. ئێمە بە نوێژ لە یەزدانەوە نێزیکین نەک بە چەکی دەست و شەڕی سەر شەقامەکان..." سەعید لە باپیرەی هەڵدەڕوانێت و دەپرسێت: "

ئەی دایکم و بابم ؟ خـۆ ئەوان هـەرگـیـز نـەچوونەتـە مـزگـەوتەوە. هـەروەها منیش.." باپیرەیش بە نیگەرانییەوە سەری دەلەقێنێت. سەعید دەپرسێت : " ئەوەیش خراپ بووە کە نەچوونەتە مزگەوت..؟" باپیرەی باوەشی پێدا دەکات و دەڵێت: " من لەم نەخۆشخانەیە دەرت دێنم و لە تەکتا دەچمە مزگەوت. هیچ ترست نەبێت، من لە کن تۆم.." پەنجەکانی بە باسکی سەعیددا دەخشێنێت..:" من وا تەمەنم حەفتا و سێ ساڵە و هەموو ئێسقانەکانم ژان دەکەن. بەڵام سوپاس بۆ یەزدان، وا هام لە ژیاندا. سەعیدەکەم، تۆیش لە ژیاندایت. هێشتاکە من سەرگەورەی ماڵباتەکەم. بڕیاری دوو شتم داوە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە تۆ دەچیتە لای مامت بۆ بەرلین..." کە بۆ دووەم جار ئەم بڕیارە دەوترێتەوە، سەعید دەخوازێت لە دژی ئەو بڕیارە شتێک بڵێت. لێ باپیرەی لێی قەدەغە کردووە، کاتێک ئەم دەپەیڤێت قسە لە قسەیدا بکات. باپیرەی درێژەی پێ دەداتەوە: " دووەمیش ئەوەیە، خۆم بۆ هەڵبژاردنی ناوچە دەپاڵێوم. ئێمە نابێت ئەم وڵاتە بخەینە پشتگوێ. ڕۆژێک دێت کە ئەم وڵاتە دەگەشێتەوە و هەمووان لە ئاشتیدا دەژین. بەڵام هەتا ئەو ساتە تۆ دەبێت لە جێیەکی ئەرخەیاندا بژیت. خوایش مەزنە."

سەعید ناخوازێت لێرە دوور بکەوێتەوە. ئەو ناخوازێت بە تەنیا بچێتە بەرلین و ئەو وڵاتە نامۆیە. بەڵام باپیرەی بڕیاری داوە. بۆیە سەعید لە گوێڕایەڵی زیاتر، چارەیەکی تری نییە. لە هەفتەکانی پێش لە ڕۆیشتنی سەعید بۆ ئەڵمانیا، باپیرە هەردەم لە تەک سەعیددا بوو. لە مارسێدێسە کۆنەکەیدا سەعید بەناو بەغدادا دەگێڕێت. هیچ ترسێکیشی نییە. باپیرەی لە مەیدانەکە مریشکێک و سەوزەیش دەکڕێت. تکا لە ژنی هاوسێکەیان دەکات بۆی لێبنێن. بێ ئەوەی بە سەعیدیش بڵێت، بۆ نانخواردن داوەتی ئەحمەدی هاوڕێی سەعیدیشی کردووە. ئەمەیش خواردنی بەخواسپاردن و بەخێر بەڕێکردنی هاوڕێیانەیە. باپیرە وا خۆی نیشان نادات کە دەزانێت، قورگی هەردووکیان پڕ لە گریانە. بۆیە شتیان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە باسی خۆشەویستی. چۆن ئەم عایشەی ژنی خواستووە، لە ساتێکدا ئەم تەمەنی

شازده ساڵان و عایشەیش هەر زۆر گەنج. دەبێت ئەو لە سیازدە ساڵان زیاتر نەبووبێت و تەنیا بۆ ڕۆژێکیش لە ماڵەوەی دوور نەکەوتووەتەوە. تەنانەت عایشە لە تاسەی ماڵەوەدا نەخۆش کەوتووە. ئەمان یەکتریان نەدەناسی و دایک و بابیان زەماوەندەکەیان بۆ فەراهەم کردوون. تەنانەت زۆریان شەرم لە یەکتریش دەکرد. ئینجا باپیرە بە یادکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانە زەردەخەنە دەیگرێت. لە درێژەی باسەکەدا باپیرە دەڵێت؛ ئیتر بە پێی زەمانە یەکترمان خۆشدەویست. سەعیدیش هەر هەموو ساتەکە بیری لە خەدیجە دەکردەوە. گەرەکییە بە باپیرە بڵێت؛ کە ئەم شەیدای خەدیجە بووە و دەخوازێت لە داهاتوودا، زەماوەندی لە تەکدا بکات. بەڵام ئەمانە ناڵێت. ئەحمەدیش باسی ئەوە ناکات کە بە پەنهانی چاودێریی کچێکی هاوسێیان دەکات. مرۆڤ خەون بەم شتانەوە دەبینێت، بەڵام دەربارەیان شتێک ناڵێت. کە دایکی ئەحمەد بە دوای کوڕەکەیدا دێت و بیباتەوە، باپیرە پێی دەڵێت: "ئەمشەو ئەحمەد لێرە جێ بێڵن. چونکە ئەمان زۆر شتیان بۆ وتن پێیە. لێ، بۆ ماوەیەکی درێژی لێک دادەبڕێن و یەکتر نابینن. دایکی ئەحمەد بە ڕازیبوونەوە خۆی دەچەمێنێتەوە. بە باوەش پێداکردنێکی بێدەنگ، بەخواسپاردن لە سەعید دەکات. ئەو شەوە هیچ کامێکیان خەویان لێ ناکەوێت.

دوای چەندین ڕۆژ باپیرە، ئەو خانووە پیشانی سەعید دەدات کە بە گەنجی تێیدا ژیاوە. ئەو خوێندنگەی قورعانەیش کە قورعانی تێدا خوێندووە. ئینجا بۆ یەکەمین جار سەعید دەباتە ناو مزگەوتێکەوە. ساختمانێکی جوان بە گومبەزی شین و چلچراو پلیکانەوە بە بەرزاییی سەقفەکەوە. باپیرە کاری هونەریی دەستیی نەخش و نیگار بە سەر تەختەی نیوبازنەیی و کەوانەیی پەنجەرەکانەوە ، پیشانی سەعید دەدات. دەرگە سەدان ساڵە کۆنەکان. تەختی زەوی بەردی مەڕمەڕیی چوار ڕەنگی. سەعید لە هەر لایەکەوە گوێبیستی – لە خوا زیاتر خوایەکی تر نییە و محەمەدیش ڕاسپاردەیەتی.. – نوێژکەرەکانە. هەوای ناو هۆڵەکە پڕە لە بۆنی بوغورد، غەڵبە غەڵبی نوێژکەرەکانیش کە هەردەم زیاتر دەبن، مێشک کەڕکەرە. هەموو ئەو ماوەیەی باپیری بە چاوی

نووقاوەوە لەولایەوە هەڵتروشکاوە و وەک بچێتە خەونەوە، بۆ ئەو وەک خەونێک وایە. خەونێک کە ئاشتی و ئارامی پێ دەبەخشن. کە بابە پیرەی چاو دەکاتەوە و لەم هەڵدەڕوانێت، سەعید بزەیەکی بۆ دەکات. باپیرەی دەست دەخاتە سەر شانی، سەری بە جەختەوە ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:" ئێستاکە تێ دەگەیت..!"

نەسمەی هاوسێیان بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە، هەموو پۆشاکەکانی بۆ شت و ئوتوویشی کردن. دیارییەکانی باپیرەی بۆ مامە بەسام لە بەرلین پێچایەوە. سەعید بۆی هەیە تەنیا ٣٠ کیلۆ کەلوپەلی پێ بێت. لێ، پەڕتووکیش قورسن. چونکە سەعید دەخوازێت پەڕتووکە پەسەندکراوەکانی دایکی کە حەزی لێ دەکردن، لە تەک خۆیدا بیانبات. پەڕتووکی هەڵبەستە جوانە عەرەبییەکان. بەتایبەتی پەڕتووکەکانی – ئەبونەواس – ئەو هەڵبەستە خۆشەویستییانەی کە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا نووسیونی. کە دایکی هەمیشە دەیویست بۆیانی بخوێنێتەوە، ئەم گوێی پێ نەدەدان و خۆی دەدزییەوە. ئاخ هەڵبەست..! ئەوە خۆشترە لە تەک ئەحمەددا و بەناو شاردا بسووڕێیتەوە... پێدەچێت کە لە بەرلین کاتی زۆری بۆ خوێندنەوەی ئەو هەڵبەستانە هەبێت و ئەوجا یادی خەدیجەیش بکاتەوە. هاوپۆل و هاوخوێندنگەکانی بۆ بەخواسپاردن هاتنە لای. هەندێک ئێرەییان پێ دەبرد و هەندێکیش بەزەییان پێیدا دەهاتەوە. دایکی خەدیجەیش ئەوی بۆ ماڵی خۆیان داوەت کرد. لە ژووری دانیشتندا، لە هەمبەر خەدیجەدا دانیشتبوو. خەدیجە کراسێکی درێژی ئاودامێنی هاوینەی لەبەر کردبوو. کە جارجارە کراسەکە دەخزا و پێستە سپییەکەی دەردەکەوت، هەر خێرا هەڵی دەکێشایەوە. وەک هەمیشەیش سەری دانەواندبوو. برژانگەکانی وەک شیشی پەنجەرە دەکەوتنە سەر کوڵمەکانی. ساتێک سەعید لەسەر ڕۆیشتن بوو. خەدیجە لەچکەکەی برێک لابرد. خۆی نوشتانەوە و بە شەرمەوە ماچێکی لابەلای ڕوومەتیان گۆڕییەوە. بە چرپەوە وتی: "بەخێرچیت سەعید. ئیتر تەواو لە بیرمان نەکەیت." ساتێک سەعید قژە ئاوریشمییەکانی ئەوی دی، دڵی کەوتە ترپە

ترپ. سەعید وەڵامی دایەوە: "خەدیجە، چۆن دەتوانم ژبیرتان بکەم؟ ئێوەیش وەک هەموو شتەکانی ئێرە، پێوەستن بە ژیانمەوە..." ئینجا بە باشی زانی کە هەر خێرایش خۆی وەربگێڕێت. بۆ ئەوەی خەدیجە ئەم بە خەمباری و دڵ تەنگییەوە نەبینێت و لە بەرچاوی ئەو بچکۆلە نەبێتەوە. ئەم دەیخواست کە خەدیجەیش ئەم لە یادی خۆیدا بهێڵێتەوە. هەروەک چۆن ئەمیش ئەوی لە یادە. هەستی بە گەورەیی و لەخۆباییبوون دەکرد.

# فرانكفۆرت

# بەشی چوار

لە نهۆمی سێیەمی خانوویەکی کرێ و لە خشتی سوور دروستکراو بە باڵکۆنێکی ڕەنگ سپییەوە، لێنا لە ژوورەکەی خۆیدا و لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوتووە. ئەو سێ ڕۆژی بەری تەمەنی بووە چواردە ساڵان. ئەو دەورەی فێربوونی پیانۆ دەکات و هەفتەی جارێکیش دەچێتە سەمای جاز. وێنەی ئاهەنگەکانی خوێندنگە و یانیش گەشتەکانی خوێندنگە و بەڵگەنامەی ئەو یانەی گەشت و گوزارانەی، ئەو لە تەک دایک و بابیدا بەسەری بردووە، بەڕووکاری دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. لێنا لەو دوو یانەی گەشت و گوزارە، فێری خلیسکانێی سەر ئاو بوو و کۆرسی سەمای جازیشی کرد.

لە پاڵ پۆستەراکنیشەوە وێنەی ئەو کەسانەی هەڵواسیوە کە ئەم حەزیان پێ دەکات. لێخوڕێکی ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ. سترانبێژێکی ژن. وێنەی ئەسقەفی مەزن لە مەیدانی پێتێرس لە شاری ڕۆم، سەدان هەزار کەسی لە پشتەوەیە و خەڵکی پیرۆز دەکات. لێنا کاتۆلیک نییە، تەنیا بەوە سەرسامە کە لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە گرینگی زۆر بە ئەسقەفی مەزن دەدرێت . بەرگەکانیشی جێی سەرنجن. بەر لە یادی لەدایکبوونەکەی، دایک و بابی لێیان پرسی کە ئایا مەیلی لە چییە؟ کە لێنا بۆ ماوەیەکی درێژ هەر بێدەنگ بوو، دایک و بابیشی هەر لێیان دەپرسی، لە ئاکامدا وەڵامی دانەوە: "خۆ ئێوە دەزانن کە حەزم لە چییە؟" دایکی بە سەرسوڕمانەوە لێی هەڵڕوانی و کەوتە سەر بادان. بۆیە لێنا وتی:" ئیتر خۆتان بیری لێ بکەنەوە." بابیشی لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، ئێمە ناتوانین بیر بخوێنینەوە. کچانی لەم تەمەنەیش هەر ڕۆژەی خواستێکیان هەیە.." بۆیە لێنا ناچار بوو شتێک بڵێت: "من تەنیا ئەو خواستەم هەیە، کە ئێوە لێک جیا نەبنەوە." ئیتر دایک و بابی، لەیەکیان

هەڵڕوانی، هەڵسان و بە دوو ئاقاری جیاوازدا، هەرکەسەی بەرەو ژوورێک چوون. دایک و بابی پێکەوە ناخەون. تەنیا دایکی ژووری نووستنەکە بەکار دێنێت. بابیشی شەوان لە ژوورە بچکۆلە و درێژکۆلە تەسک و ترووسکەکە و لە بان قەنەفەیەک دەخەوێت کە دەتوانیت بیکەیتەوە و وەک تەختەخەو بەکار ببرێت. ژوورەکەیش لە ڕاستیدا جێی هەڵواسینی جلوبەرگی شۆراوە. بابی ئێواران پۆشاکەکانی لە دۆڵابی جلەکان دەردەهێنێت و ئامادەیان دەکات، هەتا سبەینێکەی و بەر لە ناشتا، تووشی بە تووشی دایکی لێناوە نەبێت. ئەوان کاتێ لە تەک یەکدا دەدوێن، مەگەر گرینگ بێت. دەنا خۆ لە یەکتر دەپارێزن. نهاکە نیوەی شتەکانی ناو ساردکەرەکە هینی دایکێتی و نیوەکەی تریش هینی بابی. بەڵام لێنا بۆی هەیە شتەکانی هەردووکیان بەکار بێنێت. لێنا ئەم گوزەرانە زۆر بە ناجایز و ناشیرین دەزانێت. هەر بۆیەش ئیتر کەسێک لە دۆستەکانی بۆ کن خۆی بانگهێشتن ناکات. ئەم گوزەرانە بۆ لێنا زۆر جێی شەرمەزارییە. تەنانەت ئیتر سەردانی سۆفیش ناکات. ناچارە دەبێت ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونەکەی سۆفیش بە بیانوویەکی وەک؛ ئەدمۆسفێرەکە ساردوسڕە، یانیش مەسەلە ئینکاریکردنە، یانیش لە شپرزەیی و سەرلێشێواویدایە، بەرپەرچ بداتەوە.

دایک و بابی گەرەکیانە، ئیتر لە کۆتاییی مانگدا بە تەوای لێک جوێ ببنەوە. حەمباڵ و ماڵ گواستنەوەیان بەکرێ گرتووە و تەنانەت خانووەکەیش بەکرێ دراوە. لێنا لەوەی تێ ناگات، بۆچی ناتوانن وەک خێزانێک بمێننەوە. چ شتێکی خراپ لەوەدایە کە بتوانن پێکەوە بژین؟ پێدەچێت ئەو هەڵوێستە بەسەر بچێت، وەک ئێستا کە دایک و بابی کەیفیان بەیەکتری نایەت. پێدەچێت کە پاش نیو ساڵی تر، وەک هاوینی ڕابردوو لە گەشتەکەیاندا بۆ – فۆرتێڤێنتورا – ، ڕێک بکەونەوە. دەی خۆ ئەمیش لە تەک باشترین هاوەڵی خۆیدا، شەڕی تا سەر ئێسقانیان بووە، بەڵام پاشان لەیەکتری بووراون. چونکە هەستیان بەوە کردووە، کە نەخێر یەکتریان خۆشدەوێت. پاشان برێک گریاون شەرمیان لەو هەڵسوکەوتانەی خۆیان کردووە. لە ئاکامدا،

بەخۆشییەوە و لە پاڵ یەکتردا، بە گۆڕەپانی خوێندنگەکەدا و شان بە شانی یەکتر هەنگاویان ناوە. بۆشیان ئاشکرا بووە، کە بەڵێ؛ ئیتر هیچ شتێکی نهێنی لە نێوانیاندا نەماوە کە لە یەکتری بشارنەوە.

سۆفی هاوەڵی لێنا تەمەنی چواردە ساڵ و نیوە و قسەکەری پۆلەکەشیانە. ئەگەرچی لێنا هیچ ئێرەیی پێ نابات، بەڵام ئەمیش حەزی دەکرد، ببێتە قسەکەری پۆل. لێنا خوێندکارێکی خراپ نییە و زۆر باشیش نا، بەڵکوم مامناوەندییە. سوێندی بۆ خۆی خواردووە، ئەگەرچی سۆفی لە زۆر وانەدا زۆر لەم باشترە، بەڵام ئێرەیی پێ نابات. هەردووکیان زۆر لە بارەی یەکترەوە دەزانن. لە هەمبەر خەون و ترس و خواستەکان. چ هەستێکیشیان هەبوو، کە هەریەک لەوان و بۆ یەکەم جار کوڕێکیان ماچ کردووە. بەهەرحاڵ، سۆفی بە هیچ جۆرێک لە جیابوونەوەی دایک و بابی و لێنایش خستنە بەر بڕیارێک، ئاگەدار نییە. با ئەم باسە نەکەوێتە سەر زاری سۆفی. چونکە دەیزانی ساتێک کە ناخۆشترین قسە کرا، ئەوجا بۆ دنیا ئاشکرا دەبێت. بۆیە لێنا لەو باوەڕەیدابوو کە بەڵکوم موجیزەیەک بقەومێت. بەڵام هێندە سات بۆ ڕوودانی موجیزەیەک نەمابوو. لێنا زۆر جاران تووشی نائومێدی بووبوو. نەشی دەتوانی ئەو هەستی نائومێدییەی بشارێتەوە. هێشتاکەیش لەسەر ئەو باوەڕەی بوو، بەڵکوم بتوانێت کاریگەرییەک بخاتە سەر ئەو کێشەیە و دایک و بابی لەیەکتر خۆش بن. وەک لە کن لێنایش ئاشکرا بوو، هێشتاکە لە هۆکاری یەکتر تەحەمول نەکردنی دایک و بابی شتێکی وەهای نەدەزانی... لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە لەم کۆتاییيانەدا، لێنا هەوڵی نەدەدا لە جاران زۆرتر بە سۆفی بگات.....

لەبەرئەوەی کەسێک نەبوو دڵنەوایی لێنا بداتەوە و لە خەمیدا بێت، بۆیە ئەویش هەرچی بووک و ئاژەڵە پەڕۆینەکانی ناو سندووقی ژێر تەختەخەوەکەیەتی، هێنانییە دەرەوە و بە سەر پێخەفەکەیدا و بەدەوری خۆیدا بڵاوی کردنەوە و بە خۆیەوەی دەنووساندن. کەروێشکە پەڕۆینە بە دەستی ڕاستەوە و مەڕۆکەیش بەدەستی چەپەوە. ئاژەڵە پەڕۆینەکانی تری وەک

شـێرۆکە و زەڕافەیش لەبەر پێکانیدا. حووتە پەڕۆینەکەشی جارێک دایکی لە وڵاتی کەنەداوە بۆی هێنابوو، خستبوویە پشت سەری. دەمژمێری هەشتی هەموو ئێوارەیەک، بۆ ئەوەی لەو ساردوسڕییەی نێوان دایک و بابی خۆی بدزێتەوە، دەچووە جێگەوە. ئەگەر دایک و بابی بێدەنگیشیان بشکاندایە، ئەوا دەبووە دەمبۆڵە لێیان و دەرگەکانیان بەیەکدا دەکێشا. یانیش دەرگەیان لەسەر خۆیان دادەخست. لێنا هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە لێک جیابوونەوە هێندە دژوار بێت. لە پۆلەکەیدا هەندێک خوێندکار هەبوون کە یان دایک و بابیان بەتەواوی لێک جودا بووبوونەوە، یانیش ئیتر پێکەوە نەدەژیان. ئەو دەمبۆڵە و شەڕ و لێک جودابوونەوە و یانیش لێخۆشبوونەی کە لێنا لە فیلمەکاندا دەیدین، بە هاسانی وەری دەگرتن. دەی منداڵەکانیش دەبوایە لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا هەڵبکەن. بەڵام ئەوەیش جیاوازە ئەگەر بەدبەختی کەسێکی تر بگرێتەوە، یان خۆت. بۆیە لێنا نەیدەتوانی هەستی پێ بکات، چۆن دەشێت لە ناکاودا ئەو جیهانە باش و پیرۆزە بەسەر یەکدا بڕمێت. لە دەرەوە با خۆی بە نێوانی چڵی سنەوبەرەکاندا دەکات و دەیانخاتە شنە شن. درەختەکە وەها دەچەمێنێتەوە کە کۆتاییی پەلەکان خۆیان بە پەنجەرەکەدا دەکێشن. هۆو لە دووری دوورەوە، دەنگی هەورەگرمە و تریشقە دێت کە جارجارە تێکەڵ بە گرمە و لوشکەی فڕۆکە دەبێت.

ئەوان لە گەڕەکی – ئیزنبورگی نوێ – ی شاری فڕانکفۆرت و نێزیک بە فڕۆکەخانە دەژین. ئەو جێیەیش بۆ دایکی لێنا کە وەک کارکەری نێو فڕۆکە کار دەکات، زۆر لەبارە. لە ساتە زۆر جیاواز و نالەبارەکاندا، دایکی بە بەرگە شینەکانییەوە ماڵەوە جێ دێڵێت. سواری تەکسییەک دەبێت و دەچێتە فڕۆکەخانەی فڕانکفۆرت. لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی جیهان دەفڕێت. هۆنگ کۆنگ، بۆینس ئایرس، هەر جێیەکی تر. ئەو لە ناو فڕۆکەکەدا ناشتا و یانیش خواردنی ئێواران پێشکێش بە گەشتیارەکان دەکات. ئەوجا ڕاڤەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئۆکسجین و یانیش بەلەمی سەر ئاویان لە ساتی تەنگانە و تەنگژەدا بۆ دەکات. ئیتر هەر لە ساتێکی چاوەڕێ نەکراودا، ماندوو و شەکەت

بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. کونی گوێکانی دەگرێت، چاوپۆشێک بەسەر چاوەکانیدا دەدات و دەخوازێت، بێ ئەوەی کەسێک قەڵسی بکات، شەش کاتژمێر بنوێت. بەتایبەتیش، گوێبیستی گرمە و لوشکەی نیشتنەوە و یان هەڵسانی فڕۆکەکان نەبێت.

ئەو ساتانەی لێنا منداڵ بوو، ترسی لە هەورە گرمە و تریشقە هەبوو کە ئاسمانیان شەقار دەکرد. تۆقین لە بریسکە و ناڵە و گرمانەی هەور ترسی دەخستە دڵەکان و ماڵەکانی دەهێنایە لەرزە. بەڵام نهاکە لێنا هیچ بە لایەوە گرینگ نییە، سائەگەر تاوە باران و هەورە برووسکە بێت و تەنانەت ئەگەر لە ناوەڕاستی هاوینیشدا، بەفر کرێوە بکات. ئەو ئێستاکە تەنیا لە ڕۆژی دووشەمەی ٢٣ ی مانگی پێنج دەترسێت و ، ئیتر لە هیچی تر. لەو ڕۆژەدا ئەو دەبێت لە تەک دایک و بابیدا بچنە کن دادوەری خێزان، هەتا لە وێکانەدا ئەم بڕیاری خۆی بدات، کە گەرەکییە لە داهاتوودا لە تەک دایکیدا بژی یان بابی؟ چونکە دایک و بابی ئیتر سەبریان بۆ یەکتر نەماوە و ناکارن پێکەوە بژین. ئەوان لە ژیان لە تەک یەکتردا تێرن. بەداخەوە کە وەها بۆچوونێک لە کن ئەو ژن و مێردانەیش دێتە گۆڕێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو باوەڕەیدا بوون، دەتوانن پێکەوە و بۆ هەمیشە هەڵبکەن. بۆیە کەوتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی، ئیتر ناتوانن وەهای بنوێنن کە هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت و هیچیش لە گۆڕێدا نەبێت. بۆیە مرۆڤ دەبێت سنوورێک بۆ شتەکان دابنێت. چونکە کە سنوور دانرا، ئیتر مرۆڤ دەتوانێت بە بێ گێرمە و کێشە، ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە. بێشک لێنایش هەستی پێ کردبوو، کە شتەکان ئاسایی ناچنە پێش. بەتایبەتیش لەو ئان و ساتانەی دایک و بابی بێ ئاکام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، هەلومەرجەکەی لێ بشارنەوە. هەر هەموو هەڵسوکەوتەکان نواندن بوون و پێکەنینەکانیشیان زیادەڕۆیی پێوە دیار بوو. هەر بۆیەش لەلایەن هەردوو لایانەوە، لێنایان دیاری باران دەکرد. جارێکیان کە دایک و بابی نەیاندەزانی لێنا لە ماڵە و لە ژوورەکەی خۆیدایە، دایک و بابی کەوتنە دەمبۆڵە و شەڕێکی ناشیرین. هەردووکیان هێندە بەسەر یەکتردا قیڕانیان و جنێویان بەیەکتر دا،

هەتا لێنا وای لێ هات، لۆکە بخاتە کونە گوێکانییەوە. هەستی دەکرد قاچەکانی وەک ڕەساس قورسن، بۆیە نەیدەتوانی بچێت بۆ لایان. ئەو لەوە دەترسا ئەوە لە چاوەکانیاندا بخوێنێتەوە، کە نایەوێت بیخوێنێتەوە.

دایک و بابی بە لێنایان وت؛ کە ئەوان لە تەک هەموو شتێکیشدا، ڕقیان لە یەکتری نییە و دەخوازن وەک دۆستێک لە پێوەندیدا بمێننەوە. ئیتر بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، لێنا چ بڕیارێک دەدات. ئەو تەنیا دەتوانێت بڵێت، کامیانی تۆزێک لەویتر خۆشتر دەوێت. دایکی زۆرتر یانیش بابی؟

لێنا لە تەک کەروێشک و پەزە پەڕۆینەکانیدا، لە پێخەفەکەیدا پاڵکەوتووە. بەڵام هیچ سوودێکیشی نییە و هەرگیز خۆی وەها بە تەنیا هەست پێ نەکردووە. لە خوێندنگە بەسەرهاتی پیاوێکیان خوێندەوە کە بە بێ ئاو، بێ کۆمپاس و بێ شتێکی خواردن، بۆ بیابانێک دوور خرابووەوە. تەنانەت گونیە خورماکەی خۆشیان لێ سەندبوو. لێنا خۆی بەو پیاوە دەزانی کە بێبەزەییانە ڕەوانەی بیابان کراوە. لێنا کەروێشک و مەڕە پەڕۆینەکان توورِ دەداتە سەر زەوییەکە، لێفەکەی بەلاوە دەنێت و دەچێتە بەر پەنجەرەکە. کە پەنجەرەکە دەکاتەوە، بایەکی سارد هرووژم دەکاتە ژوورەوە و پەردەکان دەخاتە جووڵە. گوڵدانێکیش کە تەنیا گوڵەباخێکی تێدابوو، لار دەکاتەوە، بەردەبێتەوە. چەغماغە و بریسکەیەک لە بەرزایی سنەوبەرەکانەوە خۆ دەردەخەن و لە چەند چرکەکانی دواییدا، هەورەگرمەیەک ماڵەکە دەلەرێنێتەوە. ئینجا تکەکانی ڕەهێڵە باران، وەک تیر و بە توندی بەر ڕوخساری دەکەون. بۆیە هەر خێرا پەنجەرەکە دادەخاتەوە، ئاژەڵە پەڕۆینەکانی سەر زەوییەکە هەڵدەگرێتەوە و دەچێتەوە ناو پێخەفەکەی. درزێک دەکەوێتە دەرگەی ژوورەکەیەوە. بابی سەر دێنێتە ژوورەوە و زەردەخەنەیەک دەکات. ئەو هەمیشە بە زەردەخەنەوە لە تەک لێنادا دەپەیڤێت. بەتایبەتی لەم ساتانەی دواییدا. ئەو هەمیشە بە ئاوازێکی ناسک و لەسەرخۆ لە تەک لێنادا قسە دەکات. وەک چۆن مرۆڤ لە تەک نەخۆشێکدا دەپەیڤێت، یانیش لە تەک کەسێکدا کە بیەوێت ڕای خۆی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بابی وتی:

– سڵاو کۆترۆلکەکەم، دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

لێنا دەڵێت:" بەڵێ، بەڵێ..

ئینجا لێنا خۆی ڕاست دەکاتەوە. هەر هەموو ئاژەڵە پەڕۆینەکان دەخزێنێتە ژێر لێفەکەیەوە و ئەژنۆکانی بەرز دەکاتەوە. بەڵام خۆ بابی هەموویانی بەدی کرد. لە لایەوە دادەنیشێت و پەزۆکە پەڕۆینەکەیش دەردەکێشێتە دەرەوە. ئینجا بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت:

– ئاخ، خۆ ئەوە پیرە پەزەکەمانە. پیرە پەز چۆنی؟

لێنا بە بێدەنگی سەرنجی بابی دەدات. ئەو قژی کورتە و دوو چاوانی کاڵی هەیە. کە لە ژێر شووشەی چاویلکەکانەوە، لە ئاسایی گەورەتر دەنوێنن. ئەو زۆر وەرزشکارە و هەفتەی جارێک دەچێتە یانەی وەرزش و لەشجوانی. سەرلەبەیانیانی کۆتاییی هەفتەکانیش دەچێتە ڕاکردن. ئەگەرچی ئیتر وەک جاران هەموو پێکەوە ناشتا ناکەن، بەڵام لە گەڕانەوەدا نانی تازە دێنێتەوە. لە ڕۆژانی هەفتەکاندا – کە دایکی زۆر جاران لە ماڵ نییە – ئەو بەر لە لێنا لە خەو هەڵدەستێت. ئیتر کە لێنا لە گەرماوەکە دێتە دەرەوە، خواردنی ناشتا لەسەر مێزەکە ئامادەیە. لێنا بۆ گەیشتنە خوێندنگە، دەبێت دوو وێستگە بە پاس بڕوات. خوێندنگەیەکی گشتی بە هەزار خوێندکارەوە. بابی لێنا وەک پڕۆگرام دروستکەرێک بۆ کۆمپانیایەکی تەلەفۆن کار دەکات. بۆیە دەتوانێت کاتی کارەکەی دابەش بکات. بابی پەزۆلکە پەڕۆینەکە بەملاولادا دەبزوێنێت و دەپرسێت:

– ئەرێ تەمەنی ئەم مەڕە چەندە؟

– ئەو ساتەی کە من چوومە خوێندنگە، پێشکێشتان کردم.

– وایە، ڕاستە.

ئینجا بابی پەزەکە دادەنێت و دەست دەداتە شێرۆکەیەکی ژێر لێفەکە و دەپرسێت:

– ئەی ئەمە؟

– ئەمەتان بۆ جێژنی مەسیح پێ بەخشیم. ئەو ساتەی بوومە هەشت سالآن.

هاوسات لە تەک ئەو وتنەدا، وێنەی داری جێژنی مەسیحی دێتەوە یاد کە لە سووچێکی ژووری دانیشتندا دانرابوو. ورچەکەیش بە بەنێکی ئالتوونییەوە، لە نێوان مۆمە داگیرساوەکاندا، بە چلّی درەختەکەوە ئاوێزان کرابوو. ئەو ساتە چ ترسێک دای گرتەوە، نەکا ورچەکە ئاگر بگرێت و لە بەرچاوی ئەمدا بسووتێت. بابی ورچەکەی دانایەوە و وتی:

– وایە، بۆ جێژنی مەسیح بوو.

ئینجا دەستی بە لێفەکەیدا خشاند و پرسی:

– گوزەرانت باشە، کۆترۆلکەکەم..؟

لێنا دەڕوانێتە ئەولاتر و شانەکانی هەڵدەتەکێنێت. چونکە نەیدەزانی چ وەلامێکی وەها پرسیارێک بداتەوە. هەروەک لۆرییەک بەرد تلۆر بکرێتە خوارەوە، ئاوەها هەورەگرمەیەکی تر بیسترا و باهۆزێکیش خۆی بە پەنجەرەکەدا کرد. لێنا پێشووتر ژبیری کردبوو، تاکەکانی پەنجەرەکە بەتەواوی دابخات. بۆیە باهۆزەکە بە وژمەوە خۆی بە ژووردا کرد. بابی ڕاپەڕی و پەنجەرەکەی داخست. ئینجا بۆ لای لێنا گەڕایەوە. لە پاڵ تەختەخەوەکەی لێناوە وەستا و بۆ خوارەوەی هەڵڕوانی و پرسی:

– تۆ ئەمێستاکەیش ترست لە باهۆز هەیە؟

لێنا بە بێدەنگی سەری لەقاند. ئینجا بابی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– جاران کە وەک ئێستا ناڵە و گرمە هەڵدەستا، ڕات دەکردە کن من بۆ ناو جێگەکەم. خۆ لە بیرت ماوە؟

بابی هەر چاوەڕێ دەکات. بەلآم کە لێنا وەلآم ناداتەوە، خۆی دادەنەوێنێت و شێرۆکەکە دەخاتە باوەشی لێناوە. خۆی بەسەریدا لار دەکاتەوە و ماچێکی تەختی تەوێڵی دەکات. بە ورتەشەوە دەڵێت:

– بەم زووانە هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت، کۆترۆلکەکەم. دەچینە شاری

بەرلین و ژیانێکی خۆشمان دەبێت. بەڵێن دەدەم. لە پێشدا کەلوپەلی ناو ماڵ بۆتۆ فەراهەم دێنین. ئیتر بزانە چی دەبێت...

کە خۆی ڕاست کردەوە چاوی بە دەوروبەردا گێڕا. دەتگۆ لە دوی هۆکاری بەڕاستگەڕانی ئەو قسانەدا وێڵە کە کردوونی.

– بەرلین باژێڕێکی پڕ لە هەراوزەنا و جێی سەرنجە. خۆ تۆیش دەزانیت کە من هەر لە زووەوە دەمویست لەوێکانەدا بژیم...

لێنا وەڵامی نەدەدایەوە. بۆیە بابی بە زەردەخەنەوە سەیری کرد و ئەوجا بە بێتواناییەوە و بە چرپە پێی وت:

– هەموو شتێک بەباشی دەبێت.

هەروەک بابی زۆر یەقین و ئەرخەیان بێت کە لێنا بڕیاری دابێت لە تەک ئەودا بژی. منداڵەکانی پۆلەکەی لێنا، ئەوانەی کە دایک و بابیان لێک جوێ بوونەتەوە، هەر هەموویان لە تەک دایکیاندا دەژین. هەر وەک ئەمە یاسا و ڕێسایەکی سروشتی بێت. بۆیە دایکی لێنایش لەوەی ئەرخەیانە کە لێنایش بڕیاری ژیان لەتەک ئەودا دەدات لە شتارنبێرگ. چونکە دایکی نیازی وەهایە کە پاش لێک جوێبوونەوە، بۆ ئەوێکانە بگوازێتەوە. بەڵام لێنا هێشتاکە هیچ بڕیارێکی لەو بارەیەوە نەداوە. بۆچوونێکی بێکەڵکیشە هیوا بە چاکبوونی کێشەکە بخوازرێت. دیارە کە گوزەرانە وەها و یانیش وەک پێشووتر نامێنێتەوە. جیهانەکەی لێنا وەک ڕابردوو نابێت. بابی خۆی بەسەر لێنادا دەچەمێنێتەوە و بە چپەوە دەورتێنێت:

– نەگری. تکات لێ دەکەم کە نەگریت!

لێنا هەردوو دەستەکانی لە ملی بابی دەئاڵێنێت و حەز دەکات بۆ هەرگیزا و هەرگیز بەری نەدات. ماوەیەکی درێژیش وەها دەمێنێتەوە، کە بابی پێی دەڵێت:

– هاکا بڕبڕەی پشتم شکا..

ئینجا لێنا دەستەکانی لە ملی بەردەدات. بابی بەرەو دەرگەکە دەچێت.

لەوێوە ئاوڕێک دەداتەوە، هەروەک خەوتنی لێنا هاسان بێت، پێی دەڵێت:

– خەوێکی باش کەیت.

لێنا خۆی بەلای دیوارەکەدا وەردەگێڕێت و شێرەکەیش بە دیوارەکەوە دەنووسێنێت.

ئەو ساتەی کە لێنا ئیتر خەریکە بکەوێتە خەوێکی قووڵەوە، دایکی دێتە ژوورەکەیەوە. زریان و باهۆزەکە کۆتایی پێ هاتبوو، هەواکە وەک پێشوو شێدار و قورس نەبوو. دایکی لاپەردەکان بەلای یەکتردا ڕادەکێشێت. گۆرەوییە پیسە تێنسەکانی لێنا لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرێتەوە و دەشپرسێت:

– خۆ دەبێت گۆرەوییەکان بخرێنە کن جلە پیسەکان بۆ شتن، وانییە..؟

لێنایش بەدەم خەوەوە دەورتێنێت:

– دایە، من وا دەخەوم.

– خۆ هێشتاکە دەمژمێری نۆیە، وەها زوو؟

لێنایش دەبۆڵێنێت:

– قەیدی چییە.

دایکی گڵۆپی سەر مێزی نووسینەکە دادەگیرسێنێت. بلووزە زەردەکەی لێنا دەخاتە بەر تیشکەکە و دەپرسێت:

– ئەمیش هەر پیسە؟ بیخەمە کن جلە پیسەکانی تر؟

– باشە، دەتوانیت بیخەیت.

دایکی بەدەم چاوگێڕانەوە بلووزەکە قەد دەکات. فانیلەی بان پشتی کورسییەکەیش هەڵدەگرێت، ڕێکی دەکاتەوە و دەڵێت:

– ئەگەر پانتۆڵە کاپریەکەت هەڵنەواسیت، ئەوا جوانی و ڕێکییەکەی لەدەست دەدات..

– باشە، دەزانم.

بەرەو دۆڵابی جلەکان دەچێت و دەرگەکە دەکاتەوە. عەلاگەیەک دەردێنێت و

پانتۆڵەکەی پێدا هەڵدەواسێت. ئینجا دەڵێت:

– ئەی بۆچ وەها ناکەیت؟

– لە بیرم چوو.

لە ناخیشەوە دەڵێت: " بڕۆ دەرەوە و بەتەنیام جێ بێڵە."

بەڵام دایکی دەکەوێتە سەرنج و پشکنینی پەڕتووک و تیانووسەکانی بان مێزەکەی. لە ساتێکدا تیانووسی مەشقی ماتماتیکەکە پەڕەپەڕە هەڵدەداتەوە، لێنایش بە چاوی نیو کراوەوە سەرنجی دەداتێ، ئەو دەپرسێت:

– ئا ئەمە تیانووسی مەشقی ماتماتیکەکەتە؟

لێنا ڕادەپەڕێت، بەقەڵەمبازێک تیانووسەکەی لەدەست ڕادەپسکێنێت و دەیخنێتە ناو جانتا کۆڵەپشتەکەیەوە. دایکی بە دەنگی برێک تووڕەییەوە دەپرسێت:

– مەگەر بۆم نییە لێی بڕوانم؟

– دەی خۆ ئەوە تیانووسی مەشقەکەمە..

– بەڵام کۆتاییی تاقیکردنەوەی ماتماتیکتم نەدیوە.

– هیچ شتێکی وەهای بۆ سەرنجدان تێدا نەبوو..

ئینجا خۆی بە پێخەفەکەیدا دەکاتەوە.

– دیارە کە نمرەیەکی چوارت وەرگرتووە، وانییە..؟

لێنایش بەلاقرتێوە وەڵامی دەداتەوە:

– جا کە دەزانیت ئیتر بۆچ دەپرسیت؟

– ئەی باشە ڕێژەی پۆلەکە چلۆن بوو؟ چەند کەس نمرەی یەک و چەندیش دووانیان هەبووە؟

لێنا بە ئاخ و ئۆفەوە وەڵامی دەداتەوە:

– دایە، تکایە واز دێنیت کە بنووم؟

دایکی دێتە لایەوە و لەسەر لێواری تەختەخەوەکەی دادەنیشێت. پەنجە

تووتەی بەڕوخساری لێنادا دەخشێنێت و دەڵێت:

– ئەگەرچی گوزەرانەکە ئێستاکە بۆ تۆ ناخۆشە، بەڵام لە تەک ئەوەیشدا دەتوانم لە بارەی خوێندنگەوە، هەندێک پرسیارت ئاراستە بکەم؟

لێنا چاوەکانی دەنووقێنێت. دایکی ماچێکی روومەتی دەکات. بۆ لێنا لێوەکانی ساردن و بۆنێکیشی بەسەردا دێت. دایکی بە ئاسپایی و بە سۆزەوە دەورتێنێت:

– ئاخ گەنجینە داماوەکەم. داوای لێبووردن دەکەم.

لێنایش بیر دەکاتەوە:" جا ئەگەر ئازاربەخشە و داوای لێبووردن دەکەن، بۆچ بەوەها کارێک هەڵدەستن؟ ئینجا دایکی دەڵێت:

– سەردەمێکی دژوارە، وا نییە؟

لێنایش کە دانەکانی لەسەر یەک داناوە تەنیا سەرێک دەلەقێنێت. دایکی درێژەی دەداتێ:

– ئێمە دەبێت ئارامماں هەبێت. لەم نێزیکانەدا هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت. منیش نازانم بۆچ بابت بڕێک خۆی ناگۆڕێت...

لێنا دەورتێنێت:

– بۆچ؟

– بۆچی ئەو هەمیشە شەڕ هەڵدەگیرسێنێت. بەتایبەتی ئێستاکە، کە ئیتر بڕیاری هەموو شتێک دراوە.

هەمدیسان خۆی بەسەر لێنادا دەچەمێنێتەوە و ماچێکی لاملی دەکات و دەڵێت:

– هیچ شکی تێدا نییە، بابیشت وەک من تۆی خۆشدەوێت. بەوەیش زۆر خەمبار دەبێت کە نەتوانێت هەموو ڕۆژێک بتبینێت. بەڵام تۆیش دەتوانیت هەردەم سەردانی بکەیت. یانیش لە پشووەکاندا. ئەگەر بابت بتوانێت، دەشتوانن لە پشوودا پێکەوە بچنە گەشت.

لێنا دەزانێت کە دایکی دوو هێندەی بابی پارە وەردەگرێت. لەسەر ئەوەیش دەمبۆڵە و چەلەحانێیان بوو کە پاش لێک جیابوونەوە، دایکی ناچار بێت پارە بە بابی بدات. لێنایش بۆ بیستنی ئەو قسانە، هەمیشە گوێی هەڵدەخست. دایکی درێژەی پێدایەوە:

– خوێندنگە نوێکەیشت هەر زۆر بە دڵ دەبێت. خوێندنگەیەکە بۆ سەراپای ڕۆژەکە. ئیتر هەر لەوێکانەیشدا خێرا هاوەڵی نوێ دەگریت. ئیتر تۆ لە تەک ئەواندا نیوەڕۆژە دەکەیت، ئەرکەکانیماڵەوە جێبەجێ دەکەیت. بێشک وەرزش و یاریکردنیشی تێدایە. ئاخ، هەموو شتێک. تۆیش کیژۆڵەیەکی هێندە خوێن شیرینیت کە هەموو هاوپۆلە کۆنەکانت تۆیان خۆشدەوێت. ئیتر بۆچ دەبێت لە خوێندنگە نوێیەکەیشت هەر وا نەبێت؟

لێنایش هیچ ناڵێت. بۆیە دایکی درێژەی دەداتێ:

– ئینجا کەلوپەلەکانیشت لە تەک خۆتدا دێنیت. دەشتوانیت هێندەی خۆت دەتەوێت لە تەک بابتدا تەلەفۆن بکەیت. بێجگە لەمانەیش، پوورە چارلۆتە و یان و نیکلاس و ئێمی ژیکەڵەی لێیە.

پوورە چارلۆتە خوشکی دایکی لێنایە. ئەو لە خانوویەکی گەورەی کۆندا و لەسەر زێی شتارنبێرگەر دەژی. لێ، بەڕاستی ئەوێکانە هەر زۆر خۆشە. لەوێکانەدا بەشێکی بچووکی خانووەکە هەیە، کە لێنا و دایکی دەتوانن بۆ ناوی بگوێزنەوە. بەشە خانو

وەکە دەرگەی تایبەتی خۆی هەیە و دەرگەیەکیشی دەڕوانێتە بان باخەکە. تەمەنی نیکلاس سیازدەیە، یانیش یازدە ساڵان و ئێمیش تازە بووە بە حەوت ساڵان. جارێک کە سەردانی پوورە چارلۆتەیان کرد و لێنا دەیویست لە تەک هەردوو پوورزاکەیدا یاری بکات، ئەوان لەسەر سەکۆی لەنگەرگەی بەلەمەکەوە، بۆ ناو ئاوەکە پاڵیان بە لێناوە نا. جارێک ڕوخساری لێنایان بە زیخ سواغ دا و جارێکی تریش کرمێکی تۆپیویان خستە بان ڕوخساری. بۆیە لێنا حەزی لەو دوو خورتە نییە و ڕقی لێیانە. دایکی ماچێکی لێنای کرد و

درێژەی پێدایەوە:

– ئینجا کە تۆ ئێواران بۆ ماڵەوە دەگەڕێیتەوە، ئیتر کاتێکی زۆرمان بۆ یەکتر دەبێت. ئاخ! چەندە خۆش دەبێت. نە قەلەقیی مەشق و ئەرکەکانی خوێندنگە و نە گرمەوکێشەی خوێندنگەی وەک ئێرەکانە. ئیتر خۆمان خۆشحاڵ و کەیفساز دەکەین. من لە تەک پوورە چارلۆتەدا قسەم کردووە، ئەو دەڵێت پلەی گەرمای ئاوەکە بیست و دوو پلەیە، ئەرێ ئاوا خۆش نییە؟

لێنایش ورتاندی:

– بەڵێ...

– یان و نیکلاسیش دەیانەوێت بە شتێک سەرسوڕماوت بکەن.

لێنا ڕوخساری گرژ دەبێت و دەڵێت:

– کرمێک؟

دایکی بە دوودڵییەوە پێ دەکەنێت.

شەو لێنا خەون دەبینێت. لە خەویدا لە تەک لێنایەکی بچکۆلە و جەناب و خانمی شرۆدەدا، گەشتێکی گەڕان دەکات. لێنا هێشتاکە بچکۆلانەیە و لە نێوان باب و دایکیدا ڕێ دەکات. ئەوانیش دەستیان گرتووە. دەم دەم هەردووکیان هەڕا دەکەن و لێنایش بەرز دەکەنەوە، هەتا تۆزێک بفرێت! بەڵام ئەوان لێنایان توند گرتووە. لێنایش دەتریقێتەوە و خۆشحاڵە بەوەی کە قاچی دەکەوێتەوە سەر زەوییەکە. ئینجا هاوار دەکات: "جارێکی تریش! جارێکی تریش!" کە لە ئاسۆوە دووڕێیانێک دەردەکەوێت، بە دەم ستران چڕین و پێکەنینەوە، بەرەو ئەوێکانە دەچن و جارجارەیش لێنا بەرز دەکەنەوە. لەسەری دوو ڕێیانەکە، خانمی شرۆدەر گەرەکییە بەلای چەپدا و جەنابی شرۆدەریش بەلای ڕاستدا. خانمی شرۆدەر هاوار دەکات:

– بەلای چەپدا!

جەنابی شرۆدەریش هاوار دەکات:

– بەلای ڕاستدا!

ئیتر هەتا زۆرتر دەڕۆن و دوور دەکەونەوە، لێنا دەبێت قۆڵەکانی زۆرتر درێژ بکاتەوە. هەتا هەست بە ئازار لە باسکەکانی خۆیدا نەکات. چونکە لەلای چەپەوە دایکی و لەلای ڕاستیشەوە بابی قۆڵی ڕادەکێشن! لە ئاکامی ئەم ڕاکیش ڕاکێشەدا، باسکەکانی هێندە ژان دەکەن، کە چاوەکانی پڕ لە ئەسرین دەبن. ئەگەرچی ئەو دەخوازێت هاوار بکات، بەڵام ناتوانێت دەنگ لە گەرووی بێنێتە دەرەوە و بەرزی بکاتەوە. ئەو دەیەوێت باسکەکانی لە دەست دایک و بابی ڕاپسکێنێت و خۆی ئازاد بکات، بەڵام دایک و بابی ئەویان توند گرتووە و هەتا دێت لە یەکتریش دوور دەکەونەوە.

کە لێنا بە شەڵاڵی ئارەقەوە بەئاگا دەبێتەوە، لەشی هێندە ژان دەکات، دەڵێیت لەشیان لە ناوەڕاستەوە لەت کردووە.

# بەشی پێنج

هەموو پێکەوە دەچنە دادگا. ساختمانەکە زەبەلاح و بە خشتی سوور دروست کراوە. دەروازەیەکی گەورەشی هەیە. هیچ کەسێک ناتوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش، ئۆتۆمبێلەکەی لەو بەردەمەدا ڕابگریت. بابی لینا بۆ پەیداکردنی جێیەکی پارک، دەورەیەک بە دەوری ساختمانەکەدا دەکات. بەڵام لە هەموو جێیەک تابلۆی قەدەغەی وەستانی ئۆتۆمبێل دانراوە. لێنا بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی پۆلیس لە حەوشەی دادگاکەدا دەبینێت. هەندێک لە پۆلیسەکان لە بەر دەرگە کراوەکانی ئۆتۆمبێلەکاندا وەستاون. لێنا ملی بەلای ئەواندا دەگێڕێت هەتا بزانێت سەرنجیان لەسەر کوێیە. لێنا ناخوازێت بۆ پێشەوە و بەلای دایک و بابیدا هەڵبڕوانێت. دایکی لە ئاوێنە دادراوەکەی بان سەرییەوە، سەرگەرمی ماکیاجکردنی خۆیەتی. بەڵام پێدەچێت دایکی لە ئاوێنەکەوە سەرنجی لێنا بدات، هەتا بزانێت ڕوخساری لە چ حاڵەتێکدایە. ڕادیۆکە کوژێنراوەتەوە. ئەگەرچی ئەمڕۆ هەر زۆر گەرمە و ئۆتۆمبێلەکەیش هەواساردکەری تێدا نییە، کەچی پەنجەرەکان داخراون.

دایکی لێنا هەرهەموو ڕێگەکە و هەتا ئێرە، ڕێک و ڕاست و قیت وەک مۆم، لە بان کورسی پاڵ لێخوڕدا دانیشتووە. لەوساتەوەی هەموویان سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون، هیچ قسەیەکی وەهایان لە تەک یەکتردا نەکردووە. بێدەنگییەکی وەها تاقەتپسێن لە گۆڕێدایە کە بۆ لێنا جێی نائارامییە. لێنا تەواو لە ناوەڕاستی کورسییەکەی دواوە، زۆرتر چیچکەی داوەتەوە وەک دانیشتبێت. چونکە ئەو نایەوێت لە پشتی هیچ کامیانەوە دابنیشێت. بە ڕای لێنا هەتا هیچ کام لە دایک و بابی بۆ خۆیانی بەسەرکەوتن نەقەبڵێن. بەری دەستەکانی ئارەقەیان کردووەتەوە، بەڵام لێنا ناخوازێت بە تەنوورەکەی

بیـــانســـڕێت. شـــەوی ڕابردوو لێنا ناچار بوو دوو جـــاران بڕشـــێــتـــەوە. بەیانییـەکـەیشی هەستی بە سـەرەگێـژە و وڕبوون دەکرد. بۆیە نەشیـتـوانی شتێک بخوات. هەینی داهاتوویش ژوانی چۆڵکردنی خانووەکەیانە و کرێچییە نوێکە دێتە ناوی. بۆیە دەبێت هەتا ئەو ساتە هەمووی چۆڵ و پاقژ کرابێتەوە. بۆ ئەم کارەیش دایک و بابی دوو فـیرمـایان ڕاسپـاردووە. هەردووکـیشـیـان لەسـەر ئەوەی ڕێککەوتوون، کامـیـان کامـە مـۆبێلی ناو مـاڵ و کـامـە قـاپ و پەرداخ و ... وەبەر بکەوێت. ئەو ساتەیشی کە لێنا لە کن سۆفی خەوت، دایک و بابی لەسـەر ئەوەی کـامـیـان تـەلەفـیـزیۆن و جلشـۆر و – سی دی – یان بەربکەوێت کردبوویانە دەمبۆڵە و هەرا. ئیتر وا هەموو شتێک لە لیستێکدا بڕیاری تەواوەتی لەسەر دراوە. بارهەڵگرەکانی فیرماکان دەزانن، کامە مۆبێل بۆ شـاری مـونشـن و کـامـانەیش بۆ شـاری بـەرلین بچێت. بـەڵام لە هەمـبـەر ئەوەی، ئەی کـەلوپەلەکـانی لێنا بە چ لایەکدا بچێت؟ ئەمڕۆ بڕیاری لەسـەر دەدرێت. سـۆفی هاوەڵی وتبـووی، چاکـتـرە کـە بمرم و تووشی ڕۆژێکی وەها نەبم. دەی سۆفی دەتوانێت نهاکە بە سانایی وەها شتێک بڵێت. چونکە ئەو گـوزەرانی هەر زۆر لەبارە، دایک و بابی وەک ڕۆژانی سـەرەتایی یەکـتـریان خۆشدەوێت.

بابی لێنا خۆی زۆر باش نەپۆشیوە. پانتۆڵێکی ڕەنگ کراوە و چاکـەتێکی تەنک. کراسێکیش کە قۆپچەکانی سەرووتر کراونەتەوە. پێدەچێت ئەمەیش ئاماژەیەک بێت بەوەی؛ گـوایە من هیچ کێشـەیەکم نییـە و ئەم ڕووداوە گـەڕ کـردنێکە. بەڵام دایکی بە پێـچـەوانەوە، قـاتێکی ڕێکوپێکی لەبەر کـردووە. ملیـوانەکـەی هەڵداوەتەوە و بلووزێکی ئوتووکـراویشی لە ژێرەوە لەبەردایە. تەنانەت یەخـەی بلووزەکەشی بۆ سـەرەوە هەڵداوەتەوە. وەک دایکی ئەمـانەی وەک چەکێکی سووکی بۆ خۆ بۆ پاراستن لە شەڕێک، ئامادە و تەیار کردبێت. هیچ ئاماژەیەکی سادەیی و کەمتەرخەمی لەودا بەدی ناکرێت. قژەکانیشی لە دواوە بەستووە. ئەمـەیش هێندەی تر ڕوخساری بە جـەغـتـەوە دەردەخـات. دایکیشی هـەروەک لێنا، قژی قـاوەیی تۆخـە. بـەڵام ئەو ڕەنگی زەردی دەکات،

گوایە ئەو ڕەنگە هاوتەباییەکی گرینگ و جوان، لە تەک چاوە قاوەییەکانیدا پێک دێنێت. لێنا ڕەنگی قاوەیی قژەکانی لە دایکییەوە و ڕەنگی سەوزی چاوەکانیشی لە باببیەوە بۆ ماوەتەوە. پەلە درێژەکانی لە دایکییەوە و پێ گەورەکانیش لە باببیەوە. وەک دایکی چاڵی چەناگەی هەیە و وەک باببیشی گوێی بچکۆلە. لێنا تێکەڵەیەکی تەواوی هەردووکیانە. لێنا وەک بابی پێدەکەنێت و وەک دایکیشی دەگری. وەک بابی حەزی لە سجوقی بە کارییە و وەک دایکیشی مەیلی لە خواردنەوەی خۆشاوە نامۆکانە. لە هەمووشیان خۆشتر خۆشاوی ماراکویا و مانگۆیە. وەک دایکیشی لە لێوانی مل درێژدا بی ناخواتەوە.

ئەمڕۆکە لێنا، تەنوورەیەکی کورتی کرکراگەیی ڕەنگ شین و سپی پۆشیوە. چاکەتێکی سپی تەنکیش بەسەریدا. لێنا ڕۆژی شەمە لە تەک دایکیدا چوونە ناو شار و لە دووکانێکی گرانبەها ئەو چاکەتەیان دۆزییەوە و کڕییان. یانیش وا ڕاستترە، دایکی چاکەتەکەی هەڵبژارد و لای بەگەن بوو. چونکە زۆر جاران دایکی دەیزانی چ پۆشاکێک لە لێنا دێت و لێی جوانە. لێ، ئەمەیش لێنای تووڕە دەکرد. چونکە لێنا دەیخواست حەز و چێژەکان هین خۆی بن و خۆشی باشتر بزانێت و بڕیار بدات چ پۆشاکێک بۆ ئەو دەبن و لێی دێن. کەچی لە هەمبەر هەڵبژاردنی ئەو چاکەتەوە خۆشحاڵ بوو. پاشانیش چوونە ساردەمەنیخانەی – موڤنپیک – و یەکی ئایسێکی گەورەیان بە ڕیشاڵە میوە و ڕیشاڵە چۆکۆلاتەوە خوارد. لە بەرامبەر یەکتردا دانیشتبوون و بە نۆبە کەوچکە درێژەکەیان بە ئایسەکاندا دەکرد. ئایسەکەیان دەخستە سەر زبانیان و لێ دەگەڕان بەچێژەوە لە ناو دەمیاندا بتوێتەوە. تەنیا بە وشەیەکیش باسیان لەم ڕۆژی دووشەمە و دادگایەوە نەکرد. بەڵام تەنیا کە لە – موڤنپیک – هاتنە دەرەوە، دایکی وتی؛ لە شاری مونشن و نێزیک – شتاخوس – موڤنپیکێکی وەها جوانی لێیە.......

بابی لێنا لە ساتی وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەدا وتی:

– وا گەیشتین...

ئینجا خۆی بەلای لێنادا وەرگێڕا و بە دەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وت:

– لە نیو کاتژمێردا، هەمووی کۆتایی پێ دێت..!

دایکی لێنایش پێکەنینێک دەکات و دەڵێت:

– لەو باوەڕەدایت بەو خێراییە دەبێت؟!

– هیچ شکم نییە.

ئینجا دایکی لێنایش خۆی بەلای لێنادا وەردەگێڕێت و لێی هەڵدەڕوانێت، بەچاوی ڕەخنەوە سەرنجی لێ دەدات و دەڵێت:

– قژەکانت بەسەریەکدا ئاڵۆسکاون...

ئەمەیش وەک ڕەخنە ناڵێت، بەڵکوم بەئاوازێکی سۆزاوی و خۆسەویستییەوە. بەڵام لێنا هەمدیسان ناڕازیبوون و نیگەرانی لێ هەڵدەهێنجێت. دایکی بە پەلەپرووزێوە بە جانتاکەدا دەگەڕێت، فلچەیەک دەدۆزێتەوە و ئاراستەی لێنای دەکات. ڕاستە کە قژەکانی لێنا بەسەر یەکدا ئاڵۆسکاون، چونکە بەیانی هیچ توانا و حەزێکی بۆ شانەکردنی قژەکانی نەبوو. کە لێنا فلچەکە وەرناگرێت، دایکی دەڵێت:

– ها بیگرە.

لێنایش سەرێک ڕادەوەشێنێت و دەرگەی ئۆتۆمبێلەکە دەکاتەوە. دایکی بەناچاری و بێدەستەڵاتییەوە لێی هەڵدەڕوانێت. بەدەم بۆڵە و خورتەوە فلچەکە دەخاتەوە ناو جانتاکەی و لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێت. ئیتر کە لە پاڵ لێنادا دەوەستێت پێی دەڵێت:

– مەگەر بۆم نییە ئامۆژگاریت بکەم؟

لێنایش بەدەم ئاخ و ئۆفەوە دەڵێت:

– ئاخ دایە. مەگەر نازانیت ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

– ئاساییە کە دەزانم.

– ئێ کەواتە هیچ جێی گرینگیش نییە، قژم چۆن دەنوێنێت؟

دایکی لێوەکانی بەسەر یەکدا دەدات و زویر دەبێت. خۆ لێنا نەیدەویست دایکی زویر بکات. لێنا هەردوو دەستەکانی دەخزێنێتە بن باڵاکانی خۆی و لە ناوەڕاستی هەردووکیاندا و سێ قۆڵی بە پلیکانەکاندا سەردەکەون. بۆ لێنا هەر پلەیەک بە ئەندازەی خانوویەک بەرزن و دەڵێیت زنجیر لە قاچەکانی ئاڵێنراوە. هیچ کامیشیان قسە ناکەن. ئەوان دەبێت بچنە نهۆمی سێیەم و ژووری ژمارە ٣١٢ داڵانێکی درێژ و دیوار سپی و بە ڕاست و چەپیشدا دەرگە هەن. کاغەزیش بەسەر هەریەک لە دەرگەکانەوە چەسپێنراوە، کە ئاماژە بە جۆری کێشە جیاوازەکانی دادگا دەکات.

کێشەکانی لێک جوێبوونەوە

وەکالەتکردنەوە

شکاتی باوکان

کێشەی پارەدان (بە منداڵ)

لێنا ساتێک لە تەک دایک و باپیدا بە داڵانەکەدا دەڕۆیشت، ئەو پارچە کاغەزە هەڵواسراوانەی بە دزەچاو دەخوێندەوە. لە ڕاست و چەپی داڵانەکەدا کورسی درێژی دار دانراون. جارجارەیش پەنجەرەیەک. ئینجا مێزێک و گرمۆڵە سەوزێکی لە نایلۆنی بە سەریەوە. پیاوێکیش بەسەر مێزەکەوە دانیشتووە. بۆ پێشەوە کۆماوەتەوە و دەستەکانی خەریکن دەگەن سەر زەوییەکە. کە ئەمان بەلایدا تێ دەپەڕن، ئەو هیچ سەرنجێکیان ناداتێ. لە پاڵ کابرادا پارێزەرێک بە جبەی پارێزەرییەوە دانشتووە. لەولاشەوەماڵباتێکی تورک دانیشتوون. دایکەکە لەچکێکی گوڵ گوڵی بەسەرەوەیە. قۆپچەی بلووزەکەی ترازاندووە و شیر بە مەلۆتکەکەی دەدات. دوو کیژۆڵەیش قنج و قیت لە پاڵیا دانیشتوون، کە هەر دەبێت کچی بن. کوڕێکیشی وەک لە تەک ئەواندا نەبێت، بە پێوە و لەو کاترەوە وەستاوە و لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە هەڵدەڕوانێت. لێنا لە چرکەساتدا بیر دەکاتەوە: "دەبێت لەمەڕ چ کێشەیەکەوە دادگایان هەبێت؟" درێژە بە ڕۆیشتنی خۆیان دەدەن. بابی لێنا دەڵێت:

– دەرگەیەکی تر و ئیتر لەوێین. ژووری ژمارە ۳۱۲ .

بەسەر پارچە کاغەزە هەڵواسراوەکەی پاڵ دەرگەکەدا نووسراوە: "بابەتی مافی پەروەردەی شرۆدەر/ شرۆدەر." لێنا ناکارێت چاو لەسەر کاغەزەکە هەڵگرێت. بیریش دەکاتەوە: "من بابەتی مافی پەروەردەم. بە هێڵێکیش دایک و بابمیان لێک جوێ کردووەتەوە"

بابی بۆ یەکسانکردن و ئەرخەیانبوونی ساتەکە، لە دەمژمێرەکەی خۆی و پاشان دەمژمێرە گەورەکەی رووکاری دیوارەکە هەڵدەڕوانێت. لێنایش لەو دەم و ساتەدا، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەمژمێرەکەی مەچەکی بابی، دیاری دایکی بوو، بۆ بوونە چڵ ساڵیی بابی. تەنانەت لە یادێتی؛ کاتێک دایکی لە بەستنی زنجیرە دژوارەکەدا هاوکاریی بابی کرد، بابی دایکی ماچ کرد. چۆن بابیشی خۆشحاڵ بوو. لە ڕابردوودا و جارجارە، دایک و بابی بەیەکتریان دەوت: خۆشەویست. بابی لێنا دەڵێت:

– ئێمە پێنج خولەک زووتر هاتووین.

ئینجا زەردەخەنەیەک ئاراستەی لێنا دەکات. هەروەک بیەوێت بەو زەردەخەنەیە ئازایەتی بداتە بەر. بەڵام هیچ سوودێکی وەهای نییە. دایکی لێنا دەستی دەخاتە بان شانی لێنا. بەلای خۆیدا کێشی دەکات و دەڵێت:

– ئەوەیش شتێکی نوێیە. دەنا ئێمە هەمیشە و بۆ هەر جێیەک هەر دوا کەوتووین.

بابی لێنایش دەبۆڵێنێت:

– هۆکارەکەی چی بوو؟

لێنا هەست بە گەرمی و لەرزەی دەستی دایکی دەکات، بەسەر شانی خۆیەوە. خۆی لە ژێر دەستی دایکیدا ڕادەپسکێنێت، دەستێکی لە هەوادا بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

– ناشێت بتانەوێت نهاکە و لێرەکانەیشدا بکەونە دەمبۆڵە و شەڕەحانێ! ئیتر سەبرم لێ بڕاوە!

هەردوو دەستەکانی بەسەر سنگییەوە دەکاتە خاچ و خۆی بەولاتردا وەردەگێڕێت. سەرنجی بۆ خوارەوە داگرتووە، هەروەک لە چارەسەرێک بگەڕێت. ئەگەرچی دەشیزانی کە وەها شتێک بۆ وەها جێیەک شایەد پەسەند نەبێت، بەڵام ئەو بڕیاری دا، ڕای خۆی هەبێت، بۆیە جووتە سەرپێیەکانی لە پێ کردووە. سوک و سۆڵ و جوانن و مرواری بچکۆلانەیان بەسەرەوە ئاویزان کراوە. تەنوورە کورتەکەیش کە قاچ و پێکانی ناشارنەوە. جارێک دایکی لە گەشتێکیدا بۆ عەمان، ئەو سەرپێیانەی بۆ هێنا. عەمانی پایتەختی ئەردەن و دراوسێی وڵاتی عێراق. دایکی بۆشی باس کردبوو: " لە عەمان ئاشتی بەرقەرارە و لە عێراقیش جەنگ. شاری عەمانیش پڕە لەو عێراقییانەی لە تاو شەڕەکە هەڵهاتوون." هەروەک لێنا ئەم شتانە نەزانێت و لە وانەکانی پۆلدا گوێکانی خۆی بگرێت. سەرپێیەکان مۆرن و مروارییەکانیش شینی تۆخ. هەر زۆر لە تەنوورە ڕەنگ شین و سپییەکەی دێن. ئیتر کە بابی لە دەرگەکە دەدات، دەرگەکە دەکرێتەوە. ئەمڕۆ دووشەمەیە و کاتژمێری یازدە. ئەو ساتە نێزیک بووەتەوە کە چەندی هەفتەیە لێنا، ترسی لە گەیشتنی هەیە. دادوەری خێزانی لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتووە. ئەنیشکەکانی لەسەر مێزەکە داناوە و لە پشتی چاویلکەکەیەوە و بە ئارامی لەمان هەڵدەڕوانێت. لە ژێر ڕۆبەکەیەوە کراسێکی قۆڵ کورتی لەبەردایە. لێنا دەڕوانێتە تووکە زەردەکانی بان دەست و باسکی و موستیلەی ژن و مێردێتییەکەی ئەنگوستی. پەروەندەی کێشەی ماڵباتی شڕودەریش، لە سەر مێزەکە و لە بەردەمیدا دانراوە. لێنا لەسەر کورسییەکەی پێشەوە دادەنیشێت. بە بڕیاری دادوەریش، دایک و بابی دەبێت لە پشت لێناوە دابنیشن. هەتا ئەو دایک و بابی نەبینێت. دادەوەر نزگەرەیەک دەکات و پێی دەڵێت:

– بەیانیت باش. نهاکە ژوانی لێک جودابوونەوەی دایک و بابتە...؟

لێنا تەنیا سەرێک دەلەقێنێت.

– لەبەروەی، دەبێت بەر لە جوێبوونەوە، بڕیار بدرێت کێ بەرپرسیاریی پەروەردەی تۆ لە ئەستۆ دەگرێت.

لێنا سەری دەلەقێنێت. ئینجا دادوەر بە گرینگییەوە لە لێنا دەڕوانێت و دەپرسێت:

– خۆ دایک و بابت هەموویان لە تەک تۆدا باس کردووە، وا نییە؟

لێنا سەری دادەنەوێنێت.

– تکایە، ئەگەر مەبەستت لە بەڵێ بوو، بڵێ بەڵێ. ئەگەریش ویستت نەء بڵێیت، بڵێ نەء.

لێنایش : " بەڵێ" یەک دەورتێنێت.

– یاسادەرکەر داوا دەکات، پەروەردەی منداڵی هاوبەش، کە لە ئێستادا تۆیت، لێنا شرۆدەر، بەر لە دۆزی لێک جوێبوونەوە، بڕیاری لەسەر بدرێت. بۆیە ئێمە لێرەکانەین. من بۆ تۆ و لە بەرژەوەندی تۆ لێرەکانەم، تێ دەگەیت؟

– بەڵێ.

ئینجا دادوەر دەنگی قورستر دەکات:

– لێنا، ئەم چرکە ساتە بۆ تۆ، وەک چۆن زۆر گرینگە، ئاوەها خراپیشە. بۆیە دەتوانم هەست بکەم، چی لە تۆدا ڕوو دەدات. لەسەر ئەم مێزە بڕیاری گەلێک کێشە دراوە و گەلێک فرمێسکیش ڕژێنراوە. بۆیە باوەڕم پێ بکە، ئەگەر تۆ هەست بە نیگەرانی و خەمباری دەکەیت، هیچ شەرمی ناوێت و ئەوە بڵێ کە خۆت گەرەکتە. منیش بۆیە لێرەکانەم هەتا گوێبیستی تۆ بم. ئیتر نهاکە ساتی وتنی هەموو شتەکانە و منیش تێگەیشتنم بۆ هەموو شتێک هەیە.

لێنا بێدەنگ دەبێت و دادوەری زۆر بەلاوە میهرەبانە. بەڵام هیچی بەبیردا نایەت هەتا بە دادوەری بڵێت. بۆیە شانەکانی دەلەقێنێت و بە دەستەپاچەییەوە لە دادوەر هەڵدەڕوانێت. دادوەر نزگەرەیەک دەکات. سەری دەلەقێنێت و بەسەر لێواری چاویلکەکانییەوە لە لێنا هەڵدەڕوانێت.

– کەواتە دوای لێک جوێبوونەوەی دایک و بابت، دەتەوێت لە تەک کامیاندا بژیت؟

– لەلای بابم.

لێنا ئەمـەی لە بەردەم دادەوەرەکـەدا وت کـە بـە چاوە تەڕەکـانییـەوە لەمی هەڵدەڕوانی. لێنا ئەمەی لە ساتێکدا درکاند کە سەرنجەکانی دایک و بابی لە پشتـەوە، وەک تیر لە پشـتی هەڵدەچەقین و دەیانسووتاندەوە. هەر بـەڕاسـتی توانی ئەمـە بدرکێنێت: دەمـەوێت لە تەک بابمدا بژیم. لێ، ناشـتوانێت ئاوڕێک بداتەوە و لە دایک و بابی هەڵبڕوانێت. نەخێر، ئەو توانایەی نییە.

پاشـان دادەوەر هـەردووکیـانی بۆ دەرەوە و ناو دالانەکە نارد. وتیـشی؛ ئەو دەخـــوازێت بـە تەنیـــا چـەند قـــســـــەیەک لـە تەک لێنـادا بکات. دایکی بەدەم هەنسکەوە ژوورەکەی جێ هێشت. لێنایش گوێی لێ بوو چۆن دایکی لە پشتی دەرگەکەوە و دالانەکەدا کەوتە گریان. لەشی لێنا دەلەرزی. دادەوەر پێی وت:

– کەواتە تۆ دەخوازیت لە تەک بابتدا بژیت؟

دادەوەر بە قورسی و گرینگییەوە ئەمەی وت و پاتەشی کردەوە.

لێنایش بە جەغتەوە سەری لەقاند. دادوەریش پرسیار دەکاتەوە:

– کەواتە باش بیرت لێ کردووەتەوە؟ هەر لەخۆوە و بە زەوقی ئێستایش ئەم بڕیارە نادەیت؟

لێنایش سەری دەلەقێنێتەوە. دادەوەریش دەڵێت:

– خـۆ تۆ دەزانیت کە ئەم بڕیارەی تۆ نادر و ناسـروشـتییـە. چونکە زۆربەی منداڵەکان لەوەها پێشـهاتێکدا، بڕیار بۆ مانەوە لە کن دایکیان دەدەن.

– بەڵێ، بەڵام ئەو جۆرە زارۆکانە هەمیشە دایکیان لەگەڵیاندا بووە.

– وایە. دایکت کـار دەکات. ئەو کارێکی وەهـای هـەیە کە هـەمـیشــە لە مـاڵ دووری دەخاتەوە.

لێنایش وەڵام دەداتەوە:

– وایە، ڕاستە.

ئینجـا ئەو زسـتـانەی دێتـەوە یاد کـە تووشـی ئازار و کێشـەی ڕیخـۆڵەکوێرە بوو. پاش نەشـــتـــەرگـــەریش دەبووایە لـە بەشی فـــریادگـــوزاریی منداڵاندا

بمێنێتەوە. لەوێکانەدا زۆربەی دایکەکان لەسەر تەختەخەوی منداڵەکانیان دانیشتبوون، کەچی دایکی ئەم لەو ئان و ساتەدا لە تۆکیۆ بوو. بابی بەناچاری ئەتڵەسێکی کردەوە و پیشانی لێنای دا، تۆکیۆ چەندە لە فرانکفۆرتەوە دوورە. بۆ ئەوەی لێنا لەوە تێ بگات، بۆچی دایکی ناتوانێت نهاکە لەکنی بێت. ئەو ساتە لێنا تەمەنی شەشساڵان بوو و لەوە تێ نەدەگەیشت. لێنا بە دادوەر دەڵێت:

– منیش دەمەوێت بگوێزمەوە بۆ بەرلین. نەک وەک دایکم دەخوازێت، بۆ شتارنبێرگی کن مونشن و ناو خانووی خوشکەکەی.

لێنا دەنگی خۆشی بەلاوە نامۆیە. دەڵێیت کاغەزی سمارتەی لە دەمدایە. سوراحییەک و لێوانێکی پڕی ئاو بەسەر مێزەکەوە دانراون. لە دڵەوە حەز دەکات تکای خواردنەوەی چەند قوم ئاو بکات، هەتا دەنگی ساف بێت. دادوەر دەپرسێت:

– بۆ تۆ مەسەلەکە هەر بەرلینە؟

لێنا سەری ڕادەوەشێنێت. ئینجا دادوەر دەڵێت:

– دەی بەڵێ. خۆ بەرلینیش بەڕاستی بازێڕێکی دڵگیرە. بەرلینی پایتەختەکەمان.

– دەزانم. منیش دوو جاران لەوێکانە بووم. بەڵام نەک بەتەنیا.

دادوەر کە بە – پاندان – پێنووسەکەی شت تۆمار دەکات، سەری دەلەقێنێت و ماوەیەک دەکەوێتە بیرەوە. ئینجا دەکەوێتە نووسین لە ناو پەرەوەندەکەدا، کە لێنا ناتوانێت ببینێت ئەو چی تۆمار دەکات. دادوەر سەرنجی دەداتێ و دەڵێت:

– تۆ و دایکت زۆر باش لە یەکتر تێ نەدەگەیشتن؟

– ئۆو... بەڵێ.. کێشە نەبووە..

دادوەر پاڵ دەداتەوە و سەرنجی تێ دەبڕێت:

– من لەمە تێ ناگەم.

لێنا هەناسەیەکی درێژ دەداتەوە و دەڵێت:

– لەبەروەی من و بابم زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین. بۆیە ئێمە زۆرتر لەیەکتر تێ دەگەین و یەکتر ناس دەکەین. هێشتا تەمەنم چوار ساڵان بوو کە ئەو فێری پاسکیل لێخوڕینی کردم. پاشان مەلەیش. یانیش چۆن مرۆڤ دەتوانێت، جێگە گازی بزنێک دەرمان بکات و خۆشە بێتەوە. هەر لەویشەوە فێری خواردن لێنان بووم. هەر هەموو شتێک لەوەوە فێر بووم....

دادەوەر" ئەها" یەک دەکات. بە بیرەوە سەری دەلەقێنێت و یاری بە پاندانەکەی ناو دەستی دەکات.

– لە سیازدە ساڵەی ڕۆژی لەدایکبوونمدا، دایکم دەبوایە بە بریکاری لە باتی ژنێکی تر، کار بکات. بۆیە بابم ناچار بوو خۆشییەکی کتوپڕی بۆ من فەراهەم بێنێت. کە هەر زۆر زۆر نایاب بوو.

دادەوەر وەڵامی دایەوە:

– تێ دەگەم. بابت هەمیشە بۆ تۆ لە خزمەتا و ئامادە بووە.

لێنا دەکەوێتە بیرەوە، نهاکە دایک و بابی لە دەرەوە لە چ گوزەرانێکدان. چونکە هەموو ماوەکە بێدەنگی باڵی بەسەر دالانەکەی دەرەوەدا کێشابوو. لە ناکاو لەشی دەکەوێتە لەرزین و پچڕ پچڕ و بە ورتەوە دەڵێت:

– بۆ من خۆشتر دەبوو، ئەگەر ئەو دووانە لە تەک یەکتردا هەڵیان بکردبایە و گوزەرانەکە وەک ڕابردوو بمایایەتەوە.

چاوەکانی توند دەنووقێنێت. کە دەیانکاتەوە، فرمێسک هرووژم دێننە دەرەوە. دادەوەریش بە سۆز و بەزەییەوە لێی هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– دەزانم کە دژوارە. بەڵام تۆ بڕیاری خۆتت داوە. هەستیشم بەوە کردووە کە چ دایکت و چ بابت تۆیان زۆر خۆشدەوێت. من یەقینم ئەگەر لە کن هەر کامیان بیت، هەر خۆشحاڵ و کەیفساز دەبیت.

لێنا هیچ ناڵێت. بە سەری دەستەکانی فرمێسکەکانی دەسڕێت. دادەوەر دەڵێت:

– بەڕاستی ئەوەیش پێویستی بە توانایەکی زۆرە، کە لەلایەن کیژۆڵەیەکی لەو تەمەنەی تۆدا، وەها بڕیارێک بدرێت.

لێنا سەری دەلەقێنێت. چاوەڕێی هیچ شتێکی خراپتریش لەمە ناکات. دادوەر پێی دەڵێت:

– ئەگەر نهاکیش وەها بڕیارێک بدرێت، تۆ لە تەک بابتدا بژیت و دایکیشت ناچاربێت پارەی ژیانت بدات، مانای وا نییە کە ئەم بڕیارە بنبڕ و بۆ هەمیشە بێت.

لێنایش سەر دەلەقێنێت. دەشزانێت کە وەسایە. بۆیە دەڵێت:

– خۆ من دەتوانم چەندەی دەخوازم، سەر لە دایکم لە شتارنبێرگ بدەم. یانیش ئەو بۆ بەرلین بێت.

دادوەر هەڵی دایە:

– ئەوجا تۆ لە چوار ساڵی تریشدا، دەگەیتە ئەو تەمەنەی کە دەبیتە خاوەنی بڕیاری خۆت. ئەوساتە دەتوانیت نەک وەک ئێستا، پێویست بێت هۆکار بۆ ڕاستی و دروستی شتەکان بێنیتەوە، خۆت بڕیار بدەیت...

ئینجا پێ دەکەنێت و ماوەیەک بێدەنگ دەبێت. ئینجا هەڵدەسێت، پێچێک بە دەوری مێزەکەدا دەکاتەوە. باوکانە دەستی دەخاتە سەر شانی لێنا و دەڵێت:

– تۆ تەواو ئەرخەیانیت؟

لێنا سەری دەلەقێنێت. ناو مێشکی گەرم بووە. هەست بە ئازارێکی وەها تەحەمول نەکراو لە پشتی چاوەکانییەوە دەکات، شایانی بەرگەگرتن نییە. بۆیە بە نائارامییەوە بیر دەکاتەوە: "خوایە، لێگەڕێ کە شتەکان تێپەڕن. چونکە ئیتر سەبر و ئارامم نەماوە." دادوەر بە بیرەوە سەرنجی دەداتێ و دەڵێت:

– ئیتر دەخوازیت کە ئەمانە کۆتایی بڕیار بن و تۆماریان بکەم؟

لێنایش بە ئاسپایی و هەست بە ئارامی دەروونییەوە، وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ، تکایە.

# بەولین

## بەشی شەش

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگە. لێنا و بابی بە شەقامی گەورە و ڕازاوەی پڕ لە دووکان و کۆگای – تاونتسین – ی سەر مەیدانی – کورفورست دام – دا دەگەڕێن. لێنا سێ زەرفی نایلۆنی پڕی بە دەستەوەیە. سیخنان لە بەرگ و پۆشاکی نوێ کە بابی وەک پێشکێشی و دیاری بۆی کڕیون. کاروانێک لە ئۆتۆمبێلی ڕەش کە چەندین مۆتۆڕسوار بە شاتەشات لە پێشیانەوە دەڕۆن، بەو ناوەدا تێ دەپەڕن.

سەرۆک وەزیرانی فەڕانسا لێرەیە. بۆ ئێوارەکەشی لە کۆشکێکی میرئاسای نێزیک – پۆتسدام –، بە خوانێکی ڕازاوە پێشوازی لێوە دەکرێت. مێدیایش سەریان قاڵە. بێشک نەک هەر بەهۆی سەردانی سەرۆک وەزیرەوە. بەڵکوم سبەینێ، کەسایەتی بەناو و دەنگ – برات پیت – دێت بۆ بەرلین، هەتا فیلمە نوێکەی پیشان بدات. پاش نیوەڕۆکەیشی، – هیربێرت گرونە مایەر– کۆنسێرتێکی مۆسیقا پێشکێش دەکات. گەنجەکانی گرووپی مۆسیقای – تۆکیۆ هوتێل – یش هەر لێرەکانەن و شتی تریش... جارجارە لێنا ناتوانێت باوەڕ بکات، کە بەڕاستی ئەو لێرە دەژی و بۆ سەردان نەهاتووە.

ئیتر وا بە خواستی لێنا، لە ژێر چەتری زەردی ساردەمەنیخانەکەی بەر هۆتێل – کێمپێنسکی – دانیشتوون و ئایس دەخۆن و دەلێسنەوە. جارێک لێنا کە دەبووایە لە تەک دایکیدا و بۆ هەفتەیەک لە بەرلین بمابایەتەوە، لە هەمان جێگەدا ئایسیان خوارد. ئەوساکە دایکی دەبووایە بۆ دەورەیەکی یەک هەفتەیی بێتە ئێرەکانە. تەنانەت لەم هۆتێلەیش شەویان بەسەر کردەوە. لێنا دەتوانێ تەواو بیر لە گەرماوی هۆتێلەکە بکاتەوە کە بە بەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو. ئەوساتەیشی لێنا لە بانیۆکەدا بوو، خۆشی وەک کچە

شـازادەیەک دەهاتە بەرچاو، دایکی هـەوڵی دا مـۆدێلێکی تری قژی بۆ دروست بکات. کـە پاش سـاڵێکیش بە گـەشـتی خـوێندنگە هـاتنەوە ئـێـرەکـانـە، لە خانەیەکی لاواندا بەسـەریان برد. ئەگەرچی ئەوێکانە برێک بە دەستکورتییەوە ڕێکخرابوو، بەڵام دڵگیر و جوانیش بوو.

سندووقـەکـانیـان کـردەوە. کەلوپەلەکـانیـان لە ماڵە نوێکەیاندا لە گـەڕەکی – کـرۆیس بێـرگ – ڕێکخست. بابیشی لە کـارە نوێکەی ڕازییـە. ئەو زۆر جـاران پێ دەکـەنێت و لێنایش دێنێتە خـەنین. لێنا تا نـهاکە دوو کورتە هـەواڵی – س، م، س – ی تـەلـەفـــــۆنیـی بۆ – ســـــۆفـی – نـاردووە. لـە تـەک نـاردنـی ڕوخـسـارۆلکەیـەکی پێکەنیناویدا بـۆشی نووسـی: ئـێـرە هـەر زۆر لـەبـەر دڵانە. دەبێت سـۆفی لە هـەمـبـەر بوونمەوە لە بەرلـین ئێرەییم پێ بەرێت. لە هـەمـبـەر دایکیشـیـەوە، تا نـهاکـە هیچ هـەواڵێکی لێـوە نەبیسـتـووە. دیارە کـە ئەو بەوەی خـەمـبـارە، بە بـێ کـچـەکـەی لە شـتـارنبـێرگـەرزێ بژی. بەڵام لێنا ناخـوازێت ئێسـتـاکە بیـر لەوەهـا شـتێک بکاتەوە. بابی بۆ کـاروبـارەکـانی پێش نیـوەڕۆی سـبـەینـێ، چەندین کـاتژمـێـری مـۆڵـەت وەرگـرتووە. دەبێت لەگـەڵـیـدا بچـێتـە خـوێندنگە نوێکەی. لێنـا دەبێت بڕوانامـەی ساڵی داهـاتـوو بداتە سکرتاریات و بشـچێتە کن بەڕێوەبەر. خۆبەخۆ برێک هەست بە قەلەقی و ترس دەکات.

سکرتاریات لە یەکێک لە دوو سـاخـتـمـانە زەبەلاحـەکەیدایە. بەژێر دالانی سەرگیراودا و بەلای گەلێک ژووردا تـێ دەپەڕیت و پێـچاوپێچ دەکەیت. دەگەیتە بەر دەرگەیەکی شـووشـە، کە ئیتر لەوێشەوە دەچیتە ژوورەوە. گەلێک پلاکات بە دەرگە شـووشـەکەوە چەسـپێنـراون. سـاتێک کـە بابی تاکی دەرگـەکـەی بۆ لێنا گـرتـووە، هـەتا ئەو پێـشکـەوێت، لێنـا بە دزەچاو نووسـینی بـان کـاغـەزەکـان دەخـوێنێـتـەوە.: کـۆرسـی یۆگـا... لیـژنەی ئامـۆژگارکـەری دایک و باوکـان... کافەتێریا لە دوای هاوکارانی خۆبەخشـدا دەگەڕێت... خۆپیشـاندان لە دژی چاکسازیی خوێندگە... ئیتر دەرگە شووشەکە لە پشتیانەوە دادەخرێتەوە.

سـاخـتـمـانە لە چیمـەنتـۆ دروسـتکراوەکە، سـێ نـهـۆمـییـە. بەرنامـەی وانەی هونەر بە ڕووکـاری دیوارەکـەدا هـەڵواسـراوە. کە ئـەمان دەگـەنە نـهـۆمی دووەم،

کۆمەڵیک خوێندکاری کەیفساز بە غەڵبەغەڵب بەرەو ڕوویان دێن. ئەوان لە لێنا گەنجترن. پاڵ بە یەکترییەوە دەنێن و زرمەزلێ دەکەن. ئیتر لێنا و بابی خۆیان بە دیوارەکەوە دەنووسێنن، هەتا ئەوان تێ دەپەڕن. لێنایش لێیان هەڵدەڕوانێت هەتا ئەوان لە پێچی پلەکاندا دیارنامێنن. بابی دەڵێت:

– وا دیارە کە لێرەکانە، فێری ڕێزگرتن ناکرێن.

لێنایش شانی هەڵدەتەکێنێت. چونکە لە خوێندنگە کۆنەکەی ئەمیش لە فرانکفۆرت، هەر هەمان شێوە بوو. ئەمان ژوانێکی بڕیار لەسەر دراویان لەکن بەڕێوەبەر هەیە. لێنا دەبێت باس لە هەندێک بابەتی وانەی خوێندگە کۆنەکەی بکات. بۆیە پەرتووکەکانیشی لە تەک خۆیدا هێناوە. بەڵام تیانووسەکانی نەهێناوە. دەی خۆ هێندیش گرینگ و پێویست ناکات، بەڕێوەبەر شقلی و پقلی ناو تیانووسەکانی ببینێت.

لە نهۆمی سەرووترەوە سەدای ئاوازی مۆسیقا دێت. سەدای جار بەرز و جار نزمی کەمانێک. بابی لێنا کە تا نهاکە بە گرژیی و بیرەوە لە پاڵ کچەکەیدا ڕێی کردووە، زەردەخەنەیەک دەکات و دەڵێت:

– دڵگیرە، وانییە؟ دەنگی کەمانە.

لێنا ناتوانێت هەست بە دڵگیری ئەو ئاوازە بکات کە دەگاتە کن ئەمان. بۆیە بەلایەوە ئاساییە و تەنیا سەرێک دەلەقێنێت. ناوی سکرتێرەکە کە – بورمایستەر– ە، لە بان دەرگەکە نووسراوە. بابی دەپرسێت:

– لە دەرگە بدەین؟ یانیش چاوەڕێ بکەین هەتا بانگ دەکرێینە ژوورەوە؟

مرۆڤ دەکارێت هەستی پێ بکات، کە ئەو زۆر لەمێژە سەری بە خوێندنگەیەکدا نەکردووە. چونکە ئەو زۆرتر هەست بە شڵەژان دەکات، وەک لە لێنا. لێنایش دەڵێت:

– لە دەرگە بدرێت... ئەگینا چی..؟

بە باوەڕەوە بە دەرگەکەدا دەکێشێت. دەنگێک لە ژوورەوە دەبیسترێت:

– ڕێک وەرنە ژوورەوە.

خانمی بورمایستەر لەبەر پەردە کرکراگەییيە دادراوەکانی پەنجەرەکەدا و لەبەر کۆمپیۆتەرێکدا دانیشتووە. دیارە کە وەسا دەکارێت باشتر کار لەسەر کۆمپیۆتەر بکات. ئافرەتێکی خڕەڵەیە. قژە سووورباوەکانی هێندە تەنکن، پێستی سەری بەدی دەکرێت. نینۆکی پەنجەکانی تەقە لە دوگمەی بان بۆردەکەی بەردەمی هەڵدەستێنن. بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت و لەمان بڕوانێت، دەڵێت:

– کارتی هەڵبژاردن لەسەر ڕەفەکەن.

بابی لێنا بە سەرلێشێواوییەوە تەوێڵی خۆی دەخورێنێت و چاو بەو ناوەدا دەگێڕێت. لێنا بە بوێرییەوە هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و دەڵێت:

– ئێمە ناومان بۆ دەمژمێری دە، لە کن بەڕێوەبەر تۆمار کراوە.

ئیتر خانمی بورمایستەر چاوی لەسەر شاشەکە هەڵدەگرێت و خۆی بەلای ئەماندا وەردەگێڕێت. لێنا هەردوو قاچەکانی لێک نزیک دەکاتەوە. ورگی بەناودا دەبات و ملی ڕێک ڕادەگرێت. چونکە دەزانێت وەها سەرنجی ئەرێتی بۆخۆی ڕادەکێشێت. ئینجا بۆ ئەوەی دەری خات کە بە بوونی لێرەکانەدا هەر زۆر خۆشحاڵە، زەردەخەنەیەکیش دەکات. ئەم بۆچوونەیش بە هەڵە نازانێت. خۆ ئەم ئاواتی بەوە دەخواست لە تەک بابیدا بۆ بەرلین بگوێزێتەوە. هەر خۆیشی ئەم خوێندنگەیەی هەڵبژارد. چونکە دەتوانێت زۆر بە سانایی، لە خانووە نوێکەیانەوە بگاتە ئێرەکانە. لەوێوە تا ئێرەکانە تەنیا یەک وێستگەی تراموای ژێر زەمینییە. لە پشت دەرگەی ژوورەکەی تەنیشتەوە، دەنگە دەنگ دێتە بەر گوێیان. لە تەک دەنگی جووڵانی کورسیدا، پێکەنینێکیش دەبیسترێت. بابی لێنا خۆی دەچەمێنێتەوە. دەستی دەخاتە بان شانی لێنا، بۆ پێشەوەی دەنێرێت و دەڵێت:

– ئەمە لێنای کچمە. لێنا شرۆدەر. ئەو دەبێت لێرە بچێتە خوێندنگە. فەرموون ئەمەیش کۆتاییی بڕوانامەکەی....

پەروەندە لە نایلۆن گیراوەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت و درێژەی دەداتێ:

– ئەو ڕێژەی نمرەکـەی لـە سـێـدایە، هێـجگار باشـیش نیـیـە. لێنـایش هـەڵدەداتێ:

– ئەوە بڕوانامەی پۆلی حەوتە و دەچمە هەشت.

خانمی بـورمایستـەر سـەرنجێکی دەدات و سەری دەلەقێنێت. دەست دەداتە ساڵنامەی ژوانەکانی کە لە پاڵ کۆمپیوتەرەکەدایە و دەپرسێت:

– لێنا شرۆدەری خەڵکی فرانکفۆرت؟

بابی لێنا هـەڵدەداتێ:

– ئیزنبۆرگی نوێی فرانکفۆرت.

خـانمی بورمـایسـتـەر زەردەخـەنەیەک دەکـات. هـەڵدەسـتـێت و بە دەسـتی کـراوەوە بـۆ تەوقـە، بەرەو لـێنا دەچێت. لـێنا زۆری کـەیف پـێ دێت کـە یـەکـەم کەس بەخێرهاتن لەو دەکرێت. خانمی بورمایستەر دەڵێت:

– لێنا، لە دڵەوە بەخێرهاتنت لێ دەکەم.

ئەو دەنگێکی گـەرمـوگـوڕی هـەیە. کە پێـشـدەکـەنێت ڕوخـسـارێکی دایکانە دەگـرێتـە خـۆی. لـێنا کـەیفی بەو ئافـرەتانە دێت کە دایکانەن. حـەزیشی بەو ئافرەتانەیە کە لە تەمەنێکی دیاریکراودا، خڕۆڵە دەبن. بەلای لێناوە مـیهرەبان و لەبـەر دڵانن. دایکی لێنـا هـەمـیــشــە ســەرگــەرمی رجـێم بوو. ئەگــەرچی کێشـەکەی تەنیا پەنجا کیلۆ بوو، ئەندازەی پۆشـاکەکانیشی ٣٦ بوو، کە چی هێـشـتـاکـە خـۆی بە قـەڵەو دەزانی. بێـشک کە ئەندازەی بـەرگەکانی خـانمی بورمـــایســـتـــەر ٤٤ ن. لێنـا هـەســـتـێکی وەهـای لا دروست بـوو، خـــانمی بورمایستەری بەدڵ بێت و خۆشبوێت. دەست گوشینەکانی گەرموگوڕ و توندە و ڕێکیش دەڕوانێتە چاوەکانی لێنا. ئەو دەڵێت:

– جەنابی شتاینگارد لە دانیشتن و قسەکردندایە...

سەریش هـەڵدەبڕێت و گوێبیستی ژوورەکەی تەنیشت دەبێت. بەڵام ئەوێکانە بێدەنگە. هـەر خۆیشی دەڵێت:

– تازە هـاتوویەک. ئەویش هـەر بۆ پۆلی هـەشت.

بابی لێنا چاوێک لە لێنا دادەگرێت و هەڵدەداتێ:

- ئۆی، پێدەچێت بچنە هەمان پۆلەوە.

- گەنجێکی خەڵکی عێراقە. خەڵکی - بەغداد - ..

ئینجا بە خەمبارییەوە سەری دەلەقێنێت. لە هەمان ئان و ساتدا دەرگەکە دەکرێتەوە. بەڕێوەبەر کە دەستی لەسەر شانی گەنجێک داناوە، بەرەو دەرەوە بەڕێی دەکات. خورتەکە باڵا بەرز و لەڕە و ڕوخسارێکی زەردهەڵگەڕاو. ئەو تۆزێک باڵای لە لێنا بڵندترە. بەڕێوەبەر بە ئینگلیزی پێی دەڵێت:

- سۆ ئای هۆپ، یو ویڵ فیڵ ات هۆم ڤێری سۆن = هیوادارم کە بە زوویی هەست بکەیت لە ماڵی خۆتدایت.

گەنجەکە بێ ئەوەی سەیری لێنا و بابی بکات، خۆی دەچەمێنێتەوە و هەر بە ئینگلیزی وەڵام دەداتەوە:

- سوپاس.

خانمی بورمایستەر بەرەو ڕوویان دەچێت و بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێت:

- جەنابی شتاینگارد، ئەمەیش داخوازێکی تری گفتوگۆیە...

دەستێک بۆ لێنا و بابی درێژ دەکات و درێژەی دەداتێ:

- لێنا شرۆدەر لە تەک بابیدا و خەڵکی فرانکفۆرت.

بەڕێوەبەر دەستەکانی بڵاو دەکاتەوە و بەخێرهاتنیان لێ دەکات. ڕووی بەلای خورتەکەیشدا وەردەگێڕێت و بە ئینگلیزی دەڵێت:

- سەعید، ئەم کیژە خەڵکی فرانکفۆرتە و وەک تۆ هاتووە بۆ بەرلین. ئەویش لە پۆلەکەی تۆدا دەبێت. سڵاوێکی لێ بکە!

سەعید سەری بەرز دەکاتەوە و سەرنجێکی لێنا دەدات. لێنا هەرگیز کوڕێکی نەدیوە، چاوی وەها ڕەشی هەبێت. کە دەستی بۆ درێژ دەکات، ڕەنگی تێک دەچێت. پێی دەڵێت:

- سڵاو.

سەعید دەستی دەگرێت. لێنا هەست دەکات، دەستەکانی شل و سەری ئەنگوستەکانی ساردن. لێنا هەست دەکات کە ئەو ترسی هەیە و ئاسایی نایەتە بەرچاوان. لاوەکە هەروەک شتێک لە گەروویدا بێت، بەردەوام قووت دەداتەوە. بە نائەرخەیانیشەوە بە دەوری خۆیدا هەڵدەڕوانێت.

بەڕێوەبەر دەڵێت:

– سەعید لە – بەغداد – ەوە بۆ کن ئێمە هاتووە. ئەو چوار هەفتە دەبێت هاتووەتە بەرلین. ئێمە نهاکە تۆزێک قسەمان کرد. دەی بۆ ئەو ئێرە هەمووی نوێیە...

ئینجا ڕوو لە سەعیدیش سەری دەلەقێنێت و درێژەی پێدەداتەوە:

– هەر شتێک کە بۆ ئێمە لە ئەڵمانیدا ئاسایی بێت، بۆ ئەو نامۆیە. ئەو تەنیا چەند وشەیەکی ئەڵمانی فێر بووە....

پێکەنینێک دەکات و درێژەی دەداتێ:

– بەلاّم لەوەی یەقینم کە بە زوویی گۆڕان چێ دەبێت. بێجگە لەوانەیش، ئەو بە ئینگلیزی قسە دەکات. چونکە لە خوێندگەکەیدا بەرنامەی خوێندن بووە. بۆیە ئێمە بە ئینگلیزی لە تەک یەکتردا دواین.

بەڕیوەبەر خۆی بەلای لێنادا وەردەگێڕێت و بە ئینگلیزی دەپرسێت:

– دو یو سپیک ئینگلیش؟ (بە ئینگلیزی قسان دەکەیت؟)

لێنا دەشڵەژێت و سەر کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕێن. بە چرپەوە دەڵێت:

– یێس.(بەڵێ). ئە لیتڵ بیت. (کەمۆکەیەک). بەت ئای لێرن.(بەلاّم فێر دەبم)

ئەوجا سەرنج دەدات، زەردەخەنەیەکی کەم و قورس، لێوەکان و ڕوخساری سەعید دەگرنەوە. ئەو دەڵێت:

– ماین ئینگلیش ئس بەد.(ئینگلیزییەکەم خراپە). بەت ئای لێرن. (بەلاّم فێر دەبم)

لێنایش دەڵێت:

– ئۆ یەس. (ئۆو بەڵێ). ئای توو (منیش).

بەڕێوەبەریش بە نەرمییەوە بۆی چاک دەکات:

– می توو. (منیش).

ڕوخساری لێنا سوور هەڵدەگەڕێت و پاتەی دەکاتەوە:

– می توو. (منیش)

# بەشی حەوت

سەعید لە سەر پێخەفەکەی پاڵکەوتووە و دەڕوانێتە نەخشەی شاری بەرلین. ئەو بە ماجیکی سوور ئەو جێیانەی نیشانە کردووە کە گرینگن. ئەو شەقامەی لێی دەژین و ئەو مەیدانەشی فیرماکەی مامی لێیە. مامە بەسامی بازرگانە. ئەو بازرگانی بەهەر شتێکی ئاسیایی و عەرەبییەوە دەکات. فەرشی ئێران و خشڵی هندی و پەیکەری جۆراوجۆری بودای تایلاندی. هیچ شتێک لەوانەیش هێندە گرانبەها و کۆنئارا نین. مامە بەسام کەلوپەلی پێویست بۆ ئەو دووکان و کۆگایانەی گەڕەکی کرۆیزبێرگ و ناوەڕاستی بەرلین فەراهەم دێنێت کە خاوەنی زۆربەیان عەرەبن. مامە بەسام تا نهاکە دوو جار سەعیدی لە تەک خۆیدا بۆ فیرما بردووە.

کارمەندەکان میهرەبان بوون. باوەشیان بە سەعیدا دەکرد و لێیان دەپرسی؛ ئایا بەرلینی بەدڵە؟ لە سەرەتاوە هەموویان هەمان پرسیاریان ئاراستە دەکرد. سەعیدیش فێر بوو کە مرۆڤ ئەگەرچی هێشتاکە شارەکەیش باش نەناسێت، بەڵام وەڵامی وەها پرسیارێک بە :" زۆر باشە و من بەرلین زۆر بە جوان دەزانم!" بداتەوە. ئەوەی کە ئەو زۆر جێی سەرنجێتی و ناتوانێت باوەڕ بکات، باقژیی بازێڕە. پیادەڕەوەکان زبڵ و پسییان بەسەرەوە نییە و پاس و ترامواپەکانیش دەڵێیت تازە شۆراون. کۆگای ڕازاوەی هەموو بەر لە شووشە. لێرەکانەدا، نە خانووی وێرانکراو بە بۆمبا، نە بازاڕی مێز و ڕەفە داڕووخاو، نە ئۆتۆمبێلی سووتێنراوی ڕۆخی شەقام دەبینرێن. لێرەکانە هەموو شتێک لە ئەرخەیانیدا ڕێکخراوە کە بۆ ئەو سروشتی نییە. لێرەکانە ئارامی بەرقەرارە. لە بەغدادیش دەنگی مۆسیقا لە هەر دووکان و ماڵ و کونێکەوە بەرز دەبووەوە. لە هەمان ئانوساتیشدا ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان

دەكرانەوە. بۆیە مرۆڤەكانیش هەوڵیان دەدا، بە دەنگی بەرزیان بەسەر ئەو هەراوزەنایەدا سەركەون. هەر هەموو شتێک لەوێكانەدا، بەرز و بڵند و بەپەلە و شڵەژاوی بوو. بۆیە بۆ ئەو بەرلین وەک دورگەیەكی بێدەنگ وەهایە. لەبەر گڵۆپی هاتوچۆدا هۆڕن لێ نادرێت. لێخوڕەكان بە ئاماژەی بۆكس دەمبۆڵە ناكەن و لەسەر وەستانی ئۆتۆمبێل لە جێیەكدا نایكەنە شەڕ....بەڵێ شتەكان جیاوازییان هەیە. ئافرەتەكان منداڵە گریاناوییەكانیان لە باوەش ناكەن، بەڵكوم لە گاری منداڵاندا و لە پێش خۆیانەوە پاڵیان پێوە دەنێن. منداڵەكان بێدەنگ لە گارییەكاندا پاڵكەوتوون و مژ لە بوتڵۆلكەیەكی خواردنەوە دەدەن. زۆر سەیر دێتە بەرچاوان. ئافرەتی ئەڵمان بەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆدەرخەر دەپۆشن. لە كافتریاكانی بان شەقامەكان دادەنیشن و لنگە ڕووتەكانیان دەدەنە بەر خۆر. گەنجانێكی زۆری كەیفساز و خۆشحاڵ دەبینێت. جووتەكان دەبینێت كە لە تراموایەكاندا، بە دانیشتنەوە باوەشیان بە یەكتردا كردووە. ئەگەر هەموو ئەوانی تریش لێیان بڕوانن، كەچی ئەوان هەر ماچی دەمی یەكتری دەكەن. بەڵام ئەم هەر خێرا ڕووی خۆی وەردەگێڕێت....

سەعید نیشانەی خاچێک لەسەر ئەو جێیە دەكات كە خوێندنگەكەی لێیە. خاچێكیش لە بان نێزیكترین وێستگەی تراموای ژێرزەمینی لە خۆیەوە دەكات. بە خوێندنگە خۆشحاڵە و هیوای بە باشتربوونی گوزەرانێتی. ئەو هاوەڵی نوێ پەیدا دەكات . هاوەڵ و دۆستی وەک ئەحمەد و ئیتر هێندە تەنیا نابێت. ئەو كیژۆڵەیەشی كە ئەو لە كن بەڕێوەبەر پێی گەیشت میهرەبان بوو. بەڕای ئەم دەنگێكی خۆشیشی هەبوو. بەڵام نەخێر، هیچ كەسێک دەنگێكی خۆشی وەک خەدیجە و زەردەخەنەیەكی وەها جوانی هەیە.

بۆ خواردنی شێوان، سەعید و پووری "مامۆژنی" سفرەی بان مێزەكە ئامادە دەكەن. كە مامە بەسام لە كار بگەڕێتەوە، خواردنی گەرم هەیە. مامۆژن هەر جار بەنۆبە خواردنی عەرەبی و ئەڵمانیش چێ دەكات. لەبەرئەوەی كە هەندێک گژوگیا و پێویستی، بۆ لێنانی خواردنی عەرەبی دەست ناكەون، بۆیە خواردنە عەرەبییەكانیشی مامۆژنە سۆنیا ئامادەی

دەكات، وەک ئەسڵییەكە تام نادەن. مامۆژنە سۆنیا دەڵێت؛ ئەو پێویستیانە لێرە و لە بەرلین دەست ناكەون. بەڵام مامە بەسام لە گوزەرانەكە بە ئاگایە و ئەم نهێنییەی لە كن سەعید دركاند؛ گوایە هەندێک لەو پێویستییانە بە مامۆژنە سۆنیا ناكەون. ئینجا بەچاوداگرتنێكەوە دەڵێت: ئەو هەمیشە ئەمە بۆ لێبووردن و بەخشین دەڵێت و بۆ هۆكاری تامی نائەسڵی خواردنە عەرەبییەكان.

مامە بەسام هێندە گرینگی بەم كێشەیە نادات، چونكە ئەو هاوسەرەكەی خۆشدەوێت. هەرگیزیش ڕەخنەی لەو خواردنانە نییە كە ئەو لەسەر مێزەكە دایان دەنێت. ئەوەشی كە سەعید لەمەڕ ئەم بابەتەوە زۆر بەتاسەوەیەتی، ئەو نانە خڕ و تەنكانەیە كە ئەو لە ماڵەوە و لە هەر سووچی شەقامێكدا دەیتوانێ بیانكڕێت. دوو هێندەی پیتزایەک گەورە و تەنک و هەمیشەیش تازە و گەرم. مرۆڤ پارچەیەكی لێ دەكاتەوە، دەیكردە پاروو و دەیخستە دەمیەوە. سەعید حەزی دەكرد ئەو نانە بە – حوموس – ، بە زەیتوونی و یانیش بە باینجانی سووركراوەوە، بكاتە پاروو و بیخوات. ئینجا ڕۆنی بۆنخۆشی زەیتوونەكە دەتكایە بان دەستەكانی و بە حەزەوە پەنجەكانی دەلێسایەوە. لە بەغداد ئەو ئەگەر دایكی چەندین ڕۆژ سەرگەرمی كاری – ئونیسێف – بووایە، خۆی بەم نانە گەرم و تازەیە تێر دەكرد. بۆ ئەو لە هەموو شتێک زیاتر، یادی ئەو نانە دەكاتەوە. خواردنی ئەڵمانیی بەلاوە سەیرە. كە زۆربەشیان بە گۆشتی بەراز ئامادە دەكرێن. بەڵام مامە بەسام هەر گوێشی ناداتێ و دەیخوات. بۆ ئەو هەر دەڵێیت تەنیا ئەو خواردنە هەیە. ئەو نەدەچێتە مزگەوت و نە نوێژیش دەكات. خۆیشی بە موسڵمانێكی باوەڕدار نازانێت... لێ ، ئەو وا نێزیكەی سی ساڵانە لە ئەڵمانیادا دەژی. كە ئیتر ئێرە بووەتە نیشتمانی. خۆیشی لە تەک كردار و خوو و خدەی ئێرەدا ڕاهێناوە. بۆ سەعیدیشی باس كرد كە لەبەر ژنەكەی، یادی جێژنی مەسیحیش دەكاتەوە.

پێی وت:" دەیبینیت كە چەندە دڵگیر و جوان و خۆشە..." ئینجا زەردەخەنەیەكی كرد و درێژەی دایە:

" لەو سـاتەدا خـەڵکی هەرچییـەک بکەوێتـە بەردەسـتـیـان دەیکڕن، هەتا پێشکێشی یەکتری بکەن. هەر هەموو بەرلینیش دەبێتە شارێکی پڕ لە تیشکی حەکایەت ئاسا . دڵگیرتریش دەبێت سا ئەگەر بەفر ببارێت. بەفری سپیتر لە شەکر، بەسەر دار و شەقام و سەربانەکانەوە..." سەعیدیش بە بێدەنگی و زەردەخەنەیەکەوە، گوێ ڕادەدێرێت. ناشتوانێت بیخاتە بەرچاوانی خۆی، دنیا وەک شەکر سپی ببێت. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش ئەو گۆشتە پەمەییە چەورەی بەرازە بخـوات، وەک چۆن لە بەغـداد دەیان وت: بژێو و خـواردنی بەراز، پاشماوە و زبڵ و پیسییە.

وا مـاوەی مـانگێکە لێرەیە. لەوساتەوەیش لە تەک پوورە سۆنیادا، فێری وشە ئاڵمانییەکان دەبێت.

پوورە سـۆنیـا ئامـاژە بە شـتـێک دەکـات و وشـە ئەڵمـانیـیـەکەیش دەڵێت. سەعـیـدیش دەبێت پاتەی بکاتەوە. هەر لە سەرەتاوە پوورە سۆنیا ئامادەیی خۆی پیشان دا، وانە بە سەعید بڵێتەوە. چونکە ئەو ڕای وایە؛ ئەگەر سەعید بتوانێت زمانی ئەڵمانی باش و ڕەوان فێر بێت، ئەوجا دەشتوانێت ئەو کارە بکات کە بە حەز و ئارەزووی خۆیەتی و خەونی پێوە دەبینێت....

پووری ئامـاژە بە مێـزێکی لە داری بەڕوو دروستکراو دەکات، کە خـۆی لە بانی داینشتووە و دەشڵێت:

- تیش..

سەعیدیش - تیش - پاتە دەکاتەوە.

- زۆرباشە. گابڵ!

- گا.. بڵ

- مێسەر!

- مێ...سەر

- بووتەر!

- بی..تتێررە..

– سەعید سەیری دەمم بکە من چۆن قسە دەکەم و دەیانلێم:

– گابڵ، مێسەر، بوتەر. بوتەر بە – و –! چونکە بەتەنیا وشەیەکە و لێک جێ ناکرێتەوە. زمانیش لەسەر یەکەم پیت ڕابگرە، تێ دەگەیت؟

– بەڵێ، پووریێ.

– دەی باشە. جارێکی تر بڵێ – بوتەر– .

– بوت – ئێرر..

دەرگەی ژووری دانیشتن دەکرێتەوە و مامە بەسام سڵاو دەکات. پوورە سۆنیا لە ساتێکدا هەڵدەستێت، بە دالانەکەدا و بەرەو ئەو دەچێت و لە چاکەت داکەندندا هاوکاری دەکات ، دەڵێت:

– دەتوانیت ڕاڤە بۆ برازاکەت بکەیت!

مامە بەسام پێڵاوە تەڕەکانی دادەکەنێت. لە وێستگەی ژێرزەمینییەکەوە تا ماڵەوە، بەشەستە و ڕەهێڵە باران باریوە. مامە بەسام لەبەر کەمبوونی پارک لە جێگەی کارەکەی، بە ئۆتۆمبێل ناڕوات. کە ئەو دەچێتە خواردنگەکەوە، سەعید لەبەری هەڵدەستێت، بە بزەیەک لە ڕوویدا سڵاوی لێ دەکات. مامیشی هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر شانی و وەڵامی دەداتەوە:

– سڵاو کورە لاوەکەم.

– سڵاو مامە.

– ئێوە خەریکی خوێندنن؟ پوورە سۆنیا مامۆستایەکی باشە، وا نییە؟

سەعیدیش بە گوێڕایەڵییەوە وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ. مامۆستایەکی باشە.

لێ، سەعید هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە، بەرپەرچی مامی بداتەوە. ئەو لە عێراق وەها فێر کراوە، دەبێت لە هەمبەر خزمانی گەورە ساڵاندا، ڕێز پیشان بدرێت. مامە بەسامی بە میهرەبانییەوە دەپرسێت:

– هیچ کێشەیەک هەیە؟

سەعیدیش وەڵام دەداتەوە:

– نەخێر

بەسامیش بە کەیفسازییەوە سەری دەلەقێنێت و دەڵێت:

– لاوە باشەکەم.

پوورە سۆنیا بەدەم زەردەخەنەوە ئاخ و ئۆفێک دەکات و دەڵێت:

– سەعید وشەکان بە هەڵە دەڵێتەوە! هەمیشە قورسایی دەخاتە سەر کۆتاییی بەشی وشەکە. ئێمە لە ئەڵمانیا ناڵێین – بوتت.... ئێررر– بەڵکوم – بوتەر.

ئینجا خۆی بەسەر سەعیددا دەچەمێنێتەوە. لە ساتێکدا ڕوخساری هەر زۆر لە ڕوخساری سەعیدەوە نێزیکە دەڵێت:

– بڕوانە، وەختێ من دەیڵێم، چۆن دەمی من کەمتر دەبزوێت؟ قورسایی لەسەر پیتەکانی سەرەتادایە، – بوتەر – .

بەسام بە هێواشی و میهرەبانییەوە، ژنەکەی بەلاوە دەنێت. لەسەر مێزەکە دادەنیشێت و ئاماژە بە سەعید دەکات، لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری دابنیشێت. سەعیدیش لەسەر داخوازی مامی دادەنیشێت. دەستەکانی لەمسەر و ئەوسەری قاپ و چەقۆ و چنگاڵ و کەوچکەکانی بان مێزەکە دادەنێت. مامی دەستەکانی سەعید دەخاتە ناو دەستەکانی خۆیەوە. کەمێک دەیگوشێت و بە دەنگە گڕ و میهرەبانەکەیەوە پێی دەڵێت:

– کوڕەکەم، کە من بۆ ئەڵمانیا هاتم ، بەوەی هەر زۆر نیگەران بووم، مرۆڤەکانی ئێرە چلۆن دەپەیڤن! هێندەم بەلاوە دژوار بوو، لەو باوەڕەیدا بووم کە هەرگیز فێری نابم!

پوورە سۆنیا دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە:

– بەڵام خۆ فێر بوویت..؟ نهاکە وەها دەپەیڤیت، هەر دەڵێیت لێرەکانە لە دایک بوویت!

بەسام دەستی سەعید بەردەدات. زەردەخەنەیەک دەکات و پاڵ دەداتەوە.

ئینجا دەڵێت:

- منیش چۆن فێربووم، سەعیدیش وەها فێر دەبێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان، سەعیدی کوڕی محەمەدی برام، زمانی ئەڵمانی هەر تەواو ڕەوان دەبێت. خۆی بۆ پێشەوە دەچەمێنێتەوەو دەڕوانێتە چاوەکانی سەعید.

- تۆ هەمیشە نەتدەوت، دەخوازیت ببیتە پزیشک؟

سەعیدش بەشەرمەوە پێ دەکەنێت. بەسامیش سەرێک دەلەقێنێت و دەڵێت:

- دەی فەرموو. خۆ تۆ ئارمانجێکت هەیە! بۆیە دەبێت بزانیت، هەوڵی شێلگیرانە بدەیت!

هەردوو دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و بۆ چرکە ساتێک لەسەر قژە ڕەشە بریسکەدارەکەی سەعید دایان دەنێت. ئینجا ڕوو لە ژنەکەی دەڵێت:

- فێر دەبێت. ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە پزیشکێکی بەناوودەنگ. بۆیە درێژە بە مەشق بدەن!

سەعید بە ئاگاییەوە دەڵێت:

- بەڵام مامە، ئەو خوێندنگەیەی کە من تێیدا دەخوێنم، خوێندنگەیەکی.... ناوی چییە..؟ - ڕیال شولە.. یە و - گیمنازیۆمم نییە.. بۆ ئەگەر لەوێکانەدا بخوێنم، پاشان ناتوانم زانکۆ بخوێنم..

مامە بەسام بە حەسرەتەوە هەناسەیەک دەداتەوە و پێی دەڵێت:

- ئێ، ئێی.. تۆ ئەمڕۆکە چوویتە ئەوێکانە و خۆتت ناساند؟

باڵەکانی لێک دەترازێنێت و درێژی دەداتێ:

- جا ئەوە چییە؟ هیچ کێشەیەک نییە و خوێندنگەکە دەگۆڕیت. ئیتر کە تۆ بەباشی فێری ئەڵمانی بوویت، ئەوا لە خوێندنگەی - گیمنازیۆم - ناونووست دەکەین. تەنانەت لە باشترین گێمنازیۆمی ئەڵماندا و پارەیش هیچ خەم نییە.

سەرنجی دەخاتە سەر سۆنیا و دەڵێت:

- لە ئەڵمانیاش خوێندنگە بەخۆڕاییە.

سەرنجێکی ماناداری ژنەکەی دەدات و درێژەی دەداتێ:

– بەڵێ، بەڵی، ئاگەدارم و دەزانم..

ئینجا خۆی بەلای سەعیددا وەردەگێڕێتەوە. بە روویەکی خۆشەوە نامەیەک لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردێنێت و دەیخاتە سەر مێزەکە. سەعیدیش سەرنج دەداتە پیتە جوانەکان و دەزانێت کە بە عەرەبی نووسراوە. ناوی خۆیشی بەسەر نامەکەوە دەخوێنێتەوە: بۆ سەعید ئەلحەریری. لە کن مامی کە بەسام ئەلحەریرییە دەژی. شەقامی بێنتین. ژمارە ١٢٣، بەرلین. چاوەکانی سەعید خڕ دەبنەوە، سەرنجی نامەکە دەدات و دەپرسێت:

– لە بابە گەورەوە؟

بەسام کە گەش بووەتەوە سەری دەلەقێنێت.

– بەڵێ لە بابە گەورەتەوە. نووسینەکەیت ناسییەوە؟

قورگی سەعید لە ناکاو پڕ دەبێت. بێ سڵەمینەوە پەلاماری نامەکە دەدات. ئەمدیوو ئەودیوی پێ دەکات و ناوی بابە گەورەی و ناوونیشانی گوند و ناوچەکە دەخوێنێتەوە، کە بابە گەورەی لەوێ دەژی. لە ناخەوە خانووەکە دەبینێت، دارخورماکەی بەردەمی. سێبەری حەوشەکە. بزنەکان دەبینێت کە بە گاشە بەردەکاندا هەڵدەزنێن. بۆنی ئاگردانی ناو ژووری خواردن لێنانەکە دەکات. سەدای ئافرەتێک لە مێشکیدا زایەڵە دەداتەوە کە بەدەم ورتەی گۆرانییەوە، ئاو لە بیرەکە هەڵدەگۆزێت. بۆنی زەوی خۆڵاویی بۆندار هەڵدەمژێت. بۆنی باقە گوڵی یاسەمین. بۆن و تامی چای شیرین دێتە سەر زمانی کە هێلی تێ کراوە.... نامەکە بە خۆیەوە دەنووسێنێت. خۆی وەردەگێڕێت و بە پرتاو لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە. مامە بەسام لە دواوە هاواری لێ دەکات:

– سەعید! ئەوە چیتە؟ دەی ئێمە دەبێت نان بخۆین. پوورت شتێکی تایبەتی لێناوە. شتێک کە لێرە خەڵکی حەز بە خواردنی دەکەن. گرەو دەکەم کە تۆیش وەک من حەزی پێ دەکەیت!

: " بەناوی یەزدانی گەورە و میهرەبان. سڵاوت لێ بێت ئەی کوڕەزاکەم، سڵاوت لێ بێت بۆ وڵاتی نامۆیی. وا چوار هەفتەیە کە تۆ لە کن مامە بەسامیت، منیش هیچ هەواڵێک لە تۆوە نازانم. تا بزانم لە چ گوزەرانێکدایت. ئایا گەشتەکەت باش بوو؟ ئەی ژوورەکەت لە ماڵی مامە بەسامدا باشە؟ ئەی دەستت بە خوێندن کردووە؟ کوڕەکەم، من دەزانم کە تۆ بیری دایک و باب دەکەیت. بەڵام لە سایەی بەزەیی یەزدانەوە، گوزەرانی تۆ باش بێت و بۆ هەر کێشەیەکیش ڕێگە و چارەسەرێک هەیە. تۆ ئەمێستاکە لە ئەورووپایت و بەختێکی زۆرت هەیە، بۆ ژیانت شتێکی باش بکەیت.

لێرە و لە گوند، هەر شتێک وەک پێشووە. ئارامە و تەق و تۆق نییە. دوکانەکانی کە خۆیشت دەزانیت هێندە زۆر نین، هەمدیسان کراونەتەوە. تەنانەت شتێکی هەر زۆر نوێ و پێشکەوتوو، لە چایخانەی گوندەکەدا هەیە. بێشک تۆ لە بەغدادەوە ئەوە دەزانیت. پێی دەڵێن – ئینتێرنێت – . ئیتر هەر کەس بتوانیت باش باکاری بێنێت، دەتوانێت کاری سەرسوڕهێنەری پێ ئەنجام بدات.

هەر دەڵێیت موجیزەیەکە. ئەمەیشمان لە ئەمریکییەکانەوە بۆ هێنراوە. زۆر جێی داخە کە من ناتوانم کار بەوەها شتێک بکەم. بەڵام بە پشتیوانی یەزدان، پێدەچێت کە منیش لەم تەمەنە زۆرەی خۆمدا، بتوانم فێری ببم....

بزنە پیرەکە. ئەوەی کە پەلێکی پێشەوەی سەقەت بوو، جارێکی تر دووانەیەکی بووە. ئەمەیش چوارەم جارە. لێ، بزنە پیرە لێ ناگەڕێت و ناخوازێت شیر بە کارەکانی بدات. بۆیە حەسەن ناچارە.. «خۆ تۆ حەسەن دەناسیت. جاران پێکەوە دەچووینە ڕاو، ئەو هاوکاریم دەکات..» بە شووشە شیر بە کارەکان بدات. حەسەن کارەکانی بردووەتە ماڵەکەی خۆیەوە. بۆیە نهاکە ژوورەکەی وەک کۆزی بزن بۆنی دێت. بۆیە ژنەکەی، هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە، بەسەریدا دەبۆڵێنێت.

جا بیهێنە بەرچاوی خۆت. من نهاکە و بەر لە چوونە تەمەنی حەفتا ساڵییەوە، بۆ ئەندامی پەرلەمانی ناوچەکەمان هەڵبژێردراوم و دەبمە کەسێکی

سـیـاسـی. من بـەمـە ڕانـەهاتـووم و توانـای زۆرم لـێ بەدەر دەچێت. بـەڵام سـەردەمەکە داوای قوربانیـدان لە هـەریەک لە ئێـمـە دەکات. لە تەک ئەو هـەمـوو ناخـۆشـی و دژوارییـەی کـە بەسـەرمـانـدا هاتووە، گـۆڕانـی نوێ دروست بووە. ئێـمـەیش دەبێت هـەلومـەرجـەکە لەدەست نەدەین و بە سـوودی خـۆمـان بەکـاری بێنین. ئەگەر ئێمە ئاشتیمان دەوێت، ئەوا دەبێت کاری بۆ بکەین......"

سـەعیـد هیچ دەسـتی لـە نانی شـێـوانەوە نەدا. لە سـەرەتاوە بە عـەرەبی لە تەکیدا دوان. ئەگەرچـی پووره سۆنیـا ڕەوان بە عـەرەبی ناپەیڤێت، لێ، مـرۆڤ دەتوانێت لێی تێ بگات. دەی هـەر پاش چەند چرکـەیەک، سـۆنیـا ئۆتۆمـاتیک کەوتەوە قسەکردن بە ئەڵمـانی. بۆیە سەعیدیش هەستی بە نامـۆیی و تەنیایی دەکـرد. بە خێـرایی و پەلە، هەنـدێک لە مـاکـارۆنیـیـەکـەی خـوارد کە پەنیـری بەسەرەوە کرابوو. ئیتر دەسـتی دایە بالیفێکی بچکۆلەی پشـتە سەر، ڕۆیشـتە ژوورەکـەی خـۆی و دەرگـەکـەی کـڵـۆم دا. چونکە دەیزانی لـەم وڵاتەدا، ئەگـەر دەرگەکە باش دابخات، ئەوا گوێی لە بیستنی ئەو زمانە بیانییەوە نابێت، کە قەلەق و نائارامی دەکات. هەستیش دەکات کە لەبارەی ئەمەوە دەدوێن. باسی خورتێک کە لە ناکاو لە ماڵەکەیاندا قووت بووەتەوە و ناچارن خەمی لێ بخۆن. سـەعـیـد زانیـشـی کـە مـامـە بەسـام و پـووره سـۆنیـا، ناچاربوون لـەبەر ئەم، گەشـتێکیـان بۆ وڵاتی بولگاریا هەڵبـوەشێننەوە. ئەگـەر چیش پووره سـۆنیـا، زۆری دڵ بە گـەشـتـەکە خـۆش بوو. گـەشـتـەکـە بۆ لێواری دەریای زیخـاوی بوو. تەنانـەت پووره سـۆنیـا، مـایـۆی نوێی مـەلـە و پۆشـاکی هـاوینەشی کـڕیبـوو. کـە ئێستاکە هـەر هـەموویان لە دۆڵابی جلەکاندان.....

کە بەسام سەر لە سـەعید دەدات و لێی هـەڵدەڕوانێت، ئەو خـەوی لێکەوتووە. گـڵـۆپی ژوورەکـەی کـوژاوەتـەوە و تەنیـا شـەوقی گـڵـۆپی هـۆڵەکـە ژوورەکـەی ڕووناک کـردووەتەوە. بەسـام لـەسـەر نـووکی پـەنجـەکـانی پێی خـۆی لە پێخەفەکەی سەعید نێزیک دەکاتەوە. نامەی باپیرەی بەسەر ڕوخساریەوەتی و دای پۆشـیـوە. بەسـام زەردەخـەنەیەک دەکـات. برازاکـەی خـەوتووە و بـۆنی نامەیەکیش هەڵدەمژێت کە لە عێراقەوە پێی گەیشتووە. بۆنی گوندێک، کە بە

ئاگاییییەوە نامەکە هەڵدەگرێت، سەرنج دەدات کە ڕوخساری سەعید شەلاڵی فرمێسکە و تەڕە. بە بێدەنگییەوە نامەکە قەد دەکات و دەیخاتە بان دۆلابە بچکۆلەکەی کن تەختە خەوەکەیەوە. ئینجا دادەنەوێتەوە و بە خۆشەویستییەوە، پەنجە بە سەر تەختی تەوێڵی سەعیددا دەخشێنێت.

## بەشی هەشت

وا دەمژمێری نۆ و نیوی ئێوارەیە و هێشتاکە بابی لێنا بۆ ماڵەوە نەگەڕاوەتەوە. ئەو لە تەلەفۆندا پێی وت؛ دەوروبەری کاتژمێری هەشت دێتەوە. لێنا ژوورەکەی خۆی ڕێکوپێک کردووە. کارتۆنە پڕ لە پەڕتووکەکانی بابی خاڵی کردووەتەوە و هەر هەموویانی ڕێکخستووە. ئەندازەی پەنجەرەکانیشی گرتووە. چونکە گەرەکیانە ڕۆژی شەمە بچنە کۆگای گەورەی – ئی، کێ، ئا– و لەوێکانەدا پەردە بۆ ژوورەکان بکڕن. لەوەیش گرینگتر، لە دوای ئامێرەکانی چێشتخانەیەکی نوێیش بگەڕێن. کە ئیتر پاشان ڕەنگی ماڵێکی خۆش و دڵگیر دەگرێتە خۆی. نەهاکە ماڵەکەیان چۆڵوهۆڵ و ساردوسڕە. لێنا باش دەزانێت ئەگەر دایکی لێرە بووایە دەیوت: ماڵەکە ڕوحی تێدا نییە. بۆیە لێنا بیر دەکاتەوە؛ ڕوحێکی بەبەردا دەکرێت. تۆ بەس ئارامت بێت، ئیتر بزانە چلۆن ڕوحی بەبەردا دەکرێت.

دەنگی هەر هەنگاوێک بەسەر تەختی ژوورە تەختەییەکەوە دەبیسترێت. تەنانەت ئەگەر بە پێی پەتیش بە دالانەکەدا بڕۆیت، هەر جیڕەی هەنگاو دێتە بەرگوێ. بابی دەڵێت؛ زۆر خۆشە لە وەها خانوویەکی کۆن دروستکراودا بژیت. تەنانەت بانیۆکەیشی بەلاوە جوانە کە بەسەر چوار پەلەوە ڕاگیراوە. یانیش کاشییە دەرپەڕیوەکانی دیواری گەرماوەکەیش. باڵکۆنە بچکۆلەکەی ڕووکاری شەقامەکەشی بەلاوە ڕندە، چونکە چەپەرێکی تەنک و باریکی ئاسن و کۆنئارای هەیە. پاسکیل و گاریی منداڵانی ناو دالان و سەر پلیکانەکانیش هیچ قەڵسی ناکەن. تەنانەت تا نهاکە، سەرنجی نەچۆتە بان گڵۆپە شیرییەکەی بان پلیکانەکان، کە شل و شۆڕ بووەتەوە. ئەگەرچی زۆر جێی سەرسوڕمانە. لەوەتەی بۆ ناو ئەم خانووەی بەرلین گواستوویانەتەوە، لێنا

شتەکان بەچاوێکی تر دەبینێت. زۆریش بەوەی خۆشحاڵە کە دایکی لێرە نییە و توانجەکانی بگرێت. ساتێک لە بەردەم کەلوپەلی کۆنی چێشتخانەی بەجێماوی ناو ژوورەکەدا وەستابوون، بابی پێی وت:

– ماڵەکەمان هێشتا تەواو نییە، دەتوانین کەلوپەلی خواردنگەیەکی نوێیش بکڕین.

چێشتخانە کۆنەکە بریتییە لە چێشتلێنەرێکی گاز و بە دوو چاوەوە. تەنوورەکەیشی هێندە بچکۆلانەیە کە ناتوانیت یەک مریشکی بۆ برژاندن تێ بکەیت. دەفرشۆریشی تێدا نییە!! ساردکەرەکەیش کوژێنرابووەوە و دایشخرابوو. بۆیە ناوەوەی کەڕووی هەڵهێنابوو. بۆگەنیش، ئەوە هەر باسی مەکە. کە لێنا چاوەکانی پڕ لە ئەسرین بوون، بابی پێی وتبوو:

– هەموو شتێک باش دەبێت. بۆ سەرەتا سوپەی ناو پاکەت دەکڕین. بۆ ئێوارەکەیشی داوەتی خواردنگەت دەکەم. هەتا چێشتخانە نوێکەمان بۆ دێت.

ئەمڕۆکە لێنا لە دووکانێکی بچکۆلەی ئیتالی، هەندێک شتی کڕی. نانی چیاپاتا، سجوقی پان، کاڵەکێکی هەنگوین شیرین، تەماتە، پەنیری خاوی – مۆزارێلا – و دیزەیەک کەرەوز. دیزە کەرەوزەکەی وەک دیکۆر و لە بریتی گوڵ و گوڵدان، لە نێوەڕاستی مێزی چێشتخانەکەدا دانا. پەنیری مۆزارێلاکە و تەماتەکانی لەت لەت کرد. وەک چۆن لە فرانکفۆرتیش هەر وایان دەکرد. خۆشترین خواردنی لێنا ئەو دووانە بوون. دایک و بابیشی سجوقی پان و کاڵەکی شیرینیان دەخوارد... داک و بابی ئاهەنگی زەماوەندەکەیان لە – فلۆرێنس – کردبوو. بۆیە ئیتر لەوساتەوە، حەزیان لە خواردن و شەرابی ئیتالییە. ئەگەرچی هەمیشەیش دەمبۆڵە و شەڕیان دەبوو، بەڵام لەسەر ئەوەی کۆک بوون کە خۆشترین خواردن، خواردنی ئیتالییە.

کە لێنا لە کاتژمێرەکە هەڵدەڕوانێت، وا ساتەکە دەی ئێوارەیە. لە ناکاو بیر لەوە دەکاتەوە، وا دوازدە دەمژمێر بەسەر پێش نیوەڕۆکە و چوونە خوێندنگەکەی داهاتوویەوە تێ دەپەڕێت. بەوەیش خۆشحاڵە کە ئەم تەنیا

کەسـێک نییـە، دەبێت گوزەران لە تەک ئەم خـوێندنگە و پۆلە نوێیـەدا بکات و هـەڵ بکات، بەڵکوم کوڕێکی خەڵکی عێراقیش. سەیرە، تا ئێستاکە بە کەسێک نەگەیشتووم، کە هێندە لە دوورەوە هاتبێت. لە بەغدادەوە. لە ڕابردوودا وشـەی بەغـداد تەنیـا ئامـاژەبوو بە حـەکـایـەتێکی وەک هەزار و یەک شـەو. بەڵام ئێستـاکـە، کە هـەمـوو ڕۆژێک شـەڕ و کوشت و کوشـتار و تێـرۆر هـەیە. هـەمـوو ڕۆژێک سـەربازانی ئەمریکی و بە سەدان عێـراقی دەکوژرێن. لە تـەلەفیـزیۆندا ئەو وڵاتە دەڵێیت حـەوشـەی دۆزەخـە. ئەگـەر لە دەنگوباسـدا وێنەی زرێپـۆش و تەقینەوە پیـشان بدرێت، ئەم هـەمیشـە ڕووی خۆی بەولادا وەردەگێڕێت. دەبێت ژیـان لەوێکانـەدا چۆن بێت؟ دیارە کـــە زۆر مـــەترســـیـــدارە. ئـەوجـــا ئـەم سـەعیدەیش؟ باشـە بـۆچ بۆ بەرلین هـاتووە؟ بێگومان بەم زووانە لە هۆکـارەکەی بەئاگا دەبێت...

بۆڵە و خورتەیەک دەکات و سـەیرێکی کاتژمێرەکە دەکاتەوە. ئینجا سـەرنجی بۆ سـەر مێـزەکـە دەگوازێتـەوە کـە ئامـادەی کـردووە. شـووشـەیەک شـەرابی چیـانتیـشی بۆ بابی کڕیوە. هەرزانە، بەڵام فرۆشـیـارەکە ئەرخـەیانی کـرد کـە شـەرابێکی نایابـە. لێـوانێکیش لە جـێی دانیـشـتنەکـەی خـۆی دانراوە. ئەو دەخـوازێت لە تەک بـابیدا و بـۆ ژیانێکی نـوێ، لێـوانەکانیـان لـە یەک بدەن. - سێ، دێ، کانیشی ڕێکخستووە. دانەیەکیشی ئامادە کردووە کە سترانی - ئێـرۆس ڕامـازۆتی - لەسـەرە. ئەو ئێسـتـاکە بـە بەراورد لەگەڵ پێشـوودا و لە فرانکفۆرت، خۆی بە گەورەتر و هەڵچووتر دەزانێت. وا ئیتر دەوری ئافرەتێکی مـاڵی وەئەسـتـۆ گـرتووە. دەشـێت کـە جـارجـارە قـەڵسکەر بێت، بـەڵام بە لەخۆڕازی بوونەوە، کارەکان بەئەنجام دەگەیەنێت. بەوەیش سەربەرزە کە بابی بۆ دانی پارە و خـەرجی، باوەڕی بەم بەخـشـیـوە. بـۆ تۆمـار و ئامـاژە بە خـەرجییـەکانیش، تیـانووسێکی ئامـادە کـردووە. دەیـەوێت هەوڵیش بدات، کە دەست بە خـەرجییەوە بگیرێت. ئەو پارەیە بەش بکات کە بابی دەیداتێ. بەڵام ئەم خـواردنە تایبـەتی و شـەرابە، دەبێت ئەم ئێـوارەیە هەبێت. بـەڵام وا بـابی نایەتەوە. ئیتر لێنا هەست بە برسێتی ناکات. هەردوو ئانیشکەکانی لەسـەر

مێزەکە داناوە و سەرنجی لەسەر سجوقەکە ڕاگرتووە، وا لێوارەکانی چرچ و لۆچ بوون. سجوق هەمیشە دەبێت وەها تەنک قاش بکرێن، بۆیە خێرایش وشک هەڵدێن. جێگەی برینی پارچە کاڵەکەکانیش ئیتر بریسکەیان نایەت و تەماتەکانیش ڕەنگیان تێکچووە. لێنا بیر دەکاتەوە؛ دەبێت هەموویان بخەمە ناو ساردکەرەکەوە. بەڵام نەء، هاکا بابی هاتەوە. بە پەنجەکانی پارچەیەک تەماتە دەخاتە دەمیەوە و دەکەوێتە جوینی. پێی خۆش دەبێت. پارچەیەکی تر هەڵدەگرێت، خوێی پێوە دەکات و لە چەند گەڵای کەرەوزەوە دەئاڵێنێت. لەتێک پەنیری مۆزارێلای دەخاتە سەر و دەیخاتە دەمیەوە. وا ئیتر مەیلی خواردنی دەکرێتەوە. شووشەیەک لە بەستەرەکە دێنێت و ئاو دەڕژێنێتە لێوانەکەیەوە. چەند تکە ڕۆنی زەیتوون دەتکێنێتە بان پارچە نانێک. خوێ و ئاڵەتیشی پێوە دەکات. ئینجا بە دوودڵییەوە دەکەوێتە جوین و خواردن. سەری دەلەقێنێت و دەورتێنێت: " ممم، باشە..". کە – ئێرۆس ڕامازۆتی – دەگاتە سەر سترانی خۆشەویستی – ئەمۆرێ – . مەیلی سەما دەکات.... بیر دەکاتەوە:؛ دەبێت ئەو سەعیدە تەمەنی چەندە بێت؟ ئەو باڵای بڵند و لەشێکی وەرزشکاری هەیە... لێنا دەیهێنێتە بەرچاوانی خۆی، چۆن ئەو لە ساتی سەمادا و هاوسات لە تەک ئاوازەکەدا خۆی دەبزوێنێت. جا تۆ بڵێیت ئەو سەماکەرێکی باش بێت؟ لێنا لە سروشتەوە حەزی لە سەمایە. هێندە لە دڵەوە سەما دەکات، دەکەوێتە حاڵەتی بێئاگاییەوە. کە ئیتر ئاگای لە دەوروبەر نەمێنێت... مەیلیشی لەوە دێت کە خورتەکان لە ساتی سەمادا، جموجۆڵی خۆدەرخەرانە بنوێنن. هەندێکیش ڕەپ و ڕەق و ڕاست، لەوێکانەدا دەوەستن. یانیش هەروا و وەک زرمەزلێ خۆیان بەملاولادا با دەدەن. لێنا یەکسەر هەستی پێ دەکات، کە ئەوان لە ساتی سمت و کەفەڵ باداندا، تووشی شڵەژان و تەریقبوونەوە دەبن.

دەبێت جارێک پرسیار لەو سەعیدە بکات، ئایا کەیفی بە سەما دێت؟ دەبێت لە کن کوڕێکی خەڵکی بەغدادەوە چۆنچۆنی بێت؟ بەتایبەتی ئەویش کە لە وڵاتی عێراقەوە هاتبێت. ئەو جێیەی فەوزا و کێشە لە گۆڕێدایە. ئایا ئەو بەهۆکاری ئەو ڕووداوە ناحەز و ناشیرینانەوە ئەوێی جێهێشتووە، کە هەردەم

دەبیستریێت و دەبینریێت؟ لیێنایش بیر دەکاتەوە: ئەو ئەمڕۆکە لە خویێندنگە هیچی وەهای نەدرکاند. دەی منیش هیچی وەهام نەوت. جا ئەگەر من پیێویست بیێت لە تەک ئەودا هەر بە ئینگلیزی بپەیڤم، ئەوا هاکا گەنجینەی وشەکانم کۆتاییان پیێ هات. ساتیێک بەڕیێوەبەر خویێندنگەکەی پیشاندان، بابی و بەڕیێوەبەر لە پیێشەوە دەڕۆیشتن. ئەم و سەعیدیش بەدوایاندا خۆیان بەکیێش دەکرد. ئەم هەمیشە چاوەڕیێی ئەوەی دەکرد، سەعید شتیێک بڵیێت. دیارە سەعیدیش چاوەڕیێی کردووە کە ئەم دەستپیێشخەری بکات. بۆیە ئیتر هەردووکیان هەر بیێدەنگ بوون.

ژووری فیزیا زۆر لە ژووری خویێندنگە کۆنەکەی گەورەترە. لیێرەکانە وەک هۆڵی زانکۆ، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، کورسییەکان ڕیێکخراون. خویێندنگەکەیش بە ئۆرکیێستراکەی بەناوبانگە. ئەمان کە تیێپەڕین خەریکی مەشق بوون. کە دەرگەکەیان لیێ خرایە سەر پشت، مامۆستاکەی ئەرکی مایسترۆی گرتبووە ئەستۆ، ئاوڕیێکی بەلای ئەماندا دایەوە. مامۆستاکە بە بینینی بەڕیێوەبەر سوورهەڵگەڕا، بۆ بەخیێرهاتنی بەڕیێوەبەریش کۆتایی بە مەشقەکە هیێنا. لەویێکانەدا بوو کە ئەم و سەعید، لەیەکیان هەڵڕوانی و لە رووی یەکتردا پیێکەنین. هەستیێکی زۆر سەیر و خۆش بوو. دەتگۆ ئەمان بۆ چەندین خولەک نییە کە بەیەکتری ئاشنا بوون... بەوەیش سەری سوڕما کە سەعید لە خویێندگە بە تەنیا خۆی ناونووس کرد و ناساند. تەنانەت یەکیێک لە دایک و بابەکانیشی لە تەکدا نەبوو... نادەی...بە دەم هەڵپچڕینی تەبەدۆری شووشەی شەرابەکەوە، کەوتەوە بیرکردنەوە... جا پیێدەچیێت کە دایک و بابی هەردووکیان کار بکەن، بۆیە نابیێت.. خۆ ئەگەر ئەمیش بیویستایە، دەیتوانی وەک سەعید بەتەنیا بیێت...

تۆزیێک شەراب دەڕژیێنیێتە لیوانەکەیەوە. لەبەر لووتی خۆیدا ڕادەگریێت و بۆنی دەکات. ئەمیش یەکەمین جار نییە کە ئەو شەراب دەخواتەوە. ئەو ساتانەی پیێکەوە دەچوونە گەشتی ئیتالیا، جارجارە قومیێکی لە لیوانەکەی بابی دەدا. جارجارەیش کە دایکی لە گەشتی جیهانیدا بوو، تەنیا لیێنا و بابی

پێکەوە لە مـاڵەوە بوون، بـابی لیـوانێکی بۆ پڕ دەکـرد. یەهوو، کـەوتە یادی سـۆفی هـاوەڵیـەوە. ئەو لە ئاهـەنگەکـاندا بیـرە دەخـواتەوە. تەنانەت وەک خـورتەکـان هەر بە شـووشـەکـەوە. بۆیە ئەم ڕای وابوو، ئەم کـردەوەیەشی گەنجەکانی قەڵس دەکرد. لێ، زۆریش لەم بۆچوونەی خۆی ئەرخەیان نەبوو... قـوومێک لێ دەدات و دەکەوێتە کۆکین. شەرابەکە سوورێکی تۆخـە. لە قورگدا خەست و خـورێنەرە. وای بە باش دەزانێت کە شتێک بخوات. دەورییـەکەی پڕ لە تەمـاتە و پەنیری مۆزارێلا دەکات. کەرەوزەکەیش دەرنێتەوە و پەلامـاری – ڕامـازۆتی – یەکەیش دەدات... زەنگی تەلەفۆنەکە هەڵدەستێت. دایکێتی کە دەڵێت:

– هەلۆ گـەنجـینەکـەم.. (ئینجـا بە هەڕەشـەوە دەپرسـێت) چۆنە وا هـەتا ئێستاکە لە جێگەدا نیت..؟

هـەروەک جـاران. چۆن دایکی لـە وڵاتێکی هـەر زۆر دوورەوە تەلـەفـۆنـی بکردبایـە. بەئـەرکی خـۆی دەزانی لە دووری دوورەوە فـەرمـانـی پێ بکات و کۆنتـرۆڵی بکات. بۆیە لێنا وەڵامی پرسیـارەکـەی نەداتەوە. چونکە ئیـتر هیچ پێوەندیەکی بەوەوە نییـە، کەی ئەم ئێواران بچێتـە جێگەوە. مادام بابی مـافی پەروەردەی پێ دراوە، ئەوە خەمی ئەوە. بۆیە دەڵێت:

– هەلۆ دایە. لە شتارنبێرگ چۆن دەگوزەرێت؟

– هەر زۆر خۆشە.

ئیتر بێدەنگ دەبێت. لێنایش هەوڵ دەدات ڕێز بنونێت، بۆیە دەپرسێت:

– ئەی پوورە چارلۆتە؟

دەنا ئەم هیچ گـرینگییـەکی بۆ ئەوە نییـە، خـوشکی دایکی چۆن بێت. هیچ کاتیش حەزی بەو پوورەی نەکردووە. دایکی لە وەڵامدا دەڵێت:

– سڵاوت لێ دەکات.

لێنا هەست دەکات کە دایکی، هێواش و ماندوو قسە دەکات. وەک نەخۆش بێت. بۆیە بەئاگاییەوە دەپرسێت:

- هیچت هەیە؟

پاش هەڵوێستەیەکی درێژ " نەخێر " یکی لێ دەبیستێت. ئەمیش دەڵێت " باشە". دایکی دەڵێت:

- دەمویست لە تەک بابەدا بپەیڤم.

- بەداخەوە ناکرێت، چونکە ئەو لێرەکانە نییە.

هەمدیسان هەڵوێستەیەکی درێژ. بەڵام ئەم بێدەنگییەی تر جۆرێکی ترە. لێنا دەتوانێت هەستی پێ بکات. وەک تووڕەیی و نیگەرانی.. دایکی بە دەنگی تووڕە و گرانەوە، وەڵام دەداتەوە:

- لەوێ نییە؟ ئەی لە کوێیە؟

- نازانم.

لێنا دەیەوێت گوزەرانەکە بە ئاسایی وەربگرێت. دەزانێت کە دایکی تەنیایی ئەمی بەدڵ نییە. دەنگی دەبیسترێتەوە:

- کەواتە تەواو بەتەنیایت... بەڵێ... دەی من چۆن...

لێنا هەست دەکات کە دایکی قەلەقە و دەیەوێت بابەتێک بێنێتە پێشەوە. لێنا بەخێرایی قسەکەی پێ دەبڕێت و دەڵێت:

- هەموو شتێک تەواوە، دایە. سەری خۆت مەیەشێنە.. باشە..؟

دوای بێدەنگییەک دایکی وەڵام دەداتەوە:

- جا کە تۆ وەها بڵێیت.

لێنا دەزانێت کە دایکی هەر زۆر هیوابڕاو و نیگەرانە. زۆر خەمبارە بەوەی کە کچەکەی بڕیاری ژیانی لە تەک بابیدا داوە. بەڵام ئیتر وەسایە. گوێی لێیە چۆن دایکی هەنسک دەدات. ئینجا بە دەنگە گڕ و نیگەرانەکەیەوە دەپرسێت:

- ئەی بابە نەیوت لە کوێم؟

- نەخێر، نەیوت.

- دەی خۆ ئەو نابێت هەتا ئەم ساتە کار بکات!

– نازانم.

– ئەی ئەو کۆمپانیا نوێیە تەلەفۆنەی کاری لێ دەکات چلۆنە؟

لێنا چاوێکی سەروژێر دەکات و دەڵێت:

– باشتر نییە کە خۆت ئەو پرسیارەی ئاراستە بکەیت؟ شتی تر هەیە کە پێی بڵێم....

بێدەنگی دروست دەبێتەوە. لێنایش دەکەوێتە بیرەوە: ئەگەر ڕاستت بوێت دایکم مافدارە، چونکە کارێکی ڕەوا نییە، وا بەتەنیام جێ دێڵێت. بڕێکی تر پێکەوە قسان دەکەن. دایکیشی بۆی باس دەکات بۆ کوێی تر و کەنگێ گەشتەکانی دەکات. گەشتی ئێستاکەی بۆ شیکاگۆیە... ئیتر هەر لە تەلەفۆنەکەوە ماچ ئاراستەی یەکتر دەکەن و گفتوگۆ کۆتایی

پێ دێت.

ماڵەکە لە پێشوو بێدەنگ و چۆڵتر دێتە بەر هەست. لێنا چاکەتەکەی لە خۆی دەئاڵێنێت. سترانی سەر سێ – دێ – کەی ڕامازۆتیش کۆتایی پێ دێت. بەڵام لێنا خۆی ناجووڵێنێت تا هەستێت و سێ دێکە بگۆڕێت. بێباک لەوێکانەدا دانیشتووە و لە چوارچێوەی تاریکی پەنجەرەکە هەڵدەڕوانێت.

پاش چارەکە دەمژمێرێک بابی دێتەوە بۆ ماڵەوە. بۆینباخەکەی خستووەتە گیرفانی چاکەتەکەیەوە و قۆپچەکانی بەشی سەرەوەی کراسەکەی ترازاندوون. ڕوومەتەکانی سوورهەڵگەڕاون و چاوەکانی شەوق دەدەنەوە. ئەو هەر ساتێک بخواتەوە و مەست بێت، وەها دیارە. دەڵێت:

– سڵاو مشکۆڵەکەم....

ئینجا باوەشی پێدا دەکات

– داوای لێبووردن دەکەم، کە بڕێک دواکەوتم..

لێنا وەڵام دەداتەوە:

– قەیدی نییە...

بەڵام وەها نییە و بۆی گرینگە.

بابی سەرنج بەسەر مێزەکەدا دەگێڕێت و دەڵێت:

– زۆر دڵگیرە..

لێنا سەری دەلەقێنێت. بابی دەڵێت:

– شیرینەکەم، گەلێک باشت کردووە.

دادەنیشێت و لێوانێک شەراب بۆ خۆی تێ دەکات. لێنایش دەڵێت:

– سجوقی پان و کاڵەک، تەماتە و پەنیری مۆزاریلایش هەبوو، بەڵام هەموویانم خوارد. چونکە ژەمی نیوەڕۆژەم نەخواردبوو.

بابی سەری بۆ دەلەقێنێت و پێی دەڵێت:

– دەتوانیت سجوقەکانیش بخۆیت..

– نەء. بۆچی؟ ئەوانە هینی تۆن.

– جا بەڕاستی ئەگەر بمەوێت ڕاستگۆ بم؟

ئینجا بە لێوانەکەی دەستیەوە، پاڵ دەداتەوە و دەڵێت:

– من نانم خواردووە.

کە سەرنج دەدات چۆن ڕوخساری لێنا خەمبار دەبێت، بە ڕوخسارێکی خەمخۆرییەوە پێی دەڵێت:

– زۆر بەداخەوەم، مشکۆڵەکەم. ئیتر وەها هات..

لێنا کە تۆزێک تووڕە بووە، وەڵام دەداتەوە:

– تۆ دەبووایە منت ئاگەدار بکردبایەتەوە، تا هێندە خۆم ماندوو نەکردبایە..؟

– دەزانم، دەزانم...

شانەکانیشی بە ئاماژەی لێبووردنەوە هەڵدەتەکێنێت. لێنا دەڵێت:

– ئەی باشە بۆچ تەلەفۆنێکت نەکرد؟

– نەدەبوو. من کە پێش نیوەڕۆکەی لە خوێندنگەکەتەوە بۆ کۆمپانیا چووم،

کاری هێجگار زۆر هەبوو... ئێوارەکەیشی دانیشتن و گفتوگۆ هەبوو..

لێنا تووڕە دەبێت:

– ئاخ، نەدەبوو! هەر زۆر چاکە. وەڵامێکی هەر زۆر باشە. سوپاس. هەر زۆر میهرەبانانەیە!

لە تووڕەییدا ئیتر پرسیاری بۆ ناکرێت. هەڵدەستێت و بزر دەبێت. ساتێک لە گەرماوەکە دێتە دەرەوە، بابی لە هۆڵەکەدا وەستاوە. بە هەستی قەرزارباریی‌یەوە لێی هەڵدەڕوانێت و باوەشی بۆ دەکاتەوە:

– مشکۆڵەکەم نیگەران مەبە، دەزانم کە کارێکی باشم نەکردووە.

لێنا کە هێشتاکە تووڕەیە، هەڵوێستەیەک دەکات و سەرنجی لەسەر ڕادەگرێت.

– وایە و ڕاستە، کارێکی باشت نەکردووە. دەزانی کە من بە تەنیا چ هەستێکم هەبوو؟ ئەرێ بۆ چرکەیەکیش بێت بیرت لێکردووەتەوە؛ چۆن من ئەم هەموو شتە ڕێک بخەم؟ ئەو ساتەی تۆ.... ئاخ..

ئینجا بە دەست ئاماژەی بەرپەرچدانەوە دەکات. خۆی وەردەگێڕێت و دەچێتە ژوورەکەیەوە. بابیشی دوای دەکەوێت و دەڵێت:

– بەیانی بەئاگات بێنمەوە؟

– نەخێر. سوپاس.

ئیتر شەقە لە دەرگەکە هەڵدەستێت و دای دەخات.

# بەشی نۆ

ئایا ئەوە ڕێککەوتە کە سەعید لەبەر دەرگەی پۆلەکەیاندا وەستاوە؟ بەهەرحاڵ، تەنیا مرۆڤێکە کە لەو بەیانییەدا زەردەخەنەی بۆ دەکات. چونکە ساتێک لێنا بە پەلەپرووزێوە، خۆی بە دەروازە کۆنئارای خوێندنگەکەدا کرد. ترسی لەوەی نەکا وانە دەستی پێ کردبێت، بە هەناسە سوارییەوە بە پێچ و پەناکاندا، بەخێرایی دەڕۆیشت و گەیشتە ئێرەکانە، ئینجا هەستی کرد، نەخێر کات ماوە. وا سەعید پاڵی بە دیواری بەرامبەر دەرگەی پۆلەکەیانەوە داوەتەوە. ئەو زۆر ئارام دیارە. یان دەبێت لە بەرچاوی لێنادا وەسا بێت. زەردەخەنەیەکیش بەسەر لێوەکانیەوەیەتی. ئەگەرچی زەردەخەنەیەکی شەرمنانەیە، بەڵام زەردەخەنەیە. کە لەم سەرلەبەیانییەدا، بۆ ئەم زۆر ئەرێتی و کاریگەر و پێویستە. لێنا دوێنێ شەو خەونی بە دایکییەوە دی، بۆیە خراپ خەوتووە. کە بائاگایش بووەوە، نەیدەتوانی خەونەکە بێنێتەوە یادی خۆی. تەنیا دەیزانی کە بابەتێکی خەمبار بوو.

سەعید جانتاپشتەکەی لە کن خۆیەوە دانابوو. جانتاکە تەنک دیارە. پێدەچێت کە چەند پێنووسێک و تیانووسێک زیاتر، هیچی تری تێدا نەبێت. شەپقەیەکیشی لە سەردایە کە نیوەی ڕوخساری شاردووەتەوە. سەعید دەڵێت:

– هەلۆ.

ئینجا بێ ئەوەی بەتەوای لە لێنا بڕوانێت، زەردەخەنەیەکی تری بۆ دەکات. لێنایش کە هێشتا هەناسەی سوارە، سەرێکی بۆ دەلەقێنێت و دەڵێت:

– هەلۆ، سەعید.

لێنا دەیەوێت بڵێت، لە دواکەوتن ترساوە. بۆیە بەپەلە هاتووە و هەناسەی سوارە، بەڵام وتنی ئەم ڕستەیەی بەلاوە دژوارە، بۆیە تەنیا دەڵێت:

– هاو ئار یۆ (چۆنیت)؟

– فاین (باشم)

چونکە هیچی تری بۆ نایەت، لێنا دەپرسێت:

– ئێڤریسینگ ئۆکەی؟ (هەموو شتێک باشە؟)

– یەس، ئیڤریسینگ ئۆکەی.. (بەڵێ هەموو شتێک باشە)..

ئینجا دوای چرکە ساتێک سەعید، بێ ئەوەی تەواو لێی بڕوانێت دەپرسێتەوە:

– ئەند وەت ئەباوت یو..؟ (ئەی لەبارەی تۆوە چی هەیە؟)

لێنا بەلایەوە سەیرە کە سەعید پرسیاری ئاراستە دەکات و سەرنجیشی بەولاترەوەیە. لەو ساتەی سەعید ڕێگە بۆ چەند کەسێک چۆڵ دەکات، تا بچنە پۆلەکەوە دەڵێت:

– ئای واز وێیتینگ فۆر یو.. (من چاوەڕیی تۆم دەکرد)

خوێندکارێک کە بەوێدا تێ دەپەڕێت و بۆ پۆلێکی تر دەچێت، بەشانی سەعیددا دەکێشێت و دەڵێت:

– هێی.... دۆست... خۆتت بزر کردووە و ڕێگەت لێ تێکچووە..

سەعید هەنگاوێک دەچێتە دواوە و بە شڵەژاوییەوە وەڵام دەداتەوە:

– ببوورە، تێ ناگەم..

خوێندکارەکە بەدەم کێشان بە ناوچاوانی خۆیدا بە پەنجە، دوور دەکەوێتەوە. لێنا پێی وایە کە ئەم ئاماژەکردنە بە مانایە، گشتی و هەمەلایەنە بێت، بۆیە بەدوای خوێندکارەکەدا هاوار دەکات:

– هێی.. ئەو ئەڵمانی نازانێت..

بەڵام خوێندکارەکە هیچ پەرچەکردارێک ناداتەوە. وا سێ کیژۆڵە

گەیشتوونەتە بەر دەمی لێنا. سووراویان کردووە. لەسەر مۆدە خۆیان گۆڕیوە و زۆر ناحەز دێنە بەرچاوان. لێنا ئەو جۆرە کچانە لە خوێندگە کۆنەکەیەوە ناس دەکات. لێنا ڕوخسارێکی خۆگری لە خۆی دەگرێت. جاران سۆفیی هاوەڵی، بەم ڕوخسار لەخۆگرتنەی دەوت:" لە ڕووبەڕوومدا قسە مەکە.." دەی وادیارە هەمیشەیش ئەم خۆ بەقورسگرتنە کەڵکی سوودی نەبێت. یەکێک لە کچەکانی قژەکانی خۆی تەواو ڕەنگی سوور و لێوەکانیشی ڕەش کردووە دەپرسێت:

– ئەم سەعیدەت نوێیە، وا نییە..؟

لێنا سەرێک دەلەقێنێت و " بەڵێ " یەک دەڵێت. کچەکە ئاماژە بە پانتۆڵە سپییە تا سەر ئەژنۆ درێژەکەی لێنا دەکات و دەڵێت:

– پارچەیەکی باش و بەهێزە، خۆت دووریوتە؟

ئەم وتنە هەر زۆر بێ ڕەوشتی بوو. چونکە پانتۆڵەکە خراپ نییە. لێنا سوور دەبێتەوە، هێندە نیگەرانە کە ڕوخساری گەرم دادێت. بوێری ئەوەشی نییە لا بەلای سەعیدەوە بکاتەوە. نایشزانێت نهاکە سەعید بیر لە چی دەکاتەوە. ئیتر سێ خۆبە جوان زانەکان، بەسەر پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیانەوە، خۆیان بە پۆلدا دەکەن. بەر لەوەی تەواو بزر ببن، لێنا گوێی لێیە کە دەڵێن: " نا کێرستن، شتێکی جێ سەرنج بوو.." کە ئیتر بەتەنیان، سەعید دەپرسێت:

– وەت دد زەی سێی؟ (چییان وت؟)

ڕوخساری لێنا دێتەوە حاڵەتی ئاسایی و دەڵێت:

– ئۆە... نەسینگ... ۆنلی...ئۆە.. ئای دۆنت نۆ .. زەی ئار سیللی.. (ئاخ.. هیچ نەبوو.. تەنیا.. ئۆف.. نازانم .. ئەوان زۆر پیسکردارن..)

سەعید تەنیا سەرێک دەلەقێنێت. کە بە دەوری خۆیدا هەڵدەڕوانێت، دالانەکە چۆڵ بووە. لێنا جانتای پشتەکەی دەکاتەوە. بە زەردەخەنەیەکی هەرزەکارانەوە پەڕتووکێکی کچکەی زەرد دێنێتە دەرەوە. فەرهەنگی وشەدانی – ئەڵمان – ئینگلیزی – لانگن شایدس. سەعید سەرنج دەدات و ئەویش لە

جانتاکۆڵەکەی فەرهەنگێک دەردێنێت:

– ئارابیک – ئینگلیش. ئای هاڤ ئەنەزەر دیکشنێری، گێرمەن – ئینگلیش. (عارەبی – ئیگلیزی. فەرهەنگێکی تریشم هەیە، ئەڵمانی – ئینگلیزی). بەت ئای کان ریت ئت. یو هاڤ تو تیچ می (بەڵام نازانم بیخوێنمەوە، تۆ دەتوانیت فێرم بکەیت..)

چرکە بە چرکە زەوقی لێنا باشتر دەبێت. هەر وەک چۆنیش ئاواتەخوازیش بوو، بۆ ئەم باش بوو، کە لەم جێگە نوێ و نامۆیەدا، لە چاوەڕێکردنی هاتنی مامۆستادا بە تەنیا نەبێت. دەشزانێت کە گوزەرانی ئەم زۆر لە سەعید باشترە. چونکە ئەو لەم نامۆترە. لێنا حەز دەکات، لەو شتانەی کە بەرەو ڕووی دەبنەوە هاوکاری بکات. بەڵام ئەمە دوای ئەوەی کە تەواو بێرە ڕاهاتبێت. لێ، ئینگلیزییەکەیشی هەر زۆر خراپە. نهاکە لەوەی نیگەران و دڵگرانە، کاتی خۆی داواکارییەکەی دایکی لەمەڕ کۆرسی فێربوونی ئینگلیزییەوە، بە جەختەوە وەرنەگرت. دایکی ئیگلیزییەکی تەواو قسان دەکات. لەبەروەی کارەکەی وەها داواکارییەکیان هەیە. دایکی پێشنیازی بۆ کربوو، هەفتەی جارێک، تەنیا بە ئینگلیزی بپەیڤن. کەسێکیش بۆی نەبێت تەنیا ڕستەیەکی ئەڵمانیش بدرکێنێت. ئەگەر وشەیەکیش نەزانرێت، دەبێت بڕوانرێتە فەرهەنگ. لێنا تەنیا سێ جاران سەبری کردبوو، ئیتر نەیتوانیبوو، بۆ وی دژوار بوو. بۆیە وازی لێ هێنا. دایکی زۆری نیگەران بوو، وتبووشی: لێنا شانسێکی باشی لەدەست دا. ئیتر کە پاشان لێنا بە نمرەی خراپی ئینگلیزییەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، دایکی بە سەرنجی سەرزەنشت ئامێزەوە لێی هەڵدەڕوانی. ئەمیش لێنای تەواو قەلەق دەکرد. وا کۆمەڵێک خورت بەرەو ڕوویان دێن. ئەوان هەموو وەک یەکیان پۆشیوە. شەپقەی ڕەشی یانەی – قەلوبەرد – یان لەسەردایە. تراکسودی دەڵبیان هەتا سەر ئەژنۆ لەبەر دایە. کالەیان لە پێدایە، کە هیچ نەبێت بنەکەی دە سانتیمێتر بەرزە. لەبەر سەعید و لێنادا هەڵوێستەیەک دەکەن. یەکێکیان دەپرسێت:

– تۆ خوێندکارە نوێکەیت؟

لێنا سەری دەلەقێنێت. یەکێکی تریان ئاماژە بە سەعید دەکات و دەپرسێت:

– ئەی ئەوەیش هەر نوێیە، وانییە؟

– بەڵێ. ناوی سەعیدە.

سێیەمیان دەپرسێت:

– عەرەبە، وا نییە؟

لەبەروەی سەعید هیچ تێ ناگات، لێنا لە بریتی ئەو دەڵێت:

– ئەو لە بەغدادەوە دێت...

یەکەمەکە دەڵێت:

– هەی گوم لێی بێت..!

لێنایش دەپرسێت:

– بۆچ شتی وەها دەڵێیت؟

دووەمەکە وەڵام دەداتەوە:

– لەبەرئەوەی هەر هەموو تورکی بۆگەن و هاوار لە ئەڵاکەرەکان، گوئاسان.

سەعید زەردەخەنەیەک دەکات. لێنایش هەست دەکات کە سەعید بەوە خۆشحاڵە، وا کەسانێک هەن گرینگییان بۆ ئەم هەیە. لێنا هەست بە شەرمەزاری دەکات و زۆر لەو خورتانەیش بە قینە. بەڵام ناخوازێت پیشانی بدات. یەکەمەکە ڕوو دەکاتە سەعید:

– تێ دەگەیت کە هاوەڵەکەم چی وت؟

سەعید بە شڵەژاوییەوە پێکەنینێک دەکات.

– کەواتە هیچ..!

ئینجا شەپقەکەی دەستی بە شانی سەعیددا دەکێشێت. هەرسێکیان زۆر لە سەعید گەورە و تۆکمەترن. سەعید لە چاو ئەو خورتە گا ئاساییانەدا، لەڕ و بچکۆلانە دەبینرێت.

– ئەی لێرە چیت دەوێت..؟

کە ئەوان دەچنە پۆلەوە، لێنا و سەعید لە دواوە لێیان هەڵدەڕوانن. وا ئیتر غەڵبەغەڵب لە پۆلەکەوە هەڵدەستێت. خرمە خرمی جووڵاندنی کورسی و جیکەجیکی کالەی سەر فەرشی نایلۆنیی زەوییەکە دێنە بەر گوێ. یەکێکیش یاری بە پەردە کرکراگەیییەکەی پەنجەرەکە دەکات، کە جارجارە ژوورەکە تاریک و یان ڕووناک دەبێتەوە. سەعید دەپرسێت:

– شاڵ وی گۆ ئین؟ (بچینە ژوورەوە؟)

بە هەڵسوکەوتەکەیدا دیارە کە شڵەژاو و قەلەقە. لێنا هەنگاوێک دەچێتە پێشترەوە. سەرێک دەباتە ناوەوە و گوێی هەڵدەدێرێت. ژوورێکی بچکۆلانەیە کە مێزی گەورەی تێدا دانراوە. بەهەموو لایەکیشدا جلوبەرگ و شتەکانی تری خوێندکارەکان. بە ڕەشبینییەوە سەری با دەدات. سەعیدیش سەرێک دەلەقێنێت. لێنا دەڵێت:

– بەڕێوەبەر ڕازی بوو. مامۆستاکەمان ژوورەکەمان پیشان دەدات و ......

کە وشەی پێ ئاشنا دەکات بە ئینگلیزی نازانێت، فەرهەنگەکەی دەکاتەوە و تێی دەڕوانێت (تو ئینترۆدوکت)... وا هەمدیسان فێری وشەیەکی دی بووین. سەعید دەپرسێت:

– یو ڕێمێمبێر هیس نێم ؟(ناوەکەیت لە یاد ماوە؟)

لێنا سەرێک دەلەقێنێت و دەڵێت:

– میستەر بێرنهایمەر.

سەعیدیش هەوڵ دەدات وشەی بێرنهایمەر بڵێتەوە. لە گوێی لێنادا وشەکە زۆر عەرەبییانە دەبیسترێت. وا دێتە بەرگوێ؛ هەر دەڵێیت میستەر بێرنهایمەر کاروانێکی حوشتر بە بیاباندا بەڕێوە دەبات. ئینجا دەشبێت میستەر بێرنهایمەر، لە خوێندگەیەکی بەرلیندا، حوشترەکان فێری ئینگلیزی و ئەردنیگاری بکات... کە لێنا ئەم بیرەی بە مێشکدا دێت، ناچارە پێ بکەنێت. سەعید سەیری دەکات و دەپرسێت:

– وای ئار یو لافین..؟(بۆچ پێ دەکەنیت؟)

– جەست ئە فەنی تاف، ئەباوت کامێلس (تەنیا بیرێکی سەیر بوو، لە هەمبەر حوشترەوە).

کە سەعید سوور هەڵدەگەڕێت و سەری دادەنەوێنێت، لێنا هەست دەکات، شتێکی هەڵەی درکاندبێت. دەیەوێت خۆی ڕاست بکاتەوە. بۆیە بە پەلە دەڵێت:

– ئای مین گێرمەن کامێل. (مەبەستم لە حوشتری ئەڵمانییە)...

ئینجا گەرەکیە زەردەخەنەیەکیش بکات، کە لە هەمان ساتدا مامۆستاکە دەردەکەوێت. مامۆستاکە گەنجێکە. پانتۆڵی جنسی و فانیلەیەکی پۆڵۆی ڕەنگ سووری پۆشیوە. پەرتووکیش بە بن باڵی چەپیەوەیەتی. بۆ دەستدان و بەخێرهاتن لێکردنی هەردووکیان، دەستەکەی تری بەرز دەکاتەوە. کە سڵاو لەمان دەکات، بەدەمیشیەوە وەڵامێک دەداتەوە:

– وا هاتم.....

ڕوو بەمانیش دەڵێت:

– داوای لێبووردن دەکەم..

سەعید دەپرسێت:

– ئی هی ئاوەر تیچەر؟ (ئەوە مامۆستاکەمانە؟)

کە لێنا سەر دەلەقێنێت، سەعید چاوی زەق دەکاتەوە و دەپرسێت:

– دەس هی ئۆلوایس وێر جینس؟ (ئەو هەمیشە جینس لەبەر دەکات؟)

ڕوخساریشی گەش دەبێتەوە و زەردەخەنەیەکیش دەکات. جەنابی بێرنهایمەریش لە دوورەوە دەست بۆ سەعید ڕادەکێشێت و بە دڵەوە دەڵێت:

– ویل کۆم ئەت ئاوەر سکوڵ.(بەخێر بێیت بۆ خوێندنگەکەمان)

سەعید تۆزێک خۆی دەچەمێنێتەوە. ئینجا خۆی ڕەپ دەکات و وەڵام دەداتەوە:

– سانکیو سێر. (سوپاس جەناب)

– یۆر نێم ئس سەعید، کورێکت؟ (ناوەکەت سەعیدە، ڕاستە؟)

– یەس سێر. (بەڵێ، جەناب)

– ئەن یو دۆنت سپیک گێرمەن؟ (تۆ بە ئەڵمانی قسان ناکەیت؟)

– نۆ، سێر. (نەخێر، جەناب)

– (نۆ گێرمان ئەت ئەتۆل؟) هەر بە هیچ جۆرێک؟

– نۆ سێر، سۆری سێر. (نەخێر جەناب، ببوورە جەناب)

لێنا بەوەی سەرسامە، چۆن سەعید لە تەک مامۆستادا هەڵسوکەوت دەکات. ئەو ڕێک وەستاوە و سەریشی بەرز ڕاگرتووە. دەڵێیت بۆ سەربازی دەبەن. لە هەموو کردەوە و پەیڤەکانیدا، ڕێز دەبینرێت. جەنابی هێربۆرنهایمەر سەری دەلەقێنێت و ڕوو دەکاتە لێنا.

– هۆ لێرەکانەیش – لێنا شرۆدەر– مان هەیە. لە ڕۆژێکدا دوو نوێ. دەی ئەمەیش تایبەتمەندییەکە، بەڵام باشە. وا دەبینم کە هەردووکتان، بڕێک بەیەکتر ئاشنا و دۆستایەتییەکتان دامەزراندووە.

لێنا لە وەڵامدا دەڵێت:

– ئێمە دوێنێ و بە ڕێککەوت، لە کن بەڕێوەبەر بەیەکتر ئاشنا بووین.

مامۆستاکە سەرێک دەلەقینێت. ئینجا سەرێک دەکێشێتە پۆلەکەوە، تووڕە دەبێت و هەر لە دالانەکەوە، هاوار دەکات:

– تکایە زۆرتر بێدەنگ بن..!

ئەوجا خۆی بەلای لێنادا وەردەگێڕێت:

– وەهام بیر لێ کردووەتەوە، هەردووکتان پێکەوە و لای یەکەوە دابنێم. ئایا ئینگلیزییەکەت هێندە باشە کە بتوانن بڕێک هاوکاری سەعید بکەن؟

لێنایش لە بریتی وەڵام، تەنیا فەرهەنگەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە و پیشانی دەدات. بێرنهایمەیش دەست دەخاتە بان شانی و دەڵێت:

– زۆر باشە. دەیبینم. پێم وایە ، من نابێت هێندە لە خەمتاندا بم. چونکە

خۆتان زۆر بەباشی لە تەک یەکتردا خۆ دەگونجێن. کەواتە....

سەرنجێکی هاندەرانەی سەعید دەدات و درێژەی دەداتێ:

- دەی فەرموون بچنە ژوورەوە. من ئێوە دەناسێنم. ئیتر پاشکۆکەی خۆی جێبەجێ دەبێت.

هەروەک بەڕێوەبەریش لە ساتی گەڕانەکەدا وتی؛ لە پۆلەکەدا بە ڕێژەی سی لە سەد، خوێندکاری بیانین. تورک، ڕووسیای سپی، خوێندکار کە لە سێربیا و کرواتەوە هاتوون و یەک خوێندکاری کچی پۆرتوگالیش. هیچ یەکێکیش لەوانە، وشەیەک عارەبی نازانن. جا نەخوازەڵا یەکێک لەوانە بتوانێت ڕێنووسی عەرەبی بخوێنێتەوە...

جەنابی بێرنهایمەر تکا لە لێنا و سەعید دەکات، ناوەکانیان لەسەر تەختەکە بنووسن. سەعید پیتی عەرەبی بەکار دێنێت و لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسێت. هەر دەڵێیت نەخش و نیگار دەکات. بەڵام لێنا ئەو شێوە نووسینەی زۆر بەلاوە جوانە. بە بەراورد لە تەک ئەو ڕێنووسەدا، ئەوەی خۆی بەلاوە ناحەزە. ورتە و خورتە لە پۆلەکەدا دروست دەبێت. مامۆستا ناوچاوانی خۆی دەخورێنێت و دەپرسێت:

- ئەرێ چ شتێک بۆ پێکەنین هەیە؟

هیچ وەڵامێک نادرێتەوە. بێرنهایمەر بە ناو ڕیزەکاندا دەڕوات و لە کن خوێندکارێک هەڵوێستە دەکات. یەکێک لەو سیانەی کە شەبقەی یانەی وەرزشی قەلوبەردیان لەسەردایە. دەست بۆ شەپقەکەی دەبات و لەسەر مێزەکە دای دەنێت. دەڵێت:

- دێنیس، خۆ تۆ دەزانیت کە نابێت لە پۆلدا شەپقە لەسەر بکەیت. نە کچ لەچک و نە کوڕانیش کڵاو. ئێمە لەسەر ئەمە ڕێککەوتووین. بۆیە لایبەرە.

دێنسیش کە بە پانتۆڵە پان و پۆڕەکەیەوە، لنگی لێ بڵاو کردووەتەوە، دەستەکانی لە بان سنگی خۆی داناوە، بە دەم بنێشت جووینەوە لە مامۆستاکە هەڵدەڕوانێت. ئیتر لە پڕدا پەلاماری شەپقەکەی دەدات و

دەیخزێنێتە ژێر مێزەکەوە. مامۆستاکە چاو بەو ناوەدا دەگێڕێت. سەرنجی لەسەر خورتێکی تر ڕادەگرێت و دەڵێت:

– نۆها، هەمان یاساوڕێسا تۆیش دەگرێتەوە. بۆیە فەرموو شەپقەکەت دابگرە...

نۆها، کە ئەویش یەکێک لەو کۆمەڵەیە، لە دالانەکەدا، لە تەک لینا و سەعیددا دوان، هیچ خۆی ناجووڵێنێت. مامۆستا دەڵێت:

– نۆها، گوێت لێ بوو؟

نۆهایش دەبۆڵێنێت:

– پێی– وایە کە گوێکانم تەواو نەبن....

– ئادەی پاتەی بکەرەوە کە چیت وت..؟

هەندێک لە خوێندکارەکان دەکەونە چرپە چرپ. مامۆستاکە دەچێتە پێشەوە و لە پاڵ نۆهادا دەوەستێت. چاوەڕێ دەکات و هیچ ناڵێت. لە ئاکامدا نۆها شەپقەکەی دادەگرێت و بەری دەداتەوە سەر زەوییەکە. کچێک خۆی دادەنەوێت، شەپقەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە بان مێزەکەی نۆهاوە. مامۆستاکەیش پێی دەڵێت:

– نەدەبووایە ئەم کارەت بکردبایە. دەبوایە نۆها خۆی شەپقەکەی هەڵبگرتبایەوە. چونکە خۆ ئەو دەزانێت چ شتێک هینی ئەوە. وا نییە؟

نۆها بە پۆرخزییەوە سەرنجی مامۆستاکە دەدات. ئینجا بێرنهایمەر بەرەو تەختەکە و سەعید دەچێت. خۆی بەلای پۆلەکەدا وەردەگێڕێت و دەستێکیش دەخاتە بان شانی سەعید. بە چەناکەیش ئاماژە بە نۆها دەکات و دەڵێت:

– ئادەی بڵێ بزانم، چیت بەلاوە سەمەرە بوو کە خوێندکارە نوێکەمان سەعید، ناوی خۆی لە بان تەختە نووسی؟

نۆها ڕوخساری گرژ دەکات و وەڵام دەداتەوە:

– شتێک سەیر دیارە، وەک شقلی و پقلی منداڵێک....

ئینجا سەرنجێکی سەرکەوتووانە بە دەوری خۆیدا دەدات. دێنیسیش جووکە جووکێک دەکات. سەعیدیش کە هیچ تێ ناگات، هێشتا بە زەردەخەنەیەکەوە لەبەر تەختەکەدا وەستاوە. لەم کەین و بەینەدا لێنا مێشکی گەرم بووە و بەزەیی بە سەعیددا دێتەوە. ئەم جۆرە کەسانە لەسەر حسابی ئەو کەیف دەکەن و ئەویش ئەمە نازانێت. مامۆستا دەڵێت:

– نۆها دەزانیت کە ئەمە چ جۆرە ڕێنووسێکە؟

نۆهایش سەری ڕادەوەشێنێت.

– دێنیس ئەی تۆ؟

دێنیس بە بنێشتەکەی گلۆپێک دەکات و وەڵام ناداتەوە. بۆیە مامۆستاکە ناچارە بڵێت:

– ئەمە عەرەبییە. ئەمەیش هەر باش دەزانن. بنێشتەکەیش لە دەمت دەربێنە.

دێنیس بنێشتەکە تف دەکاتە ناو بەری دەستی. کە مامۆستاکە پێی دەڵێت:

– ئەوە قێزەونە و فڕێیدە..

ئینجا دێنیس بنێشتەکە بە بنی مێزەکەوە دەنووسێنێت. بەڵام مامۆستا پێی دەڵێت:

– دەسڕۆکەیەک یانیش پارچەیەک کاغەز بێنە و بنێشتەکەی تێوە پێچە. بەڵام خێرا..!

سەعید هێشتاکە لە کن تەختەکەوە وەستاوە. بە سەرسامی و وڕییەوە لەو ڕووداوانە هەڵدەڕوانێت. ئەو نازانێت چی ڕوو دەدات، بۆیە هەروا و لەوێکانەدا وەستاوە. دێنیس بەدەم دەمدرێژییەوە، بنێشتەکە لە بن مێزەکە دەکاتەوە. پارچەیەک کاغەز لە پەڕتووکێکی دەکاتەوە و بنێشتەکەی تێوە دەپێچێت. مامۆستا دەپرسێت:

– نیشانەکانی ڕێنووسی عەرەبی کامانەن؟

دێنس سەرنجی لەسەر مامۆستا ڕادەگرێت و وەڵام دەداتەوە:

– ئەوە بەڕاستتە کە وەها پرسیارێکم لێ دەکەن؟

مامۆستا سەری دەلەقێنێت و دەڵێت:

– ئا بەڵێ، بەڕاستمە. خۆ تۆ دەڕوانیتە بان تەختەکە. نۆهای هاوەڵیشت هەر بە شتێکی سەمەرەی دەزانێت. چ شتێک لێرەدا سەمەرەیە؟ بۆچ پێکەنیت؟

دێنیس وەڵام دەداتەوە:

– نازانم.

مامۆستا داوای لێ دەکات:

– کە من لە تەکتا دەپەیڤم، بە جوانی دابنیشە.

دێنیس خۆی کۆدەکاتەوە. قاچەکانی دەخاتە بنی مێزەکە و تۆزێکیش خۆی قیت دەکاتەوە. دەنگێک دێت کە دەڵێت:

– ئەرێ سەمەرەیی ئەمە لە چیدایە؟ ئەمەیش دەچیتە ژێرییەوە کە ئەو زەلامە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسێت..

بێرنهایمەر پێیدەڵێت:

– باشە، سوپاس..

ئینجا بۆ پێشەوە و بەرەو تەختەکە دەچێت. بۆ دووەمین جار دەست دەخاتەوە سەر شانی. ماوەیەک لایەوە دەوەستێت. دەڕوانێتە خوێندکارەکان و دەڵێت:

– سەعید هەفتەیەک لەمەوبەر و لە بەغدادەوە، بۆ لای ئێمە هاتووە. ئەگەرچی بە فەرمی شەڕ لە عێراقدا کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام تێرۆر واز لە دانیشتووانەکەی ناهێنێت. هەموو ڕۆژێک لەو شارەدا بۆمبا دەتەقێتەوە و گرووپی مرۆڤکوژیش بەڕێوەن...

– هەی چەندە جێی سەرنجە...

دەنگی خورتێکی قژ ڕەش و کورت تاشراو، قسەی بە مامۆستاکە بڕی کە

لە ڕیزی پێشەوە و پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. وەک چەکێک بە دەستەکانیەوە بێت.. بەدەم تەقە دەکات... توو.. توو.. توو.. توو.... چەند خوێندکارێک پێ دەکەنن و مامۆستایش تووڕە دەبێت:

– عومەر ئەمە چییە؟

ئینجا بە سێ شەقاو دەگاتە کنی و دەستی لەسەر ملی دادەنێت...

– ئەم خۆهەڵتێقورتانە بێ مانا و بێ مێشکییە چییە..؟

عومەریش هیچ ناڵێت. بە پشتی کۆماوەوە دانیشتووە و بە دزە سەرنج لە هاوەڵەکانی هەڵدەڕوانێت. ئینجا سەرنجی لەسەر تەختەکە ڕادەگرێت، کە سەعید هێشتاکە لەوێدا وەستاوە و نازانێت چی بکات. کە مامۆستا دەچێتەوە کن تەختەکە دەڵێت:

– سەعید ناخۆشی زۆری بەسەردا هاتووە. بۆیە هیوادارم کە ئێوە خۆتان هێندە ڕێکوپێک و ئامادە بکەن، هەتا هەڵسوکەوتو کردەوەتان، لە هەمبەر ئەم خوێندکارە نوێیەدا ژیرانە بێت....

دوای پشوویەک درێژەی پێ دەداتەوە:

– بێ لەوەیش، وا چوار ساڵە دەمەوێت فێری ئینگلیزیتان بکەم. ئەوەیش تەنیا تیئۆری بوو. نهاکە شانسی ئەوەتان هەیە بە کردەوە ئیگلیزییەکەتان بەکار بێنن. بەڵام گرەو دەکەم کە سەعید لە هەمووتان باشتر قسە دەکات....

سەرێک بۆ سەعید ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:

– سانکیو سەعید. گۆ تو یۆر سیت پلیس.(سپاس سەعید. تکایە بچۆرە سەر کورسییەکەت)

سەعیدیش تۆزی دەباشیرەکە لە پەنجەکانی دەتەکێنێت و دەچیتەوە سەر کورسییەکەی لە پاڵ لێنادا. لێنا هەست بە ترپە ترپی دڵی خۆی دەکات. چونکە ئەم سەرلەبەیانییەی خەریکی خۆ گۆڕین بوو، بیری لەوە کردەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە مامۆستا دوای لێ بکات، باسی گواستنەوەکەی بۆ بەرلین بکات. ئینجا ناچار دەبێت باسی ئەوە بکات، دایک و بابی لێک جوێ

بوونەتەوە و ئێستاکە ئەم لە کن بابی دەژی. بەڵام هیچ حەوسەڵەی ئەوەی نییە، باس لەم شتانە بکات. ئەوەتا، سوپاس بۆ یەزدان، کەس وەها پرسیارێکی ئاراستە ناکات. تەنانەت مامۆستایش پرسیاری لەو جۆرە ناکات و سەرگەرمی دابەشکردنی کاغەزی فۆتۆکۆپی کراوە. بەدەم بڵاوکردنەوەوە دەڵێت:

– هەروەک لە یادتان بێت، باس لە ئالاسکای بەشی باکووری ئەمریکا دەکەین. ئێمە بە ڕادەی پێویست لەسەر کانزا سروشتییەکان، گرینگی جێگەکەی لە ڕووی ستراجیتیەوە، دانیشتووانە کۆنەکەی کە هندییەکان و ئاسکیمۆکانن، دواین. بۆیە دەبێت بۆتان ئاسان بێت، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

لێنایش بۆ سەعیدی وەردەگێڕێت :

– زەی ئار تۆکین ئەباوت ئالاسکا. (باس لە ئالاسکا دەکەن)

سەعید سەری دەلەقێنێت و.. ئەهـا.. یەکیش دەکات. هەر کە لیستی پرسیارەکانیان بەدەست گەیشت، گرژییەک زۆربەیان دادەگرێتەوە. یەکێک دەیەوێت بزانێت؛ ئایا دەبێت لە کاتی وەڵامدانەوەدا پەرتووکی ئەردنیگاری بەکار بێنێت و سوودی لێ ببینێت؟ بێرنهایمەریش دەڵێت:

– بێشک کە نابێت. من دەمەوێت بزانم؛ ئێوە چی دەزانن. نەک ئێوە چۆن دەتوانن جوان بنووسنەوە!

ئینجا بێ ئەوەی گرینگی بە نارازێتی خوێندکارەکان بدات، بە ئارامی لە مێزەوە بۆ مێزێکی تر دەچێت و پرسیارەکان دابەش دەکات. لە بەردەمی لێنا و سەعیددا هەڵوێستەیەک دەکات. ڕوو لە لێنا دەپرسێت:

– لە خوێندنگەکەت، بابەتی ئالاسکاتان وەرگرتووە؟

لێنا سەری دەلەقێنێت. مامۆستاکەیش بە هاندانەوە پێی دەڵێت:

– دەی هیچی وەسا نییە. دەبێت لەم بارەیەوە جارێک لە جاران شتێکت بیستبێت. یانیش پێدەچێت فیلمێکت لە هەمبەر ئالاسکاوە دیبێت.

لێنا لە ناکاو بیر لە شەوانی درێژ و تاریکی زستانی ئەوێ و لە خانووە بەفرینەکان و ورچە ئاوییەکان دەکاتەوە. لەو ئاژەڵانەی - ڕۆبین - کە بە شێوەیەکی گرژدەماری و زاڵمانە و بۆ پێستە بەنرخەکانیان، بە ئازارەوە دەکوژرێن. بەڵام ناشزانێت بەتەواوی لە کوێدا ئەم ڕاوە دەکرێت. ئەوەیش دەزانێت کە دایکی هەردەم هاوکارییەکی دراویی ڕێکخراوی - ئاشتی سەوز- دەکات. بەو پارە کۆکراوەیە لەو جۆرە کەشتییە سەهۆڵبڕانە فەراهەم دەکرێت. هەتا پێیان بچنە ئەو جێیانەی کە ڕاوی - ڕۆبینەکان - ی تێدا دەکرێت و پارێزگاری لە هێشتنەوەی - ڕۆبین - ەکان بکەن. ئەو ئەمانەی کە لەو بارەیەوە دەیانزانێت، دەیاننووسێت. مامۆستا بۆرنهایمەر دێتە کن سەعید و بە ئینگلیزی بۆی باس دەکات، کە لەسەر بابەتی ئالاسکا دەپەیڤن. سەعیدیش زەردەخەنەیک دەکات. سەرێک دەلەقێنێت و دەڵێت:

- یەس. لێنا تۆلد می(بەڵێ، لێنا پێی وتم)...

ئینجا لە کاغەزەکە هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

- بەت ئای کانت ڕیید ئت (بەڵام نازانم بیخوێنمەوە)

مامۆستا سەعید بۆ پێشەوە و کن خۆی بانگ دەکات. پرسیارەکانی بۆ وەردەگێڕێتە ئینگلیزی. سەعیدیش هەندێک شت دەنووسێتەوە. بۆ ئەوەی کە خوێندکارەکان قەڵس نەکەن، هەردووکیان بە دەنگی کپ و نزمەوە دەپەیڤن. بێدەنگیش باڵی بە سەر پۆلەکەدا کێشاوە. ئینجا سەعید بە کاغەزەکەی دەستییەوە دەگەڕێتەوە. لە پاڵ لێنادا دادەنیشێت و سەرگەرمی وەڵامی پرسیارەکان دەبێت. پاش چارەکە دەمژمێرێک و ئەوساتەی هێشتاکە هەموویان لە وەڵامدانەوەی بابەتی - رۆبین - دان، سەعید وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە و کاغەزەکەی بۆ پێشەوە و بۆ مامۆستا دەبات. مامۆستایش بە سەرسوورمانەوە کاغەزەکە وەردەگرێت. لە ئانوساتی چاوپێداگێڕاندا دەپرسێت:

- فینیشت؟ (تەواو بوویت؟)

ئینجا سەری هەڵدەبڕێت و ڕوو لە خوێندکارەکان دەڵێت:

– سەیرکەن، وا سەعید تەواو بووە! کەواتە خۆتان ماندوو کەن و پیشانی سەعیدی بدەن، کە لە کن من شتێک فێربوون!

لێنا بیر دەکاتەوە:" ئۆف. مامۆستا دەبووایە ئەمەی نەگوتبایە. خوێندکارێکی نویّ لە پۆلەکەدا و کە خێرایش لە باشترینەکانە. مامۆستایش هەڵی دەدات. دەشێت ئاکامی باشی نەبێت..." هەڵیشدەڕوانێت، وا چەندین خوێندکار سەریان بەیەکدا کردووە و چرپەچرپیانە. مامۆستا سەعید بۆ سەر جێگەکەی دەنێرێتەوە. هەر هەموویان لە بۆشایی دەڕوانن. هەروەک سەعید لە هەوادا بێت. لێنا ئازار دەچێژێت. چلۆن لە سەعید هەڵدەڕوانن. بەلاّم وادیارە سەعید هەستی پیّ نەکات. کە سەعید دەگەڕێتەوە، لێنا بزەیەکی خۆشحاڵیی ئاراستە دەکات. سەعیدیش دەمێک پان دەکاتەوە و بیّ ئەوەی لە لێنا هەڵبڕوانێت، لەسەر جێگەکەی خۆی دادەنیشێتەوە. دەستەکانی لە بان مێزەکە دادەنێت و لە تەختەکە هەڵدەڕوانێت. دەڵێیت گەرەکییە ئەو ناوە عەرەبییە لەبەر بکات کە لە بان تەختەکە نووسراوە.

***

بابە گەورەی خۆشەویست

بەناوی یەزدانی تاک و تەنیا و میهرەبانەوە. لە نەوەی محەمەدی کوڕتەوە کە سەعیدی کوڕەزاتە، سلاّوت لیّ بێت. لە دڵەوە سوپاسی نامەکەت لیّ دەکەم. زۆر خۆش بوو کە هەواڵم لە مەڕ گوندەکەتەوە بیست. بەلاّم بیرکردنەوەیش لە هەمووتان، ئازاری دام. بیرکردنەوە لەوەیش کە دەبووایە ڕووی بدایە و منیش پێویست بوو بێمە ئێرەکانە، بەرلین.

هیوادارم کە یەزدان بە ناردنی دایک و بابم بۆ بەهەشت، پاداشتیان بداتەوە. کە ئەوان چ ڕەنج و ئەشکەنجەیەکیان کێشاوە. هیوادارم کە یەزدان بەهەشتیان پێشان بدات و لێگەڕێتکە لەوێکانەدا بژین. تۆ

دەخوازیت بزانیت، گوزەرانی من لەم نامۆییەدا و لە ئەڵمانیا چۆنە؟ بۆیە منیش پێت دەڵێم؛ هەر زۆر باشم. هیواداریشم هەروا بمێنێتەوە. مامە بەسام هەمیشە دەڵێت؛ من وەک بابێک لە خەمتدا دەبم. سۆنیای هاوسەریشی، هەموو ڕۆژێک لەگەڵمدا خەریکە، فێری وشە ئەڵمانییەکان ببم. منیش زۆر هەوڵ دەدەم. بەڵام لەو باوەڕەیدام ئەگەر هەستم کۆبکەمەوە دەتوانم باشتر فێر ببم. چونکە هێندەم لە وێنەکانی بەغداد، لە دایک و بابم و لە ڕووداوەکان لە مێشکدایە. بیریش لەو کەسانەی کە لە ڕابردوودا بە دەورمدا بوون و نهاکە یادیان دەکەمەوە. هەر بۆ نموونە ئەحمەدی هاوەڵم کە دەتتوانی پێی ئاشنا ببیت. دەزانی کە من و ئەو لە پردەکەی تەمووزەوە، خۆمان هەڵداوەتەوە خوارەوە و ناو ئاوەکە؟ دەی خۆ بەرزییەکەی دە مێترێک دەبێت.

بۆیە هەمیشە بیر لە ئەحمەد دەکەمەوە و دوعا دەکەم هیچی لێ بەسەر نەیەت. جا سائەگەر جارێک سەفەری بەغدادت کرد، لە منەوە سڵاوی پێ بگەیەنە. زۆریش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر هەواڵێکی لێوە بزانم. خەون بەوساتەوە دەبینم؛ ئەگەر بتوانم لە پشووی هاویندا سەرێکت لێ بدەم. مامە بەسامیش دەڵێت: ئەگەر هەتا ئەو ساتە گوزەرانەکە ئارامتر بێتەوە، ئەگەری سەفەرکردن دەبێت. پشووی هاوینی ئێرەکانە، کەمتر لە کن خۆمان و تەنیا شەش هەفتەیە. هێندەیش گەرم نییە. گەرماکەی وەک بەهاری بەغدادە.

هەر وەک خۆت نووسیوتە کە سەرگەرمی سیاسەت بیت، ئەوا دەتوانم لە کاروباری بزنەکان تەنانەت ناومالیشدا، هاوکاریت بکەم. لە پشووەکانیشدا بچینە شاخ و وەک جاران چۆن چەکەکەت بەدەستمەوە دەگرت. هەتا ئێستاکەیش هەر هەموو بەرد و داری سەر ڕێگەکەم لە بەرچاوانە.

جارجارە کە نەتوانم بخەوم؛ ئەوا بەخەیاڵ لە ماڵەکەتەوە، بە سەر

جـادەی ناو گـوندەکـەدا دەڕۆم. بـەلای بیـر و وێرکـشـۆپ و تـا ئەو چایخـانەیەی کـە لەوێوە ڕێگەکـە بەرەو – ئەلفـا خ – ی نێـزیکتـرین شـارۆچکەدا دەچێت. ئەو ڕێگە جـوانەی دەورەکـەی بە کـەڵەکـە بەرد هەڵچنراوە. بە بەرزاییـیـەکـانیـشـەوە، ئەو کـونـە چیـا و ئەشکەوتانە دەبینرێن کـە داڵەکـان هێـلانەیان تێـدا چێ کـردووە. لە یادتـە چۆن داڵەکـە بەرەو ئێـمـە هـەڵفـڕی؟ منیش لـە ترسـاندا خـۆم خـسـتـە بان زەوییـەکە؟ چـونکە وام دەزانی سـاروخـێک بەرەو ڕوومـان هات. تۆیش چۆن بە من پێکەنیت؟

بابە گـەورە، من ترسنۆکێک نیم، بەڵام بەلایشمـەوە زۆر دژوارە، درێژە بەم ژیانی نامۆییـە بدەم. مامۆستایەکی زۆر میهرەبانم لە خوێندگەدا هـەیە. ئەو بـە ئینگلیـزی لە تەک مندا دەپـەیڤێت و بـابەتەکانم بۆ ڕاڤـە دەکات. مامۆستاکانی تر تەنیا بە ئەڵمانی قسـان دەکەن. ئەوان لەسـەر ئەو باوەڕەن و دەڵێن: من دەبێت هـەوڵ بدەم لێیان تێ بگەم. کـچێکیش هـەیە کـە هـاوکاریم دەکـات. بە بەکارهێنانی فـەرهـەنگ لە تەک یەکتـردا دەپەیڤین. دەتـوانم وەهـایش هـەر فـێـربم. بەڵام من ڕانەهـاتـووم ، هێندە لە تەک کیژێکدا بم. بـۆیشم نامۆیە کە لە خوێندنگەکدا لە پاڵ کچێکدا دابنیـشم. چونکە من هـەر لە سـەرەتاوە و لـەسـەر خـواسـتی بابیـشم، چوومەتە خوێندنگەیەکی کوڕان.

کـچـەکـانی ئێـرەیش زۆر لە کـچـەکـانی عـێـراق جیـاوازن. ئەگـەرچی بەتەواوی نازانم کـەمـایەتییـەکە لە چیدایە. بەڵام لەو باوەڕەیدام کـە چ لەلایەن هـاوپۆلەکان و چ گـەورە ساڵانیشـەوە، ڕێز لە کچەکانی خـۆمان ناگیـرێت. تەنانەت لە کن خـۆمـان، مامـۆسـتـاکـانیش هێندە گرینگی و ڕێز بۆ کـچـان دانانێن. لە هـەمـوو جێـیـەکـیش گـاڵتـەیان پـێ دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن گەنجە کوڕەکانەوە.

ئێـوارەی ڕۆژی هـەینـی لە تەک مـامـە بەسـامـدا چوومـە مـزگـەوت. ئەگـەرچی ئەو نەیدەویست لە تەکیدا بچم، بەڵام هێندەی لێ پاڕامـەوە،

هەتا ڕازی بوو. چونکە هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە، مزگەوت چۆن بوو، ئەو ساتانەی ئێمە لە بەغداد پێکەوە دەچووین. ئەم مزگەوتەی بەرلین زۆر جوان نییە. ساختمانێکی لە چیمەنتۆ دروستکراوی نوێیە. لە دەریشەوە وەک ماڵێکی ئاسایی دەبینرێت. بەڵام لە ناوەوەیدا حەوز و فوارەیەکی لە بەردی مۆزایک تێدا دروست کراوە. هەروەک ئەو مزگەوتەی کە من و تۆ سەردانیمان دەکرد. خەڵکێکی زۆری لێ بوو. زۆربەی موسڵمانەکانی ئێرە، لە بەرلین تورکن. کە من لە زمانیان تێ ناگەم. بەڵام ئەوان لە هەمبەر من و مامە بەسامدا کە ئەو قسەکانی بۆ وەردەگێڕام، زۆر میهرەبان بوون. بە ئەڵمانی هەواڵی عێراقیان لێ دەپرسیم و لەو هۆکارەیش کە منی گەیاندووەتە ئێرەکانە. بێشک ئەو ساتەی من سەرگەرمی شتنی قاچەکانم بووم، مامە بەسام بۆی باس کردوون کە من خەڵکی کوێم. جا باش بوو کە لەو ساتەدا گوێم لێ نەبووە، دەنا بە سانایی فرمێسکم دەڕشت.

بەڵێ، بابەگەورە، من نابوێر نیم. من دایک و بابم خۆشدەویست کە نهاکە نەبوونیان بۆ من کەمایەسییەکە. ئاخر ئێمە لە ڕابردوودا هەرگیز لەو بارەیەوە قسەمان نەکردووە، چیدەبێت ئەگەر ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمێنن. هەرگیزیش بیرمان لەوەها شتێک نەکردووەتەوە. بەڵام مادام ئێمە دەمانبینی ڕۆژێ چەندان لە بەغدادا دەمرن و دێنە کوشتن، دەبووایە بیرمان لەوەها ڕۆژێک بکردبایەتەوە. لێرەیش و لە هاواڵەکانی تەلەفیزیۆندا پێشانی دەدەن و باسی لێوە دەکەن. وەک خەونە دێوەزمەیەکی بێ کۆتایی، هەمیشە زرێپۆش و سەرباز و لاشەی بان شەقامەکان و ئۆتۆمبێلی هەڵوەشاوە. بابە گەورە من ئەم شتانە تەنیا بۆ تۆ دەنووسم. بێجگە لە مامە بەسامیش، لە تەک هیچ کەسێکی تردا لەم بارەیەوە نادوێم. هەوڵ دەدەم هێندە فێر ببم کە تۆ شانازی بە کوڕەزاکەتەوە بکەیت. من دەزانم کە من سەر بە ماڵباتێکی کۆن و گەورەم. بۆیە دەبێت بۆ شانازی ئەوان هەوڵ

بدەم. پێشنوێژی مزگەوتەکەمان خەڵکی میسرە. ئەو عەرەبییەکی وەها باش دەپەیڤێت کە من بە ئاسانی لێی تێ دەگەم. ئەو پێشنیازی بۆ کردم کە من پاش نیوەڕوان بچمە وانەی قورعان. هەتا بە خورتەکانی دی ئاشنا بم و زۆرتریش خۆم بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کە لە قورعاندا ئاماژەی پێ کراوە، خۆم سەرگەرم بکەم. دەزانم کە تۆ وەهات بەدڵە. بەڵام من دەبێت لەم ساتەوەختەدا، زۆرتر سەرگەرمی خوێندنگە بم.

ئەو کچە ئەڵمانییەی کە ناوی لێنایە، پێشنیازی بۆ کردم کە پێکەوە وانەکانمان بخوێنین و مەشق بکەین. دەشتوانین لە ماڵەکەی ئەودا بخوێنین. بەڵام نازانم. ئایا شیاوە، لە ماڵی کچێکدا بخوێنم کە دایکی لەوێ نەبێت؟ پێم وایە ئەو دایکی نەبێت. نە ئەو لە بارەیەوە قسان دەکات و نە منیش پرسیاری ئاراستە دەکەم. لەو باوەڕەیدام کە ئەو تەنیا لە تەک بابیدا دەژی. ئەو کچە لەوەیش تێ ناگات؛ بۆچی من ڕازیبوون پیشان نادەم و – بەڵێ دێمە سەردانت – ناڵێم. بۆ ئەو زۆر ئاساییە کە کوڕان و کچان پێکەوە و لە ماڵەوە، لە ماڵی تایبەتی یەکتردا بخوێنن. ئەویش تەمەنی چواردە ساڵانە. لەو باوەڕەیدام کە خەدیجە هەرگیز ڕێگەی بەوەها کارێک نەدەدا. چونکە لە دژی ئابڕووی خێزان دەبوو. بۆیە زۆر مەحاڵ دەبوو.

لەو ساتەوەی کە بە ناچاری لە بەرلینم، سەرم لەوەی دەسوڕمێت، شتێک کە بۆ گەلێک ڕاست بێت، بەڵام بۆ گەلێکی تر هەڵەیە و بە پێچەوانەیشەوە. بابە گەورەی خۆشەویستم، تکایە لە هەمبەر پێوەندیمەوە بەم کچەوە ئامۆژگاریم بکە. ئایا شوورەییە لەگەڵ ئەودا وانە بخوێنم و مەشق بکەم؟ پوورە سۆنیا دەڵێت: بێشک کە دەتوانیت ئەو کارە بکەیت. بەڵام من دەمەوێت، ئەگەرچی لە هەندەراندا دەژیم، کارێکی هەڵە نەکەم. کەسێکیش قەڵس نەکەم. لە پێش هەمووشیانەوە تۆ، ئەی باپیرەی خۆشەویستم. لە قورئانیشدا بۆ وەڵامێک گەڕام.

بەڵام لە قورئاندا هیچ وەڵامێک بۆ ئەو بابەتە نییە، ئەگەر کوڕێکی موسڵمان و کچێکی ناموسڵمان پێکەوە بچنە خوێندگە و بخوێنن، چۆن هەڵسوکەوت بکەن.

زۆر جارانیش بیر لە مامە بەسام دەکەمەوە. لەو باوەڕەیدام، ساتێک ئەو بۆ بەرلینی پایتەختی ئاڵمانیا هاتووە، ویستوویەتی وەک خەڵکەکەی ئێرەکانە بێت. خۆی لەمان جوێ نەکاتەوە و وەک ئەوان بێت. بۆیە لەو باوەڕەدام لەوەها وڵاتێکی نامۆدا، باشترە خۆت هەر وەک خۆت بمێنیتەوە.

بابەگەورە، تۆ هەرچییەکم پێ بڵێیت بۆ من جێی باوەڕە. زۆر بە ڕێزەوە سڵاوت لێ دەکەم و هیواداریشم، دێرە گەنج ئاساییەکانم و بیرە سادەکانم، جەنابت تووشی تووڕەبوون نەکەن. تۆ هێندە دانایت کە من حەز دەکەم، ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک تۆ بم.

ئایا بەم زووانە نامەی ترم بۆ دەنووسیت؟

کاغەزی نامەکەت بۆنی گژوگیای وەک کووزەڵە و پونگەی لێ دەهات. بۆیە نامەکەتم خستووەتە ژێر سەرینەکەمەوە.

لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا

کوڕەزات

سەعید

## بەشی دە

لێنا لە ساتی خۆیدا بەئاگا نەهاتەوە. جا یان زەنگی دەمژمێرەکەی ئامادە نەکردبوو، یانیش زەنگ لێی داوە و ئەو گوێی لێوە نەبووە. چونکە زەنگی ئەم دەمژمێرەی، وەک کۆنەکە نییە، سبەینان وەک دەهۆڵی مەیدانێک دەیزیڕاند. بێجگە لەوەیش کە لە فڕانکفۆرت بوون، بۆ بەئاگابوونەوە هەرگیز پێویستی بە زەنگ نەبوو. چونکە بابی هەمیشە و بەر لەو بەئاگا بوو. کە هەڵیش دەستا، بۆنی کاکاوی شیرین دەهات.

ئەمە ڕای بابی بوو کە لێرە و لە بەرلین، بە زەنگێکی مۆسیقا خۆی بەئاگا بێنێتەوە. بە مۆسیقایەکیش کە خۆی حەزی پێ دەکات. دەتوانێت یەکێک لە – سێ – دێ – کانی خۆی حەزی پێ دەکات بیخاتە سەری و ئینجا دەمژمێرەکەیش میقات بکات. ئیتر لە بریتی شیڕەی ناحەزی زەنگێک کە گوێ کەڕ دەکات، بە مۆسیقا بەئاگا دەبێتەوە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، ئەو پارچە مۆسیقایەی کە ئەو حەزی پێ دەکات، لێنا دەخاتە حاڵەتی کەیفسازی و خۆشییەوە. لێ، کەیفسازی و خۆشیش، دەیخاتەوە جیهانی خەوەوە. دەبێت لێنا زەنگەکەی زۆر کز کردبێت. چونکە ئیتر خۆی دوای ماوەیەک دەکوژێتەوە... ئەم دەستگای مۆسیقایە، دیاری بابی بوو لە کاتی گواستنەوەیاندا بۆ ناو ئەم خانووە نوێیە. بابی لەم کارە نوێیەیدا دەبێت کاتژمێری نۆی بەیانی لەسەر کار بێت. بەڵام خوێندنگەکەی لێنا، دەمژمێری حەوت و نیو دەست پێ دەکات. بۆیە ئیتر ناتوانن پێکەوە ناشتا بکەن. لێنا شتێکی بچکۆلانە دەخوات و کەلوپەلی خوێندنەکەی کۆدەکاتەوە. ئەوساتەی بابی هێشتا لە ناو جێگەکەیدا تل دەدات، لێنا بەرەو خوێندگە بەڕێ دەکەوێت.

دەی باشە، ئەگەرچی گوزەرانەکەی پێشووتر لە بەرژەوەندی ئەمدا بوو،

سبەینان بە کاکاو و تۆستی گەرم بەئاگا بکرێیتەوە و پێشوازیت لێ بکرێت، بەڵام بە بابی ڕەوا دەبینێت برێک دەرێژتر لە جێگەدا بمێنێتەوە. ئەگەرچی لێرە بابی کەمتر دەبینێت، وەک لە فرانکفۆرت. کارەکەی بابی هەروەک پێشووتر کە دەیکرد، وەک پرۆگرامێرێک بۆ کۆمپانیایەکی تەلەفۆن کار دەکات. وا دەردەکەوێت کە دژوار بێت. ئەو زۆر جاران، ساتێک بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، لێنا خەوتووە. بۆیە هەردووکیان بۆ جێبەجێکردنی کارێک یانیش شتێکی نوێ بۆ وتن، ناچارن کە بۆچوونەکانیان لە بان کوتە کاغەز بنووسن و بە دیوارەکەدا هەڵیان واسن، هەتا پاشان بیناخوێننەوە.

وا دوو هەفتەیە کە لێنا بۆ خوێندنگە دەچێت، بەڵام تا نهاکە دەرفەت نەبووە بە درێژی لەمەڕ چوونە خوێندنگەوە لە تەک بابیدا بپەیڤێت... دەڵێیت بەلای یەکدا فرتە دەکەن. کۆتاییی ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردوو، بابی ناچار بوو بە هۆکاری بەشداریکردن لە سیمیناری خۆ نوێکردنەوە بە زانست، کار بکات. هەردوو ڕۆژەکە لێنا بە تەنیا لە ماڵەوە بوو. لە بێتاقەتی و تەنیاییدا سکی کەوتە ژان. بۆیە هەموو ڕۆژی یەکشەمەکە بە کیسەی ئاوی گەرمەوە لەسەر سکی و بەسەر قەنەفەکەوە بەسەری برد. تاسەی دایکی کرد و حەزی دەکرد لەگەڵیدا قسان بکات. گوێی لە دەنگ و پێکەنینەکەیەوە بێت. یانیش هەست بە خەمخۆرییەکەی بکات. چۆن جاران کە لەم دوور دەکەوتەوە، هێشتاکە لە خەمیدا بوو. بەڵام لێنا بوێری ئەوەی نەبوو تەلەفۆن بۆ – شتارنبێرگ – بکات. چونکە مـــانەوە لە کن بابی، بە حـــەز و ئارەزووی خـــۆی بووە. بۆیە نەیشیدەویست سکاڵا لە حاڵی خۆی بکات. ژیان وەهایە و دەبێت.. خۆتی بدەیتــە بەر... بەڵام لەوەتەی لێرەن، تەنیا ئەو کۆتاییی هەفتــەیە وەها گوزەرانێکی هەبوو. ئەگینا هەموو شتێکی تری بەدڵە. بۆ نموونە ئێستاکە، هێندەی خۆی گەرەکیەتی، دەتوانێت بەتەنیا گەرماوەکە بەکار بێنێت. هێندەی خۆی دەیەوێت، بێ کۆتایی لە ژێر دوشەکەدا بوەستێت. لە سەرەتاوە لە ژێر ئاوی گەرمدا و پاشان هێدی هێدی سەری بەلوعەکە بۆ سارد و ساردتر با بدات. ئیتر کە سکاڵای سەر بەلوعەکە دەگاتە سەر پلەی ساردیی سی، مرۆڤ

بەتەواوەتی بەئاگا دەبێتەوە. بەڵام جاران دەکەوتە ژێر پەلەی ساتەوە. ئەم هێشتاکە لە ژێر ئاوی دوشەکەدا بوو، کە دایکی دەیکردە بۆڵە و هەڵا و بە دەرگەی دوشەکەیدا دەکێشا. بابیشی هەروەسای دەکرد. بۆیە ئەگەر لە دوشەکەیش دەهاتە دەرەوە، هێشتاکە هەستی دەکرد کە خەواڵووە.

لێنا یەکێک لەو جۆرە کەسانەیە، دەبێت بەکاوەخۆ بەئاگا بێتەوە و ڕۆژەکەی بە هێواشی دەست پێ بکات. ئەو لەو جۆرە کەسە گورجوگۆڵانە نییە کە بەیانیان بە تەکانێک قووت بێتەوە. سەرپێییەکانی بخاتە بان پای و لە پێشدا بچێت ڕۆژنامەی ڕۆژ بێنێتە ژوورەوە. یانیش لەوانەی کە سبیەینێی زوو لە تەک سەگەکانیاندا و بۆ ناو باخ، چوونەتە گەڕان و وەرزش. لەوانەی کە وەک نەسیمی بەیانییان، بە ژوورەکاندا فرتەیان بێت و پاشانیش، بە برسێتییەوە و بە چاوە بریسکەدارەکانیانەوە، ناشتا بکەن. ئەم ئەمێستاکە هەر شتێک بە بیرەوە دەکات. نەک وەک ڕابردوو لەسەری ساتدا لە پۆل بێت. بەڵام وا ئەمڕۆ، لە ساتی خۆیدا بەئاگا نەبووەتەوە. نەیتوانی لە خەو ڕابێت...

بۆ سەرسوڕمانی ئەم دەرەوە هەر زۆر بێدەنگە. ئەویش بەهۆی ڕێگەگرتنی ئەو ناوە، بۆ چاککردن و کارکردن لە زێرابەکاندا. ئەگینا لە ڕۆژانی تردا، هەر لە شەشی بەیانییەوە لۆرییەکان بەم ناوەدا گرمەگرمیان دێت. ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانیش بۆ زبڵ کۆکردنەوە تەق و تۆقیانە و ئۆتۆمبێلەکانی تریش دەکەونە هۆرن لێدان. بەڵام وا ئەمڕۆکە هیچ گوێت لەو هەراوزەنایەوە نییە. بۆیە لێنا سەری دەخاتەوە بان سەرینەکەی. خۆرەکە لە پەنجەرەکەوە کەوتووەتە سەر ڕوخساری و ختوکەی لووتی دەدات. لێنا لێفەکە بەلاوە دەنێت و لە تەختە خەوەکەی دێتە خوارەوە. خۆی دەکێشێتەوە و خەواڵوو چاوەکانی هەڵدەگلۆفێت. چاوێک بە پۆشاکەکانیدا دەگێڕێت کە لە بان مێزەکە و بۆ ئەمڕۆ ئامادەی کردووە. لەبەرئەوەی کە ئەو بەیانییان ناتوانێت باش بیر بکاتەوە، بۆیە ئێواران جلوبەرگی بەیانی ئامادە دەکات... لەبەروەی بەیانیانی زوو توانای ئەوەی نییە، بۆیە تەنانەت ئێواران، خواردنی ناشتایش لەبان مێزەکە دادەنێت. بە ڕۆبی خەوەکەیەوە و بە داڵانەکەدا، بەرەو ژووری

نووستنی بابی، خۆی بەکێش دەکات. دیارە دەبێت ئەویش گوێبیستی زەنگی بەئاگاهێنانەوەکە نەبووبێت. دەرگەکە دەکاتەوە و هاوار دەکات:

– بابە، لە ساتەوەختی خۆیدا بەئاگا نەبووینەتەوە!

وەک جاران و کیژۆڵەیەکی بچکۆلانە، هەردوو باڵەکانی دەکاتەوە، بۆ کن بابی هەڵدەفڕێت و خۆی بەسەر پێخەفەکەیدا دەدات. پێخەفەکە زۆر پانوپۆڕ و گەورەیە کە بابی بۆ ئەم خانووە نوێیەیان کڕیوێتی. بۆ ڕۆژانی یەکشەمەی بارانی کە هەردووکیان بە جلکی خەونەوە، لەسەری دابنیشن و هەموو ڕۆژەکە یاری – مۆنۆپۆلی – و یانیش – ڕۆمیێ – بکەن. بەهەرحاڵ، بۆ ئەو ڕۆژە قەڵسکەرانەی ناچاربن لە جێدا بمێننەوە. بەڵام هەتا ئێستاکە دەرفەتی وەها ڕۆژێکیان بۆ هەڵنەکەوتووە. هێشتا زۆرێک لەو بەرنامەیەی کە ئەمان بۆ ژیانە نوێکەیان بیریان لێ کردووەتەوە، بە ئەنجام نەگەیشتووە. خۆی بەسەر لێفەکەی بابیدا دەدات و دەڵێت:

– هەی تەپلەی خەواڵوو! وا دەمژمێری نۆ و نیوە!

بەڵام تەنیا دەنگێکی ناڕەزایی و خەواڵوو لە بابی هەڵدەستێت. کە لە ڕابردوودا لینا ئاوەها بۆ لای بابی دەچوو، بابی هەردوو باڵەکانی خۆی بۆ دەکردەوە و بەیانییەکی خۆشیشی بۆ بە ئاوات دەخواست. بەڵام وا ئەمڕۆکە تەنیا مرخەیەک! بۆیە مانەوەی بابی هەتا نهاکە و لە ژێر لەێفەدا، بە شتێکی ئاسایی نایەتە بەر زەین! دیارە کە ئاسایی نییە...

لینا خۆی ڕاست دەکاتەوە. پشتێنی ڕۆبەکەی دەبەستێت و لە تەختە خەوەکە دەچێتە خوارەوە. بە ئاسپایی بۆ کن پەنجەرەکە دەچێت و درزێک دەکاتە پەردەکە. درزێکی تەنیا دە سانتیمێتری. چاوەکانی دەنووقێنێت و پڕ بە سییەکانی هەوا هەڵدەمژێت. کە ئاوڕ دەداتەوە، بابی خۆی ڕاست کردووەتەوە و بە پەنجەکانی قژی خۆی شانە دەکات. ئافرەتێک لە پاڵ بابیدا پاڵ کەوتووە. ئافرەتەکە لەسەر لا پاڵکەوتووە و دەستی لە بان ڕوخسارێتی. قژێکی زەردی وەک دایکی ئەمی هەیە. بەڵام قژی ئەم ئافرەتە کورتترە.

قاچێکی لە ژێر لێفەکەوە دەبینرێت. نینۆکەکانی بۆیەی سوور کراون. هەروەک ئافرەتەکە هەستی پێ بکات، سەرنجی لێنا لەسەر قاچەکانێتی. بۆیە قاچەکەی بۆ ناوەوە هەڵدەکێشێتەوە. بابی دەڵێت:

– هەلۆ، کۆترۆلکەکەم. ئەرێ ئێمە لە ساتی خۆیدا بەئاگا نەبووینەتەوە؟ کات چەندە؟

لێناش بە لاقرتێوە وەڵام دەداتەوە:

– هەشت و نیو.

ئیتر لێنا لەوەی سەری دەسوڕمێت کە دەنگ لە ئافرەتەکەوە دەبیستێت. دەبینێ چۆن بابی دەست بە شان و قۆڵی ئافرەتەکەدا دەخشێنێت. هەروەک ئافرەتەکە ترسی هەبێت. یان ئەم دیمەنەی بەلاوە جێی شەرمەزاری بێت و بابیشی دەبێت ئارامی بکاتەوە. ئیتر بابی هەر سەرگەرمی شێلانی قۆڵ و باسکێتی. پێدەچێت کە بابی چاوەڕێ بکات، ئەم وەک کچێکی ژیر و سالار لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە. بەلام لێنا ناتوانێت ئەم کارە بکات. بەڵکوم لە نێزیکی پەنجەرەکەوە بوەستێت و لێیان هەڵبڕوانێت. بابی دەڵێت:

– چۆنی..؟

ئینجا خۆیشی بە بان سەری ژنەکەدا لار دەکاتەوە. لێنا تەواو گوێبیستە کە بابی بە ورەتەوە چی پێ دەڵێت:

– هیچ بیریشی لێ مەکەرەوە. هەموو شتێک تەواوە. ئێمە دەبێت لە تەک ئەودا قسان بکەین.

ئافرەتەکە زۆر بە هێواشی و ئاگاییەوە خۆی وەردەگێڕێت و خۆی ڕاست دەکاتەوە. ئەو هەر زۆر گەنج دیارە. زۆر گەنج. شایەد بیست سالان و ئەو دەوروبەرە. بەتەواویش لای ئاشکرا نییە، چەندە بێت. ئیتر وا ئافرەتەکە لە ناو پێخەفەکەدا دانیشتووە و لێفە پەڕەکەی هەتا بن چەناگەی سەرخستووە. دەنگێکی لێوە دێت:

– هەلۆ، لێنا. خۆشحاڵم بەوەی یەکتر بناسین.

لێنا هەناسەیەک نوێ دەکاتەوە. بابی باوەش بە ئافرەتەکەدا دەکات و دەڵێت:

– لێنا، ئەمە یۆنیکایە...

ئاماژەیش بە لێنا دەکات:

– ئەوەیش لێنای کچمە.

دەڵێیت باری ناسروشتی هۆڵی فێرگەی سەمایە، سەماکەران نابەدڵ و ئاسایی، خۆیان بەیەکتری دەناسێنن. بەڵام نەک لە هەلومەرجێکی وەک ئێرەکانەدا. ئافرەتەکە زەردەخەنەیەک دەکات. بەڵام زەردەخەنەکە ڕاستەقینە نانوێنێت. دەمارەکانی ڕوخساری گرژن و زەردەخەنەکەیش دروستکراو. لێنا لە ئافرەتەکە هەڵدەڕوانێت. لە ناخیشەوە، سارده وەک ماسی. بۆیە لە ناکاو دەکەوێتە سەر ئەو باوەڕەی، ماسیش چ هەستێکیان هەیە. بێشک وەک نهاکەی ئەم، هیچ هەستێک. ئافرەتەکە بە جەغت و میهرەبانییەوە دەڵێت:

– زۆرم لە هەمبەر تۆوە بیستووە...

جا پێدەچێت کە بەو هیوایە بێت، لێنایش زەردەخەنەیەک بکات. بەڵام ماسوولکەکانی ڕوخساری لێنا، بەرهەڵستی دەکەن. لێنایش وەڵام دەداتەوە:

– خۆشحاڵم پێت... بەڵام من هیچ شتێکم لەبارەی تۆوە نەبیستووە.

ئەم وەڵامە وەک وەشانی قامچییەک ئاراستەی ئافرەتەکە دەکات، کە لە کراسی خەونی بچووک بۆوەی، پڕ لە وێنەی مانگ و ئەستێرەی ئەمدایە. دەبوایە لە مێژبووایە ئەو کراسەی بخستایەتە عەمباری کۆکردنەوەی جلکە کۆنە. وەردەگەڕێت و دەرگەکە لە پشتی خۆیەوە دادەخات. لێنا لە هەوڵی ئەوەدایە، خۆی ئارام ڕابگرێت. دەچێتە گەرماوەکە و دوش دەکات. دانەکانی دەشوات و قژەکانیشی شانە دەکات. بەدرێژاییی کاتەکە هیچ شتێک لە دالانەکەدا ڕوونادات. کە لە گەرماوەکەیش دێتەوە دەرەوە، دەرگەی ژووری نووستنەکەی بابی، هێشتاکە داخراوە. لێنا دەردەفرتێتە ژوورەکەی و خۆی دەپۆشێت. ئینجا لەسەر پەنجەکانی پێ و بەلای ژووری نووستنەکەی بابیدا،

بۆ خواردنگەکـە دەچێت. بابی کە لە بەر چێشتلێنەرەکەدا وەستاوە، بە لێنا دەڵێت:

– هێلکەوڕۆن بە بەزی سوورەوەکراوەوە..؟

لێنا لە ژێر گرێژنەی دەرگەکەدا هەڵوێستەیەک دەکات. بە دەنگی بەرزەوە وەڵام دەداتەوە:

– من تا نهاکە، بەر لە چوونە خوێندنگە هێلکەوڕۆنم نەخواردووە...

هاوکاتیش بیر دەکاتەوە: " سەرگەرمییەکی باشە... بۆ گفتوگۆ..". بابی بەدەم هێنانی لێوانێکی مل درێژەوە دەپرسێت:

– ئەی – لاتە ماچیاتۆ – قاوە و کەفی شیری گەرم؟

لێوانەکان تازەن. لێنا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کۆمێدەکەدا بەدی کردن و لە بیریشی چوو لە بابی بپرسێت: ئەم لێوانانە لە کوێوە هاتوون؟ بەڵام هۆکاری ئەم پرسیار نەکردنەیش ئەوە بووە، بابی هەرگیز نە لەوێ بووە و نە کاتیشی هەبووە.. بابی خۆی وەردەگێڕێت و لە لێنا دەپرسێت:

– دەزانیت..؟

لێنا دەڵێت:

– چی...؟

بابی بەلای لێنادا وەردەگەڕێت. بابی ماندوو و ڕەنگ پەڕیو دیارە. لێنایش بیر دەکاتەوە؛ دەی ئەوەیش تەندروست نییە. بابی وەڵام دەداتەوە:

– یۆنیکا – لاتە ماچیاتۆ – ی باش دەکات... هەمیشەیش دەری خستووە کە باشی دەکات...

– دەی کەواتە ئەو لێوانە مل درێژانە، هینی ئەون؟

بابی زەردەخەنەیەک دەکات. وەهای بۆ دەچێت، گفتوگۆکەیان بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت. بۆیە لە وەڵامدا دەڵێت:

– هەروەسایە. ئەو پێشکێشی کردووم. من بە یۆنیکام وتووە کە تۆ کەیفت

بە خواردنەوەی – لاتە ماچیاتۆ – دێت. بە قاوەی کەم و کەفی شیری زۆرەوە.

– کەواتە ئەو ژنە زۆر جاران لێرە بووە.

بابی کە هێشتاکە بە لێوانەکەوە لەبەر مەکینەی ئێسپرێسۆکەدا وەستاوە، بە شڵەژاوییەوە چاو لەم دادەگرێت. ئەو هەمیشە و ئەگەر نائەرخەیان بێت، وەها دەکات. لێ، هیچ کەسێک بەئەندازەی لێنا بابی خۆی ناناسێت. ئینجا بە درێژکردنەوەوە دەڵێت:

– بەڵێ.. ئەو جاری تریش لێرە بووە.

– ئەهـ–ا.

ئیترهەردووکیان بێدەنگ دەبن. بابی دەیەوێت بۆ لای لێنا بێت. بەڵام لێنا بەدەست وەک بەرپەرچدانەوە، ئاماژە دەکات و دەڵێت:

– ئەی لە کەنگێوە یەکتر ناس دەکەن؟

بە لاڵەپەتەوە، وەڵامی دەداتەوە:

– ماوەیەکی درێژ نییە.

– ماوەیەکی درێژ نییە، مانای چییە؟

بابی لە ژێر لێوەوە، وەڵام دەداتەوە:

– نێزیکەی ساڵێک...

بابی گەرەکییە درێژی پێ بدات. بەڵام لێنا وەها بە واقورماوییەوە لێی هەڵدەڕوانێت کە ئەو ناچارە ئیتر هیچ نەڵێت. دەستەکانیشی کە بە ماناوە ڕای گرتبوون، دەکێشێتەوە خوارەوە. ئینجا دەڵێت:

– بەیەک گەیشتین و حەزمان لەیەکتری کرد.

– زۆر چاکە..

لێنا سێوێک لە سەحەنی میوەکە هەڵدەگرێت. بە پانتۆڵە جینسەکەی پاکی دەکاتەوە و دەیخاتە جانتاکەیەوە. دەچێتە دالانەکە و چاکەتەکەی دەکاتە بەر. بابیشی دوای دەکەوێت و بە تکاوە دەڵێت:

– دەی بێشک کـە تۆ درەنگ دەگەڕێیتەوە. بۆیە باشترە ناشتایەکی باش بکەیت.

هەروەک سەرمای بێت، شانەکانی بەرز دەکاتەوە و وەڵام دەداتەوە:

– برسیم نییە.

– بەڵام تۆ دەبێت شتێک بخۆیت.

لێنایش سەری بادەدات و دەڵێت:

– ئارەزووی خواردنم تێکچوو..

– بەڵام ئێمە دەبێت پێکەوە قسان بکەین. حەز دەکەم کە بۆتی شی بکەمەوە.... هەتا تۆیش تێ بگەیت..

وا لێنا گەیشتووەتە بەر دەرگەی چوونە دەرەوە. لەوێوە ئاوڕێک دەداتەوە و ئاوات دەخوازێت کە بابی لە هەست و ناخی ئەم تێ نەگەیشتبێت. هیوادارم هەست بەوە نەکات کە دڵم هاتووتە ناو قورگمەوە! بەڵام زۆریش لە خۆی دەکات:

– من لەسەر ئەو باوەڕەم، بەر لەوەی کە من ئێوە لە ناو جێدا بگرم، دەبووایە پێشووتر پێمت بگوتمایە. دەزانی هەست و بۆچوونی من بۆ ئەمە چۆنە؟

بابی لە شێوەی سەگی – دەکلێ – دا، سەرنجێکی خواری دەدات. دەیەوێت کە لێنا لێی خۆش بێت و کارەکە کۆتایی پێ بێت. بەڵام لێنا ناتوانێت. دەڵێت:

– قێزەون و پیسە...

شەقە لە دەرگەکە هەڵدەستێنێت.

لەسەر ڕێگەی چوونە خوێندنگە، ناتوانێت هیچ شتێک بە تەواوی ببینێت. چونکە هەردەم ئەسرین لە چاوەکانییەوە دەخزێنە خوارەوە. هیچ دەستەڵاتێکیشی نییە. حەز دەکات لەسەر ئەو کورسییە دابنیشێت و بەگریان هەر هەموو ناخۆشییەکانی فڕێداتە دەرەوە. سا ئیتر ئەگەر ڕۆژێکی پێ بچێت و شەوەکەیش بەسەریا، هیچ گرینگ نییە. پێدەچێت کە ئەو یۆنیکایە گەرەکی

بێت، بۆ کن بابی بگوێزێتەوە. پێدەچێت ئیتر لە ئێستاوە ئەو ژنە لە کن بابی و لە هەمان پێخەفدا بخەوێت. لێنا بیر دەکاتەوە: کەواتە ئەوان لەمێژە یەکتری دەناسن. وا ساڵێکە. دەرکەوتنی ئەو ڕاستییەشی کە بابی دایکی تەفرە داوە و درۆی لەگەڵدا کردووە. بەوەی کە ئەو هەر بەو مەبەستە نییە کە بەرلینی بەدڵە، بەڵکوم لەبەر ئەم یۆنیکایەیە....شەپۆلێکی گەرمی بەلەشیدا گوزەر دەکات. ئای لە دایەی هەژارم. منیش ئەوم لە تەنگانەدا جێهێشت! کەواتە ئەوان لەمێژە یەکتر دەناسن! ئینجا ئەوە بە مێشکیدا دێت، چۆن بڕیاری جوداییان دا. شتێکی تریش: دیارە هۆکاری سەرەکی لێ جویێ بوونەوەی دایک و بابی، هەر ئەم مانگایە بێت! ئۆه.. نهاکە تێ دەگەم بۆچ دایکم هەمیشە نیگەران بوو. بۆچ ئەو ئیتر حەوسەڵەی ئەوەی نەمابوو، بە نوکتەکانی بابی پێبکەنێت. یانیش سێ قۆڵی کارێک ئەنجام بدەن. چونکە بابی خیانەتی لە دایکی کردووە. هەروەهایە. ئەمیش بێئاگا لە هەموو شتێک. کەسیشیان بە پێویستیان نەزانیوە لە تەک ئەمدا و لەو بارەیەوە، قسان بکەن. هەروەک ئەم منداڵێکی گچکە بێت و نابێت هیچی وەهای لە تەکدا باس بکرێت. هەروەک ئەم لە داهاتوودا پێی نەزانێت. بۆ نموونە، وەک ئەمڕۆ. لە ئان و ساتدا بەئاگا نەبیتەوە و نەچیتە پۆل و ئەمەیش بەسەریدا. نەخێر، ئەمڕۆکە ناچمە خوێندنگە. ئینجا بەرەو دەروازەی تراموایە ژێرزەمینییەکە دەچێت. بیر دەکاتەوە: جا با هەموویان منیان خۆش بوێت، بەڵام من هیچ حەوسەڵەیەکم نییە. گوێبیست دەبێت چۆن ترامواکەیەک لە خوارەوە خەریکە دەگاتە وێستگەکە. فرمێسکەکان بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەخزێنە خوارەوە. کە ئەم دەگاتە سەکۆی وێستگەکە، لە ئان و ساتدا ترامواکەیش دەگات. ئەم سەردەکەوێت و دەرگەکانیش دادەخرێنەوە. بیر دەکاتەوە: دەمتوانی بگەڕێمەوە و بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە. هەر بۆ ئەوەی بزانم ئەو ژنە... ئەو یۆنیکایە.. هێشتاکە لە تەک بابیدا و لە جێگەدایە... باشە دەبێت بۆ ئەوان هیچ جێی گرینگی نەبێت، من چ هەستێکم هەیە؟ ئینجا خۆی بەسەر کورسییەکی نێزیک دەرگەکەدا دەدات. ترامواکەیش دەکەوێتەوە ڕۆیشتن.

کابرایەکی – پێنەر – مەستکەر کە قەمسەڵەیەکی بارانیی ڕەنگ چەوری لەبەردایە، لە پاڵ ئەمدا دانیشتووە. دەریشەوە هەتاوە. لێنا هێندە دەزانێ کە ڕۆژێکی بێ هەوری خۆرەتاوە. ئیتر تەنیا لە فیلمەکاندا وەهایە، ڕووداوە خراپەکان لە ڕۆژانی باراناویدا ڕوو دەدەن. بە چاوە تەڕ و ئەسرین تێدا قەتیس ماوەکانیەوە، لە پلاکاتێکی بان دیواری ناوەوەی تراموایەکە هەڵدەڕوانێت. وێنەی ئافرەتێکی سوپەر مۆدێلی وەک – هایدی کلوم –ی بەسەرەوەیە. ئافرەتەکە سوخمەی بەستووە. پانتۆڵێکی کورتی لە بەردایە و گۆرەوی درێژی هەڵکردووە. لنگە هەر زۆر درێژەکانی ڕووبەڕووی خەڵکەکە کردووەتەوە. سۆڵەی سووری لە پێدایە کە بەردی بریسکەداری بەسەرەوە چەسپێنراوە. لە هەموو لەشی ئافرەتەکەدا، یەک گرام چەوری بەدی ناکرێت. نە زیادە گۆشت و نە چرچ و لۆچی سمت و کەفەڵ و سەر ئەژنۆکان. مەمکۆڵەکانیشی هێندە ڕندن، هەر دەبێت دروستکراو بن نەک ڕاستی. کە لێنا لەم جۆرە ئافرەتی مۆدێلانە دەبینێت، لە سەدا سەد حاڵی تێک دەچێت. هەست بە کەمایەسی لە خۆیدا دەکات و پێی خۆشە کە دەرنەکەوێت. ئیتر کە لێنا نایەوێت لە پلاکاتەکە هەڵبڕوانێت و سەری وەردەگێڕێت، مەستکەرەکە دەڵێت:

– بەیانیت باش.

لێنا چاوەکانی خۆی دەسڕێت و وەڵام دەداتەوە:

– بەیانیت باش.

کابرا دەست بە زەرفە نایلۆنەکەیدا دەگێڕێت. دەست دەبات بۆ ئەو دەسرۆکە چرچ و لۆچەی ئەو لە نانی ڕەش و شتێکی سووریەوە پێچاوە. شایەد سجوقی ڕاوکەران بێت. لێنایش هەروەهای بۆ دەچێت. سجوقی ڕاوکەران شتێکە لەوانەی کە لێنا هەرگیز و بەئارەزووی خۆی شتی وەها ناکڕێت. دایکیشی هەمیشە دەیوت؛ شتێکی قێزەونە. کێ دەزانێت، چ شتێکی تێکەڵ کراوە. دایکی بەهیچ جۆرێک گۆشت لە سوپێرمارکت ناکڕێت. ئەو ڕووداوانەی لە مەڕ گۆشتەوە ڕوویان داوە، ئەو مافە بە دایکی دەدا. چونکە

زۆر لە گەلێک لە کارمەندانی کۆمپانیایەکی گۆشتفرۆشتن کراوە، دێرۆکی نوێ بەسەر دێرۆکە کۆن و بەسەرچووەکەدا بچەسپێنن. ئەوسا مرۆڤ پارە بە گۆشتی تازە دەدات، کەچی گۆشتی گەنیو بۆ ماڵەوە دەباتەوە. ئیتر چلۆن زەوقی خواردن تێک ناچێت. لێنا بیر دەکاتەوە: ئۆو خوایە، ئەرێ من لەم کاتەدا و لەم ساتی سەرلەبەیانییە خراپەدا، بیر لە چ دەکەمەوە؟ چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ ئینجا دەگەڕێت بۆ دەسرۆکەیەکی کاغەز لە جانتاکەیدا. مەستکەرەکە بۆی پێ دەکەنێت. دوو دانی پێشەوەشی کەوتوون. ئەو هەمدیسان دەکەوێتە گەڕان بە زەرفە نایلۆنەکەدا و پاروویەک نان و سجوق دەردێنێت. ڕوو بە لێنا دەپرسێت:

– ناشتات کردووە؟

لێنایش بە خێرایی سەری ڕادەوەشێنێت و خۆی زۆرتر بە دیوارەکەوە دەنووسێنێت. پیاوەکەیش دەڵێت:

– بەتام و تازەیە.

– باوەڕت پێ دەکەم.

لە ساتی گاز لێگرتندا دەڵێت:

– من هەمیشە شتی تازە دەخۆم...

ئیتر ڕستەکانی تر بەدەم جوین و قووتدانەوە، دەچنە خوارەوە. فرمێسکەکانی لێنا وشک بوونەوە. بەڵام هەست دەکات کە هاکا تووشی سەرئێشە بوو. گوێکانی دەزرنگێنەوە. کە لێنا هەڵدەستێت، مەستکەرەکە دەپرسێت:

– هەمدیسان بەزمەکەیە؟

لێنا وەڵامی دەداتەوە:

– من دەبێت دابەزم. لەبەروەی خوێندنگەکەم لێرەیە.

کابرا سەری دەلەقینێت و دەڵێت:

– خوێندنگە گرینگە.

لێنایش بە هەنگاوێک لە دەرگەکە نێزیک دەبێتەوە و دەست بە دەسکگرەکەوە دەگرێت. کە جارێکی تر ئاوڕ لە پیاوەکە دەداتەوە، ئەو زەرفە نایلۆنەکە دەلەرێنێتەوە و بەدەنگی بەرزیش دەڵێت:

– بەڵێ، بەڵێ... ئەگەر بۆ خوێندنگەیش نەبێت، نۆن شولای، سێد ڤیتای دیسیموس..

لێنا لەو باوەڕیدایە کە ئەوە ڕستەیەکی لاتینییە. چونکە جاری تریش گوێی لێ بووە. جارێک، دوو ساڵی بەری و لە گەشتێکی خوێندنگەدابوو. ئەو ساتە چوونە سەردانی بەشێکی ناوەخۆیی بەناوبانگ. ئەم ڕستەیەش لە بان دەروازەی چوونە ژوورەوەدا نووسرابوو: ئێمە نەک بۆ خوێندنگە بەڵکوم بۆ ژیان فێر دەبین. لێنا حەزی دەکرد لەو پیاوە بپرسێت: ئەی باشە کە تۆ ئاوەها لاتینیت خوێندووە و فێر بوویت، بۆچ بوویتەتە مەستکەر؟ بەڵام گەیشتە وێستگەکە و لە ترامەوایەکە دابەزییە خوارەوە. بیر دەکاتەوە کە دەبێت فریای دەمژمێری دووەم بکەوێت. ئەمڕۆ هەموو شتێک تەڤ لە هەڤە. ساتێک لێنا دەگاتە ناو پۆل، دەمژمێری دووەم دەستی پێ کردووە. مێشکی درنگەی دێت. تەنیا شتێکیش کە ئەو سەرنجی دەچێتە سەری سەعیدە. کردەیەکی سەیریشە. ئەگەرچی لێنا نیگەرانی و خەمی تری هەیە. لە گوزەرانێکی تەڤ لە هەڤدایە. دەڵێیت کۆنترۆڵی هەر شتێکی لەدەست داوە و بیری لە جێی ترە. کەچی لەناکاو لێنا ئەو ڕووداوانەی خستە پشتگوێ و ژبیر کرد کە بۆ ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک لە ماڵەوە بەسەریدا هاتبوون. ئیتر بیری لە ڕووداوەکانی نێوان خۆی و ئەم خورتە دەکردەوە. کە بەرەو جێگەکەی دەچێت، دەبینێت چۆن سەعید بەرەو ئەم سەری بەرز دەکاتەوە. بێ ئەوەی تەواویش لەم هەڵبڕوانێت، بزەیەکی بەسەر لێوانەوەیە. دەڵێیت ئەم لە هەوا و هەوەسێکی تایبەتیدایە، هەتا بزەیەکی ئاراستە بکرێت. تا نهاکە ئەم و سەعید لە دەرەوەی خوێندنگە بەیەکتر نەگەیشتوون. لێنا لەوەیش پەشیمانە کە جارێک داوای لە سەعید کرد، بێتە کن ئەم بۆ ماڵەوە. تا نهاکەیش سەعید لەو بارەیەوە هیچ ڕایەکی دەرنەبڕیوە. لێنا هەستی پێ کرد، چۆن ئەو شڵەژا. دەتگۆ ئەم

داوایەکی پێچەوانەی کولتوور و خووخدەکانی لێ کردبێت. لەوە دەچێت کە ئەو لە بەغداد، خووی بەوەها کردەوەیەک نەگرتبێت و پێی ئاشنا نەبێت. پێدەچێت کە ئەو شەرمێون بێت. کەسێکی سەیرە.

جارجارە سەعید لینای ڕازی دەکرد، پاش ساتی خوێندنگە پێکەوە بمێننەوە. ئەگەر دوانیوەڕوانی ڕۆژانی سێشەمە و پێنجشەمە کافەتێریاکە کراوە بووایە. دەچوونە ئەوێکانە و ئەرکەکانی ماڵەوەیان جێبەجێ دەکرد. سەعید لە ماتماتیکدا هاوکاری ئەوی دەکرد و لینایش ئەو شتانەی بۆ ڕاڤە و شی دەکردەوە کە سەعید لێیان تێ نەدەگەیشت. سەعید بە حەزەوە خۆی فێر دەکرد و ڕۆژێ فێری پەنجا وشەی نوێ دەبوو. پێدەچێت کە شەوان تا درەنگانێک کۆشش بکات و کەمیش بخەوێت.

لە ڕاستیدا دەبووایە ببوونایەتە هاوەڵی یەکتری. بەڵام هەستێکی نامۆی نێوانیان، بۆشایییەکی دروست کردووە. دەنا هەردووکیان لە خوێندگە و پۆلدا، لە یەکتری زیاتر کەسێکی تریان نییە لە تەکیدا پێوەندییەکی گەرموگوڕیان هەبێت. سەعید چاوێکی نەرم و خەمبار و بەڵام جوانی هەیە. جارجارە کە لینا لە لاوە لێی هەڵدەڕوانێت، ئاواتەخوازە کە بتوانێت پێی بڵێت، ئەم چ هەستێکی لە هەمبەر ئەودا هەیە و ژیانیشی چەند پڕ کێشەیە. چۆن لە هەمبەر دایکیدا، هەستێکی وەها خۆ بە خراپ زانینی هەیە کە زۆر جاران دەکەوێتە گریان. نازانێت چۆن پاش نیوەڕۆ و ئێوارە قەڵسکەرەکانی بەسەر بەرێت. ئەم شارە نوێیەش بە دڵگیری و گرینگییەکەیەوە، هێشتاکە بۆ ئەم نامۆیە. بێشک کە سەعید لەم زۆرتر خۆی بە نامۆ دەزانێت. بۆیە وادیارە کە هەردووکیان، دەبێت بەم پێوەندییەیان بەیەکترەوە خۆشحاڵ بن. سەعیدیش هەرگیز لە هەمبەر خۆیەوە هیچ ناڵێت.

ئیتر ئەگەر نهاکە لە تەلەفیزیۆندا، لە هەمبەر عێراقەوە هەواڵ بڵاو بکرێتەوە، زۆر بە گرینگییەوە سەیری دەکات. بەڵام هەمیشە لە هەمبەر شەڕ و سەرباز و بۆمبا و تێرۆرەوە، هەواڵ بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام بێشک کە سەعید بەغدادێکی تر و بەشێوەیەکی تر دەناسێت.

لێنا حەز دەکات بزانێت؛ ئەو چۆن لەوێکانە ژیاوە. دەشێ چەند وێنەیەک هەبن کە ئەو پیشانی ئەمی بدات..؟ چی لێ بەسەردا هاتووە و چۆن ئەو شەڕەی بەسەردا تێپەڕیوە... بەڵام ئەو لەم بارەیەوە بێدەنگە. ئەو نەک هەر لە هەمبەر باسی شەڕەوە، بەڵکوم خۆیشی لاتەریکە.

لە یەکێک لەو پاش نیوەڕۆیانەی پێکەوە دەیانخوێند، لێنا لێی پرسی:

– کچەکانی ئەوێ لەچکیان بەسەرەوەیە؟ خۆت ئەمە چۆن دەبینیت..؟

بەڵام سەعید بێ ئەوەی هیچ بڵێت، تەنیا پێکەنی بوو. بۆیە لێنا لەو باوەڕەیدا بوو کە سەعید نهێنی خۆی هەیە. ئەو ترسی هەیە. یان تاسەی نیشتمان. یانیش کردەوەیەکی تۆقێنەر لە ژیانیدا ڕووی دابێت......

ئەوەتا نهاکە لێنا سەعید لەسەر کورسییەکەی پۆل دەبینێت. ئەمیش سەری هاتووەتە ژان. خەمبارە و ترسیش دای گرتووەتەوە. بۆیە زۆر خۆش و باش دەبێت ئەگەر بیتوانیایە زۆرتر لە تەک سەعیدا ببووایە. ئەگەرچی بە دژوارییەوە دەتوانن لە تەک یەکتردا بپەیڤن. بەڵام ئەگەر سەعید نەیەوێت، ئەوا هیچ. هیچ قەیدی نییە. تەختی نێوچاوانی لێنا لە ئێشدا ترپە ترپ دەکات.

دەنگی مامۆستا بێرنهایمەر بڕێک توندە کە دەپرسێت:

– لێنا! جارێکی تریش لێت دەپرسمەوە: چ هۆکارێکت بۆ هۆی دواکەوتنەکەت لە تەک خۆتدا هێناوە؟

لێنا تێ ناگات، بۆچ دەنگی مامۆستای میهرەبان ئەمڕۆکە وا توند و تیژە؟ وا لە ناکاو هیچ تێگەیشتنێک لەخۆیەوە پێشان نادات؟ ئەو مامۆستایەی کە کورتە ناوی بێرنی بەخۆی قایل دەبینێت. ئەمیش تەنیا لە تەک ئەو مامۆستایانەدا دەکرێت، کە بە میهرەبان دیار و ناودارن. دەبێت شتێک ئەم مامۆستا کراوە و سالارەی قەڵس و نیگەران کردبێت. هەموو هەڵسوکەوتەکانی گرژەدەمارین. خۆ دەبێت نیگەرانییەک لە گۆڕێدا بێت، بەڵام مانای وایە کە دەبێت ئەو نهاکە بەسەر ئەمدا ببۆڵێنێت؟ هەروەک ئەم خۆی هیچ خەمێکی نەبێت! لێنا لە جەنابی بێرنهایمەر هەڵدەڕوانێت و بە بوێرییەوە

وەڵامی دەداتەوە:

– هیچ بەڵگەیەکی داوای لێبووردنم پێ نییە. داوای لێخۆشبوون دەکەم. ئێستا دەتوانم دابنیشم؟

مامۆستا بە بەری دەستی بە سەر مێزەکەدا دەکێشێت و دەڵێت:

– نەخێر! تۆ هەر لەو جێیەی کە وەستاویت، دەمێنیتەوە. هێندەیش دەوەستیت هەتا من دەمەوێت. هەتا من دەخوازم. جا با بزانین خوێندکار دەتوانێت بازی بە مامۆستا بکات و بیەوێت بەسەر لووتیەوە سەما بکات؟ ئا با بزانین ناتوانین ڕێکوپێکی لێرەکانەدا بەرقەرار بکەین؟ بۆیە هەروا بە سانایی : داوای لێخۆشبوون دەکەم، بەس نییە.

لە چرکە ساتدا، بێدەنگی باڵی بەسەر پۆلەکەدا کێشا. نەک تەنیا لێنا، بەڵکوم هەمووان سەرنجیان لەسەر مامۆستایە. ئەوان مامۆستایان هەرگیز وەها نەدیوە. بۆیە دەبێت بەر لە کاتژمێرێک شتێک ڕووی دابێت. جا یان لە تەک پۆلێکی تردا، یانیش لە تەک هاوکارەکان و یانیش بەڕێوەبەردا. دەبێت شتێک ڕووی دابێت..... بێشک کە مامۆستا شتێکی وەها لە کن خوێندکارەکانی باس ناکات. لێنایش ئەمە بە سووکایەتی دەزانێت، لە بەرچاوی ئەو هەموو خوێندکارەدا، بە پێوە بمێنێتەوە. هەمووان لە سەرەوە بۆ خوارەوە لێی هەڵدەڕوانن و دەتوانن بزانن، چی لە کن ئەم تەواو نەبێت. بۆ نموونە؛ ڕەنگەکانی پانتۆڵ و بلووزەکەی، ناگونجێن. دەتوانێت ئەمەیش لە روخساری ئەو-کێرستین - ەدا بخوێنێتەوە. کە هەمیشە خەڵکانی تر بە جۆری پۆشاکەکانیدا هەڵدەسەنگێنێت.

ئەوەتا دەیبینێت چۆن – کریستین – لە ساتی سەرنجداندا لە فانیلەکەی کە لێنا لە ژێر بلووزەکەوە لەبەری کردووە، لێوەکانی هەڵدەقورچێنێت. وادیارە کە بەلای ئەوەوە، مۆدێلەکەی لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت. دەی جا چ قەیدی هەیە. لێنا بە مامۆستا دەڵێت:

– باشە. من خەوم لێکەوتبوو...هێندە بەسە..؟

– هەروا بە سانایی، خەوم لێکەوتبوو. خەڵکی بۆ ئەم کێشەیە، زەنگێکی بەئاگاهێنەرەوەیان هەیە..

– منیش دانەیەکم هەیە... بەڵام.. بەڵام ئەو پارچە مۆسیقایەی کە لە سەرێتی... منی خستە ئارامییەوە.. بۆیە خەوم لێکەوتەوە... داوای لێبووردن دەکەم..

کێرستین لە پڕدا پێ دەکەنێت. لێنا زۆری بەلاوە سەیرە کە ئەو پێ دەکەنێت. چونکە هەتا نهاکە لێنا هیچ گرینگییەکی نە بەو و نە بە زۆربەی خوێندکارەنی تر داوە. بوێری دەداتە بەرخۆی و چاوێک لە کێرستین دادەگرێت. مامۆستایش بە نارەزاییەوە دەبۆڵێنێت:

– دەی بەلاتەوە، جێی جەفەنگیشە..؟

لێنا بیر دەکاتەوە: ئەوە دەڵێم کە دەمەوێت بیڵێم. ئەمڕۆکە هەموو شتێک بە خواری دەڕوات. ئینجا وەڵام دەداتەوە:

– نا من بە جەفەنگی نازانم و پێشنەکەنیوم...

سەرئێشەکەی زیاتر دەبێت. مامۆستاکە وەها لێی هەڵدەڕوانێت، هەروەک داوای لێبووردنی زۆرتری لێ بکات. لێنا قورگی پاک دەکاتەوە. دەڕوانێتە سەرپێیە سپییەکانی. ئینجا تەختەکە. سەرنجی دەگوازێتەوە کن پەنجەرەکە و ئینجا ترۆپکی دارەکەی ئەودیو. بیریش دەکاتەوە: یان دارمازووە و یانیش بەڕوو. نایشزانم کامیانە. جا مرۆڤ بۆچی بزانێت؟ ژیان هەمیشە تووشی سەرسوڕمانی وەهات دەکات، هیچ پێوەندییەکی بەو بابەتانەوە نییە، کە لە خوێندنگە دەخوێنرێن. – نۆن شۆلای، سێت ڤیتای دیسیموس – (نەک بۆ خوێندنگە بەڵکوم بۆ ژاین دەخوێنین).. بێرنهایمەر بەسەر مێزەکەدا دەکێشێت و دەڵێت:

– دەی فەرموو، وا چاوەڕێ دەکەین..!

لێنایش بە قینەوە وتی:

– نازانم چیتان لە من دەوێت. چ زیانێکم لێ داون؟ من درەنگتر هاتم و

داوای لێبووردنیشم لێ کردن. حاڵم باش نییە و دەمەوێت بچمە سەر جێگەکەم...

بێرنهایمەر هاواری لێ بەرز بووەوە:

– نەخێر. دۆزەکە هەروا بەو سانایییە نییە. هەموو کەسێک دەبێت یاسا و ڕێساکانی خوێندگە پەیڕەو بکات. ئیتر هیچ شتێک قبووڵ ناکەم. هیچ شتێک.

بێدەنگی دروست بوو. کریستینا لە پاڵ کێرستندا دادەنیشێت. لێنا هەستی بە سەرنجی ئەو کرد. دایک و بابی کریستینا لە پۆرتوگالەوە هاتوون. بەڵام وا دە ساڵێکە لە بەرلین دەژین. ئەو کچێکی بەڕەوشت و میهرەبانە و جارجارە لە تەکیدا قسە دەکات. ئەگەرچی بێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بێت، ئەو حەز بە خەڵکەکەی تری پۆل ناکات. لێنایش ئەو هۆکارەی لا ئاشکرا نییە. بێرنهایمەر قورگی پاک دەکاتەوە و دەڵێت:

– دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارەیشمان بدەیتەوە: بۆچ گوزەرانت خراپە؟ چ شتێک ڕووی داوە کە تۆ وات لێ بێت بڵێیت؛ چ جیاوازییەک هەیە ئەگەر من کەی بۆ خوێندنگە بێم..؟

لێنا ناچار دەبێت لە ناکاو، بیر لە فیلمێک بکاتەوە کە لە شاری فڕانکفۆرت و لە تەک دایکیدا سەیری کردووە. سینەماکەی کن بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە. سینەمایەکی ڕند بە کورسی و قەنەفەی قووماشی سوورەوە. بەتەواویش لە یادی نەماوە، فیلمەکە ناوی چی بوو. بەڵام زەوقی بەمان دا. لە فیلمەکەدا ئافرەتیک هەبوو کە هەمیشە ڕاستییەکانی بە بەرپرسەکەی دەوت. جا هەرچییەکیش بووایە. ئەو ژنە باشکردار و میهرەبان و ڕێزدار نەبوو. بۆیە هەرچییەک بووایە ڕێک دەیوت. وەهای بەلاوە باش بوو. کەواتە ئەمە هەلومەرجێکی لەبارە، هەتا ئەمیش تاقی بکاتەوە. ئیتر ئارەزووی نییە شتی تر بدۆزێتەوە. دەی با ئەمانیش بیبیستن لە کن ئەم چ باسە. لە هەموو شتێک بێزارە. ئیدی گوزەرانی ئەم چۆنە..؟ ئەوا کەسێک گرینگی بۆی نییە. ئاخ.. چی دەبێت با ببێت!

با بزانین کە چۆن بیری لێ دەکەنەوە.

– دەی باشە...

هەناسەیەک نوێ دەکاتەوە و درێژەی دەداتێ:

– دایکم و بابم لێک جــوێ بوونەتەوە. منیش بۆم هەبوو هەڵبــژێرم، لە داهاتوودا لە کن کامیان بمێنمەوە. لە کن دایکم لە نزیکی شاری – مونشن – ەوە، یانیش لە کن بابم لێرە و لە بەرلین. لەبەرئەوەی کە لەگەڵ بابمدا هەمیشە باش ڕێک دەکەوین، بۆیە بڕیاری مانەوەم لە کن ئەو دا. لەبەر ئەوەیشی کە هەستم دەکرد، دایکم چەندە لە تەک بابدا خراپ بوو.....

لێنا قسە دەکات و خوێندکارەکانیش گوێیان گرتووە. بێدەنگی باڵی بەسەر پۆلەکەدا کێشاوە. ئەمەیش زۆر جێی سەرسوڕمانە. دەنا هەمیشە و لەلایەن کەسێک دەبێتە بەزم و هەرا. ئیتر یان بە پێڵاوەکانی جیکە لە تەختی زەوییەکە هەڵدەسێنرێت. یان شتێک بەردەدرێتە خوارەوە و ئینجا بە گاڵتەجاڕییەوە هەڵدەگیرێتەوە. نەهاکە هیچ شتێک لەو کردەوانە لە گۆڕێدا نین. لە بێدەنگییەکەدا هەموو چاوەکان لە لێنا هەڵدەڕوانن. لێنا درێژەی دەداتێ:

– کە ئەم بەیانییە شتێک ڕووی دا، ئینجا بۆم ڕوون بووەوە کە من چ هەڵەیەکم کردووە. دەبووا من بڕیاری مانەوەم لە کن دایکم بدایە. پێم وایە دادەوەریش هەر بەو مەبەستە قسەی دەکرد. بەڕای ئەو، هەشتا لە سەدی منداڵانیش لە وەها کێشەیەکدا، بڕیاری مانەوە لە تەک دایکدا دەدەن...

لێنا بێدەنگ دەبێت و هەمووانیش لێی هەڵدەڕوانن. جەنابی بێرنهایمەریش خۆی بەسەر مێزەکەدا کۆم دەکاتەوە. بۆچوون و ڕای گۆڕدرا و وەک جاران نەرم و میهرەبانی دەنواند. وەک لەمەوبەر تووڕە و تڕۆ نەبوو و بە بیرەوە گوێی ڕادەدێرا. لە ساتێکدا چاوە نەرمەکانی لەسەر لێنا ڕاگرتبوو، بە سۆزەوە وتی:

– بەڵام تا ئێستاکە بۆت باس نەکردووین، ئەمڕۆ سەرلەبەیانی چی ڕووی داوە؟

لێنا هەستی بە بێدەنگییەکە دەکرد. دەتگۆ هەر هەموویان هەناسەیان

ڕاگرتووە. لێ، ترسیشی نییە. بەڵکوم بە پێچەوانەوە، وەها باشترە کە ئەو هەموو شتانەی تا ئێستاکە لەسەر یەک کەڵەکە بوون، بەجارێک هەموویان دەربکەیتە دەرەوە. پاشانیش چۆنیان دەوێت با لە من بیر بکەنەوە و یانیش لە تەک مندا بیکەن. چی دەبێت با ببێت. من دەبێت بیڵێم و پێویستیشە بیدرکێنم. بەدەنگی نزم دەڵێت:

– ئەم بەیانییە هەر بەڕاستی بەخەودا چووبووم. تەنانەت بابیشم. بۆیە کە چوومە ژوورەکەیەوە... ئا.. بەڵێ .. ئافرەتێک لەوێکانەدا پاڵکەوتبوو...

غەڵبە و خورتە خورت پۆلەکەی داگرتەوە. بێرنهایمەریش دەپرسێت:

– ئێدەی..؟

– ئافرەتێکی نامۆ لە ناو پێخەفەکەی بابمدا بوو. هەردووکیان زۆر لەمێژە پێوەندییان پێکەوە هەیە. هەموویش بە یەکتریان زانیوە تەنیا منی مەڕەگێژە نەبێت. بەڵێ، چونکە من تەنیا کچیانم... ئاوەها....

هەست دەکات وا فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس ماون. بۆیە ڕوخساری خۆی وەردەگێڕێت. بەردەوام بێدەنگیش باڵی بەسەر پۆلدا کێشاوە. دەنگی بێرنهایمەر کە ئێستاکە نەرمونیانە دێتە گوێی:

– ئەگەر دەخوازیت، لە بان جێگەکەت دابنیشە. داوای لێبووردن دەکەم....

هەناسەیەکیش نوێ دەکاتەوە و هەڵدەکێشێت. لێنایش سوپاسی لێ دەکات. ئینجا بە هەنگاوی خاوەوە بەرەو کورسی و مێزەکەی پشتەوە دەچێت. دەڵێیت هەست بە سووکی و ئارامی دەکات. ترپە ترپەکەی سەریشی کەمتر بوونەتەوە. بۆ دووەم جار بێرنهایمەر هەناسە هەڵدەکێشێتەوە. بەدەم ئەملا و ئەولا پێکردنی پەڕتووک و تیانووسەکانی بەردەمیەوە دەڵێت:

– من دەمویست ئەمڕۆکە ئەو شانسەت پێ بدەم، کە تاقیکردنەوەکەی لەبارەی ئالاسکاوە، جارێکی تر بدەیتەوە. ئەوەتا تۆ لە ڕۆژی یەکەمدا نووسیوتەوە، کە ئێوە لە خوێندنگە کۆنەکەتان، باستان لەم بابەتە نەکردووە. بۆیە پێویستە کە تۆ ئەمڕۆ خۆت سەرگەرمی خوێندنەوە و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بکەیت، لە پەڕتووکەکەتدا. ئەمیش پەڕەی پرسیارەکان. جا لەو

باوەڕەیدایت کە بتوانیت وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە؟

ئەگەرچی لێنا هەست ناکات کە ئامادەباشی تێدایە، بەڵام ناشیەوێت بەرپەرچ بداتەوە، بۆیە سەرێک دەلەقێنێت. هەست دەکات کە مامۆستاکە گەرەکیە پیشانی ئەمی بدات، کە گرینگی بۆی هەیە. هەندێک لە خوێندکارەکان بەجۆرێکی تری دەبینن. کێرستین هەڵدەستێت و دەڵێت:

– پێتان وانییە کە ئەمە کردەوەیەکی چەپەڵ بێت؟ لە ساتێکدا لە ماڵەوەی هەموو شتێک بەسەر یەکدا داڕماوە، ئینجا ئەو بتوانێت گشت توانای زهنی خۆی بۆ شتێکی وەها تەرخان بکات؟

بێرنهاینمەر ئاماژەیەکی نەرێتی دەکات و دەڵێت:

– باشە بۆچوون و ڕای ئێوە چییە؟ پێتان وایە دوای ئەم هۆکارەی کە لێنا بۆی باس کردین، بگەڕێینەوە سەر ڕۆتینی کاری ڕۆژانەمان؟ یانیش چی بکەین؟

ڕیتا هەڵدەداتێ و پێشنیاز دەکات:

– ئێمە دەتوانین – ڕۆژی کێشەکان – دابمەزرێنین. چونکە بێشک، هەر یەکە و کێشەیەکی هەیە، کە ڕوح سووتێنەر و جێی گرینگی پێدان بێت. بۆیە باشترە هەر ئێستاکە دەست پێ بکەین.

مامۆستایش دەڵێت:

– باشە. دەی چ پێشنیازێکی تر هەیە؟

بۆریس کە لە ڕوسیای سپییەوە هاتووە. بۆ لێنایش دەرکەوتووە کە بە شەڕکەر و بۆکزوەشێن ناوی دەرکردووە. ئەو هەمیشە لە وتەک هەندێک لە خوێندکارەکانی پۆلەکانی سەروتردا بەیەک دەگەن. خۆیان بە قۆز پیشان دەدەن و خورتە بچکۆلەکان لێی دەترسێن. هەڵدەستێت و دەڵێت:

– جا ئەگەر ئێمە بمانەوێت بکەوینە خستنە ڕووی کێشەکانمان... ئەوە هەرگیز کۆتایی نایەت..

بێرنهایمەر زەردەخەنەیەک دەکات و دەڵێت:

– هێندەت کێشە هەیە..؟

– هیچ پێوەندی بە تۆوە نییە...

ئینجا بۆریس لەسەر جێگەکەی دادەنیشێتەوە. کریستینا مۆڵەتی قسەکردن وەردەگرێت:

– من ئەوە بە باش دەزانم، لێنا ئەو شتانەی باس کرد. ئەو جۆرە دەربڕینانەیش پێویستی بە بوێریی هەیە. ئێمە خۆمان وەها باش دەردەخەین، دەڵێیت کەسمان کێشەمان نییە. بەڵام هەر کەسێکمان کە لێرەدا دانیشتووین، کێشە و خەممان هەیە...

بۆ پشتگیری لە قسەکەی، هەندێک بە مێزەکەدا دەکێشن. کریستینایش هەست بە پاڵپشت دەکات. دەرێژەی دەداتێ:

– بۆیە بە باشی دەزانم کە ئێمە، لە دەرەوەی بازنەی وانەدا لەم پێشنیازە بدوێین. شتێکی وەک یانە چێ بکەین و لەوێدا ڕووداوەکان بۆ یەکتری باس بکەین.... بۆیە بە هیچ جۆرێک بەڕاستی نازانم کە پەیڤین لەم بابەتە لە ساتەکانی وانەوتنەوەدا بێت.. ئیتر نە ئەمڕۆ و نە سبەینێش. نەخوازەڵا ڕۆژێکیشی بۆ تەرخان بکرێت. ئێمە بۆیە لێرەین کە بخوێنین و فێر بین!

سەعید خۆی بەلای لێنا لار دەکاتەوە و بە چرپە دەپرسێت:

– وەت ئار زەی تۆکین ئەباوت؟(باسی چی دەکەن؟)

لێنایش هەر بە چرپە وەڵامی دەداتەوە:

– مای پرۆبلێمس (باس لە کێشەکانی منە)

– پرۆبلێمس؟ (کێشەکان؟)

لێنا تەنیا شانەکانی هەڵدەتەکێنێت. ئەو هەر تەواو زەوقی تێکچووە. سەعید دەپرسێت:

– وەت دد یو تێل زێم(چیت پێ وتن؟)

لێنا سەری ڕادەوەشێنێت و بۆ دوور خستنەوەی سەعید لە بابەتەکە، (نەسینگ – هیچ نییە)یەک دەڵێت. دەشزانێت کە ئێستاکە سەعید چۆن بیر

دەکاتەوە: لێنا درۆ دەکات. بێگومان کە ئەم درۆ دەکات. بۆیە نایەوێت هەمدیسان پاتەی بکاتەوە. بەتایبەتیش بە ئینگلیزییە خراپەکەی... ئەوە هەر نەء... ئێمیی دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە:

– دەی دەتوانن دەنگ بدەین!

هەمووانیش بە بیر و پێشنیازێکی باشی دەزانن. ئینجا بۆ سەرسوڕمانی جەنابی بێرنهایمەر، کە هەمیشە وەهای بۆ دەچوو خوێندکارەکانی ناخوازن بخوێنن. وا ئەمڕۆکە سێ لە چوار بەشی پۆلەکەی داوای درێژەدان بە وانەکە دەکەن. (ڕۆژی کێشەکان) یش بە دەنگی زۆربە پەسەند کرا. لێنا لە دەمژمێرەکانی دواییدا، توانی وەڵامی پرسیارەکان ئامادە بکات. بۆ خۆشحاڵی خۆی، توانی وەڵامی هەموو خاڵەکان بداتەوە. کە وەڵامی پرسیارەکان دەباتە کن مامۆستا و دەیداتێ. مامۆستایش سەرێکی بۆ دەلەقێنێت. ئەو ساتەی ئەم لە پاڵ مامۆستادا وەستاوە و لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە هەڵدەڕوانێت. ئاسمان هێشتاکە شینێکی کاڵ و بێ هەورە. دەنگی ئۆتۆمبێلەکانیش لە پەنجەرە کراوەکەوە دەبیسترێن. چەند چۆلەکەیش بەسەر پەلی درەختەکەوە شەڕە دەندووک و هەڵبەز هەڵبەز دەکەن.... لێنا دەکەوێتە بیرەوە: هەر ئەمڕۆ تەلەفۆن بۆ دایکم دەکەم و لەگەڵیدا دەپەیڤم.

# بەشی یازدە

ئەگەرچی ئێستا سەرئێشەکەی نەماوە و گوزەرانی باشترە. بەڵام ئەوەی کە ئەم بەیانییە ڕووی دا، هێشتاکە لەسەر دڵێتی و نیگەرانی دەکات. لەگەڵ سەعیددا بەرەو وێستگەی ژێرزەمینی تراموایەکە دەچن. ئەگەر پێویستی نەکردبایە پاش نیوەڕوانی لە کافەتێریاکە بمێننەوە، پێکەوە دەکەوتنە ڕێ و بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد. بەڵام ئەمڕۆکە سەعید لە هەوڵی ئەوەدایە، بە ئەڵمانی لە تەک لێنا بدوێت. بۆ نموونە ئەو دەڵێت:

– من دەترسێم لەوەی تاقیکردنەوە بدەم...

لێنا هەڵەی بۆ ڕاست دەکاتەوە و دەشڵێت:

– چ تاقیکردنەوەیەک؟

– مۆسیک. چونکە من مۆزارت ناناسم. بەناو و دەنگە... وانییە..؟

– هەر زۆر ناودارە...

سەعید سەرێک دەلەقێنێت و دەڵێت:

– لە پوورم دەپرسم. ئەو بزانێ دەبێ...

لێنا بۆی ڕاست دەکاتەوە:

– ئەو دەبێت بزانێت..

– ئۆ بەڵێ، سوپاس. هەر هەڵەی پاتە بووەوە....

لێنایش بیر دەکاتەوە، دووترێت: " هەمیشە و هەمان هەڵە.." بەڵام ئیتر ناخوازێت قسەی بۆ ڕاست بکاتەوە. نەهاکە سەعید فێری وشەی زۆر بووە، بەڵام هێشتاکە بەشی ئەوە ناکات، بەتەواوی لە وانەکان تێ بگات. لە مانەدا هیچ کێشەیەک نییە. وانە خوێندن لە کن مامۆستا بێرنهاینەریش دژواری

ناهێنێتـە پێش. چونکە ئەو مـۆڵەت بە سـەعـیـد دەدات، ئەو ئـەرکـەکـانی بە ئینگلیزی بەجێ بگەیەنێت. کە ئیـتر سـەعیـد لە ئەرکەکـانیدا بە ئینگلیزی، هـەڵەی هـەر نیـــیـــە. بەو هۆکـــارەی بێـــرنـهـــایمەر لە کـــەنەدا ژیاوە، بۆیـە ئینگلیزییەکی تەواو دەپەیڤێت. ئەو بەر لەوەی ببێتە مـامۆسـتـا، هەوڵی داوە بەخـتـی خـۆی لە کـانی ئاڵـتـووندا تاقی بکاتەوە. بەڵام بێـجگە لە پارچـەیەکی بچکۆلانـە هیــچی تری نـەدۆزیوەتـەوە. ئیـــتـــر کــە پـارەکـــانی بەرەو کـــۆتـایی ڕۆیشـتـوون، داوایەکی پێشکێش کردووە، خـۆی وەک مـامـۆسـتـای ئینگلیـزی و ئەردنیگاری پێ بگەیەنێت.

سـەعید دەیویست هـەرچۆنێک بێت بزانێت، لێنا لە خوێنـدنگە باسی لە چی کرد. ئەو وشـەکانی " دایک و باب " تێگەیشت و ئیتر هیچی تر. سەعید دەڵێت: چونکە لێنا بـەخێرایی و وەک با قسـەی دەکرد.. لێنا پێدەکـەنێت و نـاخـوازێت بۆ دووەم جـار لەو بارەیەوە بدوێت. تـەنیـا دەڵێت؛ بۆیە وەها بەخـێرایی قسـەی کردووە، چونکە ئەو زۆر شڵـەژاو و قەلەق بوو. ئینجا سـەعید پێی دەڵێت:

– من دیدم ... سـەر سوور بووبوو...

لێنا بۆی ڕاست دەکاتەوە:

– سـەرت سوور بووبوو..

سەعیدیش بە جەختەوە سـەری دەلەقێنێت و سوپاسی دەکات. ئیـتر بێدەنگ دەبن. سـەعید هـەر چاوەڕێ دەکات بەڵکوم لێنا بکەوێتـەوە قسـەکردن. ئیـتر لە کۆتاییدا لێنا دەڵێت:

– من لە تەک بابمدا قەلەقیم هـەیە..

سـەعید دەپرسێت:

– قەلەقی..؟

لێنایش هـەوڵ دەدات شی بکاتەوە:

– کێشـە. لە ماڵەوە کێشـەم هـەیە.

سـەعـیـد بە چاوی پرسـیـارەوە لیی هـەڵدەروانێت و خـێـرایش چاوەکـانی

لادەبات. لێنایش بەدەنگی بەرز پێی دەڵێت:

– تکایە دەست لە کونتێکردنم هەڵگرە. ئێستاکە ناخوازم. تێ ناگەیت..؟ نامەوێت لەبارەیەوە بپەیڤم!

سەعید بێدەنگ دەبێت و نیگای لەسەر زەوییەکەیە. ئینجا بە نزمی دەڵێت:

– من تێ نەگەیشتم باش. ببوورە. تۆ هەمیشە خێرا.... وشەی زۆریش... ئێستایش ناتانەوێت هیچ بڵێن.

لێنا شانەکانی هەڵدەتەکێنێت. بەردەوام و لە پاڵ یەکدا دەڕۆن. جارجارەیش ئەگەر کەسێک بەلایاندا ڕابوورێت، پیادەڕەوەکە تەسک بێتەوە، قۆڵ و باڵیان بەر یەکتر دەکەون. هەردووکیان بێدەنگن. لێنا هەستێکی وەهای هەیە، دەخوازێت پاش ئەم لە هەڵادانەی خوێندنگە، ئیتر ساڵەهای ساڵ هیچی تر نەڵێت. هەست بە ماندووێتی دەکات و دەڵێیت وا سەد دەمژمێر دەبێت کە نەنووستووە. سواڵکەرێک پاڵی بە دیواری خانوویەکەوە داوەتەوە. قاپێکی لە پاڵدایە کە چەند دراوی زیوینی تێدایە. کابرا تاکی پانتۆڵی قاچێکی هەڵکردووە و لاقێکی نییە. قاچە بڕاوەکەشی پیس و پۆخڵە. سەعید لە بەردەمیدا هەڵوێستەیەک دەکات و لێی هەڵدەڕوانێت. زۆری پێدەچێت هەتا سواڵکەرەکە بەرەو ئەو سەری هەڵدەبڕێت. کە سەیر دەکەن کابرا نابینایشە. سەعید تکا لە لێنا دەکات:

– پلیس، کۆلد یو ئاسک، وەت هاپنت تو هیم؟ (تکایە دەتوانیت لێی بپرسیت، چی لێ بەسەردا هاتووە؟)

ئینجا خۆیشی ڕاست دەکاتەوە و بە ئەڵمانی دەڵێت: "چی ڕووی داوە؟" لێنا سەرنجێکی سواڵکەرەکە دەدات و ئینجا سەعید دەڵێت:

– ئەوە بەڕاستتە..؟

سواڵکەرەکە بە ڕوویەکی پێکەنیناوییەوە، ڕووی خۆی بەرەو لای لێنا وەردەگێڕێت. سەعیدیش هەمدیسان تکا لە لێنا دەکاتەوە. پیاوەکە پیرێکە. ڕیش و قژەکانی سپین و شەپقەیەکیشی لەسەردایە. سەر ڕوومەتەکانی

نەتاشـراون، پڕن لە مـوو و بەسـەر یـەکدا ئاڵۆسکاون. نینۆکـەکـانـیـشـی زۆر درێژن. قاتێکی چەوری پیس و کراسێکی بێ قۆپچەی لەبەردایە. کراسەکەیش بەسەر پشتێنەکەیدا شۆڕ بووەتەوە. سواڵکەرەکە دەڵێت:

– هەلۆ...

لێنایش دەورتێنێت:

– بەڵێ... هەلۆ..

سواڵکەرەکە سەری زمانی بە لێوەکانیدا دینێت و دەپرسێت:

– ئاوتان پێیە؟

سەعیدیش دەپرسێت:

– ئاو؟

– بەڵێ، ئاو.

سـەعـیـد بەدەوری خـۆیاندا هەڵدەڕوانێت. وا دووکـانێک لە سـووچەکـەی ئەوبەردایە. دەڵێت:

– چاوەڕێ بکە..

ئینجا جادەکە بۆ ئەبەرەوە دەبڕێت. لێنایش چاوەڕێ دەکات. پیاوەکە سەری بە پشتدا خستووە و ڕوخساری لە ئاسمانە. دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە:

– دەبووایە هاوەڵەکانم بەشوێنمدا بهاتبانایە. بەڵام وا دیار نین. نازانم چی ڕوويد ابێت. ئەگینا ئەوان هەمـیشـە و لە دەمـژمـێـری دوازدەدا دێنە دووم. چونکە من ناتوانم بەم لاقەوە و بەتەنیا بڕۆم.

لێنا لە دەمژمێرەکەی خۆی هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– وا دوو و نیوە..

کابرا سەری دەلەقێنێت و وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ دەزانم. من هـەردەم گوێ لە زەنگی کـاتژمێری بورجی کەنیسـەکە دەگرم. تەمەنت چەندە؟

- چوارده.

سەری دەلەقێنێت و دەپرسێتەوە:

- ئەی ئەو لاوە؟

- پازدە.

ڕوخساری چرچولۆچ دەبێت و دەپرسێت:

- دەبێت خورتێکی کارامە بێت. خۆشت دەوێت؟

- نەء.

لێنا سەرنجی دەخاتە سەر دەرگای دووکانەکەی ئەوبەرەوە. قەدەرێکی زۆر دەخـایەنێت، تـا سـەعـیـد دەردەکـەوێتـەوە. دوو بوتڵـە ئـاوی گـەورە بـە بن باڵەکانیەوەیەتی و بەو بەری جادەکەوە وەستاوە. سواڵکەرەکە دەڵێت:

- ئیـتـر سـەگیـشـم نییـە... ئەو لە دەسـتـم هـەڕای کـرد. چونکە نەمـدەتوانی خـواردنی تـەواوی بۆ فـەراهـەم بکەم. سـەعیـد بوتڵـە ئاوەکـانی بە بەرزاییـیـەوە ڕاگرتووە و لە فرسـەتێ دەگەڕێت، بەناو ئۆتۆمبێلەکاندا گوزەر بکات. لەبەرەوە دەست هـەڵ دەخـــات و لێنـایش بەدەسـت هـەڵـخـــسـتن وەڵامـی دەداتـەوە. سواڵکەرەکە دەڵێت:

- ئەگەر سەگێکت هەبێت، هەروەک چاوەکانت ببینن.

لێنایش وەڵامی دەداتەوە:

- بەڵێ، پێدەچێت وەها بێت.

سـەعید بەسـەر جادەکەدا فرتـە دەکات. پاسکیل سـوارێکی نامـە بەر بەری دەکەوێت و لە کۆتـاییی چرکەدا خـۆی لێ لادەدات. سـەعیدیش بە بازێک خـۆی فڕێ دەداتە سـەر پیادەڕەوەکـە. ئینجا سـەعید لـە کن سـواڵکەرەکـەوە ئەژنۆ دادەدات. باڵی دەگرێت، بوتڵە ئاوێک دەخاتە دەستییەوە و دەڵێت:

- ئاو.

سواڵکەرەکەیش بەلای سەعیددا زەردەخەنەیەک دەکات و وەڵام دەداتەوە:

– سوپاس. زۆر سوپاس. تۆ خورتێکی فره باشیت.

سەعید لێوەکانی دەکرۆژێت. سەری بوتڵەکە دەکاتەوە و پێی دەڵێت:

– بخۆرەوە.

سواڵکەرەکە بوتڵەکە دەخاتە سەر لێوی و بە حەسرەتەوە قومی لێ دەدات. پاشان دەڵێت:

– تۆ خەڵکی ئەڵمان نیت..

سەعید وەڵامی دەداتەوە:

– نەخێر..

لێنا هەڵدەداتێ:

– ئەو خەڵکی بەغدادە.

– ئەها! بەغداد!

ئینجا بوتڵەکە دەباتەوە بۆ دەمی. کە ئاو دەخواتەوە بوتڵەکە دادەنێت. لە ساتێکدا یاری بە بوتڵەکە دەکات دەڵێت:

– دەتانەوێت بزانن کە من چ بیرێک لە هەمبەر عێراقییەکانەوە دەکەمەوە..؟ دەتانەوێت بزانن..؟ جا با لەوێکانەدا خۆیان هەنجن هەنجن بکەن... دەی خۆ هەموویان هەر شێتن..

ڕوخسارە نەرمەکەی سەعید گرژ دەبێت. دەست لە دەستی لێنا دەخشێنێت و دەڵێت:

– بڕۆین، وانییە..؟

لێنا بەخواسپاردن لە سواڵکەرەکە دەکات. بەڵام ئەو هیچ وەڵامێک ناداتەوە. ئینجا ئاوەکە دەنێت بەسەریەوە و لەگەڵ قومەکاندا قوڕقوڕاگەی خوارو ژوور دەکات. لێنا لە سەعید دەپرسێت:

– بۆچ دوور کەوتیتەوە؟

– هەرچییەک بێت. من نامەوێت ببیستم شتی خراپ لە لایەن عێراقەوە.

ئەویش ئەوە نازانێت..

لێنا لێی دەپرسێتەوە:

– ئەمەیش گەلێک جاران دەکەیت؟

– چی؟

– کە شت بە سوالّکەران بدەیت، وەک ئەو ئاوە..

– بەڵێ. ئەگـــەر هـەمـــبـــێت... ئە گـــوت مـــۆسلیم هاس هێلپ پۆر پیوپل..(موسڵمانی باش دەبێت یارمەتی هەژاران بدات)

لێنا دەکەوێتە بیرەوە؛ کەنگێ شتێکی بە سوالّکەرێک دابێت. نایەتەوە بیری. سەعید دەڵێت:

– بابە گەورەم.....

ئینجا دەست بۆ چەناگەی خۆی دەبات و دەپرسێت:

– بەمە چی دەڵێن..؟

لێنایش دەڵێت:

– ڕیش.

سەعید لە ناکاو لێی هەڵدەڕوانێت و زەردەخەنەیەکیشی بۆ دەکات. ئینجا دەڵێت:

– بابە گەورەم زۆر جوانە.

وا باران دەبارێت. لە دەســتــپـێکدا نەرم و نم نم. ئینجا بایەکی ســارد هەڵدەکات و بارانەکەش بە تەرزە دەگۆڕدرێت. هەردووکیان بۆ خۆ پاراستن، خۆیان بەژێر چەرداخی دووکانێکی جلشتن و پاککردنەوەدا دەکەن. لێنا سەیر دەکـات، چۆن دانە تەرزەکــان دێنە خــوارەوە، دەکــەونە ناو گــۆلە ئاوەکــانی بەردەمــیــان، بازنەیەک دروست دەکــەن و ئەوجــا پریشک بەرز دەبێــتــەوە. جـارجـارەیش ســەرنجی دەگـوازێتــەوە ســەر ســەعـیـد. بەڵام ئەگـەر ئەویش بەڕێککەوت لە لێنا هەڵبڕوانێت، ئەوا هەر خێرایش سەرنجەکانیان بۆ لایەکی

تر دەگــوێزنـەوە. لێنـا ســەعــیـدی بـەلاوە شــیـکپــۆشــە، بـە بلووزە – پـۆلۆ – سپییەکەی و پانتۆڵە خـاکییەکەیەوە. پێستێکی جوانی زەیتوونیشی هەیە. جا پێدەچێت کە ئەم دوای شـەش هەفتـەی گەشـتێکی وڵاتی گـەرم، وەها بنوێنێت. واجارێ ڕەنگی پێستی هـەر زۆر سپییە...سەعید دوو دەستی درێژ و باریکی هەیە. لێنایش بە باشی دەزانێت، ئەگـەر کـوڕان دەســتی جـوانـیـان هـەبێت. تەنانەت نینۆکەکانیشی دەبریسکێنەوە.

سـەعید یاری بە تەلەفۆنە دەستـییەکەی خۆی دەکات. وا دیارە گەرەکییە وێنەیەکی لێنا بگرێت. لێنایش ناخــوازێت. چونکە دەزانێت کــە ئەمــڕۆکــە سـەروپۆتەڵاکی، لەبار نییە. ناشیەوێت کە ئەو وێنەیەکی ناشیرین و ناحـەزی ئەمی لە تەلەفۆنەکەیدا هەبێت. ئەگەر خۆی ڕێکخستبوو. بەزەوق و سەرحـاڵ بوو، پێدەچێت ڕازی بێت. ئیتـر ئەوسا سـەعـیـد دەیەوێت، بە پێی دەرفـەت لە وێنەکەی هەڵبـڕوانێت. چونکە نهاکە کە ئەم سەیری سەعید دەکات، ئەو خێرا ڕووی خۆی وەردەگێڕێت. سەعید تکای لێ دەکات:

– دە پێبکەنە...

– دەتوانم. بەڵام ناخوازم...

سـەعید تکای لێ دەکاتەوە و لەگەڵ ئەوەیشدا، وێنەیەکی لێ دەگرێت. لێنا سەری ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:

– بۆچ دەتەوێت وێنەیەکی منت هەبێت؟ خـۆ ئێــمــە هـەمــوو ڕۆژێک یەکـتــر دەبینین..؟ ئادەی بێنە بزانم..

تەلەفۆنەکەی لێ وەردەگرێت و سـەیری دەکات:

– ئەی خوایە! من زۆر تەپیو دیارم. ئەمە چۆن دەسڕدرێتەوە؟

ئینجـا خۆیشی پێوە سـەرگەرم دەکات. سەعید هەوڵ دەدات لێی بستێنێت، بەڵام لێنا توند بەدەستییەوە گرتووە. لێنا بەسەریدا دەخوڕێت:

– دەمەوێت بیسڕمەوە. دەی..!

سەعید لێی دەپاڕێتەوە:

– تکایه.... تەلەفۆنەکەم بدەرەوە...

– بۆچ گەرەکتە وێنەیەکی وەها پەڕپووتت لە من هەبێت..؟

– قەی ناکا...

– نەخێر. تۆ دەتەوێت بۆ بەغداد و بۆ کەسێکی بنێریت. بیری لێ بکەرەوە؛ ئینجا ئەویش سەربەقوڕ و تێر پێم پێ دەکەنێت.

کە سەعید هەست دەکات ناتوانێت لێنا ڕازی بکات، دەستی درێژ دەکات و دەڵێت:

– باشە. وێنە ناگرم...

کە پەنجە بە چەند دوگمەیەکدا دەنێت. شاشەکە پیشانی لێنا دەدات و دەڵێت: نەما. کە لێنا سەیری تەلەفۆنەکە دەکات، پێی دەڵێت:

– ئەوە گرانە. ئەمەت لە کێوە وەرگرتووە..؟

– مامم پێشکێشی کردووم.

– مامەکەی بەرلین؟

– مامە بەسام پێشکێشی کردووم.

ئەوەیش وەک قەرەبووکردنەوەیە کە سەعید چ ناخۆشییەکی دیوە، وا ئێستاکە لە بەرلین و لە کن مامی دەژی. پێدەچێت کە خانمی بورمایستەری سکرتاریات بە نیەتی باشە ئەمەی بۆ کەسێک گێڕابێتەوە. ئیتر ئەو کەسەیش نەیتوانیوە ئەم باسە تەنیا لە کن خۆی بهێڵێتەوە و رابگرێت....

لێنا زۆر خەمبار و واق وڕماو و سەرسام بوو، کە بیستی دایک و بابی سەعید کوژراون. ئەوان لە چالاکی قێزەونی بان شەقامدا کوژراون. بۆیە دوای بیستنی ئەمە، ئیتر چەندین ڕۆژ هیچ ئامادەیی و توانایەکی نەبوو، گوێبیستی هەواڵەکان بێت. بڕوانێتە ئەو وێنە خوێناوییانەی لە تەلەفیزیۆندا پێشان دەدران و ئاماژەیان بە کوشت و کوشتاری خوێناوی بەغداد دەکرد. هەر لەو ڕۆژانەیشدا بوو کە ئەم نەیدەتوانی چاو بەچاو لە سەعید هەڵبڕوانێت.

بەوەی ئازاری دەچێژت کە دەیزانی، ئەو کەسەی لە پاڵ ئەمدا دەڕوات و لەلایەوە دادەنیشێت، وەها ناخۆشییەکی ناباوەڕکردنی بەسەردا هاتبێت. دەشبێت لە تەک ئەو کارەسات و ناخۆشییەدا هەڵبکات و خۆی بگوزەرێنێت. لێنا ناتوانێت بیهێنێتە بەرچاوی خۆی، وەها کارەساتێک چۆن گوزەر دەکات. ئەگەر ئەم لە بریتی سەعید بووایە، چۆن ڕووبەڕووی ڕووداوەکان دەبووەوە... سوپاس بۆ یەزدان کە سەعید لە ناخ هەژانەکەی ئەم بەئاگا نییە. بۆیە ئەم دەتوانێت لە ساتی گەڕان و قسەکردندا، لە ڕوخساری هەڵبڕوانێت... لێنا هەمدیسان لە تەلەفۆنەکەی دەستی سەعید هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– کەشخەیە! مامت شتێکی وەهات بۆ بکڕێت. پێم وایە کە مۆدێلێکی گرانبەهایش بێت...

– وایە. بەڵام لەگەڵ عێراقدا کەمتر تەلەفۆن دەکەم...

– بۆچی نا..؟

– زۆر جار لەگەڵ عێراقدا.. ڕێک ناکەوێت..

لێنا لە لاوە لە سەعید هەڵدەڕوانێت کە پاڵی بە جامی شووشەی دووکانەکەوە داوەتەوە. باڵا بەرز و لەڕ و تەلەفۆنەکەیش بە دەستییەوە. لە ناوەوەی دووکانە جلشۆرییەکە، کارمەندێک پاڵ بە گارییەکی پڕ لە پۆشاکەوە دەنێت کە لە نایلۆنەوە پێچراون. پۆشاکەکان بە پێی ڕەنگ لێک جوێ کراونەتەوە. سەعید – بە ئەڵمانییەکی ناڕێک – دەڵێت:

– ئەگەر هەمبێت کێشە لە بەرلین. دەکەم تەلەفۆن بۆ مامە بەسام. ئەمەیش تەلەفۆنەکەیتی...

ژمارەیەک دەدۆزێتەوە و پیشانی لێنای دەدات. ئینجا دەشلێت؛

– یانیش ئەمە.. پوورە سۆنیا. ئەو ماڵەی من لێی دەژیم.

لێنا دەپرسێت:

– ئەی ماڵەکە لە کوێیە؟

– شەقامی بێنتین..١ ، ٢، ٣

سـەعیـد ناتوانێت ژمـارەی دژواری یەکسـەد و سێ و بیست بڵـێت، بۆیە بە سـانایی یەک دوو سێ دەژمـێرێت. بەمـەیش کـارەکە ئـاسـان دەکات. بۆیە لێنا ناچار دەبێت کـەمـێک پێ بکەنێت. ڕوخـسـاری سـەعـیـد گـرژ دەبێت و – بە ئاڵمانییە نارێکەکەی – دەپرسێت:

– هەڵە بوو؟ من خراپ؟ زمانەکەیشم خراپ؟

لێنا وەڵامی دەداتەوە:

– نانا. وانییە و زۆریش باشە. بە عەرەبی بە ژمارە دەڵێن چی؟

کە سـەعید پێی دەڵێت، لێنا زیاد لە دە جـاران هەوڵ دەدات بە دوای ئەودا بیلێتەوە، بەڵام هەمـوو جارەکان هەر بە هەڵە پاتەی دەکاتەوە. ئینجا سـەعید هەوڵ دەدات بە ئەڵمانییـەکە بیلێت. هەر دوای چەندین جـار فێری دەبێت. بۆیە لێنا پێی دەڵێت:

– سەیر بکە. تۆ زۆر لە من باشتریت.

سەعید بە جەغتەوە وەڵام دەداتەوە:

– من فێر دەبم. من مەشق دەکەم. من دەبێت فێر بم ئەڵمـانی باش. دەنا نۆ چانس (دەنا شانسم نییە)

– بۆچ؟ دەتەوێت چی بکەیت؟

سـەعید هیچ ناڵێت. سەرنجی لەسـەر گـاریە پڕ لە پۆشاکەکانی ناو دوکـانی جلشـۆرییـەکـەیە. چۆن لەگـەڵ جـووڵەدا پۆشـاکـە شـۆراو و پـاککراوەکـان هەڵدەواسـرێن. فـرۆشـیـارەیەکـەیش ئـافـرەتێکی تورکـە و گـەنجـیش دیارە. لەچکێکیـشی بەسـەرەوەیە. پیـاوەکـەی لـە پاڵ ئافـرەتـەکـەدا کـار دەکـات، قـۆپچەکـانی کـراسـەکـەی هەتا بان ناوکی کـردوونەتەوە. زنجـیرێکی زێڕیش بەسەر سنگە ڕووتەکەیەوە دەبریسکێتەوە. لێنا دەڵێت:

– منیش دەتوانم ژمـارەی تەلەفـۆنـەکـەمت پێ بدەم. ئیـتـر سێ ژمـارەت لە تەلەفۆنەکەتدا دەبێت.

لەبەروەی سەعید تێ نەگەیشت، بۆیە لێنا ئەوەی بە ئینگلیزی پاتە کردەوە.

سەعید تەلەفۆنەکەی دەداتێ و لێنایش ژمارەکەی خۆی لە ژێر ناوی – لێنای خۆشەویستدا – تێدا تۆمار دەکات. کە لێنا تەلەفۆنەکەی پێ دەداتەوە، ئەو بزە زۆرانەیەک دەکات. ئیتر بێ ئەوەی لە لێنا لێی هەڵبڕوانێت، دەیخاتەوە گیرفانی و دەڵێت:

– ئای لەم خوێندنگەیە.... پێویستە خوێندنگەیەکی تر بێت..

لێنا بە واقوڕمانەوە لێی هەڵدەڕوانێت وەڵامی دەداتەوە:

– خوێندنگەکەمان؟ خوێندنگەکەمان...چییەتی..؟ باش نییە..؟

– باشە... بەد نۆت فۆر می..(بەڵام بۆ من نا..) من نامەوێت بچمە خوێندنگەی – ڕیاڵ – بەڵکوم – گێمنازیۆم –...

لێنایش بەسەرسوڕمان و ناباوەڕییەوە پێدەکەنێت و دەڵێت:

– ناشێ بەڕاستت بێت..؟

– من دەمەوێ ببمە پزیشک. هەتا بۆ بەغداد بگەڕێمەوە. زەی نید..(ئەوان پێویستیانە..)

ئینجا هەوڵ دەداتەوە بە ئەڵمانی بپەیڤێت:

– لە بەغداد پێویستییان بە پزیشکی زۆرە. هەموو ڕۆژێک خوێن... خۆ تۆ دەزانیت....

ئینجا چاوەکانیشی دەنووقێنێت. لێنایش سەری دەلەقێنێت و پرسیاری تر ئاراستە ناکات. بارانەکەی لەو دەمەدا کەمی کردبووەوە، هەمدیسان زۆر دەبێتەوە. خەڵکەکەی لە بیریان کردبوو، بەیانییەکەی چەترێک لە تەک خۆیاندا هەڵبگرن، بەو ناوەدا جرت و فرتیانە. هەندێکیش بۆ خۆ پاراستن لە تاوە بارانەکە، خۆیان دەخەنە پەناو پاسارەکانی ماڵەکان و یانیش بەر دەرگەی گەراجەکان. کە ئۆتۆمبێلەکان تەواو لە ڕەسیفەکە نێزیک ببنەوە، ئاو هەڵدەپرژێنن. هەردووکیان هەڵدەڕوانن، وا ئۆتۆمبێلێکی فریاگوزاری کە نیشانی قۆچی – مارتین – ی پێوەیە، نێزیک دەبێتەوە. هەتا ئۆتۆمبێلەکە لە چوار ڕێیانەکەیش بزر دەبێت، سەعید هەر چاوی لەسەرێتی. لێنایش بیر

دەکاتەوە: " گەرەکییە ببێتە پزیشک.. واووو..!" ئینجا بە ئێرەییەوە لێی هەڵدەڕوانێت. سەعیدیش کە شەق لە چەند وردە بەرد هەڵدەدات، وا دەنوێنێت کە ئاگای لێ نییە لێنا لەم هەڵدەڕوانێت. لێنا دەڵێت:

– دەی کەواتە هەر بەڕاستی دەبێت بچیتە – گێمنازیۆم – و – ئەبیتۆر – بکەیت..

– بەڵێ، دەزانم...

– بەڵام – ئەبیتۆر – دژوارە..؟

– وایە.

– هەر بەڕاستی – ئەبیتۆر – زۆر دژوارە و تەنیا زۆر باشەکان دەتوانن بیکەن! دەبێت لە ئەڵمانیدا یەک و دووت هەبێت....

سەعیدیش سەری دەلەقێنێت. لێنایش پێی دەڵێت:

– ئەی چۆن دەتەوێت – ئەبیتۆر– بکەیت..؟ بە دوو سەد وشە ئەڵمانییەکەت؟

– من زۆر لە دوو سەد.. دەزانم..

لێنا پێدەکەنێت و دەڵێت:

– سروشتییە کە ئاگەدارم، زۆرتر دەزانیت...

ئینجا بە جەغتەوە دەڵێت:

– باشە. ئەی من دەمەوێت بە چی ببم؟ لە داهاتوودا چی بکەم؟... (تفەکەی قوت دەدات و درێژەی پێ دەداتەوە) .. جا پێدەچێت ببمە دادوەری خێزان. بەڵێ. هەر بەڕاستی گەرەکمە ببمە دادوەری خێزانی. جا ئەگەر ژن و مێردێک بێن و بڵێن؛ دەمانوێت جوێ بینەوە. منیش دەڵێم: ڕاوەستن. نابێت، قەدەغەیە. یاسایەکی نوێ هاتووەتە گۆڕێ کە دەڵێت؛ ئەو ژن و مێردانەی کە منداڵیان هەیە، دەبێت پێکەوە بمێننەوە. ئیتر هێندە پێکەوە بمێننەوە، هەتا منداڵەکان دەخوازن.....

لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە دێت و سەعید دادەچڵەکێت. تەلەفۆنەکە بە گوێیەوە دەنێت و بە چرپەوە دەڵێت:

– بەڵێ؟

ئینجا پێدەکەنێت و بە عەرەبی شتێک دەڵێت. نیگایەکی لێنا دەکات و خۆی وەردەگێڕێت. ئەو زۆر بە خێرایی دەپەیڤێت. ئاوازی زمانە بەیانییەکە، قورس و گرژ و خێرایە. ئەو کە بە زمانی دایکی دەپەیڤێت، دەنگێکی خێرای وەک – با– ی هەیە. سەعید جارجارە بێدەنگ دەبێت و گوێ دەگرێت. ئینجا بەخێرایی دەکەوێتەوە قسەکردن. جارێکیش پێکەنی. لێنا لێی هەڵدەڕوانێت؛ ئەو چۆن لەوێکانەدا وەستاوە، بێ ئەوەی سەرنج بدات چی لە دەوروبەری ڕوو دەدات، شەشدانگی بیری لەکن قسەکردنەکەیەتی. بەدرێژاییی پەیڤینە درێژەکەی، بۆ جارێکیش لە لێنای هەڵنەڕوانی. بۆیە ئەمیش هەستێکی ئێرەیی تێدا دروست بوو. وادیارە کە تەلەفۆنێکی دەگمەن ئاسایی لە ماڵەوە و لە بەغدادەوە بۆ کرابێت کە ناتوانێت دەستبەرداری بێت. لێنا بیر دەکاتەوە: " دەبا ئێستایش دایکم تەلەفۆنێکم بۆ بکات. منیش دەمەوێت لە تەک کەسێکدا بپەیڤم..." لێنا لە ژێر چەرداخی دووکانەکەوە هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەچێت و دەستی بۆ پێشەوە درێژ دەکات. بارانەکە ڕیزە ڕیزە و نەرم و کەمتر بووەتەوە. پەڵەیەکی شینیش کەوتووەتە بەشی ڕۆژئاوای ئاسمانەکە. ئاوڕ دەداتەوە و لە سەعید دەپرسێت:

– لە تەک کێدا دەپەیڤیت؟

سەعید دەست دەخاتە بان گوێبیستی تەلەفۆنەکە و دەڵێت:

– لە تەک کەسێک لە بەغدادەوە...

– کچێک..؟

سەعید پێدەکەنێت و وەڵام دەداتەوە:

– ناوی ئەحمەدە. نۆت ئە گیرڵ... ئە فرێند.. (کچ نییە و هەڤاڵێکە..). ئەو لە نووسینگەی بابێتی.. هی کان یوس ئە تێلێفۆن ئین هیس دێدس ئۆفیس تودەی..(ئەو دەتوانێت ئەمڕۆکە تەلەفۆنی نووسینگەکەی بابی بەکار بێنێت...

کە لێنا بزەیەک دەکات، ئەویش بزەیەکی بۆ دەکاتەوە و بە ئاماژەی شان

هەڵتەکاندنێک، داوای لێبووردنی لێ دەکات. لێنا پێی دەڵێت:

– دەی سڵاوی منیش بە دۆستەکەت بگەیەنە....

ئەوجا کردەوەیەک دەکات کە بەلای خۆشیەوە جێی سەرسوڕمان دەبێت، بەخێرایی ماچێکی دەمی سەعید دەکات و خێرا خۆیشی وەردەگێڕێت. دڵی دەکەوێتە ترپە ترپ. نازانێت کە ئایا سەعید هەر تەلەفۆن دەکات یانیش لە دواوە لەم هەڵدەڕوانێت. حەزی دەکرد بزانێت ئەو نهاکە چی دەکات. پێدەچێت ئەویش ئێستاکە وەک ئەم شڵەژابێت.

لێنا پاش سێ خولەکی تر لە ناو ترامەوای ژێرزەمینیدایە و دوای پازدە خولەکیش لەماڵەوە. هێشتاکە دڵی بەخێرایی لێ دەدات. هێشتاکەیش هەست بە نەرمیی لێوەکانی سەعید دەکات. ئەگەرچی هێشتاکە نازانێت چۆن وەها کردەوەیەکی لێوەشایەوە و توانی ماچی بکات، بەڵام هەست بە باشیی لە خۆیدا دەکات. بیریشی لێ دەکاتەوە، تا لە داهاتوودا چۆن دەبێت.. ماوەیەک خۆی ڕادەگرێت. ئینجا کۆڵەپشتەکەی لە سوچێکدا دادەنێت و دەچێتە چێشتخانەکەوە. بابی نامەیەکی لەسەر مێزەکە بۆ بەجێ هێشتووە. نەک پارچە کاغەزێک، بەڵکوم نامەیەک لە زەرفداو – لێنا – ی لەسەر نووسراوە. کە نامەکە هەڵدەگێڕێتەوە داخراوە. لێنا بیر دەکاتەوە: پێدەچێت بۆیە نامەکەی داخستووە، هەتا ئەو ژنە نەیکاتەوە. بێشک ئەو ژنە زۆر فزووڵییە و دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت. منیش دەبێت لە داهاتوودا، دەرگەی ژوورەکەم دابخەم.... واز لە نامەکە دێنێت و لە بەستەرەکە ماستێکی میوە دەردێنێت، کەوچکێکیش لە چاوی دۆڵابەکە دەردێنێت و لەسەر تاککورسی قەنەفەی ژووری دانیشتن دادەنیشێت. لە شاشەی ڕەشی تەلەفیزیۆنەکە هەڵدەڕوانێت و ئارەزووی کردنەوەی نییە. لە نهۆمی سەرووترەوە منداڵێکی ساوا دەگری. دەنگی پاژنەی پێڵاو دێت.. کلاک، کلاک، کلاک... کەسێک بە پلیکانەدا دەچێتە خوارەوە. ماستە میوەکە کە گوایە ماستی جلیک – تووە دێم – بێت، زۆر شیرینە و تامی نوقڵی هەرزان بەها دەدات. بۆیە بە ڕوخساری گرژەوە هەڵدەستێتەوە. بەرەو خواردنگەکە دەچێت و قاپە نایلۆنەکە فڕێ دەداتە ناو

سەتڵی زبڵەکەوە. سەرنجی دەچێتەوە سەر نامەکە. دەست دەداتە چەقۆی نانبڕینەکە. لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و بە دەمی چەقۆکە نامەکە هەڵدەپچڕێت. نامەکە لە چەند دێڕێک پێک هاتووە:

*" کۆترۆلکە خۆشەویستەکەم لێنا*

*ئایا ئەم ئێوارەیە بچینە چێشتخانەیەکی ئیتالی و شپاگێتی کاربۆنارا بخۆین؟ بیرێکی لێ بکەرەوە. چونکە من بێشک دەمژمێری حەوت دێمەوە بۆ ماڵەوە.*

*لە تەک ماچێکی گەورەدا*

*بابت*

لێنا نامەکە فڕێ دەداتە کن لێوانی ماستەکە و ناو سەتڵی زبڵەکەوە و بیر دەکاتەوە:

لە هەمبەر ئافرەتەکەوە هیچێک نییە

لە هەمبەر ئەم سەرلەبەیانییەوە هیچێک نییە

لە هەمبەر ئەو ڕووداوەوە هیچێک نییە

تەنیا باس باسی شپاگێتی کاربۆنارایە

تەلەفۆنەکە لە تەک خۆیدا دەباتە ژوورەکەی خۆیەوە. لە بان تەختە خەوەکەی پاڵ دەکەوێت و لە کاتژمێرەکە هەڵدەڕوانێت. وا کاتژمێر چارەکی دەوێت بۆ دووی پاش نیوەڕۆ. ژمارەی تەلەفۆنی – شتارنبێرگ – لێ دەدات. کە زەنگەکە لێ دەدرێت، خۆی ڕاست دەکاتەوە. پاڵ بە دیوارەکەوە دەداتەوە و وەک مەشقی – یۆگا – قاچەکانی لە ژێر خۆیدا چوارمشقی دەکات. پوورە چارلۆتە دێتە سەر هێڵ. بێ ئەوەی ناوی خۆی بڵێت، تەنیا : هەلۆیەک دەڵێت. بەڵام ئەمە بۆ لێنا هێند گرینگ نییە، چونکە ئەم دەنگی ئەو دەناسێتەوە. لێنا مڵچەمڵچێک دەکات و هەناسە نوێ دەکاتەوە. خۆی بەرەو ژوورتر هەڵدەکێشێت. تەلەفۆنەکە بە توندی دەگرێت و دەڵێت:

– هەلۆ..

– کێیە..؟

– منم.

– کێ..؟

– لێنا.

– ئاخ تۆیت، لێنا. زۆر لەمێژە کە پێکەوە قسانمان نەکردووە. چونکە تۆ زۆر بە دەگمەن تەلەفۆن دەکەیت. بۆیە ئێستاکەیش دەنگتم هەر نەناسییەوە.... ئەوە چییە، نەخۆشیت..؟

– نەخێر.

– کەواتە چۆنیت؟

– سوپاس. نازانم چی بڵێم. لەوەیش دەچێت کە حاڵم خاس نەبێت.

– ئاخ؟ کەواتە وایە. دەی چی هەیە؟

– پووررە چارلۆتە، ئەرێ دایکم لەوێیە؟

– بەڵێ لێرەیە. ئەو بەری دوو کاتژمێر لە گەشتێکیدا بۆ شیکاگۆ گەڕاوەتەوە. هەمدیسان زۆر دژوار بوو. تەواو ماندوو بوو. بۆیە خەوتووە..

– ئەهـ––ا..

– هەنووکە ئەو کارە بۆ ئەو گەلێک دژوارە و نیگەرانی دەکات... ماوەیەکە هەست بە باشی خۆی ناکات..

– بۆچی..؟ چی بووە..؟

– ئەنفلۆنزایەکی لە تەک خۆیدا هێناوەتەوە و درێژەشی هەیە.. پێم وایە کە ئەو زۆر بە خۆیدا ڕادەبینێت.. دەیەوێت بە کارکردن بەرهەڵستی لە خەمەکانی بکات..

– ئاوا...

– بەڵێ، لێنا. منیش هیچ گلەییەکم لە تۆ نییە. بۆچی هەیشم بێت. بەڵام

بێشک کە خەمی لێ دەخۆم و بیری لێ دەکەمەوە. دەتوانیت بیری لێ بکەیتەوە، ئەمانە هەر هەموویان بۆ دایکت نیگەرانی پێکهێنەرن...

– بەڵێ، دەزانم. کەواتە ناتوانم لە تەکیا بپەیڤم...؟

– ئەگەر ڕاستگۆ بم؛ نامەوێت بەئاگای بهێنمەوە. ئایا ئەوەی کە تۆ دەتەوێت پێی بڵێیت، ناکرێت دوو سێ کاتژمێری تر بێت ؟

ئەگەرچی لێنا لە بیرەوە دەڵیت : نەخێر، نابێت... بەڵام لە وەڵامدا دەڵێت:

– بۆچی نا..

– باشە، لێنا.

– باشە هیچ نەبێت، ئەگەر بەئاگا بووەوە پێی بڵێ کە من تەلەفۆنم کردووە..

– بێشک.

– تکایە پێی بڵێ کە من پێویستە بە زووترین کات لە تەکیا بپەیڤم..

– باشە لێنا، ئەمە دەکەم.

– ئۆکەی، سوپاس...

– ڕاوەستە. ئەرێ کەش لە کن ئێوە لە بەرلین چۆنە؟

– لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەر زۆر خۆش بوو. بەڵام ئەمڕۆکە باران دەبارێت...

– ئەە... سەیر بکە، ئەگەر تۆ بۆ کن ئێمە بهاتبایتایە..؟ ئێمە کەشی لە دەرەوە دانیشتنمان هەیە. بڕیارە بۆ چەند ڕۆژی داهاتوویش، لەم دەوروبەری – مونشن – ە وەها بمێنێتەوە. کوڕەکان و – ئیمی – بەلەمی چووپییان لە تەک خۆیاندا بردووە و لە ڕۆخی دەریان. ئەوان هەر زۆر بەزەوقن.... ئەوان.....

لێنا سەبری نامێنێت. تەلەفۆنەکە دەداخاتەوە و کۆتایی بە گفتوگۆکە دێنێت.

## بەشی دوازدە

سەعید و پووری بە ڕێگەی چوونە کۆگاوەن. پووری لەسەر ئەو باوەڕەیە، سەعید پێویستی بەکراسێکی نوێیە. لە ساتێکدا کە سۆنیا بە جامخانەکاندا هەڵدەڕوانێت، بە کەیفسازییەوە چانتاکە بە دەستییەوە لارەلار دەکات. ئیتر کراسە کۆنەکانی ئەو لە عێراقەوە لە تەک خۆیدا هێناونی، بەدڵی سۆنیا نین. سۆنیا ڕایشی وەهایە؛ کراسەکان کەتانی باش نین و هەر هەمووشیان لە جل وشککەرەوەکەدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

بەڵام سەعید ناخوازێت واز لە کراسەکانی بێنێت. ئەو نایەوێت خۆی لە هیچ شتێک جیا بکاتەوە کە لە عێراقەوە و لە ژیانێکی ترەوە، لەگەڵ خۆیدا هێناونی. ئەگەرچی ئەو نەیدەتوانی لە دوو جانتادا، شتی زۆر لە تەک خۆیدا بێنێت. لێ ئەو شتانەی کە توانی بیانهێنێت، تیانووسێکی هۆنراوەی دایکی و ئەلبومی وێنەکان بوو. ئیتر شتەکانی تری وەک: ئینلاینسکێت – پێڵاوی بۆربەریندار ی ڕەوڕەوەدار ، کە زۆری بەلاوە گرینگ و جێی شانازی بوو، دەبووایە لە بەغداد جێی بهێشتبایە. جارێکیش ئەحمەد داوای لێ کرد. لێی سەند و بەسەر پلیکانەکانی هۆتێل فەلەستیندا، خۆی بۆ خوارەوە خلۆر کردەوە. تەنانەت کامێرامەنێکی فەڕەنسیش وێنەی گرت و پاشانیش کارتێکی خۆی پێدا. پیاوەکە لە پاریسەوە هاتبوو. پاریس! ئیتر لەو چرکە ساتەوە، ئەحمەدیش دەیویست ببێتە کامێرامەن و بە دنیادا بگەڕێت. لە پاریسیشەوە دەست پێ بکات...!

ئاخ ئەحمەد. چەند خۆشە لە تەک ئەودا بەتەلەفۆن قسان بکات. بەداخەوە کە قسەکردنەکەیان بڕا و ئیتر کەسیش ناتوانێت بزانێت؛ کەنگێ دەرفەتی ئەوە دەبێت؛ جارێکی تر پێکەوە بپەیڤن. ئەو وتیشی کە لە عێراقدا، هەمیشە

خراپتر دەبێت. بەوەی کە نهاکە دەستەڵاتێک لە شیعە و سوننە پێک هێنراوە. بەڵام کەسێکیش چاوەڕێی وەها گۆڕانێک ناکات. خەڵکە باشەکان لە وڵات هەڵدێن. چونکە کەسێک نایەوێت کارێک بگرێتە دەستی و بکەوێتە لیستی کوژرانی تێرۆریستانەوە. هەموو شتێک هەر زۆر تەڤ لە هەڤە.... ئەو ساتەی سەعید لە پشت پوورە سۆنیاوە وەستاوە و بە پلیکانە کارەباییەکدا بەرەو ژوورتر هەڵدەکشێن، بیر دەکاتەوە: ئایا ئەحمەد ئێستاکەیش دەخوازێت ببێتە کامێرامەن؟ دەبێت ئەو چ جۆرە فیلمێک بکات. پێدەچێت لە هەمبەر ڕێگە خێراکەی – هایوای – نێوان بەغداد و عەمانی پایتەختی ئەردەنەوە. چونکە زۆربەی ئەوانەی کە لە عێراق هەڵدێن، لەوێ دەگیرسێنەوە. تەنانەت ڕۆشتن بەسەر ئەو جادەیەشدا هەر مەترسیدارە، هەتا ئەوساتەی بە عێراقدا تێ دەپەڕێت.

جادەیەکی ڕاستە و ڕاست، ئەملا و ئەولاشی بیابان و گەرد و غوبار. ئاسمانێکی زەردیش بە بان سەری ئۆتۆمبێلەکانەوەیە. چونکە نهاکە و لە هاویندا، ئاسمانەکە شین نییە و زەردە. هەر دەڵێیت ڕووپۆشێکی زردە. ئەگەر سەعید بە قووڵی بیری لێ بکاتەوە، دەتوانێت تامی تۆزەکە بەسەر زمانیەوە بکات. ئێستاکەیش دەزانێت گژوگیاکانی لەو بیابانە گەرم و بێ ئاوەدان، ڕەنگیان چۆنە. جارێک بابی ئەمی لە تەک خۆیدا بۆ بێشەلانی – داری بییەکان – برد. کە ئیتر کەسێک لە خەمیاندا نییە. کۆڵیتەکە بەسەر یەکدا داتەپیبوو، پەرژینی بێشلانەکەیش، تێک شکێنرابوو. بەڵام دارەکان هێشتاکە مابوون. سەعید بەچاوی خۆی بینی، ئەگەر قلیش بکەیتە توێکڵی دارەکە، چۆن شیلەکەی دێتە دەرەوە و ئیتر هێدی هێدی وەک بنێشت سپی دەبێت. ئەگەر یەکێک لەو تکانە لە دەفرێکدا بسووتێنرێت، بۆنێکی قورس و شیرینچکی لێ بەرز دەبێتەوە. بابیشی پێی وتبوو کە – بی – هەوا لە کژوگیا و گەردە بچکۆلە ژەهراوییەکان پاک دەکاتەوە. بابی بۆیشی گێڕابووەوە؛ چۆن کۆچەرەکانی بیابان دامێنی دزداشەکانیان پێ بۆندار کردووە. ئیتر ئەگەر بۆنێکی ناخۆشیان لە بان جادە کردبێت، هەر خێرا چمکی دزداشەکەیان بەرز

کـــردووەتەوە و بـە بۆنـی – شــــیلـەکـــە – بۆنەکـــەی تـریان لـەخـــۆیـان دوور خستـووەتـەوە. ئافـرەتـەکانیش بەسـەر دەفـرێکی بوغـورد سـووتاوەوە، دامـێنی کراسـەکانیـان لەراندووەتەوە. ئیـتـر هـەتا خـێزانەکە دەوڵەمـنـدتر بوونایە، ئەوا بۆنی – بوغورد – لە ماڵەکەیاندا زۆرتر بووە.....

هێشـتـاکە لـەسـەر پلیکانە کـارەبایییـەکـەن، پوورە سـۆنیـا چاکـەتەکـەی دادەکـەنێت. قـۆڵ و باسکی ئـارەقـەیان کـردووەتەوە. خـۆی بـەلای سـەعـیـددا وەردەچەرخێنێت و دەبۆڵێنێت:

– ناوەوە زۆر گەرمە. هێشتاکە هاوین نەهاتووە کەچی وەها گەرمە..!

سەعیدیش بەرپەرچی دەداتەوە:

– هێشتاکە گەرم نییە. جارجارە لە بەغداد پەنجا پلەیە. ئەوە گەرمە..!

سۆنیا پێدەکەنێت. بیری لای خۆی نامێنێت و قـاچی لە پلەکان هەڵدەکەوێت و سـەر سـمێک دەدات. بەڵام سـەعید هـەر خێرا دەیگرێتـەوە. سـەعید باسکە گۆشتن و نەرمەکـەی دەگرێت، هـەتا ئەو خـۆی ڕاست دەکاتەوە. ئینجا سـەعید دەستی لێ بەردەدات. هیچ لە یادی نییە ئەگەر جارێک لە جاران، وەها دەستی بەر دایکی کـەوتبـێت. سـۆنـیـا سـوپاسی دەکـات. ئینجـا لە ناوەڕاسـتی ئەو کۆگایەدا، ماچێکی ڕوومەتی دەکات. خـۆیشی گوێی لە شەقەی ماچەکەوە بوو. بۆیە لە شڵـەژان و شەرمدا، ڕوخساری سـوور هـەڵدەگەڕێت. لە عێراق کەسێک ناکـەوێتـە سـەر ئەو بیرەی، لەسـەر جادە مـاچ بکات. مـاچ هینی دەرەوە نییـە. بۆیە لە دڵەوە حەز دەکات، خۆی بشارێتـەوە. هـەر دەڵێیت برینی خاڵێک بەسـەر ڕوومەتییەوە دەسووتێتەوە و هەمووانیش لەم هەڵدەڕوانن.

– کوڕە ئەوە بۆ وا سوور هەڵگەڕاویت..!

سـاتێک پوورە سۆنیا قسە دەکات و خـۆی دەجووڵێنێتەوە، دەڵێیت هـەناسـەی سـوارە. ئەویش پێوەندی بە قـەبارە و بارسـتایی لەشـیـەوە هـەیە. ئەم پێویسـتی بە هێز و توانای زۆرترە، وەک لە کـەسێکی ئاسـایی. بەڵام کـەیفیشی بە کـڕین دێت. بۆیە سـەعید پێویستە شتی نوێی هەبێت...

کە سەعید بەیانییان کراسێک لە دۆلابی جلەکان بۆ لەبەرکردن دەردێنێت، هێشتا وا دەزانێت کە لە بەغدادە. لە خوێندنگەیش بە ئەحمەد و ئەوانی تر دەگات و پێکەوە کەیف دەکەن. هەتا دەچێتە گەرماوەکە و بەر ئاوێنەکەیش هەر وەسا بیر دەکاتەوە. بەڵام ئەو سەعیدەیشی کە لە ئاوێنەکەدا دەردەکەوێت، جیاوازە لەوەی بەغداد. ئەوەی بەغداد چاوی خەمباری هەیە و ماندوویش دیارە.

مانگێک دەبێت کە نامەی بۆ بابە گەورەی نووسیوە. بەڵام تا ئێستاکە وەڵامی وەرنەگرتووەتەوە. دەی خۆ نامەیەکی وەهایش بە تەهلوکە نەبوو. بۆیە دەشێت کە بابە گەورەی خستبێتیە لاوە، بۆ ئەوەی بەکارەکانی تردا ڕابگات. بەتایبەتیش ئێستاکە کە ئەو ئەندامی هەڵبژێردراوە. بۆیە سەعید دەبێت، تێگەیشتنی بۆی هەبێت. گەلێک جاران دەیهێنێتە پێش چاوانی خۆی، کە ئەو لە ژوورێکی خانووەکەی بابە گەورەدا بژی. لێ باشتر و خۆشتر دەبێت ئەگەر لە ژوورێکی نهۆمی دووەم بێت. بۆ ئەوێوە، بتوانیت بچێتە سەربان. پەلکەکانی دارخورماکان بەلای سەربانەکەدا شۆڕ بوونەتەوە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە سانایی خورما لێ بکاتەوە. جارجارەیش لەوێوە ئافرەتی تری بێ لەچک بەسەربانێکی ترەوە دەبینێت، کە جلکی شۆراو هەڵدەخەن. یانیش لەوێوە دەڕوانێتە سەربانێکی تر، کە مریشکی تێدا ڕاگیراوە. مریشکەکان بەو ناوەدا فرتە فرت و گارەگاریانە و کەڵەبابەکانیش دەقووقێنن. لە دووریشەوە چیاکان دەبینرێن. لە پشت ئەوانیشەوە بیابان هەیە. لە زوودا بابی بەڵێنی پێدا، جارێک گەشتێکی سەرچڵی بە بیاباندا دەکەن. لێ، ئەو ساتە ئەم منداڵتر بوو، جەنگیش لە ئارادا نەبوو. دەتتوانی بە لاندرۆڤەرە پڕ و سیخنانەکەتەوە، بێ کۆتایی بە قووڵایی بیاباندا بچیت. لەوێکانەیش دۆشەکە خەوی لێ پان بکەیتەوە. ئاگرێک بکەیتەوە و شەوەکەی لە ژێر بریسکەی ئەستێرەکاندا بمێنیتەوە....

بەڵام خۆ مرۆڤ دەتوانێت لە سەربانەکەی ماڵی بابە گەورەیشەوە، لە ئەستێرەکان بڕوانێت. شەوان گوندەکە دەکەوێتە تاریکییەوە و ئەستێرەکانیش

دەبریسکێنەوە. بابە گــەورەی هەمــیــشــە لەوێکانەدا و لە بان یەکــێک لە کورسییەکان دادەنیشت کە بە کلیمی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشران. فەرشێکی بچکۆلانەیش لە بەر پێکەدا ڕادەخرا. بۆ ئەوەی بەپێی پەتی بچیتە ئەوێکانە. کە هاوینان سەعید لە کن باپیری بەسەری دەبرد، نانی شێوان لەوێکانە دەخورا. خواردنەکان لە دەفری گەورەی فافۆندا و لەسەر فەرشەکە دادەنران. دەفرێکی میوە و یەکێکیش برنج و حوموز و گۆشت. ئیتر هەموویان بەدووری سەحەنەکاندا چیچکەیان دەدایەوە و دەکەوتنە خواردن. سەعید دەیهێنێتەوە یادی خۆی، چۆن ئەمیش بە دەست، گرمۆڵەیەکی لە برنجە چەورەکە دەکرد و دەیخستە دەمیەوە. سەوزەکەشی لە بان نان لەواشەکە دادەنا. ئەم بۆی هەبوو چەند دەخوازێت لە هەموو شتەکان بخوات، تەنیا گۆشتەکە بەش دەکرا. ئەویش بابەگــەورەی بڕیاردەر بوو، کێ و کــام پارچەیەی وەبەر دەکــەوێت. جارێک سەعید لە دڵی کارێکی خوارد. گۆشتەکە تورت و پتەو بوو. بۆنی تەندوورەکەی گرتبوو و لەگەڵ تامی ئەو گۆشتانەی ئەم خواردبوونی جیاوازی هەبوو. کە بابەگەورەی سەرنجی ئەمی دا، هەر دەیجوێت و دەیجوێتەوە، بە پێکەنینەوە وتبووی:

" دەزانیت کە مانای ڕێزێکی گەورەیە، ئەگەر میوان لە دڵی ئاژەڵەکەی بدرێتێ..؟" بۆ سەعید باشتر بوو ئەگەر لە شتێکی تر ڕێزی لێ بگیرایە، بەڵام ئیتر هەرچۆنێک بێت جوی و جوی، هەتا قووتی دا. هەوڵیشی دەدا بیر لە کارەکە نەکاتەوە کە بە گەردنبەندە دارییەکەی ملیەوە، بەو ناوەدا هەڵدەبەزییەوە و ئاوازێکی خۆشی لێ بەرز دەبووەوە. دوای نانخواردنیش خورما و کێکی شیرین دەخورا. دایەگەورەی لەتی دەکرد و هەر کەسەی بە سەری کێردەکە، پارچەیەکی دەدرایە. ئینجا ئاویان لەگەڵیا دەخواردەوە، کە بڕێک ئاوی لیمۆیان تێ دەکرد. ئەوانەیش ژەمی جێژن بوو. بەڵام سەعید نایەتەوە یادی چ جێژنێک؟ پێدەچێت کە جێژنی ڕەمەزان بووبێت.

سەعید و پوورە سۆنیا لە نهۆمی یەک لە پلیکانەکان دادەبەزن. دەبێت لێرەکانەدا کراسی پیاوان هەبێت. بەڵام ئەوان تەنیا دەرپێی ئافرەتانەیان

بەرچاو دەکەوێت. لەوێدا کیژەکانی لە تەمەنی لێنادان و مەمکۆڵە بچکۆلەکانیان لە ژێر بلووزە تەسکەکانیانەوە دەرتۆقیون، دەووری مێزە گەورەکانیان داوە. بە تریقانەوە و خەنینەوە، مەمکەوانە ڕەش و سوور و ڕەنگینەکان لەبەر سنگیاندا ڕادەگرن. یانیش خەرواره پانتۆڵە هەڵدراوەکەی بان مێزەکە، ئەمدیو و دیو پێ دەکەن. پانتۆڵە کورتەکان هینی ئەوە نین، لە بەرچاوی کەسێکی نامۆدا لەبەر بکرێن. سەعید تێ ناگات بۆچ خەڵکی ئەم وڵاتە، بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوت دەکەن. چۆن شەرم ناکەن خۆیان لە بەرامبەر یەکێکی تردا وەها پیشان بدەن؟ تا ئێستا چەند جار دیویەتی کە لە ناو خەڵکیشدا، جووتەکان خۆ لە یەکتری دەئاڵێنن.... ئەوانە ڕێزیان لە هەمبەر هەستی کەسانی تردا نییە..؟

سەعید بیر دەکاتەوە: من بۆ چ وڵاتێک هاتووم؟ خەڵکەکەی وەها هەڵسوکەوت ناکەن، کە پێویستە بیکەن. خەڵکەکەی چاوچنۆک و بێ شەرمن. هیچ لە خەمی پیر و نەخۆش و هەژارەکاندا نین. هەموو ڕۆژەکە پێدەکەنن و بیر لەوە دەکەنەوە خۆیان کەیفساز بکەن. سەعید ناچارە کتوپڕی یادی بابەگەورەی بکاتەوە. لەو پیاوە ڕاستگۆ و بێدەنگەی، هەمیشە کردەوەی باشی لێ دەوەشایەوە. هەموو ڕۆژێک پێنج جاران نوێژی دادەبەست.. – چۆن جارێکیش بینی – ئەگەر کەسێک بەر بەزەیی خوا بکەوتایە، قورعانی بەسەر سەرەوە بگرتبایە، ئەوا دەبووا قورعانەکەیش لە پەڕۆیەکی سەوزەوە بپێچرابایە. ڕەنگی سنبولی ئیسلام سەوزە. ڕەنگی بەهارە. ڕەنگی چەمەنزاری سەوزی تۆخ و دارستانی چڕ. ڕەنگی هیوایش هەر سەوزە.

پوورە سۆنیا هەست دەکات کە سەعید نیگەرانە. ئەویش دەڕوانێتە جێ سەرنجەکانی سەعید. پوورە سۆنیا دەبینێت کە سەعید پەسا پەسا لە کیژە قریوەکەرەکان هەڵدەڕوانێت و خێرایش سەرنجی دەگوازێتەوە. پوورە سۆنیا سکی ڕووت و ناوکی هەڵقە تێهەڵچەقێنراوی کچێک دەبینێت و دەزانێت کە ئەمەیش بۆ سەعید چ مانایەکی هەیە. گوناح. دەستی دەگرێت و بە هێواشی دەڵێت:

– خۆشەویستەکەم سەعید. دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە: ئەو کچانە بێ شەرمن. بەڵام وەها نییە. ئەوان تەنیا بەجۆرێکی تر پەروەردە کراون.

کە نیگای سەعید لەسەر تەختی زەوییەکەیە، سۆنیا درێژەی دەداتێ:

– کە مامە بەسامیشت تازە هاتە ئێرەکانە، وەک تۆ بەم شتانە نیگەران و سەرسورماو بوو. ئەویش ئەو ئافرەتانەی بە جێی شەرمەزاری دەزانی.... (بزەیەکیشی بۆ دەکات).. ئەویش ڕای وابوو کە ئەو ژن و کچانە بێ شەرەفن.. دەزانیت کە ئەوانە سکرتێر و ژنی ماڵ و دایکانی ئاساین... لێرە مرۆڤ جۆرێکی تر دەژین. من باش دەزانم، چۆن مامت خووی پێوە گرت و بەلایەوە ئاساین. لای تۆیش هەر وەها دەبێت.

سەعید بێدەنگە. ئەو شتی تر دەزانێت. دەزانێت کە خوو بەوەها شتگەلێکەوە ناگرێت. ئەو خوو بە زۆر شتی تری ئێرەوە ناگرێت.... لە ناکاویش بەسەر لێوی خۆیەوە هەست بەو ماچە دەکات، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لێنا لێی کرد. هەروەک چۆن ڕۆژانە و جارجار بیری لێ دەکاتەوە، نهاکەیش بیری لێ کردەوە. ئەم ماچەی بەلاوە شتێکی تر بوو، وەک لەو ماچەی لە ساتی جێهێشتنی بەغدادا، خەدیجە لەمی کرد. جێی سەرسورمانیش بوو کە لێنا ماچی ئەمی کرد، هەستی بە شەرمەزاری و یانیش بێ شەرەفی خۆیی نەدەکرد. ماچەکەی لێنا، ماچێکی تر بوو.... بەڵام ئەوەی کە لەم کۆگایەدا ڕوو دەدات و دەبینرێت، بۆ ئەم جێی شەرمەزارییە. ئافرەتان بەو کەلوپەلانەی کە قۆستوویانەتەوە، بە ڕوخساری سوورهەڵگەڕاوەوە، لەبەر ژمێریار– کاسە – ەکدا، بۆ پارەدان وەستاون. وا مامەڵە بە پارە کاغەزەکانەوە دەکرێت، دەڵێیت سەد ئەورۆیی هەر حسابیشی بۆ ناکرێت.

لە هەموو لایەکەوە، دەکڕدرێت. کەلوپەل ئەمدیو و ئەودیو پێ دەکرێت و پارە دەدرێت. سەعید تووشی سەرەگێژە بووە. ئافرەتەکان بە عەلاگەکانی دەستیانەوە، کە کراسی بچکۆلەی – شەیالە – داریان پێوە هەڵواسراوە، بە هەموو لایەکدا جرت و فرتیانە و جارجارەیش خۆیان بە کابینەی پڕۆڤەی

جلەکانەوە دەکەن. بۆ ساتێکیش بە قۆڵ و باسکی ڕووتەوە دێنەوە دەرەوە. یان بە سوخمەی مەمکی تەنکەوە. سەعید کە بەدوای پووریدا خۆی بە بەشەکاندا دەکات، ئارەقەی کردووەتەوە. جارێک لە کن فرۆشیارێکی ئافرەت هەڵوێستەیەک دەکەن کە مەڵۆیەک پانتۆڵی کورتی ژنانەی بەسەر دەستەکانەوەیە. سۆنیا لێی دەپرسێت:

– کراسی پیاوانە لە کوێدایە؟

فرۆشیارەکەیش بە باسک ئاماژە بە جێیەک دەکات. پلاکاتی گەورە بە سەقفەکەوە هەڵواسراون کە مۆدێلی جیاوازی دەرپێ نیشان دەدەن. ئافرەتەکان بە ناوگەڵی کراوەوە دانیشتوون و سەرنجیان لەسەر سەعیدە. هەندێکیان زەردەخەنەییان بەسەر لێوەوەیە. هەندێکیشیان لێوەکانیان کۆکردووەتەوە. تەنانەت سەعید دەتوانێت ناوکە ڕووتەکەشیان ببینێت. بۆیە سوور هەڵدەگەڕێت. شتی وەسا لە عێراق جێی باوەڕ نییە، ئافرەتێک لە بەرچاوی خەڵکی ناوکی بەڕووتی پێشان بدات. تەنانەت زۆرلە بان ڕانە ڕووتەکانیشیانەوە دەبینێت... ئەگەر ڕاستت دەوێت، سەعید هەموو شتێک دەبینێت....

وا گەیشتوونەتە بەشی کەلوپەلی گەرماو و خۆشتن. ئافرەتێک بە مایۆیەکی نوێی مەلەوە کە هێشتا کوتە کاغەزی نرخەکە پێوەی دەلەنگێتەوە، لە بەردەم پەردەی کابینەی جل گۆڕینەکەدا وەستاوە. مایۆکە گۆشتی لەشی دەگوشێت. کە گۆشتی زیادەی لەشی دەردەپەڕن و مەمکەکانیشی تەواو قوت بوونەتەوە. ئافرەتەکە دەستی توند بە پەردەکەوە گرتووە و بانگ لە فرۆشیارێکی ئافرەت دەکات:

– ئەرێ ژمارەیەکی گەورەتر هەیە..؟

سەر ڕانەکانی قەڵەو و گۆشتن و پەمەیین. پوورە سۆنیایش بێ گرینگیدان بە هیچ دەچێتە پێشترەوە. لە پێشترەوە، بەشی پیاوانە. ئەو سێ کراسی ڕەنگ جیاواز بۆ سەعید هەڵدەگرێت. سەعیدیش بە زەوقی خۆی سێ بلووزی

– پۆلۆ – هەڵدەگرێت. ئیتر لە کۆگاکە دێنە دەرەوە. کە دێنەوە سەر شەقامەکە، پشتی سەعید شەلاڵی ئارەقەیە. پوورە سۆنیا پێی دەڵێت:

– بالەوەی کە تۆ لە بەشی پۆشاکی ئافرەتانە دیت و پێت ناخۆش بوو، پێ موایە کە تۆ حەز لە شتکڕین ناکەیت؟ بەڵام من شتکڕینم گەلێک پێخۆشە و زەوقی لێ دەبینم..

سەعیدیش بە ڕێزەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. کە لە دەوروبەر و دوورتر دەڕوانێت، هەستیش دەکات کە پاش بارانەکە، هەوا بڕێک فێنک بووەتەوە و ئۆتۆمبێلەکانیش لە ژێر خۆرەکەدا دەبریسکێنەوە. سەعید دەڵێت:

– خەڵکی لێرە، ئاوەها شتی زۆر دەکڕن؟

سۆنیا پێ دەکەنێت و دەڵێت:

– بەڵێ. لەماڵیشەوە دۆلابەکانیان سیخنانە بە پۆشاک. پێم وایە کە ئەوان پێویستییان بە هیچی وەها نەبێت، سەیروسەمەرەیە؟ وانییە؟

سەعید ناتوانێت بە سەیروسەمەرەی وەربگرێت، بەڵکوم بە ناباوەڕی و ناسروشتی. چونکە ئەو لە بەغداد خەڵکانێکی زۆری دەدی، تەنیا ئەوەیان هەبوو کە لە بەریان دابوو. وا دیاربوو سۆنیا هەستی پێ کردبێت، سەعید بیر لە چی دەکاتەوە. بۆیە دایکانە باسکی دەخاتە بان شانی. کۆمەڵێک گەنج کە هەر دەبێت لە تەمەنی سەعیددابن، پێدەچوو کە تورکیش بن، بەرەو ڕوویان دێن. سەرنجی مانادار دەدەنە سەعید. هەروەک سەعید کوڕی دایکی – سەرژنانی – بێت. سەعیدیش خێرا باسکی سۆنیا لە خۆی دوور دەخاتەوە. پوورە سۆنیا لێی دەپرسێت:

– ئێستاکە مەیلت لە چییە؟ بچین لە جێیەک دابنیشین؟ لە کافێیەک؟ یان حەز لە ئایس دەکەیت؟

سەعید نایەوێت لە تەک پووریدا لە کافێیەک دابینشێت و ئایس بخوات. چونکە بە سەمەرەی دەزانێت. بۆیە ڕای وایە؛ باشترە بچینەوە بۆ ماڵەوە. هاتا بخوێنێت و خۆی بۆ خوێندنگە ئامادە بکات. سۆنیایش سەرێکی بۆ

دەلەقـێنێت. برێک نیگەران و ڕوخسـاری جـدی دەنوێنێت. چەند هەنگاوێک دەڕۆن و دەگەنە وێستگەکە. سۆنیا لێی دەپرسێت:

– ناخوازیت جارێک لە تەک یەکێک لە هاوپۆلەکانتدا، یەکتر ببینن و پێک بگەن؟ چونکە زۆر جێی خەسارەیە کە تۆ هێندە بە تەنیا بیت...

– باشترە بە تەنیا..

– نا، نا. تەنیایی بۆ هیچ کەسێک باش نییە..

بە خەمخۆریشەوە سەری ڕادەوەشێنێت. ئیتر سەعید هیچ وەڵامێک ناداتەوە. بەدرێژاییی هەر چوار وێستگەی پاسەکە و هەتا ماڵەوە، هەردووکیان بێدەنگن.

ئێوارەیە و هێشتاکە دەمژمێری نۆیە. سەعید لە ناو پێخەفەکەیدا پاڵکەوتووە و گوێی لێیە کە مامە بەسام و پووری باس لەو دەکەن. ئەوان لە خواردنگەکەدا بە ئەڵمانی و بە نزمی و هێواشی دەپەیڤن. ئەم گوێبیستە کە باسەکە پێوەندی بەمەوە هەیە. پاش ماوەیەک مامە بەسامی دێت بۆ کنی. دەرگەکە لە پشت سەری خۆیەوە دادەخات و لە سەر لێواری تەختە خەوەکەی سەعید دادەنیشێت. ئینجا بە میهرەبانییەوە دەڵێت:

– وەرە بۆ لام، برازا خۆشەویستەکەم..

سەعیدیش خۆی ڕاست دەکاتەوە و دادەنیشێت. مامی بە ماناوە سەرنجی تێ دەبرێت و دەڵێت:

– پوورت لەو باوەڕەیدایە کە تۆ خۆشحاڵ نیت..

سەعید لێوەکانی خۆی دەگەزێت و سەری دەلەقێنێت. سەعید لەم جۆرە گفتوگۆیە دەترسێت. چونکە ترسی لەوە هەیە بگری. بەڵام خورتێکی تەمەن پازدە ساڵان، ئیتر نابێت بگری. جێی پێکەنین و گاڵتەجاڕییە و منداڵانەیشە. بەسام بە بیرەوە دەڵێت:

– پوورت لەو باوەڕەیدایە، کە حەز ناکەیت لە کن ئێمە بیت...

– نا، حەزدەکەم..

مامی پێ دەکەنێت و دەڵێت:

– تۆ خورتێکی لەبەردڵانیت، میهرەبانیت و ناتەوێت ئێمە زامدار بکەیت، بەڵام پوورە سۆنیات، سەرنجی وردە و هۆشیارە. ئەو دەبینێت و هەست دەکات کە تۆ کەیفت ساز نییە. باشە بۆچ لە خوێندنگە دۆستت نییە؟

– نازانم.

– کەیفت پێیان نایەت؟

– نازانم.

– ئەوان چۆنن؟ بێ چاو و ڕوون؟ ڕەقن؟ لە تەک تۆدا خراپ هەڵسوکەوت دەکەن؟ یانیش لەبەرئەوەی کە تۆ ئەڵمانی باش نازانیت؟ چ هۆکارێک هەیە؟

– من ئەڵمانی دەزانم. هەر ڕۆژەیش باشتر دەبم.

بەسام سەری دەلەقێنێت. هەردوو دەستەکانی دەخاتە نێوان قاچەکانی خۆی و سەرنجی لەسەر تەختی زەوییەکە ڕادەگرێت:

– ڕاستە کە تۆ زۆر بە چالاکی مەشق دەکەیت. ئێمەیش ئەمەمان زۆر پێخۆشە... بەڵام...

قسەکە تەواو ناکات. سەعیدیش بە بێدەنگی لە دیوارەکە هەڵدەڕوانێت. بەسام دەکەوێتەوە قسە:

– برازاکەم، ئەگەر تۆ هەر خواستێکت هەبوو، پێمی بڵێ. باشە؟

ئینجا قۆڵی دەخاتە بان شانی سەعید و بەرەو لای خۆی کێشی دەکات. لەشە گەورەکەی ئەو پتەو و گەرمە. هەستێکی خراپیش نییە کە لەلایەن مامە بەسامەوە، باوەشی پێدا بکرێت. سەعید هیچ وەڵامێک ناداتەوە. مامی دەستی لێ بەردەدات و هەڵدەستێت. لەبەر دەرگەکەدا هەڵوێستەیەک دەکات و دەپرسێت:

– هیچ خواستێکت بۆ ئەم ئێوارەیە نییە؟

سەعید سەری بەرز دەکاتەوە و لێی هەڵدەڕوانێت. مامی هێندە زەبەلاحە،

هەمـوو دەرگـەکـەی پڕ کردووەتەوە. ئەو بەری نیـو کـاتژمێـر لە دووکـانەکـەی گەڕاوەتەوە و هێشـتـاکە قـاتە تۆخـەکـەی لەبەردایە. لە چێشـتـخـانەکـەوە بۆنی هێلکەوڕۆن دەگـاتە ئێرەکـانە. مـامی هـەمـیشـە هێـڵـکـەوڕۆن بە بەز – چزڵی – دەکـات. بەڵام بەزەکـە هینی بەرازە. سـەعـیـد حـەزی پێ نـاکـات. سـەعـیـد دەپرسێت:

– جارێکی تریش بچینەوە بۆ مزگەوت؟

بەسام تەوێڵی خۆی دەخورێنێت:

– بۆ مزگەوت..؟

ئینجـا دەگەڕێتـەوە و لە بان تەختە خـەوەی سـەعید دادەنیشـێتەوە. سـەعید درێژەی دەداتێ:

– بەڵێ، تۆ لێمت پرسی؛ ئەگەر داوایەکم هەیە. منیش ئەوە داواکەمە...

– تۆ هیوا دەخوازیت کە پێکەوە بۆ مزگەوت بڕۆین؟

– بەڵێ.

– دەی خۆ ئێمە هەفتەی ڕابردوو لەوێندەرێ بووین..؟

– وایە.

– هەینی پێشوویش هەر لە مزگەوت بووین..؟

– بەڵێ وایە. سوپاس مامە..

– هەینی پێش ئەو هەینیـیـەش هەر چووین. من لە هـەمـوو ژیانمدا بە ئەندازەی ئێستا، کە سەعیدی برازام لە لامە، نەچوومەتە مزگەوت...

– سوپاس، مامە.

– دەی خـۆ مـحـەمـەدی برام کـە بـابی تۆیە، پێم وایە هەرگـیـز سـەری بە مـزگـەوتێکدا نەکـردبێت. وانییـە؟ چونکە دەزانم کـە براکـەم مـوسـڵـمـانێکی مەزهەبی نەبوو..

سەعیدیش سەری دەلەقێنێت.

– دایکیشت هەروەها . تەنیا بابە گەورەت نەبێت. بابی بابت.

سەعید سەری دادەنەوێنێت. مامی دەڵێت:

– ئەوە چیتە وادەتەوێت بچیتە مزگەوت؟

– پێم خۆشە و بەدڵمە.

کە سەرنج دەدات. ساتێک مامی لەم هەڵدەڕوانێت چرچێکی قووڵ لە تەوێڵیدا دروست دەبێت. سەعید پەلاماری دەستی مامی دەدات و تکای لێ دەکات. ماچی دەکات و دوو جارانیش بە نێوچاوانی خۆیەوەی دەنووسێنێت. بەسامیش لە ژێر کاریگەری سۆزدا، دەست بە سەریدا دێنێت و دەڵێت:

– دەی باشە، ڕۆژی هەینی.

کە مامی لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، سەعید خۆی بە سەر پشتدا پاڵ دەخات. هەردوو دەستەکانی لە ژێر ملیدا قوفڵ دەکات و سەرنجی لە سەر سەقفی ژوورەکە ڕادەگرێت.

# بەشی سیازدە

خاوەنی خواردنگەکەی – پۆرتۆفینۆ –ی کە ئەمان لەوێدا مێزێکیان بۆ گیراوە، کورسییەکانی هەتا بان پیادەڕەوەکە درێژ کردووەتەوە. ڕوومێزی سپی بە سەر مێزەکانەوەیە. گوڵەباخیش لە ناو گوڵدانی ملدرێژدان. شەوقی مۆمەکان لە شووشەکانیانەوە دەدرەوشێنەوە. خاوەنی خواردنگەکە بە ئینجانە و کووپەی گەورەی پڕ لە چیلکە و چەوێڵ و زەل، دیوارێکی بە دەوری کورسییەکاندا دروست کردووە.

ئەو ساتێک لێنا و بابی بەرەو مێزێک دەبرد، پێی وتن:

– هەتا پیادەڕەوەکان چاو لە شپاگێتی ناو قاپەکانتان زەق نەکەنەوە. مێزێکی جوانە. لەوێشەوە دەتوانن لە جامە شووشە گەورەکەوە، لە ڕووناکیی ناوەوە هەڵبڕوانن. بەڵام بەم هاوینە کەسێک لە ژوورەوە دانانیشێت و هەموو دەیانەوێت لە دەرەوە نان بخۆن. ئافرەتێکی سەر مێزێکی ئەولاتر، بۆنێک بە خۆیدا هەڵدەپرژێنێت، کە هەموو بۆنەکانی تر دادەپۆشێت. کە باسکە ڕووتەکانیشی دەبزوێنێت، بۆنەکە زیاتر دەبێت. ئیتر لێنا دەڵێیت لە ناو یاسەمینی چڕوپڕدا دانیشتووە.

ئافرەتەکە قژە زەردە ئاڵتوونییەکەی لە دواوە بەستووە و بەسەر پشتیدا هاتووەتە خوارەوە. کراسەکەی بەری کە قوماشێکی تەنکی ڕەشە، لە پێش و لە دواوە قڵیشی درێژی تێدایە. ئافرەتەکە لە تەک پیاوەکەی لە بەرامبەریدا دانیشتووە، چاوبازی دەکات. خۆیشی هێندە نزم دەچەمێنتەوە کە پیاوەکە بتوانێت مەمکە گەورەکانی ببینێت. خاوەنی خواردنگەکە لە پێشدا کارتێکی خواردنەکان ئاراستەی لێنا دەکات و ئینجا دانەیەکیش بە بابی. بابی قاتێکی بە کراواتەوە پۆشیوە. بابی بۆ ئەم ئێوارەیە، بەتایبەتی خۆی گۆڕیوە. چونکە

دەیوست بۆنەیەک بێت. دەنا ئەوان هەرگیز ناچنە خوردنگەیەکی وەها تایبەت. لێنا کە بلووزێک و پانتۆڵێکی جینسی پۆشیوە، لە هەمبەر بابیدا دانیشتووە. بلووزەکەی پەڵەیەکی پێوەیە. دەبووا پانتۆڵەکەشیان بخستبایەتە ناو جلشۆرەوە. بەڵام لێنا هیچ نەیدەویست بۆ ئەم ئێوارەیە، خۆی بە تایبەتی برازێنێتەوە. تەنانەت کرێمی لێویشی لە تەک خۆیدا نەهێناوە. بۆیە کە هەست بە وشکی و تورتیی لێوەکانی دەکات، بە سەری زمان تەڕیان دەکات. لێ ، ئەمەیش قەڵسی دەکات.

بابی بەخێرایی چاو بە خواردنەکاندا دەگێڕێت و لە ژێریشەوە، لە لێنا هەڵدەڕوانێت. ئینجا دەڵێت:

– بیری لێ بکەرەوە، بزانە چی هەیە..؟

لێنایش بیر دەکاتەوە: دەبێت – کێکی تیرامیسو – بێت. جاران لێنا، بەر لە هەر شتێک لەو خواردنە سووکانەی هەڵدەڕوانی. بۆیە هەمیشە و لە ساتی نانخواردندا، جێگەی بۆ ئەو جۆرە پاشخۆرانانە دەهێشتەوە. بۆ ئەو پاشخۆران هەر زۆر گرینگ بوو. بۆیە جاران دایکی هەمیشە دەیوت: " بچکۆلەکەمان خۆی چ شیرینە.." ئەگەرچی هەمیشەیش وەها نەبوو. بەڵام وا لە مێژە کە لێنا گۆشتیش دەخوات. لە هەموو شتێک زۆرتر حەزی لە – زاڵتیمبۆکا – یە، کە لێرەیش هەیە. دایکی ئەم خواردنەی باش دەکرد. گۆشتی گوێرەکەکەی تەنک توێ توێ دەکرد. گەڵای – زاڵبای – لە تەک توێی سجوق دەخستە سەر. چیلکەیەکی ددان پاککەرەوەی تێ هەڵدەچەقاندن، هەتا لێک هەڵنەوەشێن. ئیتر دەیخستە ناو تاوەوە. پاشانیش خەستەیەکی ڕوونتر لە قەیماغی بەسەردا دەکرد و لە تەک ماکارۆنێ – تاگلاتێلا – دا، هەر زۆر بەچێژە. لێرەدا نووسراوە: خواردنی – زاڵتیمبۆکا – ٢٢ یوورۆ. لێنا بە سەرسوڕمانەوە کارتەکە دادەنێت و بە چرپە دەڵێت:

– بابە، ئەوە هەر زۆر گرانە..؟!

بابی بە بزەیەکەوە وەڵامی دەداتەوە:

– ئەمڕۆ نامانەوێت بیر لە پارە بکەینەوە. بەڵکوم خۆمان کەیفساز بکەین کە لە وەها ئێوارەیەکی دڵگیرداین و لە شاری بەرلین دەژین. ئەم شارە هەر زۆر خۆش و دڵگیرە. تۆیش ڕات وەها نییە.؟

ئیتر ڕوخساری لە پشت کارتەکەوە بزر دەبێتەوە. دیارە کە چاوەڕێی وەڵامیش ناکات. لێنا بیر دەکاتەوە؛" ڕاستە کە بەرلین دڵگیر و خۆشە و منیش دەمویست بۆ ئێرەکانە بگوێزمەوە. بەڵام ئەو هۆکارەی کە ئێمە بە هۆیەوە لێرە دەژین، ئاشکرایە کە هیچ پێوەندییەکی بە دڵگیری شارەکەوە نییە..." کە خاوەن خواردنگەکە دێت، لێنا لە پێشدا بۆ پێشخۆران، – مینە سترۆنە – و سوپەیەکی سەوزە و بۆ دواییش – زاڵتیمبۆکا – داوا دەکات. خاوەنەکە دەڵێت:

– هەی، دیارە کە بابت زۆر پێی کەیفساز دەبێت، وا خواردنی بەگەنی خۆت داوا دەکەیت..

– بەڵێ، دایکم زۆری مەیلی لە چێکردنی خواردنی – زاڵتیمبۆکا– هەبوو...

هێشتا زەردەخەنە ڕوخساری بابی گرتووەتەوە. لێ، هەرچۆنێک بێت زەردەخەنەکە، سارد و بەستراو دەنوێنێت. ئەویش داوای خواردنەکەی دەکات. لە دەستپێکدا زەڵاتە بەگەڵای – ڕوکۆلا – و پەنیری هاڕدراوەوە. گۆشتی گۆلک و لێوانێک شەرابی سوور. ژەمە خواردنەکەی ئەو بە ١٨ یووڕۆیە. ئەگینا ئەو هەرگیز خواردنێکی وەها گرانبەها داوا ناکات. لێنا دەزانێت بۆچ ئەمڕۆ ئەم تایبەتمەندییە لە گۆڕێدایە. چونکە بابی لە دەروونەوە هەست بە تاوانباریی خۆی دەکات.

خاوەنەکە داواکارییەکان وەردەگرێت و دەڕوات : کۆلا، ئاو. چارەکێک شەرابی سوور. کە خاوەنەکە دەڕوات، بابی خۆی بۆ پێشەوە دەچەمێنێتەوە و پەنجەکانی لێنا دەگرێت. هەروەک چۆن کابراکەی تەنیشت لە تەک ژنە مەمک زلەکەدا دەیکات. ئینجا دەڵێت:

– هێشتاکە لە بابە تووڕەیت..؟

بێشک چاوەڕێ دەکات کە لینا نەء بڵێت. لینا بە خشکەیی پەنجەکانی لە ژێر دەستیدا دەکێشێتەوە دواوە. پەلاماری دەستماڵەکە دەدات و لە سەر کۆشی پانی دەکاتەوە. دەستماڵەکە پارچەیەک قوماشی سپی لە دەزوو چنراوە. لینا دەست بەسەر قوماشەکەدا دەخشێنێت. بابی دەڵێت:

– کەواتە هێشتاکە تووڕەیت..؟

لینا هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و همێک دەکات. وەک شتێک لە قورگیدا بێت. کە شاگردەکە خواردنەوەکان دێنێت، لینا هەر خێرا نیو لێوان کۆلا دەخواتەوە. بابیشی دەڵێت:

– چ تینوێتییەک..!

لینا وەڵام ناداتەوە. لێوانەکە لە دەستیدا دەخولێنێتەوە و لێی هەڵدەڕوانێت. چلۆن تەڕاییەکەی ناوەوە لەبەر ڕووناکییەکەدا دەگۆڕدرێت. هەر بە راستیش ئیتر زۆری کەیف بە کۆلا نایەت و حەزی پێ ناکات. دەبووایە شتێکی تری داوا بکردبایە. بۆیە دەپرسێت:

– دەتوانم خواردنەوەیەکی – ئاوسێو – داوا بکەم..؟

– بێشک. هەرخێرا..!

لینایش دەڵێت:

– نانا. جارێ با ئەمە هەمووی بخۆمەوە.

بابی چاوێک بەو ناوەدا دەگێڕێت و بە ڕازیبوونەوە دەڵێت:

– جێیەکی جوان و دڵگیرە.. وانییە..؟

لینایش سەر دەلەقێنێت. ئیتر هەردووکیان بێدەنگ دەبن. پاشان بابی دەپرسێت:

– بیر لە چی دەکەیتەوە؟

– بیر لەوە دەکەمەوە، کەنگێ و بۆ کۆتایی جار، من و تۆ و دایکم، پێکەوە چووینەتە نانخواردن.

بابی برێک قەلەق دەبێت. ئینجا ئەویش دەستماڵەکە لە بان کۆشی بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت:

– ئاخ.. بەڵێ. جا پێویستە تەواو بزانرێت..؟

لێنا وەڵام دەداتەوە:

– پێم وایە کۆتایی جار لە – مۆڤنپیک – بووین.

– لەوەدەچێت....

ئینجا بابی قومێک لە شەرابەکەی دەدات و دای دەنێتەوە:

– ئەگەری ئەوە هەیە...

– یانیش وەها نییە.. و .. تەنیا لە تەک دایکمدا و پێکەوە لە – مۆڤنپیک – بووین.. ئەویش دوای شتکڕین بوو...

ئیتر نهاکە لێنا پێشدەکەنێت.

– لەوێ ئایسکرێممان بە میوەی سەیر سەیرەوە خوارد. هەر زۆر خۆش و بەتام بوو...

بابی دەڵێت:

– ئەها... زۆر جوانە..

دەستیشی بەرز دەکاتەوە و لە پێشخزمەتەکەی هەڵدەخات و دەڵێت:

– کچەکەم داوای خواردنەوەیەکی – ئاوسێو – دەکات.

کابرا ڕوخسارێکی خەمخۆری دەگرێتە خۆی و دەڵێت:

– بۆچ کۆلاکە باش نییە..؟

لێنا وەڵامی دەداتەوە:

– بەڵێ....

پاشماوەی کۆلاکە بەسەریەوە دەنێت. هەمووی دەخواتەوە و دەڵێت:

– بەڵام حەزم لە – ئاوسێو – ێکە...

بابی سەرنجی لەسەر ڕادەگرێت و پێی دەڵێت:

– دەی خۆ کۆلایش باش نییە..

لێنا لە ناکاو دێتەوە یادی: " تەواو دەزانم لە کوێ بوو. لە خانووی ناو دارستانەکەی – ئیسنبۆرگی نوێ – بوو. لەوێ کنگرمان خوارد. کنگری نۆبەرەی ساڵ. خۆ دەزانیت دایکم چەندە حەزی لە کنگرە..؟

بابی بە ئەبلەقبوون و دەستەپاچەییەوە لێی هەڵدەڕوانێت. لێنا زۆری بۆ دێنێت:

– بێشک لە یادتە! دایکم تازە لە – هۆنگکۆنگ – گەڕابووەوە. بۆیشی گێڕاینەوە کە هەموو گەشتەکە ئەو بیری لای کنگری تازە بووە. هەر لەوێش تۆ بە منت وت: جا بڕوانە. کەواتە دەزانین ئەمڕۆ چیمان لەپێشە....

لێنا لە دەستماڵەکەی هەڵدەڕوانێت و درێژەی دەداتێ:

– ئەو ساتانە زۆر لەبار و خۆش بوو. هەموومان لە یەکتر باش تێ دەگەیشتین و یەکمان قبوڵ دەکرد...

– باشە. بەڵام من لەم ساتەدا ناتوانم بیر لە هیچێکی وەها بکەمەوە...

لێنا سەری بەرز دەکاتەوە. بەچاوی تەڕەوە دەڵێت:

– بۆچ ناتوانیت شتی وەهات بێتەوە یاد..؟

– نازانم....

ئینجا قومێک شەراب دەخواتەوە و دەڵێت:

– ئێمە گەلێک جاران لە جێگەی جۆراوجۆر بووین. ئیتر جار هەیە کە بیرەوەرییەکی وەها لە مێشکدا نامێنێت و دەسڕدرێتەوە..

– بەڵام لە کن من نەء...

ئیتر هەتا خواردنەکە دێت، بێدەنگ دەبنەوە. بۆ لێنا سوپە و بۆ بابیشی زەڵاتە. قەدەرێک بە بێدەنگی سەرگەرمی خواردن دەبن. ئینجا بابی هەناسەیەک هەڵدەکێشێت. همێک دەکات و دەڵێت:

– بۆ ڕووداوەکەی ئەم بەیانییە، داوای لێبووردن دەکەم.. دەبووایە ڕووی

نەدابایە. ئێمە نەخشەیەکی ترمان هەبوو. بەڵێ، پێشی وتم کە سلاوێکی پڕ لە خۆشەویستیت لەوەوە ئاراستە بکەم...

لێنایش لە ژێر لێوەوە و بە ورتە سوپاسی دەکات. لە ناکاو سوپەکە بۆ لێنا وەک تامی سابوونی هەبێت. بۆیە کەوچکەکە دادەنێت. بەڵام بابی لە خواردن بەردەوامە. لێنا هەستی پێ دەکات، لەو ساتەوەی کە ئەو لەمەڕ – یۆنیکا – وە دەپەیڤێت، کەیفی قنجە. بابی بەدەم خواردنەوە دەڵێت:

– یۆنیکا دەڵێت؛ بیری لەوە نەکردبووەوە کە تۆ کیژۆڵەیەکی وەها ژیکەڵەیت...

لێنا بیر دەکاتەوە: " کەواتە دەبێت بەمە خۆشحاڵ بم..." ئینجا وەڵام دەداتەوە:

– بۆچ وای دەزانی من گافیلێکم..؟ یانیش شتێک لەو بابەتە..؟

بابی پاڵ دەداتەوە و پێ دەکەنێت:

– گافیل..!؟ چۆن هاتیتە سەر ئەم بیرە..؟!

– نازانم چۆن... دەی خۆ کچەکان لە دایکەکانیان دەچن. بەڕاستی نازانم ئەو چۆن و چی لەبارەی دایکمەوە بیر دەکاتەوە.

بابی هەمدیسان خۆی بەسەر قاپەکەیدا لار دەکاتەوە و دەڵێت:

– یۆنیکا لە نووسینگەیەکی خانووبەرە کار دەکات. ئەو ماڵ بۆ خەڵکی پەیدا دەکات و خانوویش بە فرۆشتن دەدات..

– ئەهـا...

قاپی سوپەکە دەنێتە لاوە و دەڵێت:

– ئەگەر کەیفی بە کارەکەی بێت.. بۆچ نا..

کە سەرنجی دەباتە سەر مێزەکەی پەنایان، کابرا لێوەکانی بۆ ماچ کۆکردووەتەوە. لێ زۆر جێی گاڵتەجاڕییە. بابی دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە:

– من کە جارێک بۆ سیمینار لە بەرلین بووم، لەگەڵی ئاشنا بووم. لێ،

ئەوەیش هەفتەیەکی خایاند. ئەو ساتە یۆنیکا لە هوتێل دەژیا. ئەو ئەم ماڵەی بۆ دۆزینەوە. ماڵ دۆزینەوەیش هەروا سانا نەبوو. چونکە من کاتم زۆر کەم بوو. ئێ نەیشم دەزانی کە تۆ بڕیار بۆ لای من دەدەیت یان کن دایکت، هەتا بڕیار لەسەر چۆنێتی گەورەبوونی ماڵەکە بدەم. تۆیش هەتا کۆتاییی چرکە ساتەکان مەسەلەکەت بۆ سەرسوڕمان هێشتبووەوە...

لێنا بیر دەکاتەوە: " وا هەمدیسان سەرزەنشتێکی تر. خۆ ئەوە ئێوە بوون دەتانویست خۆم بڕیار بدەم..." بابی دەڵێت:

– پێوەندی بە زۆر و کەمی پارەیشەوە هەبوو. نەدەبووایە زۆریش گران بووایە. چونکە شتێکیشمان بۆ ژیان پێویست بوو. خۆ ئێمە دەمانویست باش بژین. وا نییە..؟

– وایە...

– دەبووایە خوێندنگەی باشیشی لێوە نزیک بووایە، هەتا تۆ دانەیەکیان هەڵبژێریت.

لێنا وەڵام دەداتەوە:

– بۆ نهاکە خوێندنگەکە خاسە. بەڵام ئەگەر گەرەکم بێت دیبلۆم بکەم...

ئەگەرچی تا نهاکە وەرگرتنی دیبلۆمی بەلاوە گرینگ نەبووە. بۆیە خۆیشی نەیزانی، بۆچ لە ناکاو کەوتە سەر ئەو بیرە و دەربڕینی وەها ڕایەک. پێی وابوو کە هاندەرێک لە ناخیدا دروست بووە. بەمەیش خۆشحاڵ بوو. بابیشی کە سەرنجی لەسەر ڕاگرتبوو، بەو بیرەی سەرسام بوو. ئینجا وتیشی:

– بەڵام ئەگەر بەتەمای وەرگرتنی دیبلۆمیت، دەبووایە لە خوێندنگەی سەرەتاییەوە، خۆت ماندوو کردبایە. خۆ دەزانیت کە مامۆستاکەت ئامۆژگاری کردیت کە بچیتە خوێندنگەی گشتی نەک – گێمنازیۆم – ئامادەیی. چونکە تۆ لە وانەی ئەڵمانیدا نمرەی خراپی چوارت هەبوو.

لێنایش وەڵامی دەداتەوە:

– چونکە ئێوە هەرگیز خۆتان لە تەک مندا ماندوو نەکردووە و مەشقتان پێ

نەکردووم......

خاوەن خواردنگەکە دێت و قاپەکان کۆ دەکاتەوە. ئەگەرچی لەسەر هەر یەک لە قاپەکان نیوەی خواردنەکان ماوەتەوە، بەڵام ئەمان بە زوویی دەڵێن؛ کە خواردنەکان بەچێژ بوون. کابرایش هیچ دژە پرسیارێکی دییان لێ ناکات، بێدەنگ قاپەکان کۆ دەکاتەوە و دوور دەکەوێتەوە. لێنا دەکەوێتەوە قسەکردن:

– ئێوە هەرگیز لە تەک مندا مەشقتان نەکردووە. نووسینەوە – ئیملا – تان پێ نەکردووم و ئەرکتان پێ نەداوم..

بابی دەڵێت:

– دەزانی بۆچ.....؟

ئینجا خۆی بۆ پێشەوە دەچەمێنێتەوە. لێوانی شەرابەکە لادەبات هەتا باشتر بتوانێت لە چاوەکانی لێنا هەڵبڕوانێت. دەنگیشی گرژ و بڵندتر دەبێت:

– چونکە هەرگیز نەتدەویست لە تەک تۆدا مەشق بکەین! چونکە هەرگیز گرینگیت بۆ خوێندنگە نەبوو. چونکە بۆت ئاسایی بوو ئەگەر بە نمرەی خراپیشەوە بۆماڵەوە بێیتەوە. ئیتر با ئێمە هەتا دەممان کەفی دەکرد و شل دەبوو، باسی گرینگی خوێندنگەمان بۆ بکردبایتایە...

لێنا دەچێتە بیرەوە: " ئێ؟ خۆ ئەگەری گۆڕانکاری هەیە..." ئینجا دەورتێنێت:

– بۆ سەعیدیش خوێندنگە زۆر گرینگ نییە..!

بابی سەرنجی لەسەر ڕادەگرێت و دەپرسێت:

– ئەمە یانی چی؟ تێ ناگەم... سەعید کێیە..؟

لێنا چاو لە چاوی بابی دەبڕێت و دەڵێت:

– هاوەڵێک..

– چی..؟ کێ..؟

لێنا بە ئارامی پاتەی دەکاتەوە:

– سەعید دۆستێکمە.

لێنا حەز دەکات کە بابی تووشی سەرسوڕمان بکات. بیری لێ دەکاتەوە: هەر ئەو ناتوانێت شتی سەیروسەمەرەی لێ بوەشێتەوە. ئینجا دەڵێت:

– تۆ دەیناسیت.

– ئێ کەواتە کێیە..؟

– ئەویش وەک من و هەمان ڕۆژ هاتە خوێندنگەکە. هەردووکمان پێکەوە لە کن بەڕێوەبەر بووین.

بابی ناوچاوانی خۆی دەخورێنێت و دەورتێنێت:

– ئاخ.. کوڕەکە.. لەکوێوە هاتبوو..؟ لە وڵاتێکی خەمبار و بێ نەواوە..

لێنا دەڵێت:

– عێراق. بەغداد. دەبێت ڕاست بکەیت، خەمبار و بێ نەوا...

بابی هەمدیسان خۆی بە پشتدا پاڵ دەخاتەوە. دەستماڵەکەی دەستی قەد دەکات و دەکاتەوە.. لێنایش هەست دەکات کە بابی، ناخوازێت ئێستاکە لە هەمبەر سەعیدەوە بدوێت. چونکە تەنیا بابەتی خوێندنگەکە قەلەق و قەڵسی کرد. بەڵام درێژەشی پێ دەدات:

– لە پۆل لە پاڵ سەعیددا دادەنیشم. پێکەوە زۆر دەپەیڤین کە ئیتر ئەو لە منەوە فێری ئەڵمانی دەبێت...

– ئەهـــا..

بەدەم قسەکردنیشەوە، لە هەوڵی بڕینی پارچە گۆشتەکەدایە. ڕوخساری گرژ دەبێت. دەستێک لە شاگردەکە هەڵدەخات و پێی دەڵێت:

– ئەم پارچە گۆشتە هەر زۆر توورتە.

لێنا هەست دەکات، تا دێت زەوقی بابی خراپتر دەبێت، بەڵام زەوقی خۆی باشتر. خۆیشی نازانێت بۆچی. بابی بە تەشەرەوە دەپرسێت:

– ئەی تۆ چی لەو خورتەوە فێر دەبیت؟

لێنا لە پرسیارەکە تێ ناگات.

– بۆچی؟ دەبێت من چی لەوەوە فـێـر بم؟ باشـە بۆچ وەها هەڵدەچیت؟ شتێکت دژی ئەو کوڕە عێراقییە هەیە؟ دژی عەرەبێک؟

لێنا خۆیشی دەزانێت کە بابی هیچ شتێکی لە دژی عەرەب نییە، بەڵام ئەو دەیەوێت بابی قنگەتیلکە بدات. بابی کورسییەکەی بۆ دواوە پاڵ پێوە دەنێت و بە دەستماڵەکەیش شەویلگە و لێوەکانی پاک دەکاتەوە:

– ئەمـە مـانای چیـیـە؟ بۆچ وەها قـەڵسم دەکـەیت؟ من لـە هەمـبـەر ئەم ئێـوارەیەوە زۆر خـۆشـحـاڵ بووم. چونکە وام بیـر دەکـردەوە؛ دەتوانین هەردووکمان وەک گەورەساڵان و پێکەوە لەبارەی ژیانمانەوە، لەبارەی داهاتوو و ئینجا – یۆنیکا– شەوە قسان بکەین. لەهەمبەر ئەوەی بۆچ حەز دەکەم – یۆنیکا – بێتە ناو ژیانمەوە...

لێنا پرسیارەکەی درێژ دەکاتەوە:

– دەتەوێت چ—ی.. بکەی–ت..؟ یۆنیکا زۆرتر بێنیـتـە ناو ژیانتـەوە؟ مەبەستت لەمە چییە؟

بابی کپ دەبێت. چاو لە لێنا دەبڕێت و دەستـمـاڵەکـەی لەسـەر مـێـزەکـە دادەنێت. دەڵێت:

– هەر هیچ. لەم ساتەوەختەدا هیچ مەبەستێکم نییە. تەنیا دەمویست تکای ئەوەت لێ بکەم، ئەگەر – یۆنیکا– کۆتاییی هەفتەکـان لە کن ئێمـە بەسـەر بەرێت، ئەوا تۆزێک میهرەبانانە لە تەکیا مامەڵە بکەیت.

لێنا چاوەکانی ژێر و ژوور دەکات و دەپرسێت:

– کۆتاییی هەفتەکان لە تەک ئێمەدا بەسەری بەرێت؟

بابی بە ئارامی دەڵێت:

– بەڵێ.

– مەبەستت لەوەیە کە ئەو هەر هەموو کۆتاییی هەفتەکە بە کۆڵمانەوە دەبێت؟

بابی بە پێکەنینەوە وەڵام دەداتەوە:

– بیرمان لە شتێکی وەها نەکردووەتەوە. بەڵام من بە باشم زانی کە پێکەوە گەشتێکی ئەم دەوروبەرە بکەین. لەم ناوەدا شتگەلی گرینگی لێن...

لێنا لە قاپەکەی بەردەمی خۆی هەڵدەڕوانێت و یاری بە پارچە گۆشتەکە دەکات. گەڵایەکی زاڵبای دەهێنێتە لێواری قاپەکە و دەڵێت:

– من وام دەزانی کە من و تۆ دەمانەوێت پێکەوە بژین...

– ئەوەیش دەکەین!

– بەڵام من وام دەزانی تەنیا هەردووکمان!

– لێنا... لە هەمبەر یۆنیکاوە... وەسایە... حەزم پێیەتی... ئێ، منیش زۆر خۆشحاڵ دەبم.. کە تۆ لێرە...

لێنا چنگاڵەکەی دادەنێت. پاڵ دەداتەوە و چاوەکانی دەنووقێنێت. دەزانێت کە هاکا کەوتە گریان و ناشتوانێت بەرهەڵستی بکات. هەر هەموو پاش نیوەڕۆکە چاوەڕێ بوو کە دایکی تەلەفۆن بکاتەوە، بەڵام دەنگ لە تەلەفۆنەکەوە نەهات. لێنا لەمەیش تێ ناگات. ئەگەرچی ئەم تکاشی لە پوورە چارلۆتە کرد کە بە دایکی بڵێت، جا پێدەچێت کە ئەو ژبیری کردبێت. بۆیە بیر دەکاتەوە؛ دەبێت شتێک ڕووی دابێت، بۆیە دەبووایە من جارێکی تریش تەلەفۆنم بکردبایەتەوە. زۆر دەبەنگی بوو کە من هەر چاوەڕێم کردووە. چونکە وام دەزانی، بێشک کە تەلەفۆنم لێ دەکەنەوە. ئەی باشە چیم بە دایکم دەوت؟ کە بابم دۆستێکی نوێی هەیە؟ بابی ڕای دەچڵەکێنێت کە دەچرپێنێت:

– کۆترۆلکەکەم! ئەوە چییە؟ چیتە؟ بۆچ دەگریت؟

لێنا ورتەیەک دەکات:

– ناگریم..!

کورسییەکە بۆ دواوە پاڵ پێوە دەنێت و هەڵدەستێت:

– من شتێک چووەتە چاومەوە. بۆیە ئاوی پێدا دێتە خوارەوە.

ئینجا ڕوخساری خۆی لە دەستماڵە گەورەکەدا دەشارێتەوە.

## بەشی چوارده

لەو چرکەساتەی بابی لە هەواڵەکان دەڕوانێت و لێنایش لە گەرماوەکەیە، دایکی تەلەفۆن دەکات. لێنا وادەزانێت دەبێت ئەو یۆنیکایە بێت، بۆیە گرینگی بە زەنگەکە نادات. بەڵام لە ناکاو بابی تەقە لە دەرگەکە هەڵدەستێنێت و هاوار دەکات:

– هەلۆ! دایکت گەرەکیە لە تەک تۆدا بپەیڤێت.

مووکێشەکە خەریک بوو لە دەستی دەکەوتە خوارەوە. کە لێنا بیستەرەکە هەڵدەگرێت، بابی دەڵێت:

– دەتوانیت بۆ دایکیشتی ڕوون بکەیتەوە، کە تۆ ئا لەم ساتە وەختەدا وەک ئاسایی لە ناو جێگەدایت و خەوتوویت..!

لێنا وەڵامی ناداتەوە. دەم دەنێتە بان بیستەرەکە و بە نزمی دەڵێت:

– دایە؟ چرکەیەک چاوەڕێ بکە.. باشە..؟

ئینجا بە تەلەفۆنەکەوە بۆ ژوورەکەی خۆی دەردەفرتێت. لە ناوەوە بە کێلۆنەکە دەرگەکە دادەخات. ئینجا دەڵێت:

– هەلۆ..؟

– گەنجینەکەم... بەڵێ... داوای لێبووردن دەکەم. پێش ئێستاکەیش دوو جاری تر تەلەفۆنم کرد، بەڵام تەنیا نەواری بان تەلەفۆنەکە دادەگیرسا. منیش نەمدەویست لەسەری قسان بکەم. چونکە نەمدەزانی....

– باشە. باشە...

خۆیشی هەڵدەداتە بان تەختە خەوەکەی. ئەو جێیەی کە ئەم بە مووکێشەکە مووی لێ هەڵکێشاوە دەچووزێتەوە. بەڵام هیچی وەسا نییە. هەناسەیەکی

قووڵ دەداتەوە. دایکی دەڵێت:

– ئەم ئێـوارەیە زانـیـومـە کـە تۆ تەلەفـۆنت کـردووە. پوورە چارلۆتە لەســەر پارچەیەک کـاغـەز بۆی نووسـیـبـووم، بەڵام کـوتـە کـاغـەزەکـە کـەوتبـووە ژێر ڕۆژنامەوە...

لێنایش دەڵێت:

– دەی هیچ نییە.. پێویستیش ناکات دوای لێبووردن بکەیت....

– چی هەیە؟ چارلۆتە دەڵێت: تۆ بڕێک بەماناوە قسەت کردووە..؟

لێنایش دەچرپێنێت:

– من... من دەمویست... من دەمویست هەروا گوێم لە دەنگتەوە بێت...

هەردووکیان بێدەنگ دەبن. ئینجا دایکی بە سۆزەوە دەڵێت:

– ئاخ گەنجینەکەم... وەها نیگەرانیت..؟

لێنا چاوەکـانی هێندە بە توندی دەنووقێنێت، هەتا گەرم دادێن. سەریشی ڕادەوەشێنێت، بەڵام خۆ دایکی ناکارێت ببینێت.

– نەخێر. هیـچی وەها نییە. تەنیا دەمویست بزانم لە – شتـارنبێرگ – چۆن دەگوزەرێت؟ چونکە لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکمان نەکردووە..

پاش چرکەساتێکی بێدەنگی دایکی بەماناوە دەپرسێت:

– لە شتارنبێرگ؟

– بەڵێ. لە بارەی خـانووەکە و خـەڵک و کەشـەوە. کارەکەت و پوورزاکـانم و هەموو شتێکی ترەوە..

لێنا هـەوڵ دەدات پێــبکەنێت. بەڵام دەنگەکــەی لە بـریتـی خــۆشــحــاڵی، خەمگینی بەیان دەکات.

هەمــدیســان و بـۆ چەند چـرکـە ســات بێـدەنـگ دەبنەوە. ئـینجـا دایکی بە جەغتەوە دەڵێت:

– کەش گەلێک خۆش و لەبەر دڵانە. ئیـتر شـتی تریش.... چی بڵێم.. ئێمە

دەبێت هەر هەموومان، خوو بە ژیانی نوێوە بگرین. جارجارە دەچمە شاری مونشن. هۆ لەو سووچی نێزیکەوەیە...(بە هەناسە دانەوەیەک دەڵێت)... باش دەبێت.

لێنایش بە مەبەستی خۆ لادان لە باسی گرینگ دەڵێت:

– ئێمەیش ئێستا کەشێکی باشمان هەیە. ئەم دوانیوەڕۆیە، هەر لەخۆوە دنیا گەرم بوو.

– ئەی تۆ لە تەک بابتدا، لە کن بابتدا بۆ نانخواردن چوونە کن ئیتالی؟

– بابم بۆی گێڕایتەوە؟

– بەڵێ. ئەو دەڵێت خۆش بووە.

لێنا بە وورتەوە دەڵێت:

– یئ–––ە... هـ––ا....

دایکی لێی دەپرسێت:

– گەنجینەکەم، ئەوە چییە...؟

لێنا خۆی دەخاتە سەر لا. ئینجا وەک منداڵێک لەسەر پێخەفەکە تل دەدات و بە چرپەوە دەڵێت:

– من هیچ خۆشحاڵ نیم....

ئیتر لە ناکاو فرمێسک لە چاوەکانی دەردەپەڕن. هەنسک دەدات و دەگری. بەدەم هەنسکدانەوە دەڵێت:

– بۆ هەموو شتێک داوای لێبووردن دەکەم...

– منداڵۆکەکەم...! گەنجینەکەم... ئۆی خوایە.. ئەوە چیتە....؟

– دایە. من دەمەوێت بێمە لای تۆ. پێم باشترە لە کن ئێوە بم. چونکە ئێرەم بەلاوە ناحەز و قەڵسکەرە...

پشوویەک دروست دەبێت. پشوویەکی درێژ. هەر زۆر درێژ. ئینجا دایکی دەڵێت:

– هەست دەکەیت کە قەڵسکەرە؟ بۆچ لە پڕدا ئاوەها..؟

لێنا بێدەنگ دەبێت. دایکی دەیەوێت شت بزانێت:

– شتێکی وەها ڕووی داوە؟

لێنا دەچرپێنێت:

– ئا چرکە ساتێک چاوەڕێ بە.. باشە..؟ تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت تەلەفۆنەکە دادەنێم....

ئینجا لە سەر پەنجەکانی پێ بەرەو دەرگەکە دەچێت. درزێکی تێ دەخات و گوێبیستی هۆڵەکە دەبێت. دەبیستێت کە تەلەفیزیۆنەکە کار دەکات و تۆپێن پیشان دەدرێت. دەرگەکە بە توندی و قایمی دادەخاتەوە و بەرەو تەختە خەوەکەی هەڕا دەکاتەوە:

– دایە پێم بڵێ ئایا تۆ دەتزانی؟ دەتزانی؟

پشوویەکی بێدەنگی دروست دەبێتەوە. دایکی بە دەنگی نائەرخەیانییەوە دەپرسێت:

– چیم زانیبێت؟

– کە بابە .. لە تەک ئەو.. ژنەدا...

چاوەکانی دەنووقێنێت و هەناسە تازە دەکاتەوە. چاوەکانی دەکاتەوە و دەڵێت:

– ئەو ژنە دوێنێ شەو لێرە نووستبوو..

بێدەنگی دروست دەبێتەوە. لێنا گوێ هەڵدەخات و دەڵێت:

– هەلۆ... دایە...؟

دایکی بە دەنگێکی حەسرەتاوییەوە وەڵام دەداتەوە:

– من لەسەر هێڵم....

– دەمویست بزانم ئایا تۆ لەوە ئاگەدار بوویت..؟

دایکی هەڵوێستەیەک دەکات و دەڵێت:

– بابت هەمیشە ئینکاری لەوە دەکرد، ئەو لە بەرلین کەسێکی هەبێت. بەڵام من هەمیشە هەستێکی وەهام هەبوو.

لێنا ناوچاوانی خۆی دەخورێنێت:

– ئەی پاشان....؟

– پێوەندییەکەمان تەنیا لەبەر هەبوونی ئەو ئافرەتە خراپ نەبووە. بەڵکوم زۆر لە زووترەوە دەستی پێ کرد. جارێک هێندەی نەمابوو کە ئیتر لەیەکتر جویێ بینەوە....

– پاشان.....؟ ئەی بۆچ لێک جویێ نەبوونەوە..؟

– ئەویش لەبەر تۆ، لێنا. دەمانویست منداڵییەکی بێ کێشەت هەبێت.

لێنا لە بیرەوە دەڵێت: سوپاس. هەر زۆر زۆر سوپاس.... کە لێنا بە دژواری هەناسە دەداتەوە، دایکی بە هێواشی دەڵێت:

– هێندەت بیر دەکەم کە شەوان بە هۆکاری تاسە و بیر لێکردن لە تۆوە، سکم تەواو دێتە ژان....

ئینجا دەنگی نزمتر دەبێتەوە و بە چپەوە دەڵێت:

– لەڕاستیدا دەبووایە ئەمەم پێ نەوتیتایە...

لێنایش دەچپێنێت:

– بۆچی نا؟ منیش بەتاسەی تۆوەم....

لە ژێر سەرینەکەیدا لە دەستماڵێکی کاغەز دەگەڕێت. کە دەیدۆزێتەوە، لووتی پێ دەسڕێت. ئەوجا هەست دەکات نێوچاوانی ساف بووبێت. بۆیە دەکەوێتەوە قسە:

– پوورە چارلۆتە وتی؛ هەموو ئەوانەی ئەویێ ئەمرۆکە چوونەتە لێواری ئاو.

دایکی بە پێکەنینەوە دەڵێت:

– وایە..

لێنا هەتا نهاکە نەیدەزانی، مرۆڤ دەتوانێت گوێی لە زەردەخەنە و یان

پێکەنینەوە بێت و بیـبـیـسـتـێت. هەست دەکـات چۆن ڕوخـسـاری دایکی دەگەشـێتـەوە و بەرەو زەردەخـەنەیەک دەکـرێتـەوە کـە لە ئاخـافـتندا بەردەوام دەبێت.

– دەبێت هـەر زۆر خـۆش بووبێت. هـەر هـەمـوویـان سـەرحـاڵ و وەک فـسـتق قاوەیی، بۆ ماڵەوە گەڕابوونەوە. دیارە کەیفێکی باشیان کردووە.

لێنا بێدەنگ دەبێتەوە. هەوڵ دەدات بیهێنێتە بەرچاوانی خۆی، چۆن دایکی لەو خانووە خۆشەی – شتارنبێرگ – دا، پێشوازی لە یان و نیکلاس و ئیمی کردبێت. چۆن هاوتەبا لە تەک ئەواندا پێکەنیبێت. چۆن سەرسوڕمانی خۆی پێـشـان دابێت، کـە ئەوان وەها قـاوەیی بـووبن. باوەشـیـان پێـدا دەکـات و گاڵتـەیان لە تەکدا دەکات. لەو ئان و ساتەی کچـەکەی خۆی خـەمـبارانە لە بەرلین چیچکەی داوەتەوە. دایکی دەڵێت:

– گەنجینەکەم، خۆ ئەوە خواستی خۆت بوو، لە تەک بابتدا بژیت....

لێنا سـەری دەلەقـێنێت. بە پشـتـی دەسـتـی چاوەکـانی دەسـڕێت و وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ، ڕاستە. بەڵام ئەو کاتە نەمدەزانی....

– مانای وایە حەز دەکەیت بۆ لای من بگوێزیتەوە..؟

لێنا هـەنسک دەدات و تف قـــووت دەداتـەوە. چاوەکـــانی ئـەبڵـــەق دەبـن. بیـردەکـاتەوە: بەڵێ، بەو مـانایەیە، دایـە. دەمەوێت بێـمە لای تـۆ. من هەڵەیەکی گەورەم کرد! ئینجا دەشیهێنێتە بەرچاوی خۆی، چۆن بابی لێرە و بە بێ ئەم بێت. دەی خـۆ دایکیـشـی هـەمـوو ڕۆژێک بە ڕێگەی کـارەوەیە و ناکــەوێتـە ماڵەوە... بۆیە بە خێرایی دەڵێت:

– نا نا، نەخێر!...

تەڕایییەکەی قورگی قوت دەداتەوە و هەوڵ دەدات بە هێواشی بپەیڤێت:

– یان، بـەڵێ... ئاخ، خـۆیشم نازانم. دایـە، هیچ نـەبێت نـاتوانین یـەکـتـری ببینین؟ ناتوانم سەردانت بکەم؟ من ماوەیەکی درێژە لێرەم و...

– بێـشـک کـە دەتوانیت سـەردانم بکەیت، گـەنجـینەکـەم.. هەر زۆریشم پێـخـۆشـە.. بەڵام جـارێ لە پشـووی هاویندا. چونکە لە تەک بـابتـدا، وەها ڕێککەوتووین..

لێنا بە ئازایەتییەوە سەری دەلەقێنێت:

– بەڵێ وایە، دەزانم.

– دەنا، بێشک گەلێکم پێخۆشە کە تۆ بێیت...

ئینجا لە بیستەرەکەوە ماچێکی لێنا دەکات و درێژەی دەداتێ:

– هەر زۆرت بیر دەکەم.

– منیش هەروەها، دایە..

ئینجا لێنایش لە بیستەرەکەوە، ماچێکی دایکی دەکات. دایکی دەڵێت:

– هەر زۆر دژوارە کە لە پڕدا، ئیتر کچەکەت نەبێت...

– بەڵام خۆ تۆ منت هەیە..!

– بـەڵێ، بـەڵێ، دەزانم. من تـۆم هـەیـە. تـۆ تـەنـیـــا بـڕێک لـێم دووریت. بـەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، یەکترمان خۆشدەوێت، وانییە..؟

– هەر زۆر....

کە لێنا ئەمە دەورتێنێت، خۆی بە منداڵێکی چوار ساڵان دێتە بەرچاوان. لێ، هەستێکی خۆشیشە. ئیتر نهاکە دەتوانێت زەردەخەنە بکات. دایکی دەپرسێت:

– خوێندنگە نوێکەت چۆنە؟

– زۆرم بەلاوە باش نییە. چونکە تا ڕادەیەک تەنیام.. لێرەکانە کەس لە خەمی ئەویتردا نییە...

باسی ئەوەیش ناکات، ساتێک لە پۆلدا لە کێشەکانی ژیانی خۆی دوا، هاوپۆلەکانی چۆن سەرسام بوون. لە کۆتاییشدا، کەسێک بۆ دڵنەوایی و هاوخەمی ڕووبەڕووی نەبووەوە و ئامادەیی پیشان نەدا. تەنیا وتی:

– بەڵام سەعید کە خورتێکی میهرەبان و بەڕەوشتە، لە پاڵ مندا دادەنیشێت.

– سەعید کێیە؟

لێنایش باسی سەعیدی بۆ دەکات. ئەو لە بەغدادەوە هاتووە و تەنیا بە ئینگلیزی دەپەیڤێت. ئیتر هیچی تر. دایکی گوێ دەگرێت و قسە لە قسەیدا ناکات. لێنا دەڵێت:

– لەوباوەڕەیدام کە بابم بە باشی نازانێت، لە تەک گەنجێکی عەرەبی خەڵکی بەغداددا، هاوڕێیەتیم هەبێت...

– ئەو دۆستتە؟

لێنا دوای هەڵوێستەیەکی کورت وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ. بێشک...

– یانی تۆ شەیدای بوویت..؟

لێنا سوور هەڵدەگەڕێت و دەڵێت:

– قسەی قۆڕ....

بەڵام لەڕاستیشدا.... هێندە لێی ئاشکرا نییە. دەشبێت بیر لە دوانیوەڕۆ بارانییەکەی ئەمڕۆ بکاتەوە. لێ، ناشیەوێت لەم بارەیەوە لە تەک دایکیدا قسان بکات. بەتایبەتی لە ساتەوەختی وەک ئێستادا.

کە لێنا کۆتایی بە گفتوگۆکە دێنێت و تەلەفۆنەکە بۆ جێی خۆی دەباتەوە، بابی کە چاوەڕێی دەکات لێی هەڵدەڕوانێت. ئیتر تەلەفیزیۆنەکە کار ناکات و بێدەنگی ژوورەی دانیشتنەکەی گرتووەتەوە. لێنا دەڵێت:

– ئیتر من دەچمە ناو جێگاوە....

بەڵام هەست دەکات، دەبێت شتێکی زیادەی بخاتە سەر:

– سوپاس بۆ ئەو خواردنە.

– تکایە.

ئینجا کە لێنا بەرەو دەرگەی ژوورەکەی خۆی دەچێتەوە، بابی دەپرسێت:

– دایە چی دەویست..؟

– هیچ. تەنیا سڵاو بکات.

– بەم ئێوارە درەنگانە..؟

– ئەو زووتریش هەوڵی دابوو.

– هەر بۆ ئەوەی تەنیا سڵاوێک بکات، وەها بەدرێژی قسانتان کرد؟

لێنا سەری بۆ دواوە دەبات و دەپرسێت:

– مەگەر لە دژیت؟

– نەخێر، لە دژ نیم. بەڵام من وام بیر کردەوە، دەتوانین بە چەند ڕستەیەک لەبارەیەوە بپەیڤین. کە دایکت لە ناکاو و نیوەی شەودا تەلەفۆن بکات و بە درێژاییی نیو کاتژمێریش پێکەوە قسان بکەن.

لێنا بیر دەکاتەوە: نیو کاتژمێر؟ هێندە درێژ؟ لە بابی هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– دایکم دەیویست بزانێت، گوزەرانم چۆنە.

سەعید و لێنا لە کافەتێریاکە دانیشوون و خۆیان بۆ وانەی ئینگلیزی ئامادە دەکەن. پێشووتر سەعید لە لێنای پرسیبوو، ئەگەر ئەو کەمێک ساتی هەبێت. لێنایش بە ئەرێتی وەڵامی دابووەوە.

سەعید خواردنەوەیەکی ئاوسێوی بۆ لێنا کڕیوە، بۆ خۆیشی قاوە بەشیر. سەعید سەرنجی دەداتێ، چۆن لێنا دەیخواتەوە. سەرنجی قژە خاوە نەرمەکان و لێوەکانی دەدات کە دەبریسکێنەوە. چونکە لێنا کرێمی لێوی بەکار هێناوە. ئەمڕۆکە لێنا بلووزێکی تەنکی کڵاوداری پەمەیی لەبەر کردووە.

خۆبەخۆ و جارجارە کڵاوەکە دەکاتە سەری و هەر خێرایش دای دەکەنێتەوە. لێ کە کڵاوەکە دادەگرێتەوە، هەندێک لە تاڵە مووەکانی قژی، دەڵێیت تەزووی کارەبایان بەرکەوتووە، ڕەپ و ڕاست دەبنەوە. سەعید پێی

خۆشە هەتا ئەزەل لە تەک لینادا دابنیشێت و بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، بە دزیەوە لێی هەڵبڕوانێت. لینا قەلەقە. بۆیە کورسییەکەی خستووەتە لەقەلەق و قاچەکانیشی دەجووڵێنەوە. سەعیدیش هەست دەکات، شتێک ئەوی سەرگەرم کردووە. ئەمڕۆکە لینا تەنیا بۆ جارێکیش پێنەکەنیوە. سەعید زۆری کەیف بە پێکەنینە مرواری ئاساکەی دێت. ئەو هەر سات لە ژوورەکەی خۆیدا تەنیا دەبێت، بیری لێ دەکاتەوە. بەڵام سەعید نایەوێت ئەمەی پێ بڵێت. حەوت کاتژمێری خوێندن تێپەڕی و بێدەنگی خوێندنگەی داگرتووەتەوە. تەنیا جارجارە مرۆڤ گوێبیستی قسەکردن و تەقەتەقی مۆبیل دەبێت کە لە ژوورەکانی سەرووترەوە، خەڵکی خۆیان بۆ پرۆڤەی شانۆگەری ئامادە دەکەن. کافەتێریاکەیش دەبێت دای بخات. بۆیە وا ئافرەتە پاککەرەوەکان هاتن. یەکێک لەوانە ئافرەتێکی لەچک بەسەری تورکە. ژنێکی بچکۆلەی لاواز. ئەو کچە بچکۆلەکەی لە تەک خۆیدا هێناوە کە تەمەنی هەر سێ ساڵان دەبێت. کیژەکەی بووکە پەڕۆینەیەکی بەدەستەوەیە و بەدوای خۆیدا کێشی دەکات، بە دەوری سەعید و لینادا دێت و دەچێت. چاوە گەورەکانی وەک قژەکانی ڕەشن. کە دەگاتە بەردەمی سەعید، سەعید هەندێک بزواندنی بۆ دەکات. ئەویش دەتریقێتەوە و دوور دەکەوێتەوە. بە باوەشی کراوەوە بەرەو سەعید دەگەڕێتەوە. سەعیدیش دەیخاتە سەر کۆشی خۆی. ئیتر کیژۆڵەکە، قنج و قیت و کەیفساز لێی دانیشتووە.

کافەتێریاکە لە نهۆمی خوارەوە و ژێرخاندایە. مرۆڤ دەتوانێت لە پەنجەرەکەوە، تەنیا قول و قاچی ئەو خوێندکارانە ببینێت کە لە دەرەوە بۆ جێی پاسکیلەکان دەچن. ئیتر هاتوچۆ هەر بەردەوامە. سەعید کە جارجارە و بۆ چرکەساتێک لە دەرەوە هەڵدەڕوانێت، ئیتر دەکەوێتەوە مەشقکردن. سەعید دەڵێت:

– وی شوڵد نۆت فۆرگێت زات، ئیف زیس سیناریۆ هاپن (ئێمە نابێت ئەو ڕووداوەمان لە یاد بچێت کە ڕووی دا)..

لینا دەڵێت:

– بڕوانە ئەوێکانە..؟

کە سەعید ئاوڕ دەداتەوە، دوو خورتی تورک بەدی دەکات کە لەودیوی شووشەی پەنجەرەکەوە چیچکەیان داوەتەوە و لەمان هەڵدەڕوانن. دانەیەکیان بۆ خۆپاراستن لە ڕۆشنایییەکەی دەرەوە و بۆ ئەوەی باشتر ببینێت، دەستێکی خستووەتە بەر چاوەکانی. لێنا دەپرسێت:

– ئەوانە کێن؟ دەیانناسیت؟

دوای چرکە ساتێک سەعید وەڵام دەداتەوە:

– نایانناسم..

ئیتر خۆی سەرگەرمی خوێندن دەکاتەوە:

– زە کوڵچوڕاڵ دیفیرینس...(جیاوازی کولتووری...)

لەبەروەی دەقێکی دژوارە، بۆیە پێویستە شەشدانگی هزری کۆبکاتەوە. لێ، کە تەواو دەبێت و ئاوڕێک بۆ لای پەنجەرەکە دەداتەوە، دووانەکە لەوێدا نەماون. کیژۆڵەکە بۆ لای سەعید دێتەوە. خۆی بە ئەژنۆکانیدا دەگرێت و بە کەیفسازییەوە بە بووکە پەڕۆینەکەی یاری دەکات. دایکەکەی دێتە لای مێزەکە و دەپرسێت:

– قەڵست ناکات؟

سەعید پێدەکەنێت و سەری ڕادەوەشێنێت. دایکی منداڵەکە دەڵێت:

– ناوی سوعادە.

کیژۆڵەکەیش بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– بووکەکەیشم ناوی جەمیلەیە!

ماچێکیشی دەکات. ناوی سوعاد، سەعید دەخاتەوە یادی کچێکی دراوسێیان لە بەغداد. سەعید چەندین جار ئەوی خستبووە بان شانەکانی، هەتا لە حەوشە و باخەکەیانەوە و بەسەر دیوارەکەوە، لە جادەکەی دەرەوە هەڵبڕوانێت. جارجارەیش پێکەوە یارییان بە تۆپ دەکرد. بەڵام قەڵسکەر بوو.

چونکە کچـان نـە دەتوانن باشـی هـەڵ بـدەن و نە دەیشـتـوانن باشـی بـگرنەوە. بۆیە کە تۆپەکـەی لە دەست دەخزایە خوارەوە، سەعیدیش ناچار بوو بە دوایدا هەڕا بکات. لە ناکاویش دەکەوێتـە یادی سـێبـەری عـەرعـەرەکە و کـچـەکـەیش. کـچـەکـە کراسـێکی زەردی لەبەر دایە و وەک باو ڕووناکی بەو ناوەدا هـەڵبـەز هـەڵبـەزێتی. گوێشی لێیە چۆن دایکی لە تەک دراوسـێکانـدا قسـان دەکات و پێـدەکەنێت. بۆیـە هـەردوو دەسـتـەکانی لە کـیـژۆڵەکـە دەئاڵێنێت، بەخـۆیەوەی دەنووسێنێت و لێوەکانیشی بۆ ماچ دەخاتە ناو قژەکانیەوە. دایکی کیژەکەیش لە تەک درێژەدان بە کارەکەی، زەردەخەنـەیەکی بۆ دەکات. ژنەکە سـەتڵێک پڕ لە ئاو دەکات و دەچێتە ناو خواردنگەکەوە.

لە هـەمـان ساتدا، دەرگـە فەنـەرییەکەی کافەتێریاکە دەکرێتەوە و دوو کـوڕە تورکـەکـە دێنە ژوورەوە. ناوگـەڵ و باڵیـان لێ فش کـرۆدتەوە. قـژیان کـورت و جێلیـان لێ داوە. فانیلەی چەسپ بە شـڵیان لەبەردایە. دانەیـەکیان نەخشێکی کوتراو بەسـەر ماسوولکەوەیەتی. ئەویتریشیان ملوانکەیەکی زنجیری ئاڵتوونی لە ملدایە و چاویلکەیەکی بەبەر چاوەوەیە. کیژۆڵەکەی سـەر کۆشی سەعید بە پێکەنینـەوە دەست بۆ یەکێکیـان درێژ دەکات و بە دەنگی بەرز دەڵێت: ئەمـیـر! کـوڕەکەی چاویلکەکەی بەبەر چاوەوەیە بەرەو سـەعید دەچێت، دەست دەداتە پەلی کچەکە و لە سەعیدی دەسێنێت. جنێو دەدات و هاوار هاواریشـێتی کـە سـەعید لە وشـەی - شـڤێسـتـەر- (خـوشک) زیاتر، هیـچی تری لێ تێ ناگات. ئینجا خورتەکە وەک پارچە تەختەیەک - سوعاد - فڕێ دەداتە سـەر زەوییەکە و هیچیش بەلایەوە گرینگ نییە، کە ئەو ئاخ و ئۆفێتی.

لێنا لەسـەر کورسییەکەی بەرز دەبێتـەوە و لە پاڵ کچەکەدا ئەژنۆ دادەدات. سـەعـیـد دەبینێت چۆن لێنا هـەوڵ لە تەک کـچـۆڵەکـەدا دەدات، هەتا هەڵیسێنێتەوە. لەم ساتەیشدا خـورتەکە دێتـە کن سەعید، پەلاماری دەدات و بە تووڕەیی دەڵێت:

- دەست لە خوشکی منەوە نەدەیت..

سـەعـیدیش نازانێت چ باسێکە. منداڵەکە هەڵدێتـە سـووچێکەوە. چیـچکە

دەداتەوە و دەستەکانی لە بەردەمی خۆیدا ڕادەگرێت. لێنا بە بێدەنگی شتەکانی خۆی وەک پەڕتووک، تنانووس و پێنووسەکان کۆ دەکاتەوە و دەیانخاتە ناو جانتا کۆڵەپشتەکەیەوە. ئینجا بە سەعید دەڵێت:

– وەرە با بڕۆین.

کە سەعید خۆی بەلای جانتاکەیدا وەردەگێڕێت، هەتا دەستی بداتێ، چاویلکە لە چاوەکە پەلاماری دەدات و فڕێی دەداتە ئەوسەری ژوورەکەوە و هاوار دەکات:

– هەتا حسابەکەمان تەواو نەکەین، تۆ بۆ هیچ جێیەک ناڕۆیت...

سەعید دەپرسێت:

– چیت دەوێت؟

چاویلکە لەچاوەکە بەسەریدا دەخوڕێت:

– کە لەگەڵتا قسە دەکەم، هەڵسە..!

لێنا بە ترسەوە دەقیڕێنێت:

– ئێوە شێتن..

سەعید هێشتاکە تێ ناگات، ئەو دووانە چییان لەم دەوێت. کە بە سەرنجی پرسیار ئاساوە لە لێنا هەڵدەڕوانێت، ئەو وا خەریکە جانتاکەی لە پشتی گیر دەکات. خورتەکەی خاڵە کوتراوەکانی بە ماسوولکەوەیە دەپرسێت:

– ناوت چییە؟

سەعیدیش ناوی خۆی دەڵێت. ئەویتر پەلاماری سەعید دەدات، کراسەکەی دەگرێت و لەسەر کورسییەکە بەرزی دەکاتەوە و دەڵێت:

– تۆ چ نەخۆشێکی قوندەریت. ئەوە خەریکی چیت لە تەک خوشکە بچکۆلەکەمدا؟

سەعید نازانێت – نەخۆشی قوندەر – مانای چی. تەنیا هەست دەکات کە وشەی خراپن. بەڵام بۆ ئەوەی سوود لە کاتەکە وەربگرێت، هەوڵ دەدات خۆی

ئارام ڕابگرێت. دەبێت تێ بگات چی ڕووی داوە و بۆچی ڕووی داوە. دەڕوانێتە خورتە ڕەنگ قاوەیی و قژ ڕەشەکە و دەورتێنێت:

– من تێ ناگەم... دەتوانیت بە عەرەبی قسان بکەیت..؟

– من بە تورکی قسان دەکەم هەی پیس و چەپەڵ. ئێوەی عەرەبی نەفرەت لێکراو پیسترینن...

لێنا هاوار دەکات:

– وازی لێ بێنە، بێ مێشک، سەعید هیچی وای نەکردووە..!

سەعید دەزانێت کە لێنا لەسەری دەکاتەوە و شەڕ بۆ ئەم دەکات. بۆیە بیر دەکاتەوە؛ نابێت وابێت. خورتێکی عێراقی دەبێت شەڕی خۆی خۆی بیکات. بۆیە بە سۆز و ئارامییەوە لێنا بۆ ئەولاترەوە پاڵ پێوە دەنێت و دەڵێت:

– باشە. زۆر سوپاس.

لێنا لە سەعید هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– ئەمە دێوانە و شێتە!

هەمدیسان لەلایەن چاویلکە لەچاوەکەوە پەلاماری دەدرێتەوە و پرسیاری لێ دەکرێت:

– ناوت سەعیدە؟

سەعید دێتەوە یادی کە لە عێراقیش گەنجانێکی زۆر بەم ملوانکە زنجیرانەوە دەسووڕانەوە. بابیشی وتبووی؛ ئەمانە هەمووی شتی هەرزان بەهان. ئەمەیش هەمووی خۆدەرخستن و فشەکردنە. تورکەکە دەمرێنێت:

– ئەە.. کەواتە ناوت سەعیدە..

لێنایش دەشیرێنێت:

– بەڵێ، نەفرەتی، ناوی سەعیدە! دەی عارەبانەکەتان ڕابکێشن!

کە سەعید مشتەکە دەبینێت بەرەو ئەم دەهاوێژرێت، بەخێرایی خۆی دادەنەوێنێت. بۆکسەکە بەر هیچ ناکەوێت و خورتەکەیش بالانسی خۆی

لەدەست دەدات. کیژۆڵەی سووچەکە دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە: ئەمیر! لە ئان و ساتتدا دەرگەی خواردنگەکە دەکرێتەوە و ئافرەتەکەی دایکی منداڵە کچەکە دێتەوە دەرەوە. ئافرەتەکە بۆ چەند چرکە ساتێک بە حەپەساوییەوە دەوەستێت و هەڵدەڕوانێت، تا بزانێت چی ڕووی داوە. ئینجا بەرەو کوڕەکەی خۆی دەچێت و تێی بەردەبێت. ئافرەتەکە تەنیا دوو هێندەی ئەمیری کوڕیەتی، بەڵام برێک لەو بەهێزتر. بە بێزارییەوە هاوار دەکات:

– ئەمیر ئەوە خەریکی چیت؟ بۆچ بۆ ئێرەکانە هاتوویت؟ بۆچ لەسەر کار نیت؟

ئەمیر لە ناکاو ئارام دەبێتەوە. بەڵام ڕوو بە دایکی دەڵێت:

– ئەو عەرەبە بەرازە، شەرەفی خوشکەکەمی پیس کردووە..

لێنا بە پەنجە بەسەر تەوێڵی خۆیدا دەکێشێت و بە دەنگی بەرز هاواری لێ دەکات:

– شێتی ! شێت!

سەعید دەڕوانێتە ئافرەتەکانی تر. سێ ئافرەتە ژوور پاککەرەوەکان. ناشزانێت ئەمانە کەی و لە کوێوە پەیدا بوون. هەمووویان لە کن ڕەفەی بارەکەوە وەستاون و بەسەرسوڕمانەوە هەڵدەڕوانن. نەخۆیان تێکەڵ دەکەن و نە هاوکاریش دەکەن. سەعید سەرنج دەدات؛ ئەمانە نە ئافرەتی تورکن و نە ئەڵمانی. پێدەچێت پۆڵۆنی و ڕووس بن. سوعادی

بچکۆلانە پاڵی بە قاچی دایکییەوە داوەتەوە. دەستی بە چمکی تەنوورەکەیەوە گرتووە و بە چاوە گەورە و کراوەکانییەوە، بەو ناوەدا هەڵدەڕوانێت. دایکەکە دەست بە بازووی کوڕەکەیدا دەخشێنێت و تکای لێ دەکات:

– ئەمیر، بڕۆ بۆ ماڵەوە.

ئەمیریش هەناسە هەڵدەکێشێت و پاڵ بە دەستی دایکییەوە دەنێت. ئینجا سەرنجێکی قیناوی دەداتە سەعید. دەستی لێ دەکاتەوە و پەلاماری دەدات.

دایکی کە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەمیر لە سەعید دوور بخاتەوە، بەدوای ئەمیردا بەکێش دەکرێت. ئەمیر دەشیرێنێت:

– ئەم بەرازە دەستی لە خوشکەکەم داوە!

دایکەکە لە ئەمیر هەڵدەڕوانێت. بێدەسەڵاتانە سەری ڕادوەشێنێت و دەڵێت:

– ئەمیر ، ئەمیر، گوێم لێ بگرە. شتی وەها نەگونجاوە. ئەو خورتە لە تەک سوعاددا زۆر میهرەبان بوو. منیش خۆم ئەوەم دی. ئەو تەنیا میهرەبانە. باوەڕ بەوە ناکەیت کە خەڵکی میهرەبان بن؟ نازانم بۆچ یەزدان وەها کوڕێکی پێ داوم!

دەستەکانی بە ڕوخساری خۆیدا دێنێت. بەدەم هەنسکدان و گریانەوە پەلاماری سنگی ئەمیر دەدات و دەڵێت:

– بڕۆ بۆ ماڵەوە. دەی بڕۆ بۆ ماڵەوە. ئەگینا ئەم کارەم لە دەست دەدەم.....

سەری ڕادەوەشێنێت و دەبۆڵێنێت:

– من چ کوڕێکم هەیە..!

سەعید شتە بڵاوبووەوەکانی بەسەر زەوییەکەوە کۆ دەکاتەوە و هەموویان دەخاتە جانتا کۆڵەپشتەکەی. ئەگەرچی سەعید دەلەرزێت، بەڵام دەیەوێت ئەمە لە لێنا بشارێتەوە. هەردوو خورتە تورکەکە، چۆن بە ناوگەڵی فشەوە هاتنە ژوورەوە، ئاوەهایش ژوورەکە جێدێڵن. بۆنێکی ڕیشتاشین لە هەوای ژوورەکەدا جێ دەمێنێت. لێنا بە نەرمی دەڵێت:

– وەرە با هاوکاریت بکەم...

ئینجا خۆی دادەنەوێنێت. ڕوخساریان تەنیا چەندین سانتیمێتر لەیەکەوە دوورە. لێنا دەڵێت:

– ئەوانە لە بێ مێشکەکانن. بۆیە گوێیان لێ مەگرە چی دەڵێن.

سەعید وەڵام دەداتەوە:

– من هیچ تێ نەگەیشتم، چییان دەویست؟

لێنا سەرنجی دەداتێ و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. ئینجا لە ناخەوە دەڵێت: ئەڵمانییەکەی تا بێت باشتر دەبێت. لە ناکاو جەنابی بێرنهایمەر لە ژوورەکەدا قـووت دەبێـتـەوە. بەسـەرسـوڕمـان و ناوچەوان خـورانـەوە هەڵدەڕوانێت و دەپرسێت:

– ئەرێ ئەو زرمەزلێیە چی بوو؟

یەکێک لە ئافرەتەکان باڵی لە هەوادا پان دەکاتەوە و سـەرنجی مانادار دەخاتە بان سەعید و لێنا. دایکی ئەمیریش ئەژنۆی لەسەر تەختی زەوییەکە داداوە، هەتا لە شت خستنە ناو جانتاکەدا هاوکارییان بکات. کە لێنا و سەعید هیچ سەرنجێکی مامۆستا نادەن و تەنیا بەپەلەپەل سەرگەرمی شت کۆکردنەوەن، ئەو بە گرژییەوە دەپرسێت:

– چی ڕووی داوە؟

لێنایش بە شڵەژاوییەوە وەڵام دەداتەوە:

– شت کۆ دەکەینەوە.

بێرنهاینمەر لە بەردەمی هەدووکیاندا دەوەستێت و دەڵێت:

– ئاوا... ئێوە تەنیا شت کۆ دەکەنەوە...

لێنا سەری بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

– هەر ئێستاکە لە ڕاڕەوەکەدا بە دوو لاو گەیشتم...

– دوو تورک. ئینجا چی بوو..؟

دایکی ئەمیر بە دەستەپاچەییەوە و بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– خورتی باشن..! ئەو کوڕی منە. تەنیا دەمبۆڵەیەکی بچووک بوو! هیچی وا خراپ نەبوو..!

سەعیدیش سەری هەڵدەبرێت و بێدەنگ لە مامۆستا هەڵدەڕوانێت. لێنا هەڵدەداتێ:

– بەڵی وایە، هیچی وەسا نەبوو...! زۆر سوپاس.. ئیتر بەسم بوو..! چۆن

ئەو خورتە گەرەکی بوو، کاری سەعید تەواو بکات..!

سـەعـیـد بە بێدەنگی زنجـیـری جـانتـاکـەی دادەخـات و هەڵدەسـتێـتـەوە. سـەرنجـیـان لـە تەک مامۆسـتـادا یەکانگیـر دەبێت. مـامـۆسـتـا باوکانە دەسـتی دەخاتە بان شانی سەعید و دەڵێت:

– لەگەڵتاندا دێمە دەرەوە.

بەناو ڕاڕەوەکەدا و بـەرەو دەرەوە دەڕۆن. دایکی سـوعـادیش لە پـاڵینادایە و بەدەم دەست و سـەر بادانەوە هـەر دەڵێت: هـیوادارم بـبوورن. ئـەمیـر هـەمـیـشـە خـوێنی گەرمـە. ئەمـیر هـەمـیـشـە کردەوەی دەبەنگانە لە مێشکیایەتی. ئەمـیش هیچ هێز و توانایەکی وەهای نییە، لە بەرامبەریدا بووەستێتەوە. لەو ساتەوەی کە پیـاوەکـەم منی جێ هێـشـتـووە، ئەمـیـر وا دەزانێت ئەو پیـاوی مـاڵەکـەیە و دەبێت هـەمـوو شـتـێک لـە ژێر چاودێری خـۆیدا بێـت.. (دوای ئاخ و ئۆفـێکی درێژ).. دەڵێت: بەڵام هیچ شتێک لە ژێر چاودێری ئەودا نییە.. هیچ شتێک..

کە لێنا خۆی وەردەگێڕێت، سـوعـاد دەبینێت وا بە ترسـەوە لەسـەر تەخـتی زەوییـەکـە چیـچکەی داوەتەوە. کـە سـوعـاد بە بـووکـەکـەی دەست بۆ لێنا ڕادەتەکێنێت، لێناش دەسـتی لێ هەڵدەخـاتەوە. ئـیـتر کە دەگەنە سـەر جـادە، ئینجا لێنا و سەعید بۆ مامۆستای باس دەکەن چی ڕووی داوە. بێرنـهایمەر بە نەرمی بە سەعید دەڵێت:

– داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە تووشـی وەها ڕووداوێک بوویت. بەڵام زوو بێت یـانیش درەنگ، هـەر دەبووایە ڕووی بدایـە. چونکە بەرلـین شـارێکی پڕ لە هەراوزەنایە.

سەعید بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەری دەلەقێنێت و وەڵام دەداتەوە:

– لەو باوەڕەیدام.. وایە...

بێرنـهایمەر دەڵێت:

– ئەو جـۆرە خـەڵکانە، بێـهـیـوان. کێ دەزانێت چیـان لـێ قـەومـاوە. نە کـارێکیـان هـەیـە و نە خـوێندن و دەوورەیەکی باش. بۆیە نـازانن چی لەو هێز و

تواناییەیان بکەن کە تێیاندا کۆبووەتەوە. چونکە هیچ شتێکیان نییە تا سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان پێ ڕابکێشن. تێ دەگەیت؟ بۆیە وا بیر دەکەنەوە؛ ئەگەر ترس و تۆقاندن بڵاو بکەنەوە، ئیتر بەو جۆرە دەتوانن شایانی قەدرزانین بن. من زۆر بۆیان بەداخەوەم. ئاواتەخوازم کە شارەوانی بیتوانیبایە، زۆرتر لە خەمی ئەم گەنجانەدا بێت. هیوادارم کاری زۆرتر بۆ سەرگەرمکردنی لاوان بکرێت. لێ، دەستەڵاتیش ناتوانێت هەموو کارێک بگرێتە ئەستۆی خۆی. چونکە دەبێت لەلایەن چ کوڕەکان و چ ماڵباتەکانیشیانەوە، حەزی ئامادەیی هەبێت. دەبێت ئارەزووی ئەوەیان هەبێت، کە ببنە خورتی خاس. دەبێت بگەنە ئەو ئاستی تێگەیشتنەی، سوود لە ژیانیان وەربگرن و بە شتێک بگەن... (سەرێک بۆ سەعید دەلەقێنێت).. بەڵام هەرچی کۆمەڵگە خۆی ماندوو بکات، هێشتاکە بۆ هەر یەکێک لەوانە کارەکان مەیسەر نابێت و سەرناگرێت. چونکە خۆیان ناخوازن و هەر زوویش خۆ بەدەستەوە دەدەن. ئیتر ئەوان بەوەی کەیفساز و سەرسام دەبن کە بە مشت و بۆکز، بە چەقۆیەک و یانیش بە چەکێک، خەڵکی تووشی ترس و تۆقاندن بکەن. خەڵکانیش هەن کە گەشبینانە و ئەرێتی بیر دەکەنەوە و دەیانەوێت لە ژیانیاندا بە شتێک بگەن. وەک ئێوە و مانان...

لێنا بە ڕوخساری سوورهەڵگەڕاو و دەنگی بەرز وەڵامی دەداتەوە:

– سوپاس ، کە لە هەمبەر ئێمەدا وەسا بیر دەکەیتەوە.

بێرنهایمەر درێژەی دەداتێ:

– ئێوە باشن. بەڵام هەندێک کەس لەو باوەڕەیدان، هەوڵدان و خۆ ماندووکردن هیچ سوودێکی نییە. ئەوانە هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەیدان، هەموو شتێکیان بە خواری دەڕوات و هیچ شانسێکیان نییە. ئەو جۆرانە هەستێکی وایان لا دروست دەبێت، خرابێتنە کەنار و جیاوازییان لە تەک ئەوانی تردا بکرێت. هەندێک لەو جۆرانەیش لەلایەن خێزانەکانیانەوە، پشگیرییان بۆ ئەو هەستە ناڕاستە لێ دەکرێت. ئەوەیش هەڵەیە. چونکە لەم کۆمەڵگەیەدا، ئەگەر مرۆڤ کۆڵی دا و سنووری بەدەووری خۆیدا کێشا، ئەوا

خۆی جیاوازی لە تەک خۆیدا دەکات...

لێنا دەڵێت:

- بێشک کە من کۆڵ نادەم.

بێرنهایمەریش بە هاندانەوە وەڵامی دەداتەوە:

- زۆر باشە. حەز دەکەم شتی وەهام گوێ لێ بێت. خۆ سەعیدیش وەسا بیر دەکاتەوە. وانییە؟

لە سەعیدیش هەڵدەڕوانێت. سەعید بێدەنگ زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. لێنا دەپرسێت:

- لەو باوەڕەیدان کە سەعید هەمووی تێگەیشتبێت؟

سەعید سەری بەرز دەکاتەوە و وەڵامی دەداتەوە:

- هەمووی نا، بەڵام زۆربەی..

بێرنهایمەر هەمدیسان دەستی دەخاتەوە سەر شانی سەعید. بۆ یەکەم جارە لێنا هەستی پێ دەکات، سەعید لە چاو مامۆستادا چەندە لەڕ و لاواز و بچکۆلانەترە. لێنا بیر دەکاتەوە: بۆیە من و سەعید باش بۆ یەکتر گونجاوین. هیچ نەبێت گەورەییەکەمان. ئەگەرچی هەندێک لە کچەکان دۆستی کوڕیان هەیە کە لە خۆیان کورتترن، بەڵام ئەم حەزی پێ ناکات.

تۆزێک لە سەعید نزیک دەکەوێتەوە و دەست لە دەستی دەخشێنێت. قۆڵیشیان بەر یەکتر دەکەون. قۆڵی هەردووکیان هەمان ئەندازەی بەرزییان هەیە. کە سەعید هەست بە دەستی لێنا دەکات، بەسەرسوڕمانەوە لێی هەڵدەڕوانێت. لێنایش بە پەشۆکاوییەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و هەر خێرایش دەستی دەگێڕێتەوە.

***

سەعید لە ژوورەکەی خۆیدا و لەسەر تەختەخەوەکەی پاڵکەوتووە. هەردوو دەستەکانی خستووەتە پشتە سەری. گوێبیستی گۆرانی عەرەبییە و بیریش لە لێنا دەکاتەوە. ئەو چۆن بە دەنگی بەرز لەسەر ئەمی کردەوە. چۆن سەریان

هێنده لەیەکترەوە نزیک بوو، هەستی بە چەند تاڵی قژەکەی بەسەر ڕوخساری خـــۆیەوە دەکـــرد. چۆن لە ســـاتی کـــۆکـــردنەوەی پەڕاو و تینانووس و پێنووســەکاندا، پەنجەکـانیـان بەر یەکـتـر دەکـەوتن. چۆن ئەوســاتەی بێرنهایمەری لێ نەمابوو، لینا قوڵفی جانتاکەی سەعیدی کرد بە شانیدا و سەعیدیش لە کراسەکەوە، هەستی بە دەستەکانی کرد بەسەر پشتییەوە. تەنیا جارجارە وێنەی ڕوخساری ئەو دوو تورکە، تێکەڵ بە دیمەنی جوانی بیرکردنەوەکە دەبن. ئینجا قینی ناو چاوەکانی ئەمیر کە دەیوت:" ئێوەی عەرەب پیسترینن...."

دەی خۆ مامە بەسام وتی: لێرە و لە بەرلین، هەموو خەڵکێک لە ئاشتی و ئارامیدا دەژین... بۆیە سەعید بیر دەکاتەوە بە مامی بڵێت: نەخێر، ئەو بەهەڵەدا چووە. بەڵام پێدەچێت کە پێی نەڵێت و بێدەنگی بەلاوە باشتر بێت.

***

کە ڕۆژی داهاتوو زەنگی پشووی وانە لێدرا، کێرستین هاتە پشتەوە بۆ لای مـێـزەکــەی لێنا. لێنا ســەرگــەرمی دادانی پێنووســەکـانی بوو. چونکە لە دەمژمێرەکانی داهاتوودا، ماتماتیک و گیۆمێتریان هەیە و پێدەچێت کە هەمدیسان سەرگەرمی کێشانی بازنە و چوارگۆشە بن. سەعید سەری خستووەتە نێوان دەستەکانی و بەسەر پەڕتووکێکی ڕێزماندا شۆڕی کردووەتەوە.

کێرستین بە بێدەنگی زەرفێکی کاغەزی بچکۆلەی ڕەنگ پەمەیی، لەسەر مێزەکەی لێنا دادەنێت.

لێنا بە شڵەژاوییەوە دەپرسێت:

– ئەوە چییە؟

– بیکەرەوە ئینجا دەزانیت.

ئەوجا کێرستین لە بان لێواری مێزەکە دادەنیشێت و قاچەکانی دەخاتە سەر یەکتر. قاچ خستنە سەر قاچەکەیش بە تەنورەیەکی وەها کورتەوە،

هێندە سانا نییە. ئیتر دەستەکانی لە ئەژنۆکانی دەئاڵێنێت و چاوەڕێ دەکات. لێنا لێی هەڵدەڕوانێت و دەپرسێت:

- بۆ من؟

کێرستین بە پێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوە:

- ئەی بۆ کێ؟

لێنا دەبێت ئەوەی باش بزانێت، ئەمڕۆکە کێرستین لەبەردڵان دەردەکەوێت. بۆیە دەبێت قبووڵی وەها شتێکیشی لێ بکات. وایش دەردەکەوێت کە ئەو شەوێ بەسەر قژلوولکەرەکانی سەریەوە خەوتبێت. بۆیە قژە لوولە پێچاوپێچەکانی بەسەر شان و ملیدا هاتوونەتە خوارێ. کێرستین وەها دەنوێنێت، گوایە سەر هێنان و بردنەکەی تەنیا بەڕێکەوتە. بۆ ئەوەی قژەکانی جوان بوەستن. لێ، خۆیشی دەزانێت کە قژەکانی چ کاریگەرییەک دروست دەکەن. لێنا بیر دەکاتەوە: پێدەچێت ئەو پارەیەکی زۆر بە شامپۆی گرانبەها و ڕەنگی قژ کاڵکردنەوە بدات. لێنا بە نینۆکە درێژی پەنجە تووتەی زەرفەکە هەڵدەپچرێت و نامە بچکۆلەکەی بە کۆمپیوتەر نووسراوە دەردەهێنێت. داوەتنامەیە.:

" کێرستین خۆشحاڵ دەبێت کە تۆ، لێنا .. - لێنا بە دەستنووس نووسراوە - بەشداری شەوی دیسکۆ بکەیت. ڕۆژی هەینی. ٢٩ یونی. دەستپێک، دەمژمێری ١٩ ی ئێوارە. جادەی - ئولن ڤێگ - ژمارە ,٢٧"

لێنا جارێکی تریش دەیخوێنێتەوە. ئینجا وەک قەڵسکەرێک دەپرسێت:

- من؟ من داوەت کراوم؟

کێرستین بە زەردەخەنەوە دەڵێت:

- دەی خۆ دەیبینت.

- باشە بۆچ؟ خۆ ئێوە من ناسناکەن؟

- بۆچ لەو باوەڕەدایت ئەو ماوەیەی کە تۆ لە پۆلدایت، بەشی ئەوە ناکات؟ ئێمە هەمیشە تۆمان لە ژێر چاودێریدا بووە، خوشکێ!

لە ژێر چاودێریدا؟! ئەرێ ئەمە چۆن دێتە بەرگوێ!؟ ئەی خۆیشی هەر هەمان شتی نەکرد؟ هەر هەموویانی نەخستە ژێر زەڕەبینەوە و بیری لێ کردەوە، لە تەک کێدا پێوەندی هەبێت؟ کێیش دەبەنگ و بازاڕی و قەڵسەکەرە..؟

کێرستین دەڵێت:

– بێلەوەیش... کە تۆ لە پۆلدا هەڵسایت و لەبارەی خۆتەوە قسەت کرد، هەر زۆر باش بوو. کردەوەیەکی زۆر لە بەردڵان و هەر هەمووومان پێت سەرسام بووین. بەڕاستی هەر هەمووومان. بەڵام لەو باوەڕەیدام، خۆیشت هەستت پێ کرد.

لێنا وەڵامی دایەوە:

– هەندێک..

کێرستین زەردەخەنەیەک دەکات و دەڵێت:

– وایش باشتر بوو کە هەمووومان باوەشمان پێتدا بکردبایە و تۆمان بەخۆمانەوە بنووساندبایە. هیچ نەبێت دەستە ئافرەتەکەی خۆم؛ لۆتا، لوسی، رانیا، پیلار و زۆی... – دەستەکانی بڵاو دەکاتەوە و بە دەوری خۆیدا خولدەخوات، هەروەک بیەوێت ژوورەکە لە باوەش بگرێت –... بەهەموویان باش ئاشنا دەبیت. ئەوان ئافرەتی باشن و لە دنیا تێ دەگەن. هەر کەسەش و کێشە و گرفتی خۆی هەیە. مەبەستم لەوەیە؛ کێ ئەمڕۆکە کێشە و گرفتی نییە؟ بەڵام دەزانی چی....؟ – دەستێک بە شانی لێنادا دەکێشێت – لە ئاهەنگەکەمدا هەموو شتێکمان بیر دەچێتەوە. تەنیا ئاهەنگ دەگێڕین و پێدەکەنین. دەیکەینە بەزم و هەرا.

لێنا هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە و هەست بە سووکی سەر سنگی دەکات. پۆلەکەیش وەها ڕووناک دەنوێنێت، دەڵێیت ڕۆژ بە سەقفی ژوورەکەدا هەڵواسراوە. کێرستین دەڵێت:

– ئێمە یادی ڕۆژی لەدایکبوونی بەسەرچووی من دەکەینەوە. من لە

ڕاستـیدا ٢٤/ ١٢ ، ڕۆژی لەدایکبوونمە. غـەدرە، وانییـە؟ بۆیە دایک و بابم، وەک قـەرەبوو!، هەمـیـشــە و لـە هاویندا، ئـاهـەنگێکم پێــشکێش دەکــەن و بۆ دەگێڕن. بەڵام هیچ پێویستیش ناکات دیاری لە تەک خۆتدا بێنیت.

– یان شتی تر لە تەک خۆمدا بێنم؟

کێرستین بە خۆشحاڵییەوە دەڵێت:

– زەوقی باش لـە تەک خـۆتدا بێنـە... ئەگـەر دەکـرێت بوتڵـێک شـەراب یان بوتڵـێک – پرۆسـێکۆ – و شـتێکی لەو بابەتانە. چونکە ئەو شـتـانە هـەمـیـشـە بەکار دەبرێن.

کێرسـتین خۆی لە بان مـێزەکە دەخزێنێتە خـوارەوە، لارەلار بە قاچ و قـولە ڕووتەکانیەوە، بەرەو مـێزەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و دادەنیـشێت. دەست دەخاتە ژێر قـژی و بە بەرزاییـیەوە ڕای دەگرێت. ئینجـا ئەمـلاولای پێ دەکات و بەری دەداتەوە. دەزانێت کە بێجگە لە سەعید خورتەکانی تر سـەیری دەکەن. سەعید هێشتاکە بەسـەر پەڕتووکی ڕێزمانەکەیدا دۆشی داداوە.

کە مـامۆسـتای ماتماتیک دێتـە پۆلەکەوە و هـەمـوو پێکەوە – بەیانیت باش – دەڵێن. لێنا لەبەر خـۆیەوە دەخـەنێتەوە. سـاتێک مـامۆسـتـاکە لەسـەر تەختـەکە شت دەنووسێت، لێنا زەرفەکە هەڵدەگێڕێتەوە. سەعیدیش دەپرسێت:

– ئەوە چییە؟

لێنا دەچرپێنێت:

– داوەتنامەیەکە.

– چی... یە...؟

– ئاهـەنگێکە.

کە سـەعید بە سەرسوڕمانەوە لێی هەڵدەڕوانێت، لێنا دەڵێت:

– دیسکۆ نایت. ئیت ئـس کـێـرسـتین بێـرسـدەی (شــەوی دیسـکۆیە. ڕۆژی لەدایکبـوونی کـێـرسـتـینە). – پێکەنینێک دەکـات و درێژەی دەداتـێ – مـاین فێرست ئینڤیتێیشن..(یەکەم مێوانداریمە..) من هـەر زۆر خۆشـحاڵم....

پێدەکەنێتەوە. ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە: چی بپۆشێت. تەنیا کەمێک بیری لێ کردەوە، سەعید مێوانداری و داوەت نەکراوە. ئیتر ژبیری کرد.

***

لە پشووە گەورەکەدا، لە نێوانی دەستەکەی کێرستیندا وەستاوە. ئەو شەش کچە هەمیشە پێکەوەن. لێنا هەر ساتێک لە تەک سەعیددا بە گۆڕەپانەکەدا خولیان دەخوارد، ئەوانی هەمیشە پێکەوە دەدی. هەمیشە هار و هاج و شتی سەمەریان لێ دەوەشایەوە. یانیش لەسەر دیوارەکە دادەنیشتن. زەرفێک پەتاتەیان ئەمدەست و ئەودەست پێ دەکرد و بە نۆبە لێیان دەخوارد. کە جارجارە لۆتای قژ سوور و لوسیی چاو زڕکەفتی و پیلاری قاچ باریک، بە بێدەنگی پێکەوە دەبوون، ئەوا ڕانیای وەرزشکار بە هەنگاوی لۆقە ئاسایییەوە، بەدەوریاندا دەخولایەوە. ڕانیا گەرەکێتی لە ماراتۆنی داهاتووی بەرلیندا بەشدار بکات. سروشتییە کە حەز دەکات، دەستە و تاقمەکەی لە ڕیزدا بووەستن و هانی بدەن. چونکە هەنوکە ئەوان هەموو شتێک پێکەوە ئەنجام دەدەن. لێنایش بۆی هەیە نهاکە لە گفتوگۆ دەربارەی هەڵقەکەی کە – زۆی – لە ناوکی خۆی هەڵچەقاندووە، بەشدار بێت و ڕای خۆی بڵێت.

زۆی کە وا پێنج هەفتەیە رجێم بە ئەناناس دەکات و لە یانەی وەرزشی دەوورەیەکی گێمناستیکی ورگی تەواو کردووە، پێنج کیلۆی کەم کردووەتەوە. بە فیز و لووتبەرزییەوە ورگە پتەو و بەقووڵاچووەکەی پیشان دەدات. بەڵام ناوکی کە لە ئاساییدا تەنیا گرێیەکە، هەڵقەیەکی ئاڵتوونی تێهەڵچەقیووە. دڵێکی بچکۆلانەیش بە هەڵقەکەوە ئاوێزانە و دەلەرێتەوە. ئێستاکە هەوی کردووە، سوور هەڵگەڕاوە هەڵئاوساوە. بەڵام زۆی خۆی جەغت دەکات کە هەڵقەکە – ئەکوامارین – ە. شتێکی وەک بابەتی بەردی بەنرخ. ئەو پانتۆڵێکی سێ چارەک درێژ و ژێرکراسێکی بێقۆڵی کورتی پۆشیووە. کە قۆڵەکانی بەرز دەکاتەوە، ورگی هەمووی دەردەکەوێت و دڵە ئاوێزان کراوەکە دەبینرێت کە دەبریسکێتەوە. ناوکیشی پرتە پرتی دێت. کە فرێدریکی قسەکەری پۆلی دە بەلایاندا تێ دەپەڕێت، زۆی هاواری لێ دەکات:

– ئەهای، بنوارە ئێرە!

ئینجا کراسە کورتەکەی بەری هەڵدەداتەوە. ئەویش دەوەستێت و بە گومانەوە هەڵوێستەیەک دەکات:

– لە چی بڕوانم؟

– بڕوانە، هەڵقەکەی سەر ناوکم..

فرێدریکیش لە نێزیکەوە لە ناوکی هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– ئەمە لە کێشەیەک دەچێت کە دەبێت ڕووبەڕووی – ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی – بکرێتەوە.

زۆی بەخۆی گێلکردنەوە دەپرسێت:

– ئەمە بۆچی..؟

فرێدریک ڕوخساری گرژ دەبێت و دەڵێت:

– تۆ دەچێتە خانەی ئەشکەنجەکراوانەوە. بەڵام دەی تۆ خۆت ویستووتە.

ئەو هەر بە ڕوخساری گرژەوە دوور دەکەوێتەوە و زۆیش بە تووڕەیی کراسە کورتەکەی دادەداتەوە. پیلار دەیەوێت ئەوەی لەبیر بباتەوە، بۆیە لێی دەپرسێت: نرخی ئەو – پێرسینگ – هەڵقەیە چەندە بووە؟ لۆتایش دەپرسێت: ئەو دڵە بچکۆلەنەیە کێشەکەی چەندەیە؟ ئایا زنجیری تریشی بۆ دەبێت؟ لێنایش بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەوان بکات، دەپرسێت: ئەو لە چ یانەیەکی وەرزش بووە؟ بەڵام زۆی هێشتاکە بە تووڕەییییەوە و لە دواوە لە فریدریک هەڵدەروانێت. لێنا بۆ چرکەساتێک هەستێکی وەهای بۆ دێت؛ زۆی ئەمەی هەمoo لەبەر فرێدریک کردبێت. هەتا ئەمی بکەوێتە بەردڵ. بۆیە لێنا بیر دەکاتەوە:جا ئەگەر ئەم بیرەم ڕاست بێت، ئەوا هەمووی تێکچووە و سەری نەگرتووە. هەر هەموویان گەرەکیانە بزانن، لە ساتی هەڵقە تێهەڵچەقاندنەکەدا ئازاری هەبووە و ئەی ئێستاکە چ هەستێکی هەیە؟ بەڵام زۆی کە لە پڕێکدا ڕەنگی لووتی سپی هەڵگەڕا، بە جەغتەوە دەڵێت؛ هیچ ئازاری نایەت. وەها هەوکردنێکیش پاش تێهەڵچەقاندنەکە، ئاساییە.

لێنا بە تیلەی چاو سەرنجی دا، ئەو ساتەی کە کچەکان دەمدرێژییان دەکرد، چۆن بە تیلەی چاو لێیانی هەڵڕوانی. سەعید وشەدانە – فەرهەنگ – کەی بە دەستەوە گرتووە و لێی هەڵدەڕوانێت. کە وشەدانەکە دادەخات، پەنجەی دەخاتە بەینەوە، بە چاوی نوقاوەوە سەری بەرز دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە ورتەی دێت. ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ و دەمژمێر بۆ دەمژمێر، وەها خۆی فێر دەکات و دەخوێنێت. هەر جارەی فێری وشەی نوێ دەبێت. فێری کردارەکان چ بە تاک و یان بە کۆ. ئێستا و داهاتوو. وایش خۆی دەنوێنێت، هەروەک ئەوشتانەی لە دەوور و بەری ڕوو دەدەن، نایان بینێت. بەڵام لێنا باش سەرنجی دا، ئەو ساتەی زۆی بانگی فریدریکی کرد و کراسە کورتەکەی خۆی هەڵدایەوە، مەمکدان و ناوکی دەرکەوت، سەعید چۆن لێی هەڵڕوانی. بینیشی چۆن سەعید بە سەرسامییەوە، هەر خێرا ڕوخساری خۆی بەولادا وەرگێڕا و چووە ئەولاتریشەوە.

لێنایش کەیفی دەهاتێ، لێرەکانە و لە کن ئەم تاقمە بووەستێت. پیشانی بدات کە ئەمیش سەر بە کۆمەڵەیەکە. بەڵام وا بەزەیی بە سەعیددا دێتەوە. بیریش لە ڕووداوەکەی دوێنێ دەکاتەوە کە بەسەریدا هات. بیریش لەوە دەکاتەوە، چۆن لێک جوێ بوونەوە. لێنا لێی پرسی:

– نهاکە ترست هەیە؟

سەعیدیش بە زەردەخەنەیەکەوە سەری بۆ لەقاندبوو.

– ئەی هەست بە نیگەرانی دەکەیت؟ چونکەی ئەوان لە تەک تۆدا و بە بێ هۆ، زۆر چەپەڵ و قێزەونانە هەڵسوکەوتیان کرد؟ بەڵام با من ئێستاکە ئەوەت پێ بڵێم: شتی وەهات جارجارە بەسەردا دێت. لە خوێندنگەکەم لە شاری فرانکفۆرت، تاقمێکی ڕووسی لێ بوو، زۆر ترسناک بوو. نازانیت چۆن هەڵسوکەوتیان دەکرد.

سەعید هەمدیسان سەری لەقاندبووەوە. لەمی هەڵڕوانی بوو و زەردەخەنەیەکیشی بۆ کردبووەوە. لێنایش پرسی بووی:

– دەی بۆچ خەردەخەنە دەکەیت؟

ئەویش وەڵامی دابووەوە:

– نازانم.

لێنا کە تۆزێک قەڵس بووبوو، پێی وتبوو:

– ئەمە یانی چی؟ خۆ تۆ دەبێت بزانیت بۆچ خەندە دەتگرێت؟

سەعیدیش وەڵامی دابووەوە:

– چونکە خۆشحاڵم.

– ئەی لەبارەی چییەوە؟

سەعید دەستی بەرز کردبووەوە و بەئاگاییەوە، دەستی بە سەر ڕوومەتی ئەمدا هێنابوو. وتبووشی:

– جێی سەرنجە..

لێنا ئەو ساتە لێی تێ نەگەیشتبوو. پاشان تێگەیشتبوو کە ئەو مەبەستی چاڵەکەی ڕوومەتێتی. چاڵەکەی سەر ڕوومەتی چەپی کە دایکیشی هەیەتی. بەڵام لەسەر ڕوومەتی ڕاستی نییەتی. ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە ڕوخسارەکان هەرگیز هاوتەباییان تێدا نییە.

***

کە زەنگی چوونە ژوورەوە لێدرا، لێنا لە ڕاڕەوەکەدا لەسەر سەعید وەستا. کە سەعید لێنا بەدی دەکات، زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و پەڕتووکەکەی دەستی دادەخات. لێنا لێی دەپرسێت:

– ئێ؟ چیت دی؟

سەعید وەڵامی دەداتەوە:

– ناوک. برێکیش سوور هەڵگەڕابوو.

ڕوخساری لێنا گرژ دەبێت و دەڵێت:

– بیرم لێ کردبووەوە.

سەعید دەڵێت:

- زۆی دەبەنگە.

- بۆچ؟

- بۆچ شتی وەها دەکات؟

- نازانم. بە جوانی دەزانێت.

- بەڵام من بەجوانی نازانم.

لێنا پێدەکەنێت. هەست بە کەیفسازی دەکات. چونکە زەرفێکی ڕەنگ پەمەیی کە داوەتنامەی بۆ ئاهەنگ تێدایە، لە جانتاکەیدایە. ئاهەنگێکی تەواو. هەست بە زەق و خۆشحاڵی دەکات...

حەزیشی دەکرد بۆ سەعیدی باس بکردبایە کە چ هەستێکی هەیە، بەڵام زۆر پێچ دەرپێچە. زۆر دژووارە کە ئەو بە ئەڵمانی لە هەمووی تێ بگات. گەنجینە وشەی ئەمیش بە ئینگلیزی بەشی ئەو هەمووە ناکات. جاران لێنا لەسەر کەمپیوتەرەکەی بابی، هەر وەک تیانووسێکی بیرەوەری، لەم جۆرە هەست و بیرانەی تایپ دەکرد. بەڵام هەستی پێ کرد کە دایک و بابی ئەو شتانەیان دەخوێندەوە. هەر بە ڕێککەوت زانی. جارێک دایکی وتی: لێنا بیری باشی بۆ دێت. بە وێنەی وێنای جوان وێنای هەستەکانی دەکات. کە لێنا لە دایکی پرسی بوو: " لە کوێوە دەزانێت؟ " دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دابووەوە:" خوێندومەتەوە." ئەگەرچی ئەو هیچی گرینگی تێدا نەدۆزیبووەوە، بەڵام لێنا هەستی بە ئاشکرا بوون و ناپاکی دەکرد......

لێنا لە سەعید دەپرسێت:

- هەڵقەیەکی وەها بە جوان نازانیت؟

سەعیدیش کە لە پەنایدا ڕێ دەکات، سەری ڕادەوەشێنێت. لە پێش ئەمانەوە، ڕانیا خۆی دەلەنگێنێت. سێ هەنگاو بۆ پێشەوە و سێ هەنگاویش بۆ دواوە. جارجارەیش خۆی وەردەگێڕێت و زەردەخەنەیەک بۆ لێنا دەکات. ئەمەیشی لەوەبەر نەکردووە. لێنایش هەموو جارەکان زەردەخەنەیەکی بە

ڕوودا دەکاتەوە. لێنا دەیەوێت ڕای سەعید بزانێت:

– ئەی چی بە جوان دەزانیت؟

سەعیدیش دەڵێت:

– نازانم.

– ئەی ڕانیات بەلاوە جوانە؟

سەعید سەری دادەنەوێنێت. لێنا دەڵێت:

– پێدەچێت ئەویش هەڵقەیەکی لە جێیەکدا هەبێت. دەزانیت کە مرۆڤ دەتوانێت هەڵقەیش لە گۆی مەمکی هەڵبچەقێنێت؟

مووچڕکە بە لەشی سەعیددا دێت و لێوەکانی هەڵدەقورچێنێت. لێنا جار جارە هەست دەکات، سەعید مێردمنداڵانە بێت. هەروەک ئەو هێشتاکە نەبووبێتە پازدە ساڵان. دەڵێیت شەرم لەو بابەتانە دەکات کە لەمەڕ لەش و سێکسواڵەوە بن. لێ، هەردووکیشیان دوو بابەتی گرینگ و سەرنجڕاکێشن. لێنا کوڕانی پازدە ساڵان دەناسێت کە لە تەک کچدا کاری سێکسییان کردبێت. خەوتنی تەواو! ئینجا ئارەزووی ئەوە دەکات، بڕێک سەر بخاتە سەری. بۆیە دەڵێت:

– ناوکی منیش هەڵقەی تێ کراوە. من شتێکی تایبەتم تێ کردووە.

کە سەعید سەرنجێکی ڕەشبینانەی دەدات، لێنا دەڵێت:

– باوەڕم پێ ناکەیت؟

سەعید سەری ڕادەوەشێنێت. لێنایش بە پێکەنینەوە دەڵێت:

– بە ڕاستمە. سەیرکە، هەڵقەیەکی زۆر سێکسییە!

لێنا هەڵوێستەیەک دەکات و دەوەستێت. سەعیدیش لەبەر پێی خۆی هەڵدەڕوانێت. بەڵام کە لێنا بلوزەکەی لە پانتۆڵەکە دەردەکێشێت و هەڵی دەداتەوە، پێستە سپییەکەی دەردەکەوێت، سەعیدیش سەرنجێکی خێرای دەدات و چاوی بەولادا وەردەگێڕێت. لێنا ناوکێکی خڕی جوانی بچکۆلەی قووڵی هەیە. جا لەبەرئەوەی ناوکی هێندە لە قووڵاییدایە، بۆیە ئەگەر

بیشیخواستایە هەر نەیدەتوانی هەڵقەی پێوە ئاوێزان بکات. تەنیا دەیویست سەعید.... ئا.. چ مەبەستێکی لەمە هەبوو؟ بێشک دەزانێت کە خەڵکی لە عێراقدا، وێنەیەکی تریان لە مێشکدا لە ئافرەت هەیە. ئەوان دەبێت لە هەمبەر سەرنجی زۆربەی پیاواندا خۆیان داپۆشن. ئەگەرچی لێنا ئەمە دەزانێت کە وەسایە، بەڵام بۆیشی قابیلی قبووڵ نییە. ئەگەر سەعیدیش بیەوێت لێرە و لە ئەوروپا، لە ئەڵمانیا و لە بەرلین بژی، دەبێت سەرنج و بۆچونەکانی لە هەمبەر ئافرەتەوە بگۆڕێت. بۆیە بیر دەکاتەوە: دەبێت ڕابووەشێنرێت!

سەعید هەر بێدەنگە. لێنایش بلوزەکەی دەخاتەوە ناو پانتۆڵەکەی و دەڵێت:

- خۆ دیتت، ئەمە تەنیا گاڵتەیەک بوو.

سەعید شانی هەڵدەتەکێنێت. لێنایش پێی دەڵێت:

- ئت واس ئە جۆک..(گاڵتە بوو..).. دەتوانیت پێ بکەنیت..

سەعید هیچ ناڵێت. لێنایش لێی دەپرسێت:

- تووڕەیت؟

سەعید لەگەڵ سەربادانیدا وەڵام دەداتەوە:

- نازانم.

لێنا بەدەم دەست ڕاوەشانەوە پێی دەڵێت:

- ئەی کوڕی باش! تۆ نازانیت و نازانیت! ئایا دەبووایە ورگی خۆمم پیشان نەدایتایە؟ ئەوە بەلای تۆوە گوناحە؟ هەی سەعید! ئاوەها ناتوانیت لێرەکانە بژیت! ناشتوانیت کەسێک بدۆزیتەوە کە ئەو شتانەی ئێوەی موسڵمانی بەلاوە پەسەند و قبووڵ بێت... ئاوا... - بۆ وشە دەگەڕێت -... ئاوەها و وەک سەعیدێکی جیهانێکی تر و چەند سەدەی ڕابردوو. بەهەر حاڵ. بەتایبەتی من ناتوانم خۆم بەو بۆچوونانەی تۆوە ڕابێنم و خوی پێوە بگرم... تێ دەگەیت..؟

سەعید بە چاوی ئەبڵەق بووەوە، بۆ چەند چرکەیەک لێی هەڵدەڕوانێت، ئینجا لە ناکاو خۆی وەردەگێڕێت و بە هەنگاوی خێراوە و لە پێشیەوە دەڕوات. هەروەک بیەوێت لێی هەڵبێت. لێنا خۆیشی نازانێت چی لێ بەسەردا

هاتووه. بۆچ لە ناکاو زەوقی تێکچوو. بۆچ ئاواها بە تووڕەیی بەرامبەری سەعید وەستاوەتەوە. خۆ ئەو هیچ ئاکارێکی خراپی لێ نەوەشاوەتەوە؟ لێنا بە دوای سەعیددا هەڕا دەکات. قۆڵی دەگرێت و هاوار دەکات:

- بووەستە!

سەعیدیش بە قسەی دەکات و دەوەستێت. خۆی بەلای لێنادا وەردەگێڕێت، بەڵام سەیری ناکات.

لێنا بە هەنسکەوە پێی دەڵێت:

- دەتوانیت.. وەڵامم.. بدەیتەوە..؟

سەعید هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. بە دەنگێکی نزم و نەرمەوە وەڵامی دەداتەوە:

- ئای دۆنت ئەندێرستاند یو..(من لە تۆ تێ ناگەم).

- هەی سەعید کۆم. یو دۆنت ئەندێرستاند می..؟ (هەی سەعید - ئادەی وەرە! - تۆ لە من تێ ناگەیت؟!)

سەعید پاڵێکی وەها توندی پێوە دەنێت، لێنا هەست دەکات، ویستوویەتی پێیدا بکێشێت و دەڵێت:

- نۆ..(نەء). لێت می گۆ..(وازم لێ بێنە با بڕۆم).

# بەشی پازدە

لە ئان و ساتی کە لێنا خەریکی بۆیەی نینۆکەکانی پەنجەکانی قاچێتی، زەنگی تەلەفۆنەکە دەبیستێت. بۆیەیەکی سووری ڕەنگ شاتوویی و بریقەدار. بۆ ئەوەی کە شوخت و هێڵی تێدا دروست نەبێت، دەبێت بەخێرایی و کارامەیی ئەنجامی بدات. قاچی چەپی بەستووە و لەسەر لێواری بانیۆکە دای ناوە. قاچی ڕاستیشی لە نێو بانیۆکەدایە. بۆیەی نینۆک و لۆکەی لە کن خۆیەوە داناوە، شلەتکەی چەوری لابردنیشی لە کن خۆیەوە ئامادە کردووە، نەکا ئەگەر جێیەک بە بۆیەکە پیس بکات. زرمەی ئاوازێکی – ڕاپ – لە نهۆمی سەرەوە دێت. ئەمیش لە تەک ئاوازەکەدا سەری دەبزوێنێت و دەقەکە دەڵێتەوە:".. ئەن نێڤەر لێت یو ئەگێن..(ئیتر هەرگیز نایەڵم جارێکی تر بڕۆیت..).

وا چەند ڕۆژێکی بۆ چوونە ئاهەنگەکە ماوە. بابی پێی وت:" دەیبات و دەشیهێنێتەوە. پێشیوت: "هیوادارم هەموو شتێک بە خێر بگەڕێت!". ئەمیش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دابووەوە: "بێشک! بۆچی نا؟" سێ نینۆکی بۆیە کردبوو کە زەنگی تەلەفۆنەکە بیسترا. نارەزایی دەردەبڕێت:

– نەفرەتی!

دەشیەوێت گوێ بە زەنگەکە نەدات. بۆیە خۆی دەچۆمێنێتەوە و خەریکی پەنجەی چوارەم دەبێت. زەنگی تەلەفۆنەکەیش بەردەوام هەر لێ دەدات. لێنا قەلەق دەبێت:

– دە بەسە!

بەڵام زەنگەکە هەر بەردەوامە.

– ئۆف، نەفرەتی!

کە دەیەوێت لە بانیۆکە بێتە دەرەوە، قاچی بەر شووشەکە دەکەوێت و بە دیوی ناو بانیۆکەدا دەکەوێت.

– ئۆوو.. پۆخڵەوات..!

بەرەو تەلەفۆنەکە هەڵدێت، پەلاماری بیستەرەکە دەدات و دەبۆڵێنێت:

– بەڵێ..! دەی چییە...؟

سەرنجیش دەدات کە بۆیەی بان نینۆکی پەنجە گەورەی سڕدراوەتەوە. ڕەنگی سووری شاتوو ئاسایش بەسەر فەرشەکەوەیە. دایکێتی کە دەڵێت:

– هەلۆ گەنجینەکەم، منم..!

لێنا بەسەرسوڕمانەوە وەڵام دەداتەوە:

– ئۆه.. ئەوە تۆیت...؟

بیریش دەکاتەوە: لەم ساتە ناوەخت و نەگونجاوەدا! هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە و بە تەلەفۆنەکەوە بۆ گەرماوەکە دەردەفرتێت. ڕەنگێکی سووری بریسکەدار بە ناو بانیۆکەدا بڵاو بووەتەوە. هەروەک دیمەنی فیلمە ترسناک و تۆقێنەرەکان. دەڵێیت کەسێک لە بانیۆدا دەماری خۆی بڕی بێت. لێ، ماوەیەکی تر خۆی وشک دەبێتەوە. لێنا بە چاوە ئەبڵەق بووەکانیەوە لە پەڵە سوورەکە هەڵدەڕوانێت. هەستیش دەکات کە ترپەکانی دڵی خێراتر بوون. ئەم چاوەکانی دەنووقێنێت کە دایکی دەڵێت:

– ویستم گوێم لێ بێت و بزانم، گوزەرانت چۆنە؟ چونکە تۆ لە گفتوگۆکەی پێشووماندا، منت ترساند. بۆیە ویستم بزانم، ئایا ئێستاکە باشتریت؟

لێنا کە ناتوانێت باش ببیستێت وەڵامی دەداتەوە:

– بەڵێ، باشم...

ئینجا بیریش دەکاتەوە: " ئەگەر ئەم بۆیەیە تەواو پاک نەکەمەوە، بابم تووڕە و قوشقی دەبێت..". دەنگی دایکی دەبیستێتەوە:

– کـە وات وت، دڵم بۆت سـووتا . ئیـتـر لەوسـاتەوە نیگەران و نـائارامم. من زۆر لە خەمی تۆدام..

لێنا بەدەم وتـنـی: بەڵێ ، بەڵێـوە، خـۆی دادەنەوێنێت و شـووشـە بچکۆلەکەی ناو پەڵە بۆیەکە هەڵدەگرێت. بۆیەکە توورتتر و ڕەقـتـر دەبێت. شـووشـەکەی بە سـەری پەنجـەکـانی گرتـووە و نازانێت چی لێ بکات و بۆ کـوێـی بەرێت. دایکی دەپرسێت:

– لە تەک بابتدا باستان لێوە کرد؟

– نەء. لەبەرچی؟ بۆچی؟

– دەپرسیت لەبەرچی و بۆچی؟ ئەی تۆ ناتەوێت بۆ کن من بێیت؟

لێنا ناوچاوانی گرژ دەبێت و دەڵێت:

– ئاخ، بەڵێ. لەو بابەتەوە.

ئینجا شووشـەکە لەسەر پاکەتێک دەسـتماڵی کاغەز دادەنێت. هۆشـیارییەک و ترس لە دەنگی دایکیدا هەست پێ دەکرێت، کە دەڵێت:

– لێنا؟ ئەوە چیتە؟ شتێک قەوماوە؟

– نەخـێـر، هیـچ ڕووی نەداوە. ئایا دەتوانین پاشــان تەلەفـۆن بۆ یەکـتـری بکەینەوە؟

– پاشـان؟ کـەنگێ پـاشـان؟ گـەنجـینـەکـەم من وا دەبێت ڕێکـەوم. گـەشـتـێکـی فڕۆکەی – شـەنگەهـای – م هـەیە. ئایا سـەرگـەرمـی کارێکیت و قەڵست دەکەم؟

– نا، نا. تەنیا... وا خەریکم نینۆکەکانی پێکانم بۆیە دەکەم و.....

دەنگی دایکی بە قەلەقی و زویری و بڕێک توورەیییەوە دێتە بەرگوێ:

– نینۆکـەکانی پەنجـەکـانت بۆیە دەکـەیت؟ ئەوجـا ئەوە هێندە گرینگە..؟ لە قسـەکردنەکەمان گرینگترە..؟ دەی کەواتە....

لێنا نارەزایی دەردەبڕێت:

– دایە، من وەها مەبەستێکم نییە..!

– تۆ وەهات باس کرد، دەتەوێت بە زووترین کات بۆ لای من بگوێزیتەوە. منیش هەمیشە و بەردەوام بیری لێ دەکەمەوە، چلۆن ئەو کارە مەیسەر بکەین و بەڕێوە بەرین.

– بمبەخشە، ئەو مەبەستەم نەبووە. دەڵێم.. دایە..؟ خۆ دەشێت باش لە یادت بێت کە لە چوونە  بۆنە و ئاهەنگی – کریستیانا – دا، تەنوورە ڕەشە ئیسپانییەکەم لەبەردا بوو، وا نییە؟ چاکەتێکیش بە لێوار و چمکی بریسکەدارەوە...

دایکی بە سەرسامییەوە پێدەکەنێت و دەڵێت:

– بەڵێ لە یادمە. بەڵام بۆچی....؟

– ئایا هەر بە ڕێککەوت دەزانیت، ئەو تەنوورەیەم لەگەڵ خۆمدا هێنابێت؟

– گەنجینەکەم، ئێمە ئەوساتە و لە کاتی گواستنەوەدا بە تۆمان وت؛ کە تۆ هەموو کەلوپەلەکانت... بەڵام ئا ڕاوەستە، ئەو تەنوورەیەت بۆ چییە..؟

– خۆ جوان بوو، وانییە؟ یانیش هەست دەکەیت کە بۆ بەرلین نابێت؟ حەزیشم دەکرد بۆ چوونە بۆنە شتێکی نوێم بکڕیبایە..

– چ بۆنەیەکە..؟

– لە کن کێرستین. ئەو منی بۆ ماڵەوە و بۆ شەوێکی دیسکۆ بانگهێشتە کردووە..

– ئەی کێرستین کێیە؟

– کچێکی پۆلەکەی خۆم. ژیکەڵە و شیکپۆشە. وتیشی کە دایک و بابی، هەموو ماڵەکەیان بۆ ئەو ئاهەنگ و بۆنەیە خستووەتە خزمەتیەوە.

هەڵوێستەیەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت. لێنا دەیهێنێتە پێش چاوانی خۆی، وەک هەمیشە کە دایکی شتێکی بەدڵ نەبێت، چۆن ناوچاوانی گرژ دەبێت و چاوەکانی ژێر و ژوور پێ دەکات. هەست پێ دەکرێت ئەو بڕێک زامدار و سەرسامە. دایکی دەڵێت:

– وام دەزانی لە پۆلەکەتدا، لەو سەعیدە زیاتر ئیتر هاوەڵی ترت نییە...!

وام دەزانی کە هەست بە کەیفسازی و باشی ناکەیت و دەتەوێت هەرچی زووە لەوێکانە بڕۆیت. مەگەر من بەهەڵە تێگەیشتووم..؟

لێنا بە شڵەژاوییەوە پێدەکەنێت:

– ئاخ دایە. جارێک لە جاران شتەکان هەر لەخۆیانەوە باش دەبن. بەتایبەتیش لە هەمبەر کەسەکانی پۆلەکەم و هەستی تەنیاییمەوە.

ناخوازێت لە هەمبەر – یۆنیکا– ی دۆستە نوێکەی بابیەوە، شتێک بڵێت. هەردووکیان لە ژێر کاریگەری قسەکاندا کشومات و بێدەنگن. لێنا دەچێتە بەر ئاوێنەکە، قژەکانی بان تەوێڵی لادەبات و دەپرسێت:

– دایە؟ خۆ تۆیش پێت خۆش دەبێت ئەگەر من لێرەکانە هاوەڵ بدۆزمەوە. وانییە؟ دەتوانیت کە....

قسەکە قووت دەداتەوە. ئینجا دەڵێت:

– دەتوانیت بڕێک پارەم بۆ بنێریت؟ چونکە حەز دەکەم پۆشاکی نوێ بکڕم. خۆ لەوەی تێ دەگەیت، دەبێت ڕند بچمە بەرچاوان و دیار بم.

گوێی لێیە کە دایکی ئارام پێدەکەنێت. لێنا سەرنجێکی تری ناو بانیۆکە دەدات. هێڵە لێک جیابووەوەکانی بۆیەکە، وێنەی دڵێکیان پێک هێناوە. دایکی لێنا وەڵام دەداتەوە:

– ئەوەی ڕاستی بێت، من تۆ لە پۆشاکە کۆنەکانیشتدا هەر بە جوان دەبینم و دەزانم.

– ئاخ. کەواتە بۆ کڕینی دەستێک پۆشاکی نوێ، پارەم بۆ نانێریت؟ هەتا نهاکە لەلایەن ئێوەوە شتێکی سەرنجڕاکێشم وەرنەگرتووە. بەڵکوم هەر هەموویان ئاسایی...

بێدەنگی. لێنا دەپرسێت:

– دایە، لەسەر هێڵ ماویت؟

– بەڵێ.

– دەی باشە. من دەبێت ئیتر کۆتایی پێ بێنم. چونکە سۆزێکی ترم هەیە.

بابم لە ساڵۆنێکی قژ چاککردن کە هونەر پیشەکانیش دەچنە ئەوێ، بەڵێنێکی قژ چاککردنی بۆ وەرگرتووم.

– باشە. ئیتر نامەوێت لەمەندە زۆرتر قەڵستان بکەم.

– باشـە دایە. سوپاس. دایە لە کۆگای – ها و ئێم – یش مرۆڤ دەتوانێت بە پارەیەکی کەم، کەلوپەلی سەرنجڕاکێش و جوان بکڕێت.

– باشە گەنجینەکەم. شتێکت بۆ ڕەوانە دەکەم.

لێنا تەلەفۆنەکە ماچ دەکات:

– سوپاس دایە.

ئینجا دەنگی بەرزتر دەکاتەوە:

– دایکێکی خۆشەویستیت.

دایکی دەپرسێت:

– ئەی کەنگێ لە هەمبەر بابەتەکەی ترەوە قسان بکەین؟

لێنا تفەکەی ناو دەمی قووت دەدات و وەڵامی دەداتەوە:

– دایە تکایە. دەبێت بیری لێ بکەمـەوە کە ئایا ئەوەی دەیکەم ڕاست بێت. ئێمە جارێکی تر لەبارەیەوە قسان دەکەین.

دایکی بەڵێـیەک دەڵێت و بیسـتـەرەکـە دادەنێـتـەوە. بۆ چەند سـاتێک لێنا هەستێکی وەها خراپی هەیە، وەک کردەوەیەکی خراپی لێوەشابێتەوە. بەڵام چونکە هەست باشی خۆی دەکات، دەیخاتە پشت گوێ.

***

جەنابی بێرنهایمەر داوای لە سەعید کرد، پاشنیوەڕۆ و هەر لە خوێندنگە پێک بگەن و دوو قۆڵی بڕێک قسان بکەن. سەعید لەسەری وەختدا گەیشت. ئەگـەرچی جـەنابی بێـرنهـایمەر ئەو داوایەی لێ نەکـردبوو، بەڵام ئەو جانتاکۆڵەپشتەکەیشی لە تەک خۆیدا هێنابوو. ئەگەر مرۆڤ بیر بکاتەوە، لە سەرەتای ڕۆژەکانی دەستپێکدا، جانتاکەی سەعید چەندە سووک و سۆڵ بوو، ئێستاکەیش دەبێت بەتەواوی کۆڵی بداتە بەر.

ئەلبومی وێنەکانی خێزانەکەیشی لە بەغداد لە کۆڵەپشتەکەیدایە. سەعید لە مامە بەسام و پوورە سۆنیا زیاتر، پیشانی کەسێکی تری نەداوە. ئەلبومێکی نایلۆنی زەردە. هێندە جوان نییە، بەڵام جوانییەکەیش گرینگ نییە. گرینگ وێنەکانن کە بۆ سەعید نرخی گەنجییان هەیە. ئەلبومەکەی بۆیە لە تەک خۆیدا هێناوە، نەکا مامۆستا بخوازێت هەندێک زۆرتر لەبارەی ئەمەوە بزانێت. سەعیدیش دەیەوێت بە حەزەوە وێنەکانی پیشان بدات و لە هەمبەر بەغدادیشەوە قسەی بۆ بکات. جەنابی بێرنهایمەر کە چاوەڕێی دەکات، لە تەک سڵاوکردندا خۆی بەرز دەکاتەوە. سەعیدیش بەڕێزەوە خۆی بۆ دەچۆمێنێتەوە. مامۆستا وەک هەمیشە کە کردوێتی، بە زەردەخەنەیەکەوە دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێت:

– کۆم ئەن سیت داون..(وەرە و دابینشە). وی هاڤ تو تۆک..(دەبێت قسان بکەین)

سەعیدیش دادەنیشێت. بەڵام زۆر قیت و ڕێک دادەنیشێت و دەستەکانی دەخاتە سەر مێزەکە. بۆ ئەوەی کە جەنابی بێرنهایمەر ببینێت ئەم چ نینۆکێکی سپی وەک بەفر و جوانی هەیە، بە بڕبەنی نینۆککەر ڕنیوێتی و بە سابوونیش شتوونی. سەعید چاوێک دەگێڕێت و دەڵێت:

– دەتوانین بە ئەڵمانی هەوڵ بدەین..

بێرنهایمەر بەسەرسوڕمانەوە دەخەنێتەوە و وەڵام دەداتەوە:

– سەعید ئەمە گفتوگۆیەکی گرینگە. بۆیە لەو باوەڕەدایت دەتوانیت بە ئەڵمانی قسە بکەیت؟

– هەوڵ بدەین..

دڵیشی دەکەوێتە ترپە ترپ. بەوەیش خۆشحاڵە کە جەنابی بێرنهایمەر بۆ ئەم گفتوگۆیە بانگهێشتەی کردووە. لە هەموو مامۆستاکان و بە بەڕێوەبەریشەوە کە هەر لە سەرەتاوە، لە تەک ئەمدا زۆر میهرەبان بووە، جەنابی بێرنهایمەری لە هەموویان زۆرتر خۆشدەوێت. ئەو شانسی پێدا کە

ئەرکەکانی پۆلی بە ئینگلیزی ئاراستە بکات. هەمیشەیش پەڕتووکی پێویستی بۆ فەراهەم کردووە. لەو جێیانەیشی کە سەعید پێویستی بە هاوکاری هەبووبێت یارمەتی داوە. جەنابی بێرنهایمەر دەڵێت:

– سەعید، لە دەستپێکدا گەرەکمە پێتی ڕابگەیەنم، تۆ چەندە دەبیتە مایەی خۆشحاڵیم.

سەعید پێکەنینێک دەکات و دەپرسێت:

– خۆشحاڵی؟

– بەڵێ. تۆ ئەو خوێدنکارەی کە من هەمیشە هیوام پێ دەخواست. چیدەبوو ئەگەر نموونەی وەک تۆ زۆرتر بووانایە... (هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و درێژەی دەداتێ).. من لەم خوێندنگەیەدا کێشەی گەورەم هەیە. زۆربەی خوێندکارەکانی ئێرە، نایانەوێت بخوێنن. ناخوازن ژیانیان بە هیچ بگەیەنن. لێ، ئەمەیش بۆ مامۆستاکە ترسناک و جێی نیگەرانییە. بەڵام تۆ..(بەڕووی سەعیددا پێدەکەنێت).. تۆ هەمیشە سەرگەرمی کارەکەتیت و ئەرکەکانی ماڵەوەت ئامادە کردووە.

سەعید دەڵێت:

– دەی خۆ ئەوەیش ئاساییە.

– بەڵام تۆ لەو باوەڕەدایت! زۆربەی خوێندکارەکانی تر، نەک هەر هینی پۆلەکەی خۆت، بۆچوونێکی تریان هەیە! بەڵم تۆ لە ساتی وانەدا، هۆش و گۆشی خۆت تەواو کۆ دەکەیتەوە!

سەعید دەڵێت:

– دەبێت وەها بکەم... چونکە بۆ من دژووارە..!

– بەڵێ! بەڵام بیر لە نۆحا و دینیس و بۆریس بکەرەوە... دەشتوانم دەها ناوی تریش بنێم کە تەنیا دەبەنگی و کردەوەی قۆڕیان لە مێشکدایە. هیچ گرینگییان بۆ ئەو بابەتانە نییە، من لە پێشەوە لەسەریان دەدوێم و باسیان لێوە دەکەم.

سەعید تکای لێ دەکات:

- تکایە هەندێک هێواشتر.

بێرنهایمەر پێدەکەنێت و دەڵێت:

- سەیرکە! ئاوا دەبێت! تۆ وا تازە بۆ لای ئێمە هاتوویت کەچی من وەک لە تەک ئەڵمانییەکدا قسە بکەم، لەگەڵتا دەدوێم. هەر زۆر جێی گرینگییە. باشە، هێواشتر دەدوێم...(لە ئاوازی قسەکانیدا ئاماژەیە بە سەرسوڕمانی بۆ سەعید)... ئەگەر تۆ ئاوەها درێژەی پێ بدەیت، بێجگە لە ئەڵمانی ئیتر لە هەموو بابەتەکانی دیدا، دەبیتە یەکێک لە باشەکانی پۆل.

سەعید بە لەخۆڕازیبوونەوە وەڵام دەداتەوە:

- من هەموو ڕۆژێک کۆشش دەکەم و دەخوێنم. هەر ڕۆژەی پەنجا وشەی نوێ. یانیش لە ڕێزماندا. بەڵام جارجارەیش سەختە..

- ڕاستە کە وایە..

- پوورم هاوکاریم دەکات. بەڵام ئەو مامۆستا نییە و ڕێزمانیش سەختە. تەنانەت بۆ ئەویش..

بێرنهایمەر سەر دەلەقێنێت. خۆ بە پشتدا دەخات و هەردوو دەستیشی دەخاتە پشتە سەریەوە.

- باشە بابەتێکی تر. ئەی لە بارەی کاغەزەکانتەوە؟

- کاغەز؟

- بەڵێ، چ بەڵگەنامەیەکت هەیە؟

سەعید بە شڵەژاوییەوە دەڵێت:

- نازانم. من پاسپۆرتم هەیە. پاسپۆرتی عێراقی بە ڤیزای ئەڵمانیاوە.

هەوڵیش دەدات بیهێنێتەوە یادی خۆی، کێ لە ڤیزاکەدا هاوکاری کردووە. بەڵام هیچی نایەتەوە یاد. چونکە لە چەند ڕۆژی بەری سەفەرەکەدا، لە خەم و نیگەرانیدا بێهۆش و بێ ئاگابوو. ڕووداوەکانی دەووروبەری ئەم، وەک

بازنەجۆلانە هەردەم خێرا و خێراتر بەدەووری خۆیاندا دەسووڕانەوە، ڕوخسارەکان و ئەو ڕستانەی کە دەهاتنە بەر گوێی.. بەڵام لە هیچ تێ نەدەگەیشت، چونکە دەنگەکان نەدەگەیشتنە لای ئەم.. کەسێک دەڵێت: سەعید تۆ دەبێت شتێک بخۆیت... تۆ دەبێت شتێک بخۆیتەوە، چونکە زۆر گەرمە.. پێکەنینەکانی خەدیجە و ئەحمەد. ئەحمەد لە تەک خۆیدا بەردە ڕەنگاوڕەنگە تەلیسمەکەی بۆ هێناوە، لە ناو لەپی دەستیدا دای ناوە و پیشانی دەدات. ئەو بەردەی کە ئەحمەد خۆی بە ژێر ئاوی دیجلەدا کردووە و دەری هێناوە.. بەڵام ئەم ئیتر بەردەکەی نەماوە. ناشزانێت بۆچی بەردەکەی نەخستووەتە گیرفانیەوە. چۆن بوو کە لە یادی چوو.. ئەو بەردە بەختهێنەرە بۆ سەفەرەکەی لە تەک خۆیدا نەهێنێت.... لە هەمبەر پاسپۆرتیشەوە: بەچاوی خەیاڵ خانووی پشت تەلی دڕکاوی و جەمەلۆنەکان دەبینێت. پەنجەرە شیش تێگیراوەکان و ئەو پیاوەی کە مۆرێک لە پاسپۆرتەکەی دەدات. باشە ئەم لە کوێ بووە؟ لە باڵوێزخانەیەک؟.. دەنگی مامۆستا دێت:

– بەڵێ سەعید. تۆ کە ئیتر دایک و بابت نییە. بەڵام مامت سکاڵای بەخێوکردن و پەروەردەی تۆی لە بەغداد پێشکەش کردووە؟ هەواڵێکی دی هەیە؟ ئەی کەنگێ مۆڵەتی ڤیزاکە کۆتایی پێدێت؟

سەعید هەست دەکات، چۆن ئارەقە دەردەدات. دەوورتێنێت:

– نازانم... مامم... ئەو باسی ناکات...

– سەعید! ئەمە هەر زۆر گرینگە. بۆیە دەبێت لێی بپرسیت. لێرە ئەو جۆرە کاغەزانە هەر زۆر گرینگیان پێ دەدرێت. دیارە کە تۆ بە ڤیزایەکی مێوانداری هاتوویت. دیارە کە مامت لێرەوە داوای ڤیزەکەی بۆ کردوویت. وانییە؟

بۆ سەعید باشتر بوو کە جەنابی بێرنهایمەر، ئەو ڕستەیەی بە ئینگلیزی پاتە بکردبایەتەوە، چونکە سەعید باش لێی تێ نەگەیشت. سەعید وەڵام دەداتەوە:

– نازانم.

– یانیش مامت داوای پەنابەری سیاسی بۆ کردبیت؟ چونکە تۆ لە عێراقەوە هاتوویت. سوونەیت. لەوێکانە جەنگە و لە هەردوو لاکانیشەوە تیرۆر. دەشێت کە وەها داواکارییەکی پەنابەری پەسەند بکرێت. ئایا وەها داواکارییەکتان ئاراستە کردووە؟

سەعید بە بێدەستەلاتییەوە شانەکانی هەڵدەتەکێنێت. لە ناکاو هەستێکی نائارام و ترساوی و هەڕەشەئامێز، تێیدا تەشەنە دەکات. لێ، ئەو دەیەوێت ئەگەرچی لە ئەڵمانیاش هەست بە خۆشگوزەرانی نەکات، بەلام هەر گەرەکیە بچێتە خوێندنگە و درێژە بە خوێندنن بدات. چونکە بەڵێنیشی بە بابەگەورەی داوە. مامۆستا هەست دەکات سەعید لە چ گوزەرانێکی ڕوحیدایە. زەردەخەنەیەکی هاندەرانەی بۆ دەکات و دەڵێت:

– کەواتە لە مامت بپرسە. چونکە زۆر گرینگە. تێ دەگەیت؟

سەعید بەچاوی زەق و ئەبلەق بووەوە لە بێرنهایمەر هەڵدەڕوانێت. سەرێکیشی بۆ ڕادەوەشێنێت. تکە ئارەقەی بچکۆلە بەسەر لێوی خوارەوەی زەنگۆڵەیان کردووە، بەلام لەبەرئەوەی سەرنجی مامۆستا بۆ کن خۆی ڕانەکێشێت، بوێری ئەوەی نییە لێوی بسرێت. بێرنهایمەر دەڵێت:

– من بە بەڕێوەبەر دەڵێم؛ لە تەک مامتدا قسان بکات. هەتا بابەتەکە ڕوون بێتەوە.

سەعید دەڵێت:

– بەڵێ....

بەلام هەمدیسان قسەکان بەخێرایی کران، بۆیە هیچی وەها تێ ناگات. جەنابی بێرنهایمەر دەڵێت:

– ئەگەر مامت و پوورت تۆ بکەنە کوڕی خۆیان، ئیتر کێشەی مانەوەت نامێنێت و دەتوانیت ببیتە هاووڵاتی ئەڵمانیش...(هەموو قسەکان بە ئینگلیزی پاتە دەکاتەوە).. سەری خوار دەکاتەوە و دەرێژەی دەداتێ: یان ناتەوێت ببیتە ئەڵمان؟

سەعید بە دوودڵییەوە دەڵێت:

– نازانم. بیر لە شتی وەها ناکەمەوە.

– تۆ بیر لە شتی وەها ناکەیتەوە؟

سەعید پەنجەکانی لێک دەئاڵێنێت و دەڵێت:

– من دەگەڕێمەوە بۆ عێراق. ئەویش دوای ئەوەی کە ئامادەیی – دیبلۆما! – و خوێندنێکم تەواو کردبێت. دەمەوێت ببمە پزیشک. بابەگەورەم لە باکوور و لە گوند دەژی. منیش دەخوازم بچمە ئەوێکانە.

جەنابی بێرنهایمەر بە بیرەوە سەر دەلەقێنێت و وەڵامی دەداتەوە:

– لە باکوور. ئەوێکانە لە بەغداد ئارامترە. هیچ نەبێت لە ئێستادا.

سەعیدیش سەر دەلەقێنێت. کە لە نینۆکەکانی خۆی هەڵدەڕوانێت: بەچاوی خەیاڵ زنجیرە چیاکانی پشتی گوندەکە دەبینێت. تەمە تەنکەکەی بەری ئاسمانە شینە کاڵەکەی گرتووە. با و گێژەڵوکەکەی تەپوتۆز بە ئاسماندا دەبات. گوێیشی لە دەنگی ئافرەتێکە، کە بە عەرەبی بانگ لە منداڵێک دەکات. سەعید دەڵێت:

– دەمەوێت لە پشووی هاویندا سەردانی بابەگەورەم بکەم.... – لە دووی وشە دەگەڕێت –... تاسەی دەکەم..

بێرنهایمەر خەندەیەکی بۆ دەکات:

– تێ دەگەم. باشە ئەگەر تۆ بتوانیت لە پێشدا بۆ عەممان و ئینجا بۆ عێراق بفڕیت، ئەی پاشان؟

– بە پاس یانیش بە تاکسی. وەک چۆن بەوانە سەفەرم کرد، کە بۆ ئێرەکانە هاتم.

بێرنهایمەر بە سۆزەوە لە سەعید هەڵدەڕوانێت.

– تۆیش شتی زۆرت بەسەردا هاتووە.. ها..؟ ئەی خوایە جەنگ چۆن هەموو شتێک خراپ و وێران دەکات... سەعید، دەبێت مامت بێتە خوێندنگە و لە تەک

بەڕێوەبەردا بپەیڤێت. دەبێت بە زووترین کات لەسەر ئەم بابەتانە قسان بکرێت و بەلایەکدا بخرێن.

سەعید بە پاڕانەوەوە دەڵێت:

– بۆچی جەنابتان لە تەک مامەمدا قسە ناکەن؟ ئێوە دەتوانن بێنە ماڵمان و مێوانداریمان بکەن. مامە بەسامم هەموو ئێوارەیەک، دەمژمێری هەشت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە...

مامۆستا سەری بادەدات و وەڵامی دەداتەوە:

– ئەمە دەبێت یەکێک لە مامۆستاکانی تر بیکات.

سەعید نێوچاوانی گرژ دەبێت و دەڵێت:

– چۆن؟ مەبەستتان چییە؟

بێرنهایمەر وەڵام دەداتەوە:

– من دەڕۆم. من ئەم خوێندنگەیە جێ دێڵم. چونکە کێشە هەبوو. بەڕێوەبەر تەواوە، بەڵام لەوانەی تری فەرمانگە.... ئێمە لەسەر زۆر خاڵ ڕاوبۆچوونمان وەک یەک نییە... چۆن مرۆڤ... – هەڵوێستەیەک دەکات –.. چۆن ئێمە لە تەک ئەو جۆرە خوێندکارانەی فێرنابن، هەڵسوکەوت بکەین. بۆ باشتربوونیان هاوکارییان بکەین. چۆن دەتوانین لێیان نێزیک بینەوە و... – دەست دەخاتە سەر شانی سەعید –... زۆر حەزم دەکرد هاوکاریت بکەم و یارمەتیت بدەم، بەڵام بەداخەوە نابێت.

سەعید دەچرپێنێت:

– دەتانەوێت بڕۆن؟

مامۆستا سەری دەلەقێنێت و دەڵێت:

– تۆ تەنیا خوێندکارێکمیت کە دەزانیت.

سەعید سەری ڕادەوەشێنێت:

– بۆچی؟

– من لە خوێندنگەیەکی – تایبەتی و شەخسی! – وانە دەڵێمەوە. خوێندنگەیەکە، دایکان و باوکان دەبێت بۆ منداڵەکانیان پارە بدەن. ئەوانە قوتابیانی باشن و وانە وتنەوە لەوێکانە مایەی خۆشی و کەیفسازییە.

بەرچاوەکانی سەعید ڕەش دەبن. لێوەکانی خۆی دەگەزێت و سەرنجی لە سەر مێزەکە بڕیووە. جەنابی بێرنهایمەر دەڵێت:

– لەمێژە گەرەکمە بڕۆم.

ئیتر سەعید گوێ ناگرێت و مێشکی دەزرنگێتەوە. لە پشت زرنگانەوەکەیش، ئاوازێکە. ئاوازێکی خەمبارانە و مەراقیی عەرەبی. کە دەشێت بیخاتە گریان. بەڵام ئەو بۆی نییە بگری. بێرنهایمەر دەڵێت:

– سەعید، سەیری من بکە.

سەعید سەری دەلەقێنێت و سەرنجی لەسەر مێزەکە ناگوێزێتەوە. مامۆستا دەڵێت:

– چیتە؟

سەعید بە قورگی گریاناوییەوە دەڵێت:

– من خەمبارم.. هیچ تێ ناگەم. چونکە خۆشحاڵ بووم بەوەی کە جەنابی بێرنهایمەرێک هەیە.

مامۆستا لە جێگەکەی هەڵدەستێت و بەدەووری مێزەکەدا دەخولێتەوە:

– سەعید دە هەستە..

سەعیدیش بەزۆر خۆی لەسەر کورسییەکە بەرز دەکاتەوە. شانەکانی شۆڕ بوونەتەوە و قۆڵ و دەستەکانی وەک ڕەساس قوورسن. بێرنهایمەر باوەش بە سەعیددا دەکات و دەورتێنێت:

– تۆ خورتێکی هەر زۆر لەبەردڵانیت. بۆیە ئەوەی کە خۆت بتەوێت، دەتوانیت پێی بگەیت.

سەعید سەری بە شانی مامۆستاوە دەنووسێنێت. فرمێسکەکانی کە

سـەعـيـد نـاتوانێت بـەرهـەڵسـتـيـان لێ بكات، لـە چاوانی دێنـە دەرەوە. بەدەم هـەنسکەوە دەڵێت:

– بەڵكوم.. بتوانم... بۆ خوێندنگەكەی تۆ.. بێم.

كە مامۆستا وەڵامی ناداتەوە، سەعید لێی دەپاڕێتەوە:

– پێدەچێت ببێت. تكایە!

بێرنهـایمەر ئاخ و ئۆف دەكات و سـەعیـدیش دێتـە ئەمـلاترەوە. مـامۆسـتـا دەڵێت:

– من دەچمە خوێندنگەی تایبەتی. خوێندنگەیەكی هەر زۆر گرانبەها..

– مـامـم... من.... – دەگـەڕێت بۆ وشـەی شـیـاو – مـن دەپرسم لە مـامـم.... پێدەچێت لە عێراقـەوە پارەم بۆ بێت... پارەی خـانووەكە لە بەغداد... ناشزانم چی لێ هـاتووە خانووەكە..

بێرنهایمەر لێی هەڵدەڕوانێت و پێی دەڵێت:

– ئەگـەر بە ژیری و زیرەكی بمێنیتـەوە، دەتوانیت سـوود لەم خـوێنـدنگەیە وەربگریت...

سەعید سەری دەلەقێنێت. ئینجا بەدەنگی بەرزەوە دەڵێت:

– جەنابتان ناخوازن من بۆ ئەو خوێندنگە گرانبەهایە بێم..؟

بێرنهایمەر شانەكانی هەڵدەتەكێنێت:

– هـەر بەڕاسـتی زۆر زۆر گرانە. خـانەیەكی تایبەتە بەو زارۆكـانەی، دایک و بابەكانیان پارەی زۆر زۆریان.....

سەعیدیش بەرپەرچی دەداتەوە:

– منیش دایک و بابم نییە.... چونكە مردوون....

بێرنهایمەر وەک دڵنەوایی وەڵامی دەداتەوە:

– سـەعیـد، پێوەندی بەوەوە نییـە. تۆ هێشـتـاكـە دۆكۆمـێنیـتی باوەڕپێكراوت نیـیـە. داهـاتـوویشـت دیار و ڕۆشن نـیـیـە... بۆیە دەبێت لەم خـوێندنگەیە

بمێنێــتــەوە. ئەگــەر ئاوەهایش بە زیرەکی بخــوێنێت، دەتوانیت کــۆتاییی تاقیکردنەوەی – دیبلۆما – لە جێیەکی تریش بدەیت..

بەڵام ئیـتـر سـەعـیـد گـوێبـیـست نیـیـە. خـۆی دانـەواندووە و جـانـتـاکـەی هەڵدەگرێت. لەبەر مـامـۆسـتـادا دەچۆمێـتـەوە و لە ژوورەکە دەچێـتـە دەرەوە. مامۆستا هاواری بە دوادا دەکات:

– سەعید! چاوەڕێ بکە..

بەڵام ســەعـیـد چـاوەڕێ ناکـات. ئەو ناکـارێت چاوەڕێ بکات. بەڵکوم بە داڵانەکەدا دەڕوات کـە تیشکی خۆر لـە پەنجـەرەکەوە دێتـە ژوورەوە و بەسـەر تەختی زەوییـەکەوە دەبریسکێـتـەوە. کە دەگاتە ناو گۆڕەپانەکە، هەمـدیسـان فرمێسک لە چاوەکانیـەوە دەردەپەڕنە دەرەوە. چونکە کەسێک نایبینێت، بۆیە هەست بە شەرم ناکات. ئیتر هەست دەکات کە لە هەر شتێک خاڵی بووەتەوە.

***

لەم چەند ڕۆژەی کۆتاییدا، لێنا تەنیا یەک شـتـی لە مێشکدایە، ئاهەنگەکە. ئاهەنگە گەورەکە. بۆیە ناتوانێت بیر لە سەعید بکاتەوە. لە کاتی.. – نازانێت چی ناوبنێت –.... شـەڕ و دەمبۆڵەکەوە..؟ هیچ قسـەیەکیان پێکەوە نەکردووە. سـەعـید بە هـەسـتـەوە خـۆی لێ لادەدات. ئیـتـر گـەڕانی ناو گـۆڕەپانەکـەیان نەمـاوە. دوای خـوێندنگە و لە سـەر ڕێی دەرەوە و بەرەو وێسـتـەگـە چوونیش، سـەعید هـەر خۆی لێ دەدزێتەوە. لە کافـەتێریاکـەیش ئەو لەسـەر مـێزێکی تر دادەنیشێت.

ئەم هـەڵسـوکـەوتانەی سـەعـید بۆ لێنا، وەک نیـشـاندانی دەسـرۆکـەی سـوور بێت. ئیـتــر چۆن دەتوانن پێک بگەنەوە؟ پێــدەچێت ئەو ســاتەی کــە ئـەم بۆ قـەڵسکردنی، نـاوکی خـۆی بـۆ هەڵدایەوە و پشــانی دا، ئەو بـەڕاسـتـی بریندا بووبێت. بۆیـە بۆی بەداخـە. جارجـاریش گوێی پێ نادات. لێنا تووڕە دەبێت و لەسـەر ئەو باوەڕەیە: فەرمـوو با ئیدارەی خۆی بکات. بـە بێ ئەم دەکەوێتـە ناو یاسا و ڕێسـاکانی خۆی و خۆی دەخواتەوە. ئەوەتا سـەعید بـەو حاڵەوە لە پاڵ لێنادا دادەنیشێت و کاتژمێرەکانی وانەکان بەسـەر دەچن.

که ڕۆژی هەینی دوای شەش کاتژمێری وانە، زەنگی کۆتایی لێدرا، لێنا بەخێرایی بەرز دەبێتەوە. کێرستین و تاقمەکەیشی ئامادەن. کە لێنا دەست دەداتە جانتاکەی خۆی، سەعید قۆڵی دەگرێت و دەیگێڕێتەوە. لێنا بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت:

– چییە؟

سەعید دەڵێت:

– کاتت هەیە؟

لێنا لێی هەڵدەڕوانێت:

– نهاکە؟

سەعید بە نائەرخەیانییەوە زەردەخەنەیەک دەکات و دەڵێت:

– لەوەدەچێت بمەوێت بانگهێشتەیەکت بکەم، یانیش سینەما؟ ئیتر نازانم...

لێنا دەبۆڵێنێت:

– دەتوانیت واز لەم – ئیتر نازانم... – ە بێنیت؟

ناشێ باوەڕ بکات کە ئەم بەخێرایی بەدەم پێشنیازەکەیەوە بچێت، بێلەوەیش، بە تیلەی چاو ئاگەدار بووەوە کە کێرستین لە ژوورەکەدا نەماوە. وا زۆی و پاوڵایش بە قریوە قریوە لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە. سەعید داوای لێبووردنی لێ دەکات و قۆڵی بەردەدات. لێنا بۆ ئەوەی کورسییەکەی ڕێک بکاتەوە، شەقێکی تێ دەسرەوێنێت. چونکە کورسییەکان دەبێت پاش تەواوبوونی کۆتایی وانە ڕێک و ڕاست بکرێنەوە. لێنا لە وەڵامیدا سەری ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:

– نەخێر، کاتم نییە! بەخێر چیت هەتا دووشەممە...

دەستی لێ هەڵدەخات و بەجێی دێڵێت. سەعید جانتاکەی لەسەر مێزەکە جێ دێڵێت. بەدوای لێنادا دەقیژێنێت:

– من پارەم هەیە..!

لە دووەم ڕیزی بەر تەختەکەدا، ڤلادیمێر و ئەندرێ لە کن یەکەوە دادەنیشن. دوو هاوەڵ کە هەمیشە پێکەوەن. ساڵێک لەمەوبەر ماڵباتەکانیان لە گوندێکی ڕوسیای سپییەوە بۆ بەرلین هاتوون. هەردووکیشیان سەر بە دەستەکەی بۆریسن. بۆریسی مشتوەشێن. ڤلادێمێر لەبەرئەوەی – کالە – ی وەرزشیی نوێی کڕیووە، بۆیە قاچەکانی ڕاست و چەپ لەسەر مێزەکە داناوە. ئەندرێی هاوەڵیشی وا خەریکە لە گیرفانی بەرباخەڵی هێلەگەکەی، پەسا پەسا پاکەتە جگەرە دەردێنێت و لە بان مێزەکە لەسەر یەک هەڵیان دەچنێت. لەمانە زیاتر کەسی تر لە پۆلدا نەماوەتەوە. کە سەعید بەلای ڤلادێمێردا فرتە دەکات، ئەو خێرا قاچی لەسەر مێزەکە دێنێتە خوارەوە. وەک ڕێکەوت بێت، قاچێکی دەخاتە سەر زەوییەکە، سەعید لە قاچی هەڵدەکەوێت و ئەژنۆی بەر لێواری مێزەکە دەکەوێت. کە ئازارەکە لە ئەژنۆیەوە بە لەشیدا گوزەر دەکات، سەعید ئاخێک دەکات.

ڤلادێمێر پێدەکەنێت و بە توندی بە پشتی سەعیددا دەکێشێت، کە تازە دەیەوێت خۆی هەڵبسێنێتەوە. دەڵێت:

– ئۆف داوای لێبووردن دەکەم، ئازارت پێگەیشت؟

ئەندرێش بە ڕوخساری گرژەوە، پاکەتە جگەرەکان دەخاتەوە ناو گیرفانی. سەعید دەڵێت:

– مەسەلەیەک نییە..

خۆی هەڵدەسێنێتەوە و بە لنگەشەلێ و بەخێرایی، بەرەو دەرگەکە و ئینجا دالانەکە دەچێت و هاوار لە لێنا دەکات:

– لێنا! تکایە بوەستە!

پۆلەکە کشوماتە. ڤلادێمێر و ئەندرێ لەیەک هەڵدەڕوانن. تەنیا لە دەرەوە زرمەزلێی خوێندکارەکان و هاوار هاوار و پێکەنینەکانیان دەبیسترێت. ڤلادێمێر بە نیانی دەڵێت:

– گوێت لێ بوو؟ ئەو خورما خۆرە پارەی هەیە؟

هەڵدەستێت، بەرەو دەرگەکە دەچێت و بە دالانەکەدا هەڵدەڕوانێت. کە دەگەڕێتەوە ناوەوە، ئەندرێ سەری ڕازیبوونی بۆ دەلەقێنێت. ڤلادیمێر بە ڕوخساری گرژەوە دەڵێت:

– لەوە دەچێت پارەی ڕاستیش نەبێت، بەڵکوم تەرسی کەری عێراقی بێت. سەیر بکەین؟

ئەندرێ بە ڕوخساری گرژەوە لێی هەڵدەڕوانێت. بەخێرایی چاویلکەکەی لە گیرفانی کراسەکەی دەردێنێت. چاویلکەیەکی شووشە خڕی بچکۆلەی زۆر ڕەشە. دەیخاتە بەرچاوی خۆی و دەڵێت:

– بیرێکی باشە.

هەردووکیان بەرەو جانتاکەی سەعید دەچن. ئەندرێش چاوێکی لەسەر دەرگەکەیە. وا لەبەر جاناتاکەدان. ڤلادیمێر زنجیرەکە دەکاتەوە و دەڵێت:

– تۆ لەو باوەڕەدایت کە بەڕاستی پارەی هەیە؟

ئەندرێ وەڵامی دەداتەوە:

– دەتۆ سەیر بکە..

ڤلادیمێر دەڵێت:

– من کە پارەم نییە. نابووتم. لێ ئەمڕۆیش هەینییە.

ئەندرێ سەری دەلەقێنێت:

– هەر زۆر قێزەونە! کۆتایی هەفتەی بێپارەیی.

دەستە گورجوگۆڵەکانی ڤلادیمێر زنجیرەکە دەکاتەوە، بەدەمیشیەوە دەڵێت:

– نەک هەر قێزەونە....

ئینجا پەنجەکانی بە ناو جانتاکەدا دەگێڕێت و دەبۆڵێنێت:

– ئەم خورما خۆرە پارەی بۆ چییە؟ باشە ئەو بۆ هەر لێرەیە؟ ئەو و ئەو عەرەبە پیس و قێزەونانە لە بەرلین؟ هەر ناگەیتە سەر شەقام و یەکێک

لەمانەت بەرەو ڕوو دەبێتەوە. ها،، ئەوەتا..

چاوەکانی دێنەوە یەک و بەسەر ئاماژەیەکی ئەرێتی بۆ ئەندرێ دەکات. زمانی هاتووەتە نێوان ددانەکانیەوە. جزدانێکی بچکۆلەی ڕەش دەردێنێت. جزدانەکە لە نێو لەپی دەستیدایە. ئەندرێ دەچرپێنێت:

- سەیری بکە بزانە چی تێدایە!

ڤلادیمێر بەرەو دەرگەکە هەڵدەروانێت. لە ئان و ساتیشدا سەعید دەردەکەوێت. ڕەنگی سپی هەڵگەڕاوە و هەناسەبڕکێیەتی. ئەو هەردووکیان لە کن مێزەکەی خۆیەوە بەدی دەکات. ڤلادیمێر پشت لە دەرگەکە وەستاوە. زۆر بەخوێن ساردییەوە جزدانەکە دەخاتە بەر پشتێنی پانتۆڵەکەی. ئینجا پاڵێک بە جانتاکەوە دەنێت هەتا بەربێتەوە سەر زەوییەکە. خۆیان وەردەگێڕن و بە ئارامی بۆ کن مێزەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە. کە سەعید بە شک و گومانەوە بەلایاندا ڕادەبوورێت، ڤلادیمێر بە گەرمییەوە دەڵێت:

- جانتایەکی جوان و سەرنجڕاکێشت هەیە. تەنیا لە ناوی مۆدێلەکەمان هەڵڕوانی.

ئەندرێ ڕوخساری گرژ دەبێت و دەڵێت:

- ئەگەر منیش پارەم هەبێت، شتێکی وەها دەکڕم.

سەعید زۆر ئەرخەیان نییە و بە شەرمەوە زەردەخەنەیەکیان بۆ دەکات و دەڵێت:

- هینی بەغدادە. پێموایە کە لێرە شتی وەسا نەبێت.

ڤلادیمێر بە تەشەرەوە دەڵێت:

- لێرە نییە!

بە توندی و شپرزەییەوە دەست بە قژی سەعیددا دێنێت. پاڵێکی پێوە دەنێت و پێی دەڵێت:

- دەزانیت کە بە ئەڵمانییەکی هەر زۆر قێزەون دەپەیڤیت؟

ئیتر بێ ئەوەی شتێکی تر بڵێن، هەردووکیان کەلوپەلەکانیان هەڵدەگرن و

لەوناوە نامێنن. سەعید جانتاکەی هەڵدەگرێتەوە. ئەو پەڕتووک و تیانووسانەی تێ دەخات لە کۆتاییی دەمژمێری وانەوە، بەسەر مێزەکەوە مابوونەوە. بیری لەکن لێنایە. لێنا نەیدەویست لە تەک ئەمدا قسان بکات و لە تەک کچەکانی تردا ڕۆیشت. کە سەعید بەدوای ئەودا هەرای کرد، لێنا ئاوڕێکی لێ دابووەوە و پێی وتبوو؛ باشترە کە سەر نەکاتە سەرم و وازم لێ بێنێت. هیچ ئارەزوویشی لە چوونە سینەما نییە، بەتایبەتیش ئەمڕۆ هەر نابێت... سەعید چاو بە جانتاکەیدا دەگێڕێت و لە جزدانەکە دەگەڕێت. جزدانەکە هینی دایکی بوو. جزدانێکی کۆن کە پێستێکی نەرم و ڕەشی بەکارهاتووی بزن بوو. بەڵام وا جزدانەکە لە جێی خۆیدا نەماوە. بە شڵەژاوییەوە دەگەڕێت. ئینجا هەموو شتەکان هەڵدەڕێژێ و بە قەلەقییەوە ئەمدیو و دیویان دەکات. نێوچاوانی شەلاڵی ئارەقە دەبێت. ئیتر دەزانێت کە جزدانەکە نەماوە. دەڕوانێتە دەرگەکەی ڤلادێمێر و ئەندرێی لێچوونە دەرەوە. خۆی بەردەداتەوە بان کورسییەکە. سەری دەخاتە سەر مێزەکە و دەکەوێتە گریان.

***

ئیتر وا ئێوارەی هەینیە. لێنا وا دەمژمێرێکە خەریکی خۆ ڕازاندنەوەیە بۆ ئاهەنگەکە. جار لە ژوورەکەی خۆیدایە، جاریش لە ژووری دانیشتن و یانیش بۆ گەرماوەکە فرتە دەکات. لە نێوانی ئەو سێ ژوورەدا جرتوفرتێتی و بۆ شت دەگەڕێت. قژگرێک، لاستیکێکی قژ بەستن و یانیش بازنەیەک.

بابیشی لە ژووری دانیشتن لە پرۆگرامی وەرزش دەڕوانێت. هەر جارێکیش لێنا بەلایدا فرتە دەکات، سەری هەڵدەبڕێت و بە خۆشەویستییەوە هاواری لێ دەکات:

– ئەوە هێشتاکە تەواو نەبوویت؟ دەتەوێت چەندە ڕند بیت؟

لێنایش بە عەیارییەوە وەڵام دەداتەوە:

– هەر زۆر جوان.

لە چەند ڕۆژەکانی ڕابردوودا – یۆنیکا – بۆ ئێرە نەهاتووە، بۆیە پێشبینی

دەکرێت ئەم کۆتاییی هەفتەیە بێت. جارجارە بابی لێنای بەتەنیا لەماڵەوە جێ هێشتووە. جا ئەگەری ئەوە هەیە کە بابی لەکن ئەو مابێتەوە. لێنا لە ساتی لە خەو ڕابووندا هەستی دەکرد، بابی لە ماڵ نییە. چونکە ئەو پارچەیەک کاغەزی لەسەر مێزی نانخواردن بۆ جێ دەهێشت. بابی لێنا بەوەی کەیفسازە کە کچەکەی خۆشحاڵ و بە زەوقە. وەک دەیوت: دەڵێیت گۆڕاوە! چونکە بە دژوواری کۆترۆلکەکەم دەناسمەوە. لەو ساتەوەی کە لێنا لە هەمبەر ئاهەنگەکەوە هەست بە خۆشی دەکات، نە هێندە بیری لە بابی کردووەتەوە و نە لە دۆستە کچەکانیشی. ئیتر بیریشی گۆڕیوە، کە بەڕاستی دەیەوێت لە کن بابی بڕوات؟ هەمیشە ئەم ڕاو بیرەی بەلاوە دەنا. بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەیڵێت و جێی دێڵێت. پێیشی دەڵێت، چۆن بە جیابوونەوەکەیان لە تەک دایکیدا، ئەم بریندار بووە. چۆنیش لێنا ئەو هەڵوێستەی بابی بە ناپاکی لە ژیانی ژن و مێردیدا دەزانێت.

لێنا هەمدیسان هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە و لە ئاوێنەکەدا لە خۆی هەڵدەڕوانێت. دایکی سەد ئەورۆی بۆ نارد. نرخی ئەم کراسەی کە لەبەریدایە حەفتا و نۆ ئەورۆی کرد. هەژدە ئەورۆشی لە کۆگای - پێویستیەکانی خۆشتن و خۆ جوانکردن - خەرج کرد. ئیتر ئەوەیشی کە مایەوە بووە خەرجی. کراسەکەی ڕەنگێکی هەیە کە فرۆشیارەکە - شەمپانیا - ی پێ دەوت. کراسەکە بەلەشیەوە نووساوە. لێنا ورگی بەناودا دەبات. ناوقەدی باریک دەکاتەوە. بەڵام لە ئاودامێنەوە فش و دەڵبە. لەسەر هەناسە ڕاگرتن مەشق دەکات.

***

سەعید لە تەک مامیدا لەسەر ڕێی چوونە مزگەوتن. هەوری چڕ بەری ئاسمانیان تەنیووە و بای هەیە. سەعید بەوەی خۆشحاڵە، گوێی لە ئایەتە جوانەکانی قورعانەوە بێت. چونکە ئارامی و دڵنەوایی پێ دەبەخشن. کە گوێی لە دەنگی پێشنوێژ و ورتە ورت و پاتەکردنەوەی موسڵمانەکانی تری دەوروپشتی خۆیەوە دەبێت ، دەکەوێتە یادی بابەگەورەیەوە. تکایش لە مامی

دەکــات، پاش نـوێژ بـڕێکی تـر لە نـاو ژوور و بەرهـەیوانەکــەدا بمـێننەوە، کــە خــەڵکی پێکەوە قــســـان دەکــەن. ئـەو دەیەوێت هـەروا بێــدەنگ لـەوێکانەدا دابنیشێت. لەناویاندا بێت و گوێیان لێ ڕابگرێت.

مــامی بەدەم ڕێگەوە هـەر قــســان دەکــات. دەنگی بەرز و تووڕە دیـارە. لە قـاتـەکـەی بەریدا ئـارەقـەی کـردووەتەوە. دەڵێت کـە لەلایـەن مـامـۆسـتـاکـەی سـەعـیـدەوە تەلەفـۆنێکی بۆ کـراوە و بەوەیش زۆر قـەڵس بووە. بەدەنگی بڵند دەڵێت:

– باشـە بۆچ خـۆی هـەڵدەقـورتێنێت؟ بۆچ تەلەفۆن بۆ مـاڵەوە دەکات؟ خـۆ تۆ ئەندامـێکی خـێزانەکـەی منیت. ناشـێت ئەو مـامـۆسـتـایە وابزانێت کـە من لە خەمی برازاکەمدا نابم؟ ئەوە چ مرۆڤێکە؟

سەعید وەڵامی دەداتەوە:

– جەنابی بێرنهایمەر مامۆستایەکی باشـە. ئەو لە گوزەرانی من ئاگەدارە و دەیەوێت هـاوکاری بکات. ئەو دەزانێت کە من لەکن تۆ دەژیم.

– لە کن من و پوورە سـۆنیـا کــە وەک منداڵی خـۆی خــەمت لێ دەخـوات. دەڵێیت دایکی ڕاستیتە!

– بەڵێ.

مامە بەسام بە دەنگی بەرز دەڵێت:

– باشـە چ پێوەندیەکی بەوەوە هـەیە؟

دەســتــەکــانیــشی وەها بـە توونـدی دەبـزوێنێت، ورگـی دەلەرێتــەوە. چمکی ملپێچەکەیشی بە دوایدا دەشـەکێتەوە. کە ئەو هـەر جارێک لە تەک سـەعیددا بۆ مـزگەوت بچێت، هـەمـیـشـە ملپێچێکی پەشـمـینی گوڵینکەدار لە مل دەکات. سـەعیدیش تەنیا ئەو قـاتە لەبەر دەکات کە هـەیەتی. ئـەو قاتەیش بابی لە ڕۆژی بەخـاکسپـاردنی دایکیدا بۆی کـڕی. قـاتێکی ڕەشـی تۆخـە و چاکـەتەکـەی سێ قـۆپـچـەی هـەیە. قـاتـەکـەیش بەبەری گـەورەیە، بـەڵام لە کـۆگاکـە دانەیـەکی پڕ بەبەری ئـەمی لێ نەبوو. ئەمیش بۆ فـرۆشیارەکە هێندە بە گرینگی نەگیرا. ئەو

ڕای وابوو، بە درێژی زەمان سەعید گەورەتر دەبێت و چاکەتەکە پڕ دەکاتەوە. قۆڵەکانی چاکەتەکە هێندە درێژن، دەستەکانی سەعید دەشارنەوە. مامە بەسامی دەبۆڵێنێت:

– گەرەکیە هاوکاریت بکات؟ دەی چۆن؟ خۆ ئەو دەڕوات؟

ئەوەیش ڕاستە. سەعید سەری دادەنەوێنێت. مامیشی بەرەو پێشەوە تەکان دەدات. لەڕاستیدا ئەو ناخوازێت بۆ مزگەوت بچێت. بۆیەش پەلەیەتی، هەتا زووتر کۆتایی پێ بێنێت. سەعید دەزانێت مامی بیر لە چی دەکاتەوە:

" مامۆستا خۆی دەڕوات و برازاکەم بە تەنیا دەهێڵێتەوە. بەڵام ئەم پیاوە باشە، بەر لەوەی بڕوات گەرەکیە هەندێک ئامۆژگاری بکات."

بەسام دەسرۆکەیەک لە گیرفانی دەردێنێت و لێوەکانی خۆی دەسڕێت. دەڵێت:

– ئەوەیشی کە دەزانم..

دەوەستێت و لە سەعید هەڵدەڕوانێت. هەناسەی توند دەبێت و دەلوشکێنێت. درێژەی دەداتێ:

– جەنابی بێرنهایمەرەکەت پێی وتم کە تۆ دەخوازیت بۆ عێراق بگەڕێیتەوە؟ ئەمە لە کەیەوە وەها بیر دەکەیتەوە؟

سەعید وای بە باشتر دەزانێت، وەڵامی نەداتەوە. مامی دەست دەداتە یەخەی و ناچاری دەکات کە سەیری بکات:

– دەتەوێت لە عێراق چی بکەیت؟ تێکچوویت؟ یانی لەو باوەڕەیدایت ئێمە خۆمان سەرگەرمی بەئەنجام گەیاندنی کاروبارەکانت بکەین و ئینجا دەشتەوێت بۆ عێراق بگەڕێیتەوە؟ وادەزانیت کە ئێمە ساڵان خەمت لێ بخۆین و ئینجا ڕێگەیش بدەین بە سانایی لامان بڕۆیت؟ مەگەر بەڕادەی پێویست لە خەڵکانیماڵباتەکەمان لەو وڵاتە نەفرەتییەدا نەکوژراون؟ گەرەکتە سکت بەر فیشەکێک بکەوێت؟ ئاوەهات دەوێت؟

سەعید بێدەنگە. بەسام بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– چ شتێکت لێرە بە دڵ نییە؟

بەسام چونکە بە دەست بادانەوە دەپەیڤێت. دەست بە سەریدا دەکێشێت، یانیش دەست بە سنگی خۆیدا دەدات. بۆیە ئەو خەڵکانەی بەرەورِوویان دێن، خۆیان لادەدەن.

– چ شتێک لە ئەڵمانیادا باش نییە؟

سەعید بە شەرمەوە دەورتێنێت:

– نازانم. خۆ تۆ وتت کە دەتوانم سەرێک بدەمەوە... هیچ نەبێت لە پشووەکەدا..

– من وتم؛ ئەگەر هەلومەرجەکە باش بێت. ئینجا تۆ لەو باوەرِەدایت کە گوزەرانەکە لە عێراقدا باشتر ببێت؟ هەر بە شەوێک ئەو گۆرِانە رِوو دەدات؟ دەبێت چۆن لەو بەغدادە بۆمباردمان کراوەدا گوزەرانەکە باشتر بێت؟ بۆ تۆ لەو باورِەدایت کە لە سالآنێکی داهاتوویشدا باش ببێت.....؟

سەعید هیچ ناڵێت.

– لێرەکانە ئاشتی بەرقەرارە. کەسێک ترسی نییە بچێتە سەر شەقام!. مندالآن دەتوانن لە پارکەکاندا کایە بکەن. خوێندنگەکانیش لە ئەرخەیانیدان.

مامی هەڵوێستە دەکات. بە بێدەنگی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. سەعیدیش لە پاڵیدا دەرِوات. مامی دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە:

– بەڵام لە عێراق و لە بەغداد، شتەکان وەک خۆیان دەمێننەوە. شیعەکان لە دژی سوننەکان هان و دنە دەدرێن و بە بێچەوانەیشەوە. ئەو ئیمامە فەناتیکانەیش.... یەکێکیان خەڵکی فێری رِق و قین دەکات و ئەوی تریشیان، هانی خەڵکی بۆ دەمارگرژی و کوشتوکوشتار دەدات و بە پێچەوانەیشەوە. هەموویش دەخوازن کە ئەمریکییەکان برِۆن و بزر بن. بەڵام هەر کە ئەمریکییەکان رِۆیشتن، ئەوسا عێراق دەکەوێتە گێژاوی بەرەڵاییەوە! ئەوەیش چەند ساڵێک دەخایەنێت.... (هەڵویستەیەک دەکات، دەلوشکێنێت و لە سەعید هەڵدەرِوانێت..) ئەوجا بەغدادە جوانەکەت دەبێتە وێرانە و خەرابە. رِوو لە هەر

جێیەکیش بکەیت، پێ بە میندا دەنێیت کە هەپرون بە هەپرونت دەکات. هەر کاتێک تۆ بخوازیت بۆ بەغداد بگەڕێیتەوە، ئەوە چاوەڕێت دەکات...

سەعید بە هێواشی سەرنجی دەردەبڕێت:

– بەڵام لای بابە گەورە و لە باکوور، وەها نییە....

مامی بە تووڕەیی دەڵێت:

– چۆن؟ وا تازە لەوێیش دەست پێ دەکات. پارێزەرانی فاناتیک و وەعزدەرانی قین و ڕق لە مزگەوتەکاندا، دەچنە ئەوێش. نەخۆشخانەکان دەکەنە عەمباری قومبەلە و دینامیت و تەقەمەنی. باسی ئەو جۆرە پێشەوا ئاینییە نەفرتی و فاناتیکانەم لا مەکە، هەلومەرجەکە لە بەرژەوەندی دەستەڵاتی خۆیاندا دەقۆزنەوە. بەو هەڵوێستەشیان قڕ دەخەنە گەل....(بە دژواری هەناسە دەداتەوە.)

هەندێک هەڵوێستیان وەرگرتووە، وەستاون و لە دوایانەوە لێیان هەڵدەڕوانن. بۆیە سەعید ئاواتەخوازە بەهەوادا بچێت و نەمێنێت. بەڵام لە پانای مامیەوە دەمێنێتەوە. وا خەریکن دەگەنە مزگەوتەکە. بۆیە لەو باوەڕەدایە، ئیتر ئاشتی و ئارامی بەرقەرار دەبێت و زەردەخەنەیەکیش ناخی دەگرێتە خۆی. تیشکی خەندەیەک کە هەمیشە بەرفراوانتر دەبێت و تەنگ بە تاریکی ناخی هەڵدەچنێت. هەرچی تەڤلەهەڤ و شقلی و پقلییەکی ئەم دنیا نامۆیە هەیە، تێیدا بزر دەبن. تەنیا پێڵاوەکان و گۆرەویەکانی دابکەنێت. پێکانی بشوات و بە پێی پەتی و بەسەر بەردە مەڕمەڕەکاندا بۆ هۆڵەکە بچێت. لەسەر فەرشەکە جێیەک بدۆزێتەوە. خۆی دابنەوێت و بچەمێنێتەوە. تەوێڵی لە زەوییەکە بدات و ئینجا خۆی ڕاست بکاتەوە. ورتە ورتی پیاوەکانی بە عەرەبی دەنگیان لێوە دێت. چەندە سانایە و چەندە خۆش.

بەسام هەمدیسان بە دەسرۆکەکەی لێوەکانی دەسڕێت و دەیخاتەوە گیرفانی. لە سەعید هەڵدەڕوانێت. سەرنجی قژە ڕەشەکەی دەدات کە لە ناوەڕاستەوە هێڵێکی تێدایە. یەخەی کراسە سپییەکەی و چاکەتەکی کە برێک

بۆی دەڵبە. سەعید نیازی وایە پێڵاوەکانی بخاتە پێڵاودانی مزگەوتەکەوە و جوان و سەرنجڕاکێش دیار بێت. بۆیە پێڵاوەکانی باش بۆیاخ کردووە و دەبریسکێنەوە. مامی قۆڵی سەعید بەتووندی دەگرێت و دەڵێت:

– با شتێکیشت پێ بڵێم، ئەمڕۆ ناچینە ئەوێکانە..

سەعید سەری بەرز دەکاتەوە و دەپرسێت:

– ناچین بۆ مزگەوت..؟!

بەسام بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– نە ئێستا و نە ئەمڕۆیش. چونکە من خۆم زۆر تووڕە و قەلەق کرد، بۆیە بێسوودە. نازانم تۆ چیت داوە لە مزگەوت؟ ئەڵمان لەوێکانە چاوڕاوی ئاسایشی خۆیان هەیە و کۆنترۆڵی هەموو قسەکانی ئەوێکانە دەکەن. باشە ئەگەر ئێمە لەوێ بین و کەسێک شتی خراپ بڵێت... وەعزی ڕق و قین بەیان بکات و خەڵکی هانی دەمارگرژی و کردەوەی تێرۆر بدات.... ئێ پاشان؟ دەزانم کە هەتا ئێستاکە لەو مزگەوتەدا شتی وەسا ڕووی نەداوە. بەڵام کێ دەتوانێت پێم بڵێت؛ ئەمڕۆ شتی وەها ڕوو نادات؟ من داوای مافی پەنابەریم بۆ برازاکەم کردووە. هەتا لێرەکانە بچێتە بەر خوێندن و ببێتە شتێک. نەک ئەو ڕق لەم وڵاتە هەڵگرێت! بۆیە با بگەڕێینەوە.

چاوەکانی سەعید ئەبڵەق دەبن و بە دەمی وشکەوە دەڵێت:

– مامە بەڵام.....

– بۆ ئەوێ نا و دەگەڕێینەوە. یانیش باشترە کە داوەتێکت بکەم. ئایس دەخۆین. ئایسێکی خۆش و بەتام. بەڵێ ئەمە دەکەین!

سەعید قسەی بۆ ناکرێت و تەنیا سەری دەلەقێنێت. بەسام تووڕە دەبێت:

– ئایس ناخوازیت؟ ناتەوێت کە مامت ئایست بۆ بکرێت؟ دەتەوێت قسە لە قسەمدا بکەیت؟ لە بەرامبەر مندا کە تۆم بۆ ئەڵمانیا هێناوە و بەخێوت دەکەم؟ هەموو شتێکت بۆ دەکەم..؟ دەتەوێت قسە لە قسەمدا بکەیت و بە قسەم نەکەیت...؟

– نەخێر، شتی وەها ناکەم.

دەگەڕێنەوە و خۆیان بە کافێیەکی تورکیدا دەکەن کە ئایسیشیان هەیە. مامی ملپێچەکەی لە ملی دەکاتەوە و لەسەر کورسییەکەی دادەنێت. بە دەسرۆکەکەی گەردن و ملی دەسڕێت. سەعید ناخوازێت ئایس بخوات. بۆیە شاگردەکە کوپێک قاوە بۆ مامی و لێوانێک کۆلا بۆ سەعید دێنێت. سەعید چاوێک بەوناوەدا دەگەڕێت و ئیتر لە بەردەمی خۆی هەڵدەڕوانێت. هەندێک پیاو کە چاویلکەیان بە بەرچاوەوەیە، لە کافێکەدا بە پێوە وەستاون و بە گرژی دەپەیڤن. ئافرەتێک کە مەلۆتکەیەکی لە باوەشدایە، لە پشتی دەرگەیەکی تەنیشتەوە دێتە دەرەوە کە پەردەی پڵپڵەی شووشەیی ڕەنگاوڕەنگی پێوە ئاوێزان کراوە. کە بەلای پیاوەکاندا تێ دەپەڕێت، زەردەخەنەیەکی شەرمنانە دەکات. تەلەفیزیۆنێکیش بە سەرووی بارەکەوە شەوق دەداتەوە و بەرنامەیەکی مۆسیقای تورکی پەخش دەکرێت. دوو پیاویش لەسەر مێزێک یاری تاوڵە دەکەن.

بۆنی توونی و تیژی تووتن و کێکی شیرین دێت. مامی هەناسەیەک نوێ دەکاتەوە و دەڵێت:

– سەیر بکە، ئاوا زۆر باشترە.

سەعیدیش چاوی بڕیوەتە لێوانەکەی.

# بەشی شازدە

مـامـە بـەسـام داوای کـاغـەزی نـووسـین لە شـاگـردەکـە دەکـات. کـە ئـەو بە دەسـتـەیەک کاغـەزی سـپییـەوە دەگـەڕێتـەوە. دەڵێت: ئەم کـاغـەزەی لە ئـامـێری کۆپییەکەی نووسینگە هێناوە، بۆیە پێویستە پارە حسێب بکات... بەسامیش ئەورۆیەکی بۆ هەڵدەداتە بان مێزەکە و ئاماژەی ڕۆیشتنی لێ دەکات. تا نهاکە سەعید کردەوەی وەهای لە مامی نەدیووە. بەسام لە گیرفانی بەرباخەڵی چاکەتەکەی پاندانێک دەردێنێت. دەیخاتە بەردەمی سەعید و فەرمانی پێ دەکات:

– هەر ئێستاکە نامەیەک دەنووسیت.

– بۆ کێ؟

– بۆ بابەگەورەت....

ئینجا بە کاغەزەکەدا دەکێشێت و دەڵێت:

– بکەوە نووسین.

سەعید خۆی بەسەر کاغەزەکەدا دەنووشتێنێتەوە و دەپرسێت:

– بە عەرەبی؟

بەسام هاوار دەکات:

– بێشک! یان بیستووتە کە باپیرت بووە بە ئەمریکی؟

سەعید بێ توانا و لە کاغەزەکە هەڵدەروانێت. وەک پەنجەکانی سڕ بووبن. بەڵام پەلاماری پاندانەکە دەدات و دەپرسێت:

– باشە چی بنووسم؟

مامی وەڵام ناداتەوە. داوای قاوەیەکی تر و قلیانێک دەکات. سەعید تازە سەرنج دەدات، زۆربەی پیاوەکان سەرگەرمی قلیان کێشانن. پیاوەکان لە بان سەکۆکان، لەبەر دیوارە کاشییەکانەوە پاڵیان بە سەرینە نەخشێنراوەکانەوە داوەتەوە و بە ئارامی دەپەیڤن. قلیانەکان لە بان مێزە بچکۆلەکانی بەردەمیاندا دانراون. سەعید دەنووسێت: " بەناوی یەزدانی میهرەبان و تاک و تەنیاوە...." بەری دەستەکانی ئارەقیان کردووەتەوە و دەشلەرزن. پاندانەکە دادەنێت و بەری دەستەکانی بە پانتۆڵەکەی دەسڕێت. بەسام سەرنجێکی کاغەزەکە دەدات و بە نائارامییەوە سەر دەلەقێنێت. ئینجا دەگوڕێنێت:

– دەی بنووسە. ئێرە چەند جوانە و تۆیش چەندە فێری ئەڵمانی بوویت. بنووسە کە مامۆستاکەت هەڵیداویت! کە تۆ هەر ڕۆژەی پەنجا وشەی نوێ فێر دەبیت. پەنجا دانە! خۆ ڕاستە وانییە؟..

برۆکانی دێنێتەوە یەک و دەڵێت:

– یانیش مامۆستاکەت درۆی لەگەڵدا کردووم؟

سەعیدیش بە تووندی وەڵام دەداتەوە:

– جەنابی بێرنهایمەر درۆ ناکات.

بەسام بە گرژییەوە بەسەر بۆچوونەکەی سەعیددا تێ دەپەڕێت و دەڵێت:

– باشە، باشە. بنووسە کە تۆ لێرەکانەدا لە تەک مامتدا، کە وەک کوڕی خۆی مامەڵەت دەکات، لە کافێیەکدا دانیشتوویت.

سەعید خۆی بەسەر کاغەزەکەدا دەنووشتێنێتەوە و دەنووسێت:

" دەمانویست بچین بۆ مزگەوت. بەڵام وا لە کافێیەک دانیشتووین و دەمانەوێت نامەیەکت بۆ بنێرین، هەتا تۆ بزانیت کە من هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە...."

بەسام پەلاماری کاغەزەکە دەدات و چاوی پێدا دەخشێنێت. لای پەسەندە و سەرێکی ڕازیبوون دەلەقێنێت.

– باشە. ئینجا بنووسە کە تۆ لە پشووی هاویندا ناتوانیت بگەڕێیتەوە.

سەعید سەرنجی مامی دەدات و ئەبڵەق دەبێت. مامی درێژەی دەداتێ:

– بنووسە کە تۆ عێراقت جێهێشتووە و ئێستاکە ئێرەکانە نیشتمانی نوێتە. هەوڵیش دەدەیت وەک مامە بەسامت ئەم وڵاتەت خۆشبوێت. باشە! بنووسە کە تۆ دەخوازیت وەک مامە بەسامت بیت.

سەعید هەڵوێستەیەک دەکات. پاندانەکە لە دەستی بەردەبێتەوە. بە ڕووی مێزەکەدا خلۆر دەبێتەوە و لە پاڵ قلیانەکەدا دەگیرسێتەوە. مامی فەرمانی پێ دەکاتەوە:

– دەی!

سەعید پەلاماری پاندانەکە دەداتەوە. ئەنگوستەکانیشی دەلەرزن:

" بابە گەورە، تۆ دەزانیت کە من هەمیشە تاسەت دەکەم. بەتاسەی عێراقیشەوەم. تاسەی گوندەکەیشت دەکەم. تاسەی دۆستەکانیشم. بەتاسەی دایک و بابیشمەوەم کە هێندە هەست بە نەبوونیان دەکەم، دڵم تووشی ئازار و ئێش دەبێت. بەڵام لەو باوەڕەدام، مامە بەسام دەیویست من شتگەلێکی تر بنووسم.

بابەگەورەی خۆشەویست. زۆرم حەز دەکرد لە پشوودا، کە هاکا لێرە دەستی پێ کرد، بۆ لای تۆ بهاتمایە. بەڵام مامە بەسام لەسەر ئەو ڕاو بۆچوونەیە؛ جارێ باشترە کە لێرە بمێنمەوە، هەتا خۆم ڕابێنم. مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات خو بە ئەڵمانیاوە بگرێت. ئێرە جۆرێکی ترە. جارجارە هەر زۆر نامۆ....."

کە سەعید سەرێک هەڵدەبڕێت، مامی تەماشای فیلمێک دەکات کە ژێرەدەرەکەی بە عەرەبییە و ئاگای لەم نەماوە. سەعیدیش دەکەوێتەوە نووسین:

" بابەگەورەی خۆشەویست. زۆر هەوڵ دەدەم کارەکانم بەڕێکوپێکی بە ئەنجام بگەیەنم. بەڵام هەروایش ئاسان نییە. دەبێت هەموو بەیانی و ئێوارانێکی توانای زۆرم هەبێت. بۆ هەبوونی ئەو توانایەش لە یەزدان

دەپارێمەوە و داوای لێ دەکەم. دەزانم کە یەزدان دەمپارێزێت. چونکە تۆ تکای لێ دەکەیت و لێی دەپاڕێیتەوە. کە دەچمە مزگەوت، بیر لە تۆ دەکەمەوە. لە بزنەکانت. لە چیاکان و دارستانی دەوروبەری گوندەکەت. بابەگەورە، کە لە یەزدان دەپارێمەوە، دەڵێیت لە کن تۆم. من زۆر سەربەرزم کە بابەگەورەیەکی وەک تۆم هەیە. زۆریش حەز دەکەم کە خەڵکێکی زۆرتر تۆ بناسن، ئەوسا باشتر لە من تێ دەگەیشتن. لە بیرتە کە جارێکیان لە گەرانێکماندا، لەبەر باران پشوویەکمان دا؟ چۆن باراناوە نەرمەکە بە سەروپۆتەلاکماندا دەچۆڕایە خوارەوە؟ تۆیش وتت: هیچ شتێک لە حوموز خۆشتر نییە بە تکەی بارانەوە؟!

زۆر بیری ئەحمەدی هەڤاڵم دەکەم. گەلێک حەز دەکەم بێم بۆ لاتان. جارجارە لە خەو و خەیاڵدا لە فڕۆکەدا دانیشتووم و فڕۆکەوانەکە دەڵێت:" بەخێر بێن بۆ ناوەوە و بەرەو بەغداد....!"

بەسام خۆی بە پێشدا دەنوشتێنێتەوە. دەستە زلەکەی دەخاتە بان کاغەزەکە و دەڵێت:

– دەبێت بە ڕۆمانێک. ئەوە چیت نووسیووە؟

سەعیدیش سوور دەبێتەوە و سەرنجی بەولاترەوە وەردەگێڕێت. بەسام لێی هەڵدەڕوانێت و کاغەزەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. لە ساتێکدا سەعید بە دزە سەرنج لە ڕوخساری مامی هەڵدەڕوانێت، دڵی دەکەونە پرتە پرتی خێراتر. چۆن مامی برۆکانی دێنێتەوە یەک. چۆن هەناسە هەڵدەکێشێت و چۆنیش دەکۆکێت. قەلەقە و جارجارەیش بۆ تەماشاکردنی فیلمەکە ئاوڕ لە تەلەفیزیۆنەکە دەداتەوە. ئیتر کاغەزەکە دادەنێتەوە و دەڵێت:

– هیچ لەو باوەڕەیدا نەبووم کە تۆ هێندە برازایەکی بێوەفا بیت. شتی وەهام بە بیردا نەدەهات..

سەعید دەورتێنێت:

– چ شتێکی هەڵەم نووسیووە؟

– تۆ چ شتێکی هەڵەت نووسیووە؟ بەڵێ. جا کە خۆت هەستی پێ نەکەیت و نەزانیت..!

بە خێرایش بانگ لە شاگردەکە دەکات. کاغەزەکە چرچ و لۆچ دەکات و دەیخنێتە گیرفانیەوە. دەقەکە هەمدیسان تووڕەی کردەوە و دەکەوێتەوە سەرزەنشتکردن.

– بەڵێ، برازاکەم گەرەکییە، بە پێی دەرفەت ببێتە پزیشک... من ئەوە دەزانم و تۆیش بۆ مامۆستاکەتت باس کردووە...

سەرنجێکی سەعیدیش دەدات. سەعیدیش بە ڕێزەوە دەڵێت:

– پزیشکبوون کارێکی باشە. کە مرۆڤ بتوانێت یارمەتی خەڵکی بدات...

– بەڵێ. بەڵام دەبێت دە ساڵی بۆ بخوێنیت. سەروەتێکی هێجگار زۆریشی تێدەچێت. ئەی کێ دەبێت ئەو خەرجییە بدات؟

سەعید سەری دادەنەوێنێت. مامی دەکەوێتەوە قسە:

– هیوام وابوو کە دایک و بابت شتێک پارەیان بۆ بەجێ هێشتبێت. دەتەوێت بزانیت کە پاش خەرجی بەخاکسپاردن و ڤیزا و فڕینەکەت، چەندی تێچوو و چەندیشی ماوەتەوە..؟

سەعید لێوەکانی خۆی دەگەزێت و سەری بادەدات. مامی بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– تەنانەت هەزار ئەورۆیشی نەماوەتەوە! ئەوەیش تەنیا بەشی نیو ساڵت دەکات. تۆ لەسەر ئێمە مانگی سێ سەد ئەورۆ دەکەویت. جا ئەگەر ژوورەکەت، بژێو، کارەبا، پۆشاک، پێویستییەکانی خوێندنگە و بلیتی تراموای... ئەمانە هەمووی حسێب بکەین، زیاد لە سێ سەد ئەورۆیشە..! بەو پارەیەی کە دایک و بابت بۆیان جیهێشتوویت، دەتوانیت سێ مانگ پێی بژیت. ئەی پاشان..؟

سەعید دەچرپێنێت:

– نازانم.

ناشیەوێت لە هەمبەر خانووەکەیانەوە لە بەغداد بدوێت، کە دەتوانرێت بفرۆشرێت. پێدەچێت کە پارەیەکی زۆریشیان لێ دەست نەکەوێت. بەسام خۆی بۆ پێشەوە دەچۆمێنێتەوە، بە سنگی خۆیدا دەکێشێت و دەڵێت:

– لەسەر من دەژیت! بەوەی کە من بە کاری دژوار پەیدای دەکەم. خۆ دەزانیت کە مامت کارەکەی سەختە، وانییە؟ ڕۆژی دوازدە کاتژمێر.

سەعید بە هێواشی وەڵامی دەداتەوە:

– بەڵێ، دەزانم...

– هەر زۆر باشە. با شتێکی تریشت پێ بڵێم: من و بابت هەرگیز ڕێک نەبووین و لە یەکتر تێ نەگەیشتووین. ئەو دەیوسیت هەمیشە زیرەکترەکە بێت و تایبەتمەندیی. هەر لە زووەوە کە بابت بۆی هەبوو بخوێنێت، من دەبووایە پارەم پەیدا بکردبایە. لێ، بۆ منیش مەسەلەیەک نەبوو. من ئێستاکە بازرگانێکم. پاسپۆرتی ئەڵمانیم هەیە و ژیانم باشە. هاوسەرێکی ئەڵمانیم هەیە وە بیمەیەکی نەخۆشیش. ماڵەکەیشمان لە زستاندا گەرمە. باڵکۆنێکیشمان هەیە کە دەتوانین لە هاویندا تێیدا دابنیشین و چێژ وەربگرین. بۆیە من مرۆڤێکی خۆشحاڵم.

خۆی دەنووشتێنێتەوە و دەستی سەعید دەگرێت.

– سەعید، مرۆڤ دەتوانێت بێ ئەوەی چووبێتە زانکۆیش هەر خۆشحاڵ بێت! تۆ ئەم خوێندنگەیە کە تا پۆلی دەی تێدایە تەواو بکە، ئەوجا من دەورەی فێربوونی کارێکت بۆ پەیدا دەکەم. ئیتر ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک مامت دەبیتە بازرگانێک. ئەوجا خۆشحاڵ دەبیت کە ناچار نەبوویت ، بۆ هەڵدڕینی ورگی خەڵکی ، دە دانە ساڵ بخوێنیت. پێت دەڵێم؛ کە تۆ لە داهاتوودا سوپاسگوزارم دەبیت...

لە پڕدا هەڵسا . چووە کن سەکۆی بارەکە و پارەکەی دا . لەگەڵ چوونە دەرەوەدا ، دەستی لە سەعید هەڵدەخست وەدوی بکەوێت. بێ ئەوەی کەسێک گرینگییان پێ بدات لە کافێکە هاتنە دەرەوە. لە دەرەوە باران دەستی پێ کردبوو. دووکانی سەوزەفرۆشییەکەی سەر سووچەکە هێشتا کرابووەوە. تکەی باران لە چەتری بەر گوێسەبانەکەوە دەتکانە خوارەوە. ئافرەتێک پرتەقاڵ دەکڕێت. یەک یەک هەڵیان دەگرێت و لە هەموو لاکانەوە لێیان

هەڵدەڕوانێت. فرۆشیارەکەیش لەتەکیا دەپەڤێت. سەعید لە چرکە ساتدا، وا دەزانێت لە شەقامێکی بەغدادە و ژنەکەی ئەوبەریشەوە، یەکێک لە دایکانی هاوەڵێکی هاوپۆلێتی. ئیتر لە ناکاو تەواو لە دۆزەکە تێ دەگات: مامە بەسام دەیەوێت کە ئەم هەرگیز بەغداد نەبینێتەوە. هەرگیزیش ئامادەی ئەوە نییە، پارەی بۆ بلیتی فڕۆکەی ئەوێ بداتێ. یانیش بۆ عەممانی پایتەختی ئەردەن. کە لەوێوە دەتوانرێت بە پاس بۆ عێراق بچیت. دیارە کە مامە بەسام ئەگەر دە هێندەیش پارەی هەبێت، شتی وەهای لەگەڵدا ناکات. بۆیە لە ناکاو هەستێکی وەهای بۆ دێت، دەڵێیت بەندییە. ناخیشی کپ و بێدەنگ دەبێت.

***

بابی لێنا ئۆتۆمبێلەکە لەبەر خانووی ژمارە ٢٧ دا ڕادەگرێت و بە خانووەکەدا هەڵدەڕوانێت. خانوویەکی کۆن و بە ڕووکاری ڕەنگین و جوانەوە. دەرگەیەکی پڕ لە نەخش و نیگاری هەیە. بابی دەپرسێت:

– ئێرەیە؟ ژمارە ٢٧ ؟

هەندێک پەنجەرەی نهۆمی سێیەم خراونەتە سەر پشت. لێنا پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکە دادەداتەوە و گوێبیستی مۆسیک دەبێت. لە پشتی پەنجەرەکانیشەوە خەڵکی دەبینێت. یەکێک خۆی شۆڕ دەکاتەوە، لێنا دەناسێتەوە و دەستی لێ هەڵدەخات. – زۆی – یە. لێنایش بە پێکەنینەوە دەستی لێ هەڵدەخاتەوە. بابی دەڵێت:

– هەروەک ڕێککەوتین، نیوەشەوە دێم بە دواتا.

لێنا لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێت. دەست بە کراسەکەیدا دێنێت و دەپرسێت:

– چۆنم؟

شڵەژاویشە و دڵی خێراتر لێ دەدات. بابی چاوێکی لێ دادەگرێت و وەڵامی دەداتەوە:

– هێندە جوانیت کە ترسم لێت هەیە..!

لێنا کەمێک سوور هەڵدەگەڕێت. بۆ چرکە ساتێک بێدەنگ دەبێت و دەچێتە

بیـرەوە. ئینجـا دێت و لەسـەر کـورسی پاڵ لێـخـوڕەوە دادەنیـشـێت. لـە بابی دەپرسێت:

– ئەی تۆ ئەمڕۆ چی دەکەیت؟

– نازانم. سەیری تەلەفیزیۆن دەکەم... با بزانم..

لێنا دەزانێت کـە ئەو درۆ دەکـات. ئەو ئـەم ئێـوارەیـە لە تەک – یۆنـیکا – دا پێک دەگـەن. بەڵام لێنا گـەرەکیـە نهـاکـە لەو بارەیـەوە بیـر نەکاتـەوە. ئینجـا دەڵێت:

– دەی باشـە، تا دوایی و زۆریش سوپاس!

ئیتر لێنا دەرگەکە دادەخات و دەچێتە سەر پیادەرەوەکە. – زۆی – بۆ دووەم جار لەپەنجـەرە کراوەکەوە دەستی لێ هەڵدەخات و هـاواری لێ دەکـات. لێنا لە خەمی توورەکەکەدایە کە شووشەیەک ویسکی تێدایە و لە چاکەتەکەی خۆیەوە پێچا بوو هەتا بابی هەستی پێ نەکات. هاوار لە – زۆی – دەکات:

– هەڵی بێنە چ شتێکم لێرەدا پێیە؟

هـەنگاوێکی بۆ کن دەرگـەکـە مـاوە، کـە زیکەی کـردنـەوەی لێ هـەڵدەسـتـێت، پەلامـاری دەسکـەکـەی دەدات و پـاڵی پێـوە دەنێت. دەنگێک لـە دواوەی هـاوار دەکات:

– چاوەڕێم بە، منیش لە تەک خۆتا بەرە..!

لەوسـاتەی لێنا قۆڵی بە دەرگـەکـەوە ناوە، ئاوڕێک دەداتەوە. لاوێک دەبینێت. لاوەکـە وەک وەرزشکارێک بە هـەنگاوێک دوو پلەکـانە بـەرەو سـەرەوە دەبڕێت. دەشبـینێت کە ئەو پێڵاوی کالەی – پوما– ی لە پێدایە و پانتۆڵێکی خاکیـشی لەبـەردایە، بە دوو هـێـڵـی ئوتـووەوە. پێـدەچێت کـە دوو یان سێ سـاڵێک لەم گەورەتر بێت. کـەتەو بەخۆوە و مـۆدێلێکی قژی باوی هـەیە. کە لە پاڵ لێنادایە، بۆی پێدەکەنێت و ڕووی خۆشە. هـەناسـەشـی سووار بووە. ئەو دەپرسێت:

– تۆیش بۆ ئاهـەنگەکەی – کێرستین – ؟

لێنا سـەر دەلەقێنێت. خـۆشحـاڵە بەوەی کە هـەوڵی خـۆ کەشـخـەکردنی داوە.

لاوەکــە لە ســەرەوە بـۆ خــوارەوە لـێی هەڵدەڕوانێت. لێنا گــوێی پـێ نادات و بەڵکوم بە پێچەوانەوە و پێیشی خۆشە. کرێمی پێست قـاوەییکردنی لە ڕان و پێ و پووزەکـانـی داوە و نینۆکی پـەنجـەکـانی پێکانیـشی ڕەنگی شـینی کـاڵ کــردووە. چونکە وای هـەست کــرد لە تـەک ڕەنگی زیوینی پاپوجــەکــانیــدا دەگونجـێت. سـووراو و سـپـیـاوەکـەیشی ڕێک دەکـەوێت. بۆ سـەدەمـین جـار لە ئاوێنەی ڕۆژگری ناو ئۆتۆمـبێلەکەوە، کۆنـترۆڵی کرد. هـەر زۆر خۆشـە. ئۆخەی وا ئاهەنگێک دەگێڕدرێت... شتێک لە ئارادایە. کوڕەکە دەڵێت:

– سوپێر! هەر زۆر باشە.

دەستیشی بۆ لێنا ڕادەکێشـێت. ئەو دەستگووشینێکی بەهێزی هەیە. گەرم و وشک. نەک وەک بەری دەســـتی ئارەقـــاوی و تەڕی، ئەو گــەنجــانەی تری هـاوتەمــەنی ئەم. زیپکەیش بە ڕووخســاریەوە نابینرێت و پێسـتێکی ساف و لووسی هەیە. لاوەکە بە کەیفسازییەوە دەڵێت:

– من – مۆریتس – م.

– منیش – لێنا – م

گەنجەکە ئاماژە بە توورەکەکە دەکات و دەپرسێت:

– ئەی ئەوە چی تێدایە؟

– ویسکی.

– ویسکی! وەی وەی..!

مـۆریتس دەکــەوێتـە فـیکە کـێـشـانیش. لێنـایش بە کـەیفـســازییـەوە بۆی دەخەنێتەوە. خورتەکە دەرگەکە بۆ لێنـا دەگرێت. ئیتر لە پاڵ یەکتردا وەستاون و چاوەڕێی ئەســـانســـۆر دەکـــەن. لێنا دزە ســـەرنجی دەداتێ. کـــە سەرنجەکانیشیـان یەکانگیر دەبن، هەرخێرا یەکێکیان بەخێرایی ڕوو بەولادا وەردەگێڕێت. ئەسـانسۆرەکە دەگات و مۆریتس لێ دەگەڕێت لێنا لە پێشیـەوە بچێتـە ناوەوە. لێنا بیر دەکاتەوە:" زۆر مـیـهرەبان و ڕێزداریشـە! نازانم چۆن باوەڕ بکەم..." مێشکی گەرم دادێت.

ئەو کاتەی ئەسانسۆرەکە بەرە و نهۆمی سێیەم هەڵدەچێت، مۆریتس دەڵێت:

– بەڕاستی من لە خۆم دەپرسم: ئەوە چۆنە کە ئێمە هەتا ئێستاکە بەیەکتر نەگەیشتووین..؟ ئایا تۆ دۆستێک و یان کەسێکی – کێرستین – یت؟

لێنا وەڵام دەداتەوە:

– منیش لە پۆلەکەی ئەودام. بەڵام وا چەند هەفتەیەکە.

کە لێنا دەپەیڤێت مۆریتس لێی هەڵدەڕوانێت. کە لێنایش ڕێک چاو بخاتە چاویەوە، ئەو سوور هەڵدەگەڕێت و هەر خێرایش سەرنجی دەگوازێتەوە بان ژمارەکانی ئەسانسۆرەکە. لێنا دەپرسێت:

– ئەی تۆ؟ تۆ لە کوێوە کێرستین دەناسیت؟

– ئۆوو، ئێمە لە ئەزەلەوە یەکتری دەناسین. لەوەتەی لە دایک بووین...(زەردەخەیەکی بۆ دەکات) هەر لە سەرەتاوە و هەتا دوو ساڵی بەری کە ڕووخاندیان لە هەمان خانوودا دەژیاین. ئێمە پێکەوە لە ناو زیخ و لمدا یاریمان کردووە و کەلوپەلەکانمان بەسەری یەکتردا کێشاوە. ئابەوجۆرە. هەر هەموو هاوەڵەکانی کێرستین دەناسم.. بەڵام تۆ..

ئەسانسۆرەکە تەکانێک دەدات و دەوەستێت. دەرگەکەیش دەکرێتەوە. سێ – فلات – بەسەر دالانەکەوەیە. دەرگەیەک بە ئاستەم خراوەتە سەر پشت. دەنگی مۆسیک و قریوە قریوو و پێکەنین دەگاتە دەرەوە. مۆریتس پێدەکەنێت و دەڵێت:

– وا بەزم دەستی پێ کردووە...

دەست دەخاتە سەر شانی لێنا و بۆ پێشەوەی بەرێ دەکات. لێنایش هەست بە خۆشی و ئارامی دەکات. مۆریتس بۆ ئەوەی لە تەک مۆسیقا بەرزەکەدا تێی بگەیەنێت، بە گوێی لێنادا دەچرپێنێت:

– ئێستاکە خۆمان دەخەینە ناو ئەو هەراوزەنا و بەزمەوە.. بێشک ئاهەنگێکی دڵگیر دەبێت...

لێنا هەست دەکات کە مۆریتس سەری هێندە لێیەوە نزیک کردووەتەوە، کەمێکی ماوە لێوەکانی بەر پەڕەی گوێکانی ئەم بکەون. مۆریتس دەڵێت:

– وا باشترە کە ویسکییەکەیان نەدەیتە دەست. با هەموو شووشەکە نەخۆنەوە...

کە لێنا خۆی بەلای ئەودا وەردەگێڕێت، مۆریتس چاوێکی لێ دادەگرێت و دەڵێت:

– خۆت بزر مەکە... من لێوان بۆ خۆمان فەراهەم دەکەم..!

## بەشی حەڤدە

لێنا لە تەک دوو لاودا کە ناویان – جیم – و – ئەندی – ە، لەسەر قەنەفەکانی باڵکۆنی خواردنگەکەدا دانشتوون. ئەوەیش بیری ئەندی بوو کە هەموو قەنەفەکان ببەنە دەرەوە، هەتا بەڕای خۆی، کەیفسازتر دابنیشن. بۆ جێگەکردنەوەیش هەرچی سندووقی بەتاڵی خواردنەوەکان بوو لە سوچێکدا و لەسەر یەک هەڵیان چنین. ئینجانە گوڵە قوڕاوییەکان و ئاسنەکانیشیان، هەروا لەوێوە و بۆ حەوشەکە هەڵدایە خوارەوە. دەشیانوت؛ هیچ نییە و خۆ کەسێک نایبینێت. لەساتی بەردانەوەی مەسینەکەدا، شەقەیەکی سەیر هات. جیم لەو باوەڕەیدا بوو، مەسینەکە بەر سەری کەسێک کەوتبێت. بۆیە خۆیان بەسەر لێواری باڵکۆنەکەدا چۆمانەوە و بۆ چرکەساتێک هەڵوێستیان وەرگرت و گوێبیست بوون. ئینجا مۆریتس وتی:

– جا ئەو کەسە دەبێت کەللەیەکی لە لەوحی هەبێت..

ئەوانی تر پێکەنین. جیمیش وەڵامی دایەوە:

– باشترە کەللەیەکت لە لەوح هەبێت وەک لە چیمەنتۆ.

مۆریتس پرسی:

– کەسێک دەناسیت سەری لە چیمەنتۆی هەبێت..؟

یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

– بێشک. هەموو سیاسییەکانمان. خۆ ئەمەیش هەموو کەسێک دەزانێت.

– هەروایە. ئەوانە مێشک چیمەنتۆی لووت مقەبایین..

مۆریتسیش دەڵێت:

– پووچن. مێشکیان هیچی تێدا نییە و خاڵییە.

بۆ سـەمـا دەچنە ژووری بەر باڵكۆنەكـە. چونكە لێـوانیـان لە تەک خـۆیـاندا نەهێناوە، بۆیە دەسـتـا و دەست شـووشـە ویسکییـەکە دەگێـڕن. کە پارچەیەک مـۆسیـقای هێـواشـی – کیلـی مینۆگیو – لێدرا، مۆریتس لە تەک لێنادا سەمـا دەکات. کە دەسـتی لەسـەر شـانـی لێنا دانا، لێنایش بـە دڵی بوو و پێی خـۆش بوو. بەلاشـیـەوە خۆش بوو کـە – زۆێ و کێرسـتین – لەمـانیـان هەڵدەڕوانی. بە کورتی دەستێکی لێ هەڵخستن و ئیتر خۆیدایە دەست ئاوازەکە. لێنا پێشووتر لێوانەکەی خۆی لە چێشتخانەکە جیهێشتبوو.

وا لێنا لەبەر شیشبەندی دیواری باڵکۆنەکەدا دانیشـتووە. لەوە پێشـتر دوو سـەرینـی پەڕی بەبەر شـیـشـەکانەوە نابـوو. دوو سـەرینی نەرمی بـەرگ سـپی. بۆنـی تایت و شـۆردنـی نوێیـان لـێ دەهات. هەر لـە سـەرەتاوە لێنا لە هـەوڵی ئەوەدا بوو، سـەرینەکـان لە پیسـبـوون بپـارێـزێت. بەڵام تازە لـەدەست چوو. ئەندی بە خەستە تەماتە پیسی کردن. مۆریتس لە پاڵیا دانیشتووە. قاچەکانی لێ درێژ کردووە و دەستی ڕاسـتی خستووەتە سەر شـانی لێنا. کە جارجارە یەکـێک نوکـتـەیەک دەگـێـڕێتـەوە، بەدەم پێکەنینەوە سـەری بۆ دواوە دەبات. تۆزێکیش خـۆی بەلای مـۆریتسـدا لار دەکاتەوە. کە هەندێک لە تاڵەکانی قژی دەکـەونە سـەر ڕوومـەتی و خـرووی پێ دەهـێـنن، خـۆشـی پێ دەگـات و زەردەخەنەیەکیش دەکات. مۆریتسیش سەرنجی دەداتێ و دەڵێت:

– ئەها.. وا هەمدیسان دەخەنێتەوە..

مـۆریتس ئەمـەی بۆیە وت، چونکە لـە سـاتـی خـەنینەوەی لێنادا، چاڵەکـەی چەناگەی قووڵتر بەدیار دەکەوێت و جوانتریش دەنوێنێت....

لێنـا زۆر بە دەگـمـەن ئـەلکحـوول دەخـواتـەوە. ئەو جـارجـارە لـە چەژنەکـانی بەری سـەری سـاڵ و مـەسـیـح و کۆتاییی سـاڵدا، یانیش ئەگـەر یەکـێک لەوان ڕۆژی لەدایکبوونی یاد بکردبایتـەوە، لێـوانێک شـەراب و یانیش پرۆسـیکۆی لە تەک دایک و بـابیـدا خـواردووەتەوە. زۆر جـارانیش هەمـوو لێـوانـەکـەی تەواو نەکردووە. لێنا ڕای وایە؛ ئەلکحوول هیچ گۆڕانێکی تێدا دروست ناکات. بۆیە بە بێ ئەلکحـوولیش هـەر دەبێت. بەڵام وا ئەمڕۆ چەندین قـوومی لە ویسکییـەکە

خواردووەتەوە. ئەگەرچی قوومەکان بچووک بچووک بوون، بەڵام ئەوەیش هەر خــواردنەوەیە. ئەگــەر ڕاســتت بوێت، بۆ ئەو تامــێکی وەهای نەبوو، بەڵام گەرمیشی داهێنا بوو و هەستی بە سووکیی دەکرد. ئەگەر بە زەوقی خۆی بووایە پێی باشــتــر بوو، جــارجــارە و لە بەینەکــاندا، لێــوانێک ئاوی بخواردایەتەوە. بەڵام هەموو ئاوەکە تەواو بوو. چونکە وەک کێرستین دەڵێت؛ تەنیا سندووقێکیان بۆ فەراهەم کراوە.... رایشی وایە: کێ دەخوازێت لە بۆنەیەکی وەهادا، شتێکی وەها قەڵسکەر بخواتەوە. پارەشی پێ دەدەیت و کەچی کاریگەریشی سفرە.... بۆ لێنا کە لێوانەکەی لە خواردنگەکە هێشتبووەوە، جارجارە و لە بەلوعەکە هەندێک ئاوی بۆ خۆی دەهێنا و دەیخواردەوە. لە بەلوعەی بان دەفرشۆرەکە لێوانەکەی پڕ لە ئاو دەکرد. دەفرشۆرەکەیش پڕ لە دەفر و قاپی پیس بوو کە ئاو تێکردن دژووار بوو. گەرماوەکەیش هەردەم گیرابوو. جارجارە کێرستین کە جگەرەیەکی بە لێوەوەیە، خۆی بە خواردنگەکەدا دەکات. بەشێوەیەکی وەها جگەرەکە لە نێوان لێوەکانیەوە ڕادەگرێت، بۆ لێنا زۆر جێی سەرنجە. ئیتر ئەو هەردەم لە دوای شتێک وێڵە. تەپڵەکەیێکی ژێر جگەرە، شووشەهەڵپچڕێک یانیش مۆبایلە دەستییەکەی. نەک هەر ئەو بەڵکوم هەر هەموویان بە مۆبایلەکانیان وێنە دەگرن.

دووانیان لەسەر پێخەفی ژووری نوستنەکەی دایک و بابی کێرستین، خەریکی ماچ و موچن. کێرستین دوو جاران دەری پەڕاندن و پێشی وتن کە چوونە ئەو ژوورە نەبووە و نابێت. بەڵام ئەوان ئەمەیان ژبیر دەکرد. ئەوان گەلێک شتیان ژبیر کرد. بۆ نموونە: چۆن مرۆڤ لە ماڵێکی نامۆدا هەڵسوکەوت دەکات. ئیتر لێنا توانی نۆبەی تەوالێتەکەی بەر بکەوێت. لێ کە چووە ناوەوە، هێندە پیس و پۆخڵ بوو، هەر خێرا دەرگەکەی داخستەوە. یەکێک لەوێکانەدا ڕشابووەوە و زەوییەکەی پاک نەکردبووەوە. دەمژمێری دە و نیو پۆلیس هاتن و داوایان لێکردن: ئاوازی مۆسیقاکە نزم و کزتر بکەن. هەر خێرا بەئەنجامیان گەیاند. چونکە کێرستین نەیدەویست کێشەی لە تەک

دراوسێکاندا بۆ دروست ببێت. بەڵام هێشتاکە جارجارە کەسێک، جا یان لە باڵکۆنێکی نهۆمی خوارەوە و یانیش سەرووترەوە دەردەکەوێت و هاوار دەکات: " ئیتر بەسە..!" یانیش کەسێک بۆ ئاگەدارکردنەوەیان، لە نهۆمی خوارووییانەوە بە کلکی گسکێک بە سەقفی خانووەکەی خۆیدا دەکێشێت. ئەم کردەیەش بە دڵی هەموویانە و کەیفی لێ دەبینن. بەلایانەوە جێی سەرسوڕمانە، ئەمان گەرەکیانە ئاهەنگ بگێڕن، کەچی بێمێشکێکی وەها پەیدا دەبێت و داوای ئارامی شەو دەکات.

سەمەرە دێتە بەرگوێ: ئارامی شەو قەڵس نەکرێت! ئەندی دەڵێت:

– دەی کەواتە با خۆمان بخەینە ناو دارەمەیتێکەوە!

ئینجا شووشەکە بەرز دەکاتەوە، سەر بۆ ئەوانیتر دەلەقێنت و " پڕۆست " ێک دەڵێت. مۆریتسیش بە نائارامییەوە وەڵامی دەداتەوە:

– بەڵێ، پڕۆست – نۆش –...

دەستیشی بە شووشەکە دەرێژ دەکات و دەڵێت:

– شتێکیشی بۆ ئێمە تێدا بهێڵەرەوە.

سێ بەشی شووشە ویسکییەکە خاڵی بووەتەوە. لێنا نایەوێت خۆی لە بەرچاوی مۆریتس بێهێز پێشان بدات، بۆیە ئەویش جارێکی تر شووشەکە وەردەگرێتەوە. ئیتر نهاکە بڕێک سەرەگێژەی هەیە.

ژووری نانخواردنەکەیان کۆکردووەتەوە و لەوێکانەدا سەما دەکەن. زۆیێ تەواو کۆنترۆڵی لەدەست داوە. سەمایەکی وەک – ستریپتیز – دەکات. لە دەستپێکدا کراسە شەبەکەییەکەی بان بلوزەکەی داکەند. ئینجا بلوزی سەر سوخمەی مەمکگرەکانی. مەمکگرێکی ڕەنگ سووری قووت. ئەندی و مۆریتس و جیم لە باڵکۆنی خواردنگەکەوە و بەسەر دالآنەکەدا لە ژووری دانیشتنەکە هەڵدەڕوانن. زۆیێ هەڵبەز هەڵبەزێتی و سەما دەکات. لەبەروەی ویسکییەکە بەرەو تەواوبوون دەچێت، بۆیە هێواشتر دەیخۆنەوە. دەزانن ئەگەر ویسکییەکە تەواو بێت، دەبێت یەکێکیان هەڵسێت و شتێک پەیدا بکات. بەڵام لە کوێ؟

کێرستین بەوەی نیەگەران بوو کە دی، سێ گەنجەکە و لێنا ویسکییان پێ ماوە. لە مۆریتسی هەڵڕوانی و پرسی:

– ئەرێ ئەوە هەر بۆ ئێوەیە؟

مۆریتسیش ڕوخساری گرژ کرد و سەرێکی لەقاند. لێنا دەیویست بڵێت، ئەو لەڕاستیدا ئەو شووشە ویسکییەی وەک دیاری بۆ کێرستین هێنابوو، بەڵام هەرچۆنبێت نەیتوانی بیڵێت. چونکە لە ناو دەستی ڕاستی مۆریتسدا، هەستی بە خۆشی دەکرد. بۆیە لێنا هیچی نەوت. کێرستینیش بەرەو مۆریتس بۆڵاندی و خورتاندی:

– وا دیارە تۆ هەر هەمان قوندەرەکەی جاران بیت..!

ئاوڕێکیشی لە لێنا دایەوە:

– باش ئاگات لە خۆت بێت..!

هەموویان دایانە قریوە. لێنا بەلایەوە زۆر جێی ناباوڕی و سەرسامی بوو، خورتێکی وەک مۆریتس بە قوندەر ناوزەد بکرێت. کە بیر لە هاوپۆلەکانی تری دەکاتەوە، جۆرێکی تر دێتە بەرچاوەکانی... لە ناکاو بیریش لە سەعید دەکاتەوە. بەڵام دەیەوێت هەرچی خێرایە، واز لەم بیرە بێنێت. چونکە ئەم تەنیا دەخوازێت کەیفێکی باش بکات. ئەندی پێشنیاز دەکات، ئاهەنگەکە جێ بهێڵن و بچنە دیسکۆیەک. ئەو دەرگەوانێک دەناسێت و کەمێک دۆستایەتییان هەیە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان پێ بدات. دەشزانێت نرخی چوونە ژوورەوەکە چەندە. بۆیە دەکەونە گەنگەشەی ئەوەی، ئایا دەتوانن ئەو پارەیە فەراهەم بێنن؟ ئەندی دەڵێت:

– لەگەڵ نرخی چوونە ژوورەوەدا، خواردنەوەکان بەلاشن.

لێنا بەرپەرچی دەداتەوە:

– من ئیتر ناتوانم بخۆمەوە.... بەسمە...

مۆریتس توندتر لێنا بە خۆیەوە دەنووسێنێت و دەڵێت:

– قسەی قۆڕ. تۆ زۆرت نەخواردووەتەوە.

– نەخێر، زۆرم خواردووەتەوە.

– ئادەی هەڵسە.

– نەء، ناخوازم.

– بێشک دەخوازیت. دەی هەڵسە.

– بۆچی؟

لێنا خۆی بەکێش دەکات. دەست بە دیواری باڵکۆنەکەوە دەگرێت و بە دژواری خۆی بەرز دەکاتەوە. بەڵام بە نائەرخەیانییەوە بەسەر سەرینەکانی پاڵ دیواری باڵکۆنەکەوە دەوەستێت. ئەندی هاواری لێ دەکات:

– باڵەکانت لەیەک دوور بخەرەوە..!

لێنا باڵەکانی دەکاتەوە. بەڵام لە بان ئەو سەرینە نەرمە هێندە سانا نییە بوەستێت. بە پێڵاوەکانیەوە لەبان ئەو نەرمییە، دەڵێیت لە سەر دۆشەکێکی ئاوی وەستاوە. سەرگێژەکەیشی زۆرتر دەبێت. هاوار لە مۆریتس دەکات:

– بمگرەوە.....

ئینجا خۆیشی هەڵدەداتە باوەشییەوە. زەنگی مۆبایلێک هەڵدەستێت. لێنایش کە ڕوخساری بە گەردەملی مۆریتسەوە ناوە و بۆنی پێستی دەکات، تەکان نادات. بۆ ئەو هەر زۆر جێی شڵەژانە، چونکە کوڕان بۆنێکی جیاوازتریان هەیە لە کچ. کە لێنا مشەی دێت مۆریتس دەپرسێت:

– چییە؟

لێنا بەگوێیدا دەچرپێنێت:

– بۆنێکی خۆشت هەیە.

ئینجا بۆ یەکەمین جار، مۆریتس ماچی دەکات. ماچێکی درێژی ئێرۆتیکی تەواو. ماچێکی وەک فیلمەکان. لەسەر پەردەیەکی پان و پۆڕ و بە حەزێکی زۆرەوە. کە لێویان لێک دەترازێت، تەواو گێژ و وێژە. دەنگی مۆبایلەکە دێتەوە. بەڵام لێنا نە دەبینێت، نە دەبیستێت و تەنیا لەوە بیر دەکاتەوە: ئەو منی ماچ

کرد! حەیران دەبیت. مرۆڤ حەیران دەبێت! ئادەی جارێکی تریش!

جیم دەپرسێت:

– ئەوە مۆبایلی کێیە کە بەردەوام دەنگی دێت؟ هی تۆیە..؟

لێنا چاوەکانی دەردەپەڕێنێت و ئێستا بە ئاگا دەبێتەوە. دەڵێت:

– ئەوە تەنیا کورتە هەواڵێکە...

خۆی بە پشتدا دەخات و پاشکۆیەک دەڵێت:

– پاشان سەیری دەکەم..

جیم مۆبایلەکەی لێنا لە جانتا قوماشییەکەی لێنا دەردەهێنێت. دەیداتێ و دەڵێت:

– ئا تێی بڕوانە. بەڵکوم خۆشەویستەکەت بێت.

بە بیستنی – خۆشەویستەکەت – مۆریتس لێی هەڵدەڕوانێت. لێنا بۆ ئەوەی لە مۆریتسی تێ بگەیەنێت کە ئازدە و نەگیراوە، قاقایەک لێ دەدات و دەڵێت : چەندە جێی مەزاقە. ئەوجا کورتە هەواڵەکە دەکاتەوە. خۆیشی ڕاست دەکاتەوە. قژەکانی بان ڕوخساری لادەدات و بۆ دواوەیان پاڵ پێوە دەنێت. لە کورتە هەواڵەکەدا نووسراوە: " لێنای خۆشەویست، دەتوانین یەکتر ببینین؟ تکایە، دەمەوێت لە تەکدا قسان بکەم. هەر زۆر گرینگە. سەعید.." لێنا ڕوخساری گرژ دەبێت. دەبێت هەمدیسان بیر لە سەعید بکاتەوە. دەڵێیت سێبەرێک کەوتە سەری. لە پڕدا هەستی خراپیی دای دەگرێتەوە. ئەو ئەمڕۆ بێپەروا و بە تەنیای جێ هێشت. باشە چی دەویست؟ ئاخ، بەڵێ. ئەو دەیویست ئەم داوەتی چوونە سینەما بکات. بەڵام خۆ ئەم ها لە ئاهەنگێک! لە ناخەوە دەڵێت: داوای لێبووردن دەکەم سەعید. کورتە هەواڵەکە دەکوژێنێتەوە و مۆبایلەکەیش لە کن خۆیەوە دادەنێت. سەرنجیش دەدات کە مۆریتس بە چاوی پرسیارەوە لەم هەڵدەڕوانێت.

زۆی کۆتایی بە سەمای ستریپەکەی هێنا. ئینجا دووان بە گۆرانی قەوانێکی – پیتەر کلاوس – سەمایەکی خێرای – ڕۆکن ڕۆڵ – دەکەن. هەموو

لێیان هەڵدەڕوانن و لە قاقا دەدەن. مۆریتس لە لێنا دەپرسێت:

– نا؟ لە کێوە بوو؟

– ئاخ. لە بیری کە.

– نا؟ دە بیڵێ دەی ؟

– لە لاوێکی پۆلەکەمەوە.

– ئەها. هەردەمزانی کە یەکێکت هەیە.

لێنا بە ئاماژەی نارازی سەری دەلەقێنێت. ئینجا دەیهێنێتە بەرچاوی خۆی، چۆن سەعید لە پۆلدا لە پاڵیا دادەنیشێت و ئەرکەکانی بەئەنجام دەگەیەنێت. هەمیشەیش بە جدی و بە جەغتەوە. لە بەرامبەر ئەمیشدا شەرمێون و بێتوانایە. سەعید هەمیشە و لە هەرجێیەک بێت، ئەگەر لە پاڵ لێنایشدا بێت، خەمبار و لەش بەبار و خۆ بزر کردووە. تەنانەت لە بان سەکۆی وێستگەی ترامواییەکەیش هەر دەستەپاچە و خۆ بزرکردو دەنوێنێت. هێندە نامۆ دیارە دەڵێیت سەرمای ئەم وڵاتی نامۆییە گرتووەتە خۆی. دەڵێیت تاسەی نیشتمانی هەیە. لێنا بیر دەکاتەوە، تاسەی نیشتمانیش شتێکی جێ سەرنجە. ئەوە چۆنە..؟ هەستێک بە لەشیدا دێت، کە خۆی ئارەزووی لێ نییە. لێنا سەرنج دەدات کە مۆریتس سەرگەرمی مۆبایلەکەی ئەمە. فیکەیەک دەکات و دەڵێت:

– ئاها.. ئەو کەسە ناوی سەعیدە. لە عەرەب و شتی وەها دەچێت.. خورماخۆرێک.. ئۆه.. ئەو دەیەوێت بتبینێت!

– بێنە... ژبیری کە...

هەوڵیش دەدات تەلەفۆنەکەی لەدەست بستێنێت. بەڵام مۆریتس کە پەلی درێژی هەیە، دەستی خۆی بەرز ڕادەگرێت. بۆیە ئەگەر لێنا خۆیشی هەڵسێنێتەوە، هێشتا دەستی نایگاتێ. بەڵام هەر لەو ئان و ساتەدا، مەمکەکانی بەر سنگی مۆریتس دەکەون، ئەمیش خۆشی چ بە لێنا و چ بەویش دەگەیەنێت. مۆریتس لە چاوانی هەڵدەڕوانێت و دەپرسێت:

– ئەڤینداری بوویت؟

لێنا لەبریتی ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە، تەنیا دەڵێت:

– ئەو مۆبایلەم بدەرەوە..

– باشە بۆچ بەم نیوەشەوە، لە دوات دەگەڕێت؟ چی لێت دەوێت؟

لێنا بەنارەزاییەوە دەڵێت:

– من چوزانم. برۆ پرسیار لە خۆی بکە..

– دەی باشە.

مۆریتس بەخێرایی دەقێک دەنووسێت. ئینجا دەپرسێت:

– بینێرم؟

لێنا ڕوخساری گرژ دەبێت و دەڵێت:

– واز لەم قسە قۆڕانە بێنە.

بەڵام مۆریتس دەقەکە دەنێرێت و مۆبایلەکەی دەداتەوە دەست. لێنا دەقەکە دەخوێنێتەوە، کە نووسراوە: وەرە بۆ کۆڵانی ئولن، ژمارەی ٢٧, بەخۆشەویستییەوە، لێنا.... لێنا دەپرسێت:

– شێت بوویت؟ بۆچ ئەو بێتە ئێرەکانە؟

مۆریتس بە خەندەیەکی گرژ و ئێرەییەوە، وەڵامی دەداتەوە:

– بۆچی نا؟

ڕوخساری هێندە شڵەژاوە، تف لە قورگیدا گیر دەخوات و ناچار بە کۆکین دەبێت. ئینجا بە گوێی لێنادا دەچرپێنێت:

– زۆرم کەیف پێت دێت و لەبەردڵانمیت. هەرکە لە ئەسانسۆرەکە پێکەوە سەرکەوتین، هەستم کرد تۆ کەسێکی سەرنج ڕاکێشەریت.

تەزوویەک لە پشتی لێناوە هەتا تەپڵە سەری هەڵدەچێت. زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. مۆریتسیش دەچرپێنێتەوە:

– دەمەوێت ئەو کەسە ببینم وا لە نیوەی شەودا، کورتە هەواڵت بۆ دەنێرێت.

گرەو دەکەم کە شێتی و شەیداتە..

لێنا وەڵام ناداتەوە. مۆریتس مۆبایلەکەی لە دەست دەسێنێت و دەڵێت:

– هەتا ئەو سەعیدە دێت، تەلەفۆنەکەت لە کن من دەبێت. ناکا تۆ هاتنەکەی بەرپەرچ بدەیتەوە.

لێنا بیر دەکاتەوە: ئەمە یانی چی..! هیچ سوودێکی نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا .... سەیری مۆریتس دەکات و خۆی بۆ پێشەوە بەکێش دەکات. بە چاوی نوقاوەوە و بە ئاسپایی داوای لێ دەکات:

– ماچێکی تریش... ماچێکی خۆشی تر...

بەڵام مۆریتس هەڵدەستێت. لێنایش نازانێت دەیەوێت بۆ کوێ بچێت. دیارە یان گەرەکیە میز بکات یانیش خواردنەوەی تر پەیدا بکات. یانیش دەیەوێت خۆی لای ئەم شیرینتر بکات. کە لێنا هاواری لێ دەکات : " بچین سەما بکەین..؟" مۆریتس بەدەستی چەپی ئاماژەی نەرێتی بۆ دەکات.

زۆی لە تەک خورتێکدا دێنە خواردنگەکە. دەرگەی ساردکەرەکە دەکاتەوە و دەکەوێتە بۆڵە بۆڵ:

– هەی نەفرەت بێت.. باشە بۆچ ئاو نییە..؟

ئینجا شەقە لە دەرگەکە هەڵدەستێنێت و دای دەخاتەوە. لێنا هاواری لێ دەکات:

– هەی.. زۆی.. بچین ئاو پەیدا بکەین..؟

ئەگەرچی لێنا ناشزانێ لە کوێ بەڵام بەو هیوایەیە لە جێیەکی ماڵەکەدا چەند شووشەیەک مابێتەوە. ئیتر ساتی ئەوەیش هاتووە بچێتە کن مێوانەکانی تری ئاهەنگەکە. زۆی خۆی وەردەگێڕێت. بە چاوی گرژبووەوە لە لێنا هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– تۆ دەتوانیت ئاو پەیدا بکەیت....

خۆی بە خورتەکەی تەنیشتیەوە دەنووسێنێت و هەمدیسان دەڵێت:

– چونکە من کارێکی گرینگترم هەیە...

## بەشی هەژدە

سەعید لەسەر پێخەفەکەی دانیشتووە و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتووە. وا بە هێواشی هەناسە دەداتەوە، وەک بیەوێت هەناسەکانی نەبیسترێن. هەروەک مامی و پووری گوێبیستی ئەوە بن، ئەم گەرەکیە هیچ نەبێت بۆ ماوەی چەند دەمژمێرێک بچێتە دەرەوە. دەرگەی بان هۆڵەکە تەواو دانەخراوە. سەعید بە شپرزەیی گوێبیستی هەر جموجوڵێکی ناو خانووەکەیە.

وا ماوەی بیست خولەکە، دەنگی تەلەفیزیۆنەکە نابیسترێت. مامی لە گەرماوەکەیە و پووریشی سەرگەرمی کۆکردنەوەی شتەکانی چێشتخانەیە. گوێی لە تەق و تۆقی قاپ و دەفرەکانە کە دەخرێنە ناو دەفرشۆری بەر بەلوعەکەوە. ئێوارە ژەمێکی دڵخوازی سەعید هەبوو. مریشکی سوورەوەکرا و بە مێوژ و قەیسی تازەوە. بەڵام ئەوەیش هەر هیچ یارمەتییەکی ئەمی نەدا. چونکە هێندە خۆی بە نیگەران و خەمۆکی دەزانێت کە خەریکە بۆ هەر شتێکی بچکۆلەنە، بکەوێتە گریان. بەڵام دان بەخۆیدا دەگرێت. گوێی لێیە چۆن مامی غەرغەرە بە ئاوەکەی ناو دەم و قورگی دەکات و ئینجا تفی دەکاتەوە. جارێکی تریش غەرەغەرە دەکات و تفی دەکاتەوە. ئەو هەر ئێوارەیەک و پاش خواردنی پچکێک سیر، ئاوا دەکات. مامە بەسام باوەڕی بە گرینگی کاریگەریی سیرە، دژی زۆربەی دەرد و نەخۆشییەکان. بەڵام پوورە سۆنیا جۆرێکی ترە. ئەو باوەڕی بە پزیشکە. ئەو پزیشکانەی کە هەردەم دەچێتە لایان.

لە دۆڵابە سوورە بچکۆلەکەی ناو گەرماوەکە، کە خاچێکی سووری پێوە چەسپاندووە، دژی هەموو نەخۆشییەک حەب و کەپسوولی تێدایە. هەر لە دڵ و گەدە و گورچیلە و جگەر و ڕیخۆڵەوە. دژی ڕۆماتیسم و ژانە سەریش. مامە

بەسام پێی دەڵێت؛ دۆلابی ژەهر. سەعید هەتا ئێستاکەیش سەیری نەکردووە. سەعید سەری بەرز دەکاتەوە وا مامی لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە. سەعید زۆر بەئاگاییەوە خۆی لەسەر پێخەفەکەی دەخزێنێتە خوارەوە و لە بان پەنجەکانی پای خۆی لە دەرگەکە نێزیک دەکاتەوە. دەستگیرەکە بادەدات و درزێک دەکاتە دەرگەکەوە. مامە بەسام چاکەتێک و بیجامەی هێڵداری لەبەردایە و دەرپێیەکی کورتیش لەپێدایە. ڕانەکانی وەک ئەستوون ، تۆکمە و سپیکەڵەن. ئەو قۆپچەی چاکەتی بیجامەکەی بەهەڵە دەبەستێت. ئینجا بەدەم بۆڵەوە ڕاستی دەکاتەوە. سەعید بەئاگاییەوە دەرگەکە دادەخاتەوە. گوێشی لێیە چۆن هاوار لە ژنەکەی دەکات:

– گەرماوەکە خاڵییە..!

ئینجا بە نرکە و هانکە هانکەوە لەشە زلەکەی دەخاتە سەر پێخەفەکەی. پێنج شەش جاران خۆی بەمدیو و ئەودیودا وەردەگێڕێت، هەتا جێ خۆش دەکات. ئیتر وا پوورە سۆنیا لە گەرماوەکەیە. خوشەی ئاو دێت. سەعید دەگەڕێتەوە ناو پێخەفەکەی و لێفەکە بەخۆیدا دەدات و هەتا ژێر چەناگەی هەڵی دەکێشێت. بە بەرگەکانی بەریەوە پاڵکەوتووە و چاوەڕێ دەکات، پووری لە گەرماوەکە بێتە دەرەوە و بۆ ژووری نووستنەکەیان بچێت. سەعید بەلایەوە سەیرە کە ئەوان دەرگەی ژوورەکەیان هەمیشە بەکراوەیی جێ دێڵن. دیارە خویان پێوە گرتووە. چونکەی جاران تەنیا هەردووکیان پێکەوە دەژیان و کەسێک نەبووە گوێبیستی پرخەپرخەکانیان ببێت.

سەعید نایەوێت ئەو مەترسییە بگرێتە پێش، لەساتی تێپەڕبوون بە هۆڵەکەدا، پووری و یانیش مامی بائاگا بن و پێی بزانن. بۆیە وای بەباش دەزانێت لە پەنجەرەکەوە ژوورەکە جێ بێڵێت. نەخشەی هەمووی کێشاوە. کە بە لێنا گەیشت ئیتر دەگەڕێتەوە. بۆیە دەبێت پەنجەرەکەی بە کراوەیی بمێنێتەوە. هێندە پەنجەرەکە ڕادەکێشێتەوە، هەتا لە پشتی پەردەکەوە، درزێکی کراوەی دەمێنێتەوە. ژوورەکەی ئەم دەکەوێتە بەشی پشتەوە. دوو مەتریش لە پەنجەرەکەوە، پەیژەی فریادگوزاری ئاگرکەوتنەوەیە. سەعید لە

بەهێزی چڕیی لاسک و پەلەکانی گژوگیاکەیش ئەرخەیانە، کە لە پەنجەرەکەوە هەتا کن پەیژەکە شۆڕ و درێژ بووەتەوە. لە خوارتریشەوە ڕووکاری دیوارێکی بچکۆلەیە کە دەشێت باز بدەمە سەری. ئیتر دەبێت سەربگرێت. پوورە سۆنیاش لە گەرماوەکە چووە دەرەوە. گوێی لێیە چۆن بڕێک بە دەنگی بەرز پێکەوە قسان دەکەن. ئینجا بۆ جاری دووەم، جیکە و ترپە لە دۆشەکەوە هەڵدەستێت و پوورە سۆنیا، سەری دەخاتە بان سەرینەکە. دوای چەند خولەکێک ئەو ناوە هێندە بێدەنگ دەبێت، دەڵێیت سەعید بەتەنیا لەم دنیایەدایە.

قەیتانی کالەکانی پێکەوە گرێ دەدات و بە ملیەوە هەڵیان دەواسێت. ئینجا بە لێواری پەنجەرەکەدا سەردەکەوێت. ئەوان لە نهۆمی سێیەم دەژین. ناو حەوشەکە ڕووناک نییە. بەڵام سەعید دەتوانێت ڕیزە بەرمیلی زبڵەکان و سەربانە لەوحەکەی ژووری پاسکیلەکان بناسێتەوە. دەشزانێت پەیژەی فریادگوزاری ئاگرکەوتنەوەکە، لە کوێدا کۆتایی پێ دێت. نێزیکەی سێ مەترێک پێش گەیشتنە زەوی و بەر دەرگەی ژێرخانەکە. سەعید وەک پشیلەیەک بە ئاگاییەوە قاچ لەسەر رووکاری تەسکی دیوارەکە دادەنێت. دەستێکی بە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە گرتووە و دەستەکەی تریشی بۆ قەدی چڕی لاسک و پەلی گژوگیاکە درێژ دەکات. کە دەست لە لاسکە چڕەکان گیر دەکات دڵی دەکەوێتە خێرا لێدان. قرچە لە بنچکی لاسکەکانەوە هەڵدەستێت، بەڵام هەر خۆشیان ڕاگرتووە. تەنیا ئەو هەندە گەڵایەی لێبوونەوە دەکەونە خوارەوە. ئیتر بەسەر لێواری باریکی دیوارە تەسکەکەدا، بەرەو پەیژەی فریاکەوتن هەنگاوی بە ئاگا هەڵدێنێتەوە. ئیتر واگەیشت!

پلە پەیژەکان کە هێشتاکە گەرمایی خۆری ئەو ڕۆژە دەدەنەوە، ژەنگ هەڵهاتوو و قرچۆکن. سەعید زۆر بە ئاگاییەوە قاچەکانی بە دوای یەکدا دەنێتە بان پلەکان.

قاچی لە بان کۆتایی پلەیە کە جیرە جیرِی لێ هەڵدەستێت. پلەکە دەشکێت و قاچی سەعید بە ئاسمانەوە دەلەنگێتەوە. هەردوو دەستەکانی

توونـد دەگرێت و خۆی بەرەو خوارەوە دەخزێنێت. بەری دەستەکانی دەسووتێن و دەچووزێنەوە. ئیـتـر قـاچێک لـە دیوارەکـە دەدات و بـە تەکـانێک خـۆی بەردەداتەوە. لەسـەر هەرچوار پەل دەگـیرسـێتـەوە. کـە لەوێوە بـەرەو سـەرەوە هەڵدەڕوانێت، گەڵایەک بەردەبێتەوە و دەکەوێتـە بـان سـەری. سـەعید بێ ئەوەی بزانێت بۆچ؟ گـەڵاکـە دەگـرێتـەوە و دەیخـاتـە گـیرفـانیـەوە. تەنیـا کـەمـێک لە پەنجـەرەکـانی بەسـەر ڕووکـاری حـەوشـەکـدان ڕووناکی دەدەن. لـەلایەکـەوە ئاوازی گیتارێک هـەڵدەستێ. لە دەروازەکـەوە سـەعید گوێبیستی هـەراوزەنای ژیانی دەرەوە دەبێت. کـە ئەو بۆ ئێرەکانـە هات، مامی پێی وت" بەرلین هـەرگیز ناخـەوێت." سـەعیـدیش وەڵامی دابووەوە؛ :" بـەغدادیش هـەرگیـز ناخـەوێت." مامیشی بەمی وتبوو: "کوڕەکەم، دەزانیت بۆچی بەغداد هەرگیز خەو ناچێتە چاوانی؟ چونکە ترسی هەیە!" سەعید بەرەو وێستگەی ترامەوای ژێرزەمینیەکە دەچێت. دەشـزانێت کـە شـەقـامی ئولمن لە کـوێیـە. دەبێت چەند وێستگەیەک بڕوات و لـە مـەیدانـی - ئەلێکسـاندەر- بیگۆڕێت بـۆ هێـڵـێکی تـر. لە بیـسـت خولەکدا دەگاتە ئەوێ.

***

کـەش و هـەوای ئـاهەنگەکـە بـەرەو تێکچـوون دەچێت. زۆرێک لەوان نـاتوانن سەما بکەن و مەستیان کردووە. جووتەکانیش چوونەتە سووچەکانەوە و ماچ و مـوچ دەکەن. هەندێکیشـیـان خـەویان لێ کـەوتووە. تەنیـا خـورتێکی قـەڵەو لەسـەر حـاڵ مـاوەتـەوە. لە خـواردنگەکەیـە و سـەلاتـی مـاکـارۆنی و مـایۆنێـزە دەخـاتە بـان پارچە سـەمونێکی - چیاباتا - کـەی دەسـتی. کە چاوی بـە لێنا دەکەوێت، بـە شـەرمـەوە پارچـە نانەکە لە پشت خـۆیەوە حـەشـار دەدات. بەڵام مـایۆنێـزەکە دەتکێتـە سـەر زەوییـەکە. خـۆی هـەسـتی پێ ناکـات و لـێنایش لە خـەمی شـتی تردایە. لێنا ناتوانێت مۆریتس بدۆزێتـەوە. دەڵێیت عـەرز قـووتی داوە. هـەمـوو ژوورەکان و تـەنانەت تەوالێتـەکـەیش گـەڕا. بەڵام لە تەوالێتەکەدا یەکـێک دانیـشـتـبـوو کـە ڕوخـسـاری سـەوز هەڵگەرا بوو. ئەو بە خـێـرایی دەرگەکەی داخستەوە.

کێرستین مۆسیقای – تەنوورەی نەرم و نیان – ی بە نزمی خستە سەر، هەتا هەمدیسان دراوسێکان نەکەونەوە شکات و پۆلیس بانگ نەکەنەوە. هەر زۆر بێدەنگتر بوونەتەوە. دەڵێیت بەنج کراون یانیش شتێکی لەوبابەتەیان قووت دابێت. ئەگەرچی ژوورەکان پڕ لە دووکەڵ بوون، بەڵام لێنا وازی لە گەڕان نەهێناوە. تیشکی گڵۆپەکانیش کەمتر کراونەتەوە و کز کراون. دووکەڵەکەیش تەمێکی تارا ئاسایی تەنک دروست دەکات. کەسێک دەسرۆکەی ڕەنگاوڕەنگی بەسەر گڵۆپی دانراوی ژووری دانیشتندا شۆڕ کردووەتەوە، هەتا کەشێکی ڕۆژهەڵاتی بخوڵقێت. کەسێکیش گڵۆپی داڵانەکەی باداوە و ئەوێکانە تاریک بووە. بۆیە ئەوانەی کە بەوێدا دەڕۆن قاچیان لەوانە هەڵدەکەوێت کە لە تاریکییەکەدا دانیشتوون. ئیتر دەبێتە دەمبۆڵە و پێکەنین و بە کوێرەکوێرە هاتووچۆ دەکەن.

گڵۆپە بچکۆلەکانی دەووری پێخەفەکەی کێرستین، بەردەوام پرتە پرتیانە. لێنا چوار کەس لە بان پێخەفەکەی کێرستین دەبینێت کە لە یەک ئاڵاون. لێ، کەسیان ناناسێتەوە. ئینجا کە ئەرخەیان دەبێت مۆریتسیان تێدا نییە، کەیفساز دەبێت. دەرگەی خواردنگەکە دەکاتەوە. جاچونکە لە تاریکییەکەوە هاتووە، ڕووناکییەکە چاوەکانی دەخاتە پرتە پرت. خەڵکەکەی ئێرە ڕووخساریان وەک خۆڵەمێشە. بیر دەکاتەوە؛ دەڵێیت نەخۆشن. بەڵام نازانێت کە خۆیشی هەر وەها دیارە. سەرگێژەی نیو کاتژمێری لەمەوبەر نەماوە. پێی وایە کە بە ئاگا بێت. هەربۆیەش هەست بە برسێتی دەکات. پارچەیەک پیتزای گەورە هەڵدەگرێت و بە حەزەوە دەیخوات. یەکێک پرسیارێکی ئاراستە دەکات. کە ئاوڕ بۆ دەنگەکە دەداتەوە، کەسەکە نامێنێت. بۆیە بە شان هەڵتەکاندنەوە کۆتاییی پارچە پیتزاکە دەخاتە دەمیەوە و دەگەڕێتەوە بۆ داڵانەکە. بە ئاگاییەوە هەنگاو بەسەر لاقە درێژکراوەکاندا دەنێت و بەرەو دەرگەکە دەچێت. دەرگەکە دەکاتەوە و سەرێک دەکێشێتە ناوەوە. سەر پلەکان تاریکە، بەڵام گوێی لە دەنگ و قریوە قریوە. جارجارەیش شەوقێک دەردەکەوێت وەک کەسێک وێنە بگرێت. لێنا بەئاگاییەوە بە پلەکاندا دەچێتە خوارەوە. لە

کۆتاییدا مۆریتس لە نهۆمی خوارترەوە دەدۆزێتەوە. ئەو لە تەک کەسێکی تردا و لە ناو گاریەکی تەختەدا دانیشتوون. گاریەکی بۆیە کراوی یاری منداڵان. هەردووکیان ئەژنۆکانیان هەتا ژێر چەناگەیان هەڵکێشاوە و جگەرەی بەنگی – یۆنیت – دەکێشن. دەرگەکە لەسەر پشتە و ئەوانیش بە هێواشی دەپەیڤن. ڕووناکی شەقامەکە دێتە ژوورەوە. کەسێک لە دەرەوە دێتە ژوورەوە. بەدەم داخستنەوەی زنجیری پانتۆڵەکەیەوە، بێلەوەیش هەست بە لێنا بکات بە پلەکاندا و بەرەو ژوور سەردەکەوێت. لێنا لە بەر ڕووناکی ئەسانسۆرەکەدا، نووسراوە هەڵواسراوەکە دەبینێت کە ئاماژە بە لەکارکەوتنی ئەسانسۆرەکە دەکات. لێنا نێوچاوانی گرژ دەبێت و بیر دەکاتەوە؛ خۆ پێشووتر کاری دەکرد. چونکە دێتەوە یادی چۆن لە تەک مۆریتسدا بە ئەسانسۆرەکە سەرکەوتنە سەرەوە. کەچی وادیارە پاش ئەو چەند کاتژمێرە، مۆریتس ئەمی لە بیر کردبێت. ئەوەتا لە ناو ئەو گاریی منداڵانەدا دانیشتووە. بە چاوی نووقاوەوە مژ لە جگەرەکەی دەدات و گوێ لەو زەلامە دەگرێت کە بلوزێکی سووری کڵاوداری لەبەردایە و قژی بژ و لوولی پرچ ئاسای هەیە.

لێنا هێندە لە بەردەمی مۆریتسدا ڕادەوەستێت، هەتا ئەو چاوەکانی دەکاتەوە و لەم هەڵدەڕوانێت. ئەمیش بزەیەکی بۆ دەکات و پێی دەڵێت:

– ئێ، ئەوە لێرەکانەیت..؟

مۆریتس بە دژوارییەوە سەر هەڵدەبڕێت و لێی هەڵدەروانێت. ئینجا بە خاوییەوە دەڵێت:

– بەڵێ لێرەم. وەرە دانیشە.

ئینجا جگەرەکەیش دەداتە دەست خورتەکەی، دەستی بۆ درێژ کردووە. لێنایش بەدەم خەندەوە دەڵێت:

– لە کوێدا؟

مۆریتس خۆی تۆزێک بەولاترەوە دەجوڵێنێت، هەروەک جێی کردبێتەوە. پاشان هەر خێرایش خۆی بۆ جێگەکەی دەخزێنێتەوە خوارەوە. جێگەکەی

خۆی دەگرێتەوە و قاچەکانی بە بەرزاییەوە دەلەرێنەوە. خورتە قژ پرچاوییەکە لە لێنا دەپرسێت:

– تۆیش دەخوازیت؟

ئەوجا کە خۆی بەرز دەکاتەوە، لەنگەری گاریەکە تێک دەچێت. مۆریتس خۆی بە دیوارەکەوە دەگرێتەوە و هاواری لێ دەکات:

– ئۆوو... شێتە.. دە ئاگەدار بە..!

لێنا بەخێرایی دەڵێت:

– باشە، هیچ نەبووە.. من بە پێوە دەوەستم.

مۆریتس سەری دەلەقێنێت. جگەرەکە لە کوڕەکە وەردەگرێتەوە و مژی لێ دەدات. لە لێنا هەڵدەڕوانێت و بە بیرەوە دەپرسێت:

– ئەوە تۆ کێیت؟

لێنا پێدەکەنێت و وەڵامی دەداتەوە:

– هەی، ئەم پرسیارە یانی چی؟ خۆ تۆ من دەناسیت..؟

مۆریتس قەدەرێک سەرنجی لێ دەدات و سەری بامانای نەرێتی بادەدات. لێنا دەڵێت:

– من لێنام.

ناوچاوانی مۆریتس چرچ و لۆچ دەبێت و بە خومارەوە، وەڵام دەداتەوە:

– لێنا؟ شتی وەهام هەرگیز نەبیستووە.

لێنایش دەڵێت:

– من ئەو لێنایەم کە ویسکییەکەم پێ بوو. تۆیش لە ویسکییەکەی منت خواردەوە.

چاوەکانی مۆریتس دەکرێنەوە، ئەبلەق دەبن و دەست بۆ لێنا درێژ دەکات. پێدەکەنێت و دەڵێت:

– ویسکییەکە..! تەواوە.. ئەوە تۆیت..؟!

دەست دەخاتە ناو دەستییەوە و بۆ خوارەوە و کن خۆی ڕای دەکێشێت. لێنا لەنگەری خۆی لەدەست دەدات و وەک گوێنیەک بەسەر هەردووکیان و ناو گاریەکەدا دەکەوێت. ڕوخساری دەکەوێتە نێوان هەردوو قاچی مۆریتسەوە. مۆریتس قریوەیەک دەکات و ناوگەڵی تەسک دەکاتەوە. خورتەکەی تر هاوکاری لێنا دەکات و بەرزی دەکاتەوە. مۆریتس ئەو دەستەی تەواو دوور خستووەتەوە کە جگەرەکەی تێدایە. وەک جگەرەکە شتێکی گرانبەها و قابیل بە شکاندن بێت و نابێت هیچی لێ بێت. ئینجا کە خورتەکەی ناوی – کریسی – ە پەلاماری جگەرەکە دەدات، مۆریتس سەری بۆ ڕادەوەشێنێت و پێی دەڵێت:

– با ئەویش مژ لێ بدات...

دەستیشی بۆ لێنا درێژ دەکات کە نیوەی لەشی لە باوەشیدایە و دەڵێت:

– کاڵایەکی باشە..

لێنا تا نهاکە جگەرەیەکی وەک – جۆنێت – ی نەکێشاوە. لە خوێندنگەکەی شاری – فرانکفۆرت – یش، لەمجۆرە جگەرانە دەکێشران. بەڵام ئەم هەرگیز بەشداری تێدا نەکردووە. نەک لەبەرئەوەی کە دایک و بابی لێیان قەدەغە کردبوو، بەڵکوم هەر خۆی ئارەزووی لە وەها شتگەلێک نەبوو. دەبا نهاکە بیکات. بۆچ تاقی نەکاتەوە. خۆ هەموو ئەمانەی ئێرە دەیکەن. جگەرەکە وەردەگرێت. دەیخاتە نێوان لێوەکانی و دەکەوێتە مژ لێدان. خێرایش دەکەوێتە کۆکین. مۆریتس و خورتەکەیش چاو لەیەکتری دادەگرن. لێنا مژێکی تر لێ دەدات و ئیتر ئەمجارە ناکۆکێت. ئەوجا چاوەڕێ دەکات کە جگەرەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر دادەنێت. قنگە جگەرەکە دەداتەوە بە مۆریتس. مۆریتس دەڵێت:

– باشە، وانییە؟ هاکا دەبیتە مرۆڤێکی تر.

لێنا دەقریوێتەوە:

– وایە. مرۆڤێکی تر.

خۆیشی نازانێت بۆچ لە ئان و ساتدا بەلای دەرگەکەوەی هەڵدەڕوانێت.

چونکە هیچ هۆکارێکی گرینگ نییە. یەقینیشە کە گوێی لە هیچ هانگاوێکی دەرەوە و یانیش بان پلەکان نەبووە. بەڵام لە ناکاو سەعید لە ژێر گرێژنەی دەرگەکەدا وەستاوە. لێنا بە واق ورمانەوە لێی هەڵدەڕوانێت. سەعید بە نزمی دەڵێت:

– هەلۆ..

لێنا دەچیتەوە ناو خۆی، بیریش دەکاتەوە: نا، نابێت، شتی وەها نابێت، ناخوازم کە ئەو لێرە بێت. من دەمەوێت کەیفی خۆم بکەم و دوور بم لە کێشە، دەمەوێت تەواو خۆم کەیفساز و خۆشحاڵ بکەم. تا ئێستا ئێوارەکە هەر زۆر چاک و لە بەردڵانە. دەبێت وەهایش بمێنێتەوە. ئینجا بە تووڕەییەوە دەپرسێت:

– لێرە چی دەکەیت؟

دەشبینێت کە سەعید، وەک لە شتێک تۆقیبێت، لەم هەڵدەڕوانێت. سەعید بە لاڵە پەتەوە وەڵام دەداتەوە:

– من.... نازنم...

لێنا بیر دەکاتەوە: " نامەوێت ئیتر گوێم لە – من نازانم – ە کانیەوە بێت. هەرگیز نامەوێت..." لێنا هەوڵ دەدات کە چاوەکانی خۆی بە کراوەیی بهێڵێتەوە. ئینجا بە لاڵە پەتەوە دەڵێت: " هەرگیز نا.." مۆریتس بە دەم پێکەنینەوە دەڵێت:

– ئەو نازانێت!

لێنا هاواری لێ دەکات:

– خۆ کەسێک داوەتی نەکردوویت!

دەشزانێت دەنگی ناسروشتی دێتە بەرگوێ. کە قسە دەکات دەنگەکە لە مێشیکیدا زایەڵە دەداتەوە. سەریشی ژان دەکات؛ پێی دەڵێت:

– دەی بڕۆ!

هەرچۆن بێت لەوەی تێ دەگات کە ناحەقی لە بەرامبەریدا دەکات. بەڵام

ناتوانێت خۆی لە وەها کردەوەیەک بپارێزێت. هەستێک ناچاری دەکات کە بریندار بکات. وەک هەستێکی خۆشی بێت. سەعید بە نائەرخەیانییەوە دەڵێت:

– لەمە تێ ناگەم..

لێنا بەسەریا دەقیژێنێت.

– دەبەنگ! لاچۆ برۆ. لە بەرچاوم ون بە. هەست ناکەیت کە قەڵسمان دەکەیت؟

سەعید دەڵێت:

– نازانم!

مۆریتس قاچی بەرەو سەعید درێژ دەکات. هەروەک بیەوێت بە قاچ دووری بخاتەوە، دەڵێت:

– ئێمە دەمانەوێت بە تەنیا بین!

ئینجا دەمی دەخاتە بان گوێی لێنا. لێنا هەست بە ختوکە و خورانێکی زۆر خۆش دەکات. قریوەیەک دەکات و چاوەکانی دەنوقێنێت. مۆریتس بە گوێیدا دەچرپێنێت:

– کارێکمان لە پێشە!

لێنایش چاوەکانی شەوق دەدەنەوە و خۆشحاڵە.

سەعید دەڵێیت ڕواوە. لێنا خۆی لە مۆریتس هەڵدەسوێت. دەشبینێت کە ڕەنگی سەعید، وەک سپێتیی دیوار، سپی هەڵگەڕاوە. وەک ڕەنگی مردووی لێ نیشبێت. بەڵام لێنا نە دەیەوێت و نە دەشخوازێت، بە پەرچەکردارێک هەڵسێت. دەڵێیت لۆکە لە مێشکیدا پەنماوە! سەعیدیش لە جێگەکەی خۆی چەقیوە و لە لێنا هەڵدەڕوانێت. لێنا لە نێوان ناوگەڵی کراوە و بەربڵاوی ئەو دووانەدایە. ئەوانیش قاچەکانیان لە گاریەکەوە شۆڕ کردووەتەوە و دەیلەنگێننەوە. – کریسی – لێی دەخوڕێت:

– ئەوە تۆ کەریت.. یان چی..؟ دەی هەڵفڕە..! بەڵام بڕێک بەخێرایی..!

سەعیدیش کە چاوی لە لێنا بڕیوە، گوێی ناداتێ و بێ ئەوەی بجوڵێت، ڕەپ ڕاوەستاوە. سەعید دەڵێت:

– لێنا کورتە هەواڵی بۆ ناردووم. کە بێم و لەگەڵیا قسان بکەم. بۆیە هاتووم.

مۆریتس سەری بەرز دەکاتەوە. دیارە شتێکی لە ژێر سەردایە. هەناسەیەکی قووڵ وەردەگرێت و دەداتەوە. سەیری سەعید دەکات و هاوار دەکات:

– ئەهـ–––ا! دەدەی.. خورما خۆرەکەیە.. بابە ئەوە من کورتە هەواڵم بۆ ناردیت.!

سەرنجێکی – کریسی – ش دەدات و پێی دەڵێت:

– کرێسی خۆ تۆ هەڤاڵی منیت. ئەویش دۆستمە! لێگەڕێ با ئەویش مژێک بدات!

سەعید بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەستی بەرز دەکاتەوە و وەڵامی دەداتەوە:

– نەخێر سوپاس، سوپاس... با لای خۆت بێت..! (ئینجا بیر لە وشە دەکاتەوە و بۆی دەگەڕێت).. با ئەو شتە لە کن خۆت بێت!

کرێسی دەبۆڵێنێت:

– بابە ئەوە شت نییە، بەڵکوم گژوگیایەکی باشە.

سەعیدیش دەڵێت:

– بەڵێ. بەڵام من ناخوازم. نەخێر سوپاس.

ئینجا لە لێنا هەڵدەڕوانێتەوە. هێشتاکە چاوەڕێیە کە لێنا لە ناو گاریەکە هەڵسێتەوە و لەگەڵ ئەمدا بڕوات. بەڵام لێنا سەری خۆی بەولادا وەردەگێڕێت. هەست دەکات کە هەمدیسان تووشی سەرەگێژە بووەتەوە. دەڵێیت سواری جۆلانەی بازنەیی بووە، هەموو شتێک لە بەرچاوانی دەسووڕێنەوە و خول دەخۆن. مۆریتس بە سەنگینییەوە خۆی لەسەر گاریەکە بەرز دەکاتەوە. کریسیش بەدەم نەفرەت وتنەوە، هەروەک لە ناو بەلەمێکدا بن، دەبێت لەنگەری

گاریەکە ڕابگرێت تا قلْپ نەبێتەوە. کە مۆریتس هاواری یارمەتی لە کریس دەکات، سەعید دەستی بۆ درێژ دەکات. مۆریتسیش دەڵێت:

– سوپاس هەڤاڵ.

وا ئیتر مۆریتس لە بەردەم سەعیددا وەستاوە. لێنایش بە دژواری لە گاریەکە دێتە دەرەوە و پاڵ بە دیوارەکەوە دەداتەوە. سەری گێژ دەخوات و خول دەخوات. مۆریتس هێندە خۆی دەچۆمێنێتەوە، هەتا تەوێڵی لە تەوێڵی سەعید دەکەوێت. ئینجا دەڵێت:

– هەڤاڵ، تەواو لە بیرم چووەتەوە، مەسەلەکە لە هەمبەر تۆوە، بەتەوای چییە. بەڵام خۆشیشە کە تۆیش لێرەکانەیت.

سەعید بە بوێرییەوە زەردەخەنەیەک دەکات. لە لێنا هەڵدەڕوانێت و دەپرسێت:

– ئەوە چی دەوێت؟

– نا.. نا... زاااانم...

زمانی لێنا هێندە قورسە، وەک سەرخۆشێک دەپەیڤێت. بەڵام پەلاماری جگەرەکەی نێوان پەنجەکانی کریسی دەدات و مژێکی قووڵی لێ دەدات. خۆشی دەزانێت بۆیە ئەمە دەکات، هەتا سەعید بتۆقێنێت. ئەو لەم ئان و ساتەدا ئەم کردەوەیەی خۆی بە سروشتی دەزانێت. سەعید وەک ئاگەدارکردنەوە هاوار دەکات:

– ئەوە حەشیشەیە! مەگەر نایبینیت؟

ئینجا گەرەکیە جگەرەکە لە لێنا بستێنێت، بەڵام کە ئەو بەرهەڵستی لە خۆی دەکات، سەعید پێی دەڵێت:

– لێنا، ئەوە خراپە. لای ئێمە لە عێراق.....

کریس تەواو تووڕە و دڕدۆنگ بووە. هەڵدەستێت بەلارەلار دەگاتە بەردەم سەعید و سەری بە تەوێڵی سەعیددا دەکێشێت. هەروەک نیازی بێت بەوجۆرە، لە پلیکانەکانەوە بیخاتە خوارەوە. سەعید دەپرسێت:

– ئەی ئاهەنگەکە لە کوێیە..؟ لێرەیە..؟

مۆریتس دەبۆڵێنێت:

– بەڵێ.. ئاشکرایە کە لێرەیە. بەڵام خۆ تۆ داوەت نەکراویت. چونکە تۆ دژی جگەرەیەکی – یۆنیت – یشیت. برۆ لە بەرچاو بزر بە...(دەستێکی پێدا دەکێشێت)... خورماخۆر بانگهێشتە نەکراون.

زەردەخەنەکەی سەعید تێک دەچێت. مۆریتس دەڵێت:

– تەنیا گاڵتەیەک بوو...

گەرەکیشیە دەست بەسەری سەعیددا بێنێت، بەڵام دەستی تەتەڵە دەکات و بەسەر سەعیددا دەکەوێت. سەعیدیش دەیگرێتەوە. کەچی مۆریتس بەلاڵەپەتەوە دەگورێنێت:

– ئاهای... وازم لێ بێنە..

سەعید هەنگاوێک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، بەڵام مۆریتس بەسەر باڵی سەعیددا دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا تووڕە دەبێت:

– قووندەر، بەرمدە..!

سەعید لە لێنا هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– لێنا، تکایە.. لە تەکما دێیت..؟ ئەوەتا دەبینم، باش نییە ئێرە.. تکایە... خۆ تۆ بەڵێنت دا..

مۆریتسیش لاسایی دەکاتەوە:

– لە تەکما دێیت...؟ تۆ بەڵێنت دا....

ئینجا دەنگی دەگۆڕدرێت:

– ئەو لە تەک تۆدا ناڕوات، خۆشەویستەکەم. لە تەک مندا دەڕوات.

خۆی لە سەعید دوور دەخاتەوە و بەسەر لێنادا دەکەوێت. لێنایش خەریکبوو بکەوێت. بە پێکەنینەوە دەڵێت:

– ئەمە هی منە. تێ دەگەیت؟

ئینجا وەک سەگێک دەکەوێتە لێسانەوەی ڕوخساری لێنا. ئەگەرچی لێنا بە قێزەونی دەزانێت، بەڵام بەلاشیەوە ناخۆش نییە. مۆریتس بەدەم لێسانەوەوە دەڵێت:

– لێنا ویسکی منە... ویسکی یەدەگ..

زمانی بەسەر ملی لێنادا دەخشێنێت. سەعیدیش گرژ دەبێت. هیچ ناکات و تەنیا چاوەڕێ دەکات. چاوەڕێ دەکات هەتا بزانێت لێنا پەرچەکردارێک بکات. بێتەوە سەر حاڵ و لە تەک ئەمدا بڕوات. ئەوەتا ئەم لە نیوەی شەودا بۆ لای ئەو هاتووە و دەخوازێت لە تەکیا بپەڤێت. دەنا سەعید لەم شارە گەورەیەدا کەسێک ناناسێت لە تەکیا قسان بکات.

بەڵام لێنا ناتوانێت هیچ بکات. لاقەکانی دەڵێی لاستیکن. سەریشی گێژ و وڕ و بەنگاوی. هەست و بیریشی لە شەوەکەدا پەرتەوازە بووە. ئارەزووی ئەوەبوو بزانێت دەمژمێر چەندە. بەڵام نازانێت بۆچی بەلایەوە گرینگە بزانێت. لە ناکاو لەگەڵ خوماریەکی ناو مێشکیدا، توانی بیر بکاتەوە؛ کە بابی لە نیوەی شەودا دێت بە شوێنیدا. بیریی لەوەیش کردەوە: سائەگەر ئەو من ئالێرەکانە ببینێت، ئەوا کێشە دروست دەبێت. وا هاتووەتەوە سەرخۆی. دەزانێت جانتاکەی کە تاقمی ئارایشت و جزدانەکەی و بیتاقەی مانگانەی هاتوچۆی تێدایە، لەسەرەوە کەوتووە. لە ناکاو ترسی ئەوەی لێ نیشت، ناکا کەسێک دزیبێتی. دەست بە لێواری پلەکانەوە دەگرێت. هێدی هێدی و پلە بە پلە خۆی بەرەو سەرەوە بەکێش دەکات. سەعید هاوار دەکات:

– لێنا، نایەیت..؟!

لێنا سەری ڕادەوەشێنێت و ئاوڕیشی لێ ناداتەوە. دەیەوێت شەشدانگی هزری لای دەستگرتن بە لێواری پلەکانەوە بێت و بە توندی سەرکەوێت. هەست دەکات گێژ و وڕە و نەکا بە پشتا بکەوێتە خوارەوە. لە ناکاویش تامی پیتزا ساردەکەی خواردی، هێشتا لە دەمیایەتی. مۆریتس ڕوو بە سەعید هەڵدەداتێ:

– گوێت لێ بوو؟ نایەوێت بێت... ئیتر گاریەکەت ڕاکێشە... کاناک..!! تۆ قەڵسکەریت. ئەو بووکی خۆمە.

مۆریتس هەوڵ دەدات هەموو توانای خۆی کۆکاتەوە و بە پاڵ سەعید بەرەو و دەرگەی هۆڵەکە دەبات. ئینجا دەرگەکە دادەخات و کێلونەکەی تێدا بادەدات. ئاورێک لە کریسی دەداتەوە. خەندەیەکی ماناداری بۆ دەکات و لێی دەپرسێت:

– جگەرەیەکی تر – یۆنت – ت هەیە..؟

ئەویش دەمی بۆ پان دەکاتەوە و پەلاماری توورەکەکەی دەدات. توورەکەکەی بەنێکی ڕەنگاوڕەنگ و لە تووکی مەڕ دروستکراوی هەیە و بە ملیدا هەڵواسراوە.

***

سەعید هەمدیسان لە ماڵەوەیە. خۆی وەک سەگێکی بیزارکراو هەست پێ دەکات. دەبەیەکی زبڵدان دەخاتە ژێر کۆتاییی پلەکانی پەیژەی فریاکەوتنی ئاگرەکە. دەچێتە سەر دەبەکە و دەست بۆ سەرەوە درێژ دەکات. ئیتر چونکە کۆتایی پلەکە شکا، نیو مەتری بۆ دەست گەیشتن و قایمکردن ماوە. سەعید هەست بە بێهێزی خۆی دەکات و دەلەرزێت. هەموو گیانی هاواری لێ دەکەن کە خۆی تووڕ بداتە بان زەوییەکە. ئیتر هەموو شەوەکە و لەم حەوشەیەدا پاڵکەوێت و هەرگیزیش هەڵنەسێتەوە. هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە. هێز لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و خۆی هەڵدەدات. دەستی ناگاتە جێی مەبەست و نینۆکەکانی سپیکاریی دیوارەکە دەڕنن. دەبەکەیش لار دەبێتەوە. بێجووڵە پاڵکەوتووە. هەتا بیست دەژمێرێت و لە پەنجەرەکانی بان حەوشەکە هەڵدەڕوانێت. لە پشتی هیچ پەنجەرەیەکەوە ڕووناکی هەڵناکرێت. هەمدیسان دەبەکە دەخاتەوە جێگەکەی خۆی. بیریش دەکاتەوە، سوپاس بۆ خوا کە دەبەکە بەتاڵە. ئینجا بۆ دووەم جار دەچێتەوە سەری. هەمدیسان چاوەکانی دەنوقێنێت و هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە. ئینجا خۆی ئامادە دەکاتەوە. کە خۆی دەجووڵێنێت، ماسوولکەکانی دێشێن. بە خۆهەڵدانێکی بەهێز بەرز

دەبێـتـەوە و بەشـی خـوارەوەی لاسکە تێکئـالاوەکـان دەگـرێت و خـۆی قـایم ڕادەگرێت. کە پەنجەکانی لە لێواری لەوحی پەنجەرەکە گیر دەکات، دەستی زامـدار دەبێت. بـەڵام هـەر خـۆی توونـد ڕادەگـرێت. قـاچەکـانی بە ڕووکـاری دیوارەکـەوە دەنووسـێنێت و سـانـتـیم بە سـانـتـیم بۆ سـەرەوە هەڵدەگـەڕێت. واهەست دەکات ماسـوولکە و دەزوولەکانی بـاسکی بووبنە هەزار پارچە، بەڵام هەر زۆر توونـدی ڕادەگـرێت. ئیـتـر بە دژواری دەتوانێت پێیـەکی بخـاتـە سـەر پلەی خـوارەوەی پەیژە هەڵواسـراوەکە. ئینجا چاوەڕێ دەکات هـەتا بەئـارامی خـوێنی بێـتـەوە بـەر و دڵیـشـی ئارامـتـر لێ بدات. ئـەوجا بە ئـاگاییـیـەوە و بە هێـمنی بەرەو سـەرەوە هـەڵدەکـشـێت. پـەنجـەرەکـەی وەک چۆن بە تـاکی کـردبـوویەوە و جێی هـێشـتـبـوو، وەک خـۆی مـابـووەوە. هەمـوو گـڵـۆپەکـانیش گـوژێنراونەتـەوە و مـاڵەکـە ئارام و بێـدەنگە. کـە دێتـەوە ژوورەکـەی خـۆی، گوێبیستی پرخەپرخی ژووری نووستنەکە دەبێت.

پێـڵاوەکـانی دادەکەنێت و لە پاڵ یـەکدا، دەیانخـاتە ژێر تەختـەخـەوەکـەیەوە. دەرگـەی ژووری نـووسـتـنەکـەی لە پشـتـی خـۆیەوە ڕادەکـێـشـێت و دەچێـتـە گەرماوەکە. دەرگـەی گـەرماوەکە بە کلیل لەسەر خـۆی دادەخـات. کلیلەکەیش فڕێ دەداتە کـونێکی سـەرەوەی دووکەڵکێشـەکە. کلیلەکە شـەقـەی دێت و بە قـووڵایی بۆشـایی پشـتـی دیوارەکدا دەخـزێتـە خـوارەوە. کە سـەعیـد خـۆیشـی نازانـێت، بۆ کـوێ دەچێت. تاکی دەرگـەی دۆلابە بـچکۆلە هـەڵواسـراوەکـە – بەڕای مـامی دۆلابۆلکەی ژەهرەکـان – دەکـاتەوە کـە خـاچێکی سـووری پێـوە چەسپێنراوە.

دەواکـانی ناوەوە دەهێنێـتە دەرەوە. حەبی سپی و بۆر لـە قتـوی درێژکـۆلە و یانیش شـووشـەی بچکۆلەدا. هەندێک کـەپسـوولی شـەفـاف و یانیش ئەوانەی وەک دەنکە قـــاوە، قـــاوەیین. هەر هـەمـــوویان دەکـــاتـە ناو لێـــوانی ئـاوی دانشـتنـەکـەیەوە و ئاویان بەسـەردا دەکـات. کـە بە کلکی فـڵـچـەی دانەکـەی تێکەڵیـان دەکـات، سەرنج دەدات چۆن هـەندێک لە حەبـەکان هەرکە کـەوتنە ناو ئاوەکـــەوە تـوانەوە. ئاوەکـــە ڕەنگی شـــیـــر دەگـــرێت، ئینجـــا ڕەنگی زەرد و

سەوزێکی تێکەڵ. لێ، هێشتاکە سێ چوار حەب بەسەر ئاوەکەوەن. سەعید دەچێتە ناو بانیۆکەوە. بانیۆکە ئەگەر ئاوی تێدا نەبێت، ڕەق و تەق و ناخۆشە!. بەڵام ناوێرێت بەلوعەکە بکاتەوە و ئاو بەر بداتەوە. خاولییەک لوول دەکات و دەیخاتە ژێر پشتە ملی خۆیەوە. ئینجا دەکەوێتە ئەوەی تێکەڵەی حەبەکان بخواتەوە.

تامەکە تاڵە، بەڵام هێندەیش خراپ نییە. بە قوومی بچووک بچووک تێکەڵەکە دەخواتەوە. لەگەڵ هەر قوومێکیشدا ناوی ئەو کەسانە دێنێت کە لە ژیانیدا ناسیوونی و خۆشی ویستوون. سەرەتا ناوی دایکی. ناوی بابی، بابەگەورەی. ئەحمەدی هەڤاڵی. ئینجا وێنەی ڕوخساری خەدیجەی دێتە بەرچاوی خەیاڵ. خەدیجە بۆ ئەم دەخەنێتەوە. خەدیجەی چاو جوان دەستەکانی بەرز دەکاتەوە. هەروەک گەرەکی بێت دەستی لێ هەڵبخات و بانگی بکات. ئینجا ناوی دایکی خەدیجە و ژنە دراوسێکەیان دێنێت. پزیشکەکەی لە نەخۆشخانە چارەسەری ئەمی کرد. ناوەکەیی لە بیر کردووە. ئەرێ ناوی چی بوو؟ ناوی مامۆستاکەی لە بەغداد و مامۆستاکەی لە بەرلین.

ئینجا بە چاوی خەیاڵ خانووەکەیان لە بەغداد و دیجلەیش دەبینێت. دوو لاویش دەبینێت کە بە دەرپێی درێژی مەلەوە، لە بان پردەکە وەستاون. بە دەست و قاچی بزۆکەوە خۆیان بۆ ناو ئاوی ڕووبارەکە هەڵدەدەنە خوارەوە.

ئیتر هیچی تر نابینێت. هەست بە هیچی تر ناکات. لە پشتی پەردەی چاوەکانییەوە، هێندە ڕووناکی هەیە، دەڵێیت بەرەو خۆر هەڵدەچێت.

## بەشی نۆزدە

بەسام بەردەوام بە مشتەکانی، بەدەرگەی گەرماوەکەدا دەکێشێت و هاوار دەکات:

– سەعید دەرگەکە بکەورەوە. دەی خێراکە و بیکەرەوە بزانم چ باسە؟

بەڵام ناو گەرماوەکە کش و ماتە. تەنیا تکەتکی بەدوای یەکی دڵۆپە ئاو لە بەلوعەی سەر دەستشۆرەکەی ناوەوە دەبیسترێت. بەسام ئارەقەی تەوێڵی دەسرێت و لە هاوسەرەکەی هەڵدەڕوانێت. ژنەکەی دەڵێت:

– ئادەی با بزانم چییە....

گوێی بە کونی قفڵی دەرگەکەوە دەنێت و هاوار دەکات:

– سەعید، دە شتێک بڵێ، تۆ لە ژوورەوەیت؟

سۆنیا بە هۆش و گۆش چاوەڕێ دەکات و پاشان سەریشی ڕادەوەشێنێت، بە دەستەپاچەیییەوە دەڵێت:

– هیچ. گوێم لە هیچ نییە لە تکەتکی بەلوعەکە نەبێت. بەلوعەکەیش هەمیشە تکەتکی کردووە. بەسام! دەزانم کە ئەو لە ژوورەوەیە. دەرگەکەی داخستووە و کلیلەکەیشی دەرهێناوە! باشە بۆچ شتی وەها دەکات؟ ئەمە بۆ من جێی مەترسییە!

هەوڵ دەدات لە کونی کلیلەکەوە، لە ناوەوە هەڵبڕوانێت. لەپڕدا بە شڵەژاوییەوە هاوار دەکات:

– ئەوەتا! ئۆ خوایە... بەسام! ئەو لە ناو بانیۆکەدایە.. ئەوەتا قۆڵی دەبینم..!

بەسام هاوار دەکات:

– ئاخۆت لادە...

پاڵێکیش بە ژنەکەیەوە دەنێت و بە هەمــوو هێــزی خــۆی بە دەرگــەکــەدا دەکێشێت. تەڵەزمە تەختە لێ دەبنەوە، بەڵام دەرگەکە ناشکێت. خۆی دوور دەخاتەوە و جارێکی تر بەهێزەوە خۆی پێدا دەکێشێت. دەرگەکە لە گرێژنەوە هەڵدەتەکێت و دەکەوێتە سەر پشت. بەودیودا دەکەوێت و شەقە و زرمە هەڵدەستێت. سەعید لە ناو بانیۆکەدا کە ئاوی تێدا نییە پاڵکەوتووە. ملی لار بووەتەوە و بێجووڵەیە. لێوانێکی خاڵیش لەسەر زەویی پاڵ بانیۆکەدا کەوتووە. هەردوو دەرگە بچکۆلەکانی دۆڵابی دەرمانەکان لەسەر پشتن و بەتاڵە. هەموو شووشەی حەب و دەرمانەکانیش لە ناو دەستشۆرەکەدان. سۆنیا دەچرپێنێت:

– بەسام..! شتی وا نابێت! چەندە مەترسیدارە..!

دەستیش دەخاتە بان دڵی خۆی. چاوەکانی زەق و ئەبڵەق کراونەتەوە:

– دەیبینیت..؟

بەدەستیش ئاماژە بە دۆڵابە کراوەکە و شووشە بەتاڵەکان دەکات:

– ئۆوو خورتی هەژار..! ئۆی خوایە..! گەنجی هەژاری خێرنەدیو..!

بەسام بە ترس و دەستەپاچەییەوە دەقیژێنێت. ڕوخساری سەعید دەگرێت و ماچبارانی دەکات. ئینجا بە ئارامی دەڵێت:

– کوڕەکەم سەعید...!

لە ژان و ئازاردا، فرمێسک لە چاوەکانیەوە دەخزێنە خوارەوە:

– باوەڕم پێ بکە هەرگیز نەمویستووە شتی وەها ڕوو بدات.

هەرچی هەوڵ دەدات کە سەعید لە بانیۆکە بێنێتە دەرەوە، ناتوانێت. ئەو قوورسە. لە بن هەنگڵی هەڵدەنەوێت و بۆ دەرەوە کێشی دەکات. بەڵام سەعید دەخزێتەوە ناو بانیۆکە. سۆنیا دەچیتە هۆڵەکە و ژمارەی فریاکەوتنی ١١٠ لێ دەدات:

– پێویستمان بە پزیشکە! ئەو کوڕە.... ئۆو خوایە.. تکایە خێرا وەرن..!! چونکە ئیتر هەناسە نادات!..

بە مێردەکەیشی دەڵێت:

– بەسام وازی لێ بێنە. لە هەر خولەکێکدا بێت پزیشک دەگات. باشترە کە چاوەڕێ بکەیت. دەنا پێدەچێت زیانی زۆرتری پێ بگەیەنیت.

***

ژوورەکەی سەعید بەڕێکوپێکی کۆکراوەتەوە. هەرشتە و لە جێی خۆیدایە. پەڕتووک و تیانووسەکانی لە بان مێزەکەی دانراون و تەلەفۆنە مۆبایلەکەیشی لە پاڵیاندا. بەسام بەئاگاییەوە دەستکاری شتەکان دەکات و چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕێت. کە سەرنجی دەچێتە سەر پەنجەرە کراوەکە، دەچێت و خۆی بۆ دەرەوە دەنووشتێنێتەوە. گژوگیا و لاسک و پەلەکانی بە ڕوکاری دیوارەکەدا هەڵچوون، ژاکاون و پلیشاونەتەوە. سەرنجی پەیژە هەڵواسراوەکەی قەدی دیوارەکە و بەرمیلی سەرەونخونکراوی زبڵەکەی ژێری دەدات. لێوەکانی خۆی دەکرۆژێت. دەگری و چاوەکانی دەسڕێت. بەلای مێزەکەی سەعیدا وەردەگەڕێت. مۆبایلەکەی سەعید هەڵدەگرێت و دەرگەکە لەپشت خۆیەوە دادەخات.

سۆنیا لە پاڵ بانیۆکەدا چۆکی داداوە. دەست بە باسکیدا دەخشێنێت و بە خاولییەکی تەڕ نێوچاوانی سەعید سارد دەکاتەوە. لەبەر خۆشییەوە دەورتێنێت: " هەر ئێستاکە پزیشک دەگات. هاکا هەموو شتێک باش بوو، سەعید! ئارامت بێت و خۆ ڕاگر بە.. باشە..!؟ ئاخ لاوەکەم، ئاخ هەژارەکەم.. ئەوە تۆ چی دەکەیت..؟

بەسام بە تەلەفۆنەکەی دەستیەوە دێت. سۆنیا ئاوڕی لێ دەداتەوە و بە واق وڕمانەوە سەرنجی لەسەر ڕادەگرێت. بەسام دەڵێت:

– شەقامی ئوڵمن. ژمارە ٢٧

– ئەوە چییە؟

– نازانم. ئەو کورتەهەوڵێکی بۆ لێنا ناوێک ناردووە. دەیناسیت؟

– پێم وابێ ئەوە کچەکەی پۆلەکەیەتی. ئەوەی خەڵکی فرانکفۆرتە و لە کن بابی دەژی. سەعید لە پاڵ ئەودا دادەنیشێت.

***

سەری لێنا وەک دەنگی تراکتۆرێک چۆن بەسەر ڕێیەکی هەڵتەک هەڵتەکدا دەڕوات، ئاوەها وڕەوڕی لێوە دێت. لە ناو جێگەکەیدا ئەمدیو و ئەودیو دەکات. جارجار بە قاچەکانی لێفەکە لەسەر خۆی لادەبات و جارجارەیش هەتا ژێر چەناگەی هەڵی دەکێشێتەوە. ئەو جێیەش لە سەرینەکە گەرم دەبێت کە ئەم ڕوخساری لەسەر دادەنێت. سەرینەکە توورِ دەداتە خوارەوە و سەر زەوییەکە. بەڵام هەر خێرایش بە ئاخ و ئۆفەوە، هەڵی دەگرێتەوە و بە ورگی خۆیەوە دەنووسێنێت. ئاوازی جریوەی چۆلەکەکانی دەرەوە دەبیسترێت. لە ئاستی بەرزاییی سەربانەکانەوە تاتتوتی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە دوورەوە دەبیسترێت. لێنا ئەمبولانسێک دێنێتە بەرچاوی خۆی کە بە خێراییی سەد کیلۆمێتر چوار ڕێیەکان دەبڕێت و ئۆتۆمبێلەکانی تر ناچارن ئستۆپ بکەن و بوەستن. هەر بەڕاستیش گوێی لە زیکە و خشەی تایەکانەوەیە لە ساتی وەستانی خێرادا. ئیتر هەمدیسان بێدەنگی دروست دەبێتەوە.

ڕۆژی شەمەیە و پێدەچێت کە باب و – یۆنیکا – ی دۆستی، هێشتاکە لە ژووری نووستنەکەی تەنیشتەوە لە جێدا بن. هەردووکیان وەک چۆن ڕێککەتبوون، لە نیوەی شەوێدا چوون بە شوێنیدا. ئەوان لە پێشدا و لە خوارەوە لە ئۆتۆمبێلەکەدا چاوەڕێیان کردبوو. بەڵام کە ئەم نەهاتبووە خوارەوە، ئیتر بابی بە پلیکانەکانی سێ نهۆمدا سەرکەوتبووە سەرەوە. بێشک ئەسانسۆرەکە لە کار کەوتبوو. بابی هیچ پرسیارێکی لە کەس نەکردبوو. تەنیا بە ناو سەماکەران و لاربووەوەکان و میوانە لاڵەپەتەکاندا، ڕێی بەرەو باڵکۆنەکەی گرتبووە بەر. هەتا ئەو جێیەی کە ئەم لە بان قەنەفەیەک خۆی گرمۆڵە کردبوو و خەوی لێکەوتبوو. ئەوەی چاک لە یاد ماوە، کە بە ئاگا بووەوە ڕوخساری تەواو تەڕ بوو. دەبێت بابی لێوانێک ئاوی ساردی بە ڕوخساریدا هەڵپرژاندبێت.

کە ئەمیش خەواڵ و لە بابی هەڵڕوانی بوو، ئەو چوو بووە ژێر باڵی و بە پلیکانەکانی هەر سێ نهۆمەکەدا، بۆ خوارەوەی بەکێش کردبوو. تا ئەو جێیەی کە –یۆنیکا– لە تەنیشت ئۆتۆمبێلەکەوە لە چاوەڕێکردندا وەستابوو.

لێنا ئێستایش کە بە سەرئێشە و هەستی گەدە تێکچوونەوە دەناڵێنێت، لە یادێتی -یۆنیکا- جگەرەی دەکێشا. ئەو بۆنەش زۆرتر سەری ئەمی هێنایە ژان. بەڵام پێشدەچێت کە ئەم هەر زووتر هەستی بە سەرەگێژە و گەدە تێکچوون و ئازار کردبێت. بەهەر حاڵ لە ئۆتۆمبێلەکەدا هێندە گەدەی تێکچوو، ناچار بوو شووشەی پەنجەرەکە دابگرێتە خوارەوە. گەدەی پیتزا ساردەکەی گۆڕی بوو بۆ تێکەڵەیەکی شلی بە ڕەنگی سوور و زەردەوە کە بە دەرگەی ئۆتۆمبێلەکدا دەخزایە خوارەوە.

لێنا نکە نکێتی و لە جیگەکەدا خۆی ئەمدیو و ئودیو دەکات. هەوڵ دەدات بیر لە کۆتاییی ساتەکانی ئاهەنگەکە بکاتەوە. دەشزانێت کە لە تەک مۆریتس و کەسەکەی تردا کە قژێکی بژ و پرچاوی هەبوو، لە داڵانەکەی خوارەوە بوون. بەڵێ، هەر لەوێشدا سەعید سەری دەرهێنا و پەیدا بوو. ئەمیشی لە تەک مۆریتسدا دی. دیارە کە سەعید بۆنی حەشیشەکەی کردووە. بۆیە لەوەدەچێت ئێستا وا بیر بکاتەوە کە من بەنگکێشبم. تووش بوو بم! ئەگەرچی ئەوە یەکەمین جگەرەکێشانم بووە لە ژیانمدا و کۆتاییش دەبێت. بەڵێنیش بێت. کێ دەزانیت ئایا سەعید چۆن بیر دەکاتەوە... دێتەوە بیریشی کە سەعید هەواڵێکی کورتی تەلەفۆنی بۆ ئەم نارد. ئیتر پاشان چی تر ڕووی داوە؟ هیچی نازانێت. سەعید هات و ڕۆیشت. واتا، دەریان کرد. دەیویست من لە تەک خۆیدا بەرێت. ئەو بۆ شتێک هاتبوو، بەڵام چی دەویست؟ نازانێت بۆ چی بووە. ئەوان لە خوێندنگە دەمبۆڵەیان بوو. جا تۆ بڵێیت بەهۆیەوە هاتبێت؟ دەی مەسەلەیەک نییە. بەڵام وەهایش نییە. ئەو ئەو لاوەیە کە ئەم لەم بەرلینە، زۆرترین کاتی لە تەکدا بەسەر بردووە. هەمیشەیش لە بەرامبەر ئەمدا میهرەبان بووە. لە ئینگلیزی و ماتماتیکدا یارمەتی ئەمی داوە. خۆ ئەو دەیویست کە داوەتی ئەم بکات. دەی خۆ ئەمەیش میهرەبانە. کەی خورتێک تا نهاکە ئەمی بە بۆنەیەکەوە داوەت کردووە؟ کەچی ئەمیش ئەوی وەک سەگێکی لێدراو بەتەنیا جێ هێشت. یانیش چی؟ چی ڕووی داوە؟

ئاخ لە ژانە سەرەکەی. ئەگەر سەری هێندە ئازاری نەبووایە. لەسەر

ئەوەیشـەوە هـەست بە نائارامـی دەروونی... هـەر زۆر کـردەوەیەکی چەپەڵ بوو، هەمـدیسـان دەسـتم بـە رووی سـەعـیـدەوە نا ... بەڵام بە ئەندازەیـەک ویسکی و بەنگی نیو جگەرە لە گەدەدا، دەتوانرا چی بکرێت.

هەڤـپـەیڤـیـنێکی لە تەک سـەعیددا دێتـەوە یاد، کە باس لـە بەنگکێشـان لە بەغـداد بوو. جـارێکیش باسـی لـەوە کرد کـە مـوسـڵـمـان کحـوول ناخـۆنەوە. هەرگیز نابێت. بۆیە بیـر دەکاتەوە کە سەعید لە هەلومـەرجێکی باشـدایە. ئەو ئێستاکە مێشکێکی سافی هەیە. ئیتر منیش هەرگیز کحوول ناخۆمەوە. بەڵێن بێت کە ئیتر یەک دڵۆپیش نەخۆمەوە. پێڵوی چاوی چەپی تۆزێک دەکاتەوە و لە هێڵ و ژمارەکانی دەمژمێرە بەئاگاکەرەوەکە هەڵدەڕوانێت. کاتژمێر دە و نیوی شەوە. ماڵەکە بێدەنگە. دێتەوە یادی کە بابی و – یۆنیکا– لە ناو ئۆتۆمبێلەکدا و لەسـەر ڕێگەی مـاڵـەوە، لە بارەی ئەمـەوە دەمـبـۆڵەیان بوو. باس لەوە بوو؛ بەوجـۆرە پەروەردەکردنەی لـینا، کارێکی باش و سـروشـتی نیـیـە. یۆنیکا ڕای وابوو؛ دایـک و باب دەبێت بـرێک تـووند و تیـژ بـن. دەبێت بە منداڵەکـەیانی پیـشـان بدەن، سـنوورەکانـی لە کوێدایـە. هەر لەو چرکـە سـاتەیشـدا ئەمـیش بیری کردبووەوە: قسەی قۆڕ، قۆڕ، قۆڕ.

دەستی لەسـەر ملی دانا و بە ئاگاییـەوە خۆی ڕاست کردەوە. هەسـتی کرد ئەگـەر سـەرنجی لەسـەر خـاڵێکی دیوارەکـە ڕابگرێت، باشـتـرە و تووشـی سەرەگێژە نابێت. بیـریشـی کردەوە؛ کە پێویسـتی بـە حەبێکی ئەسـپرینە. بۆیە دەبێت خۆی بگەیەنێتە گەرماوەکە. بەڵام هەر بیرکردنەوەکە خۆی ئەمی ماندوو کرد و دەرمـایەوە بان پێخـەفـەکـەی. گوێی لە دەنگی پێیـە لە مـاڵەکـەدا. گوێی لێیـە کەسێک دەرگەی ژوورێک دەکاتەوە. پێڵوی چاوەکانی تووند دەنوقێنێت و بە ئاسپاییش هەناسە دەداتەوە و خـۆی مت دەکات. پاش چەند چرکەیەک بۆی دەرکـەوت، بـابی هـاتـووە و بە نـاو ژوورەکـەی ئەمــدا هەڵدەڕوانـێت. لـێنـایش نازانێت ئێسـتـاکـە ژوورەکـەی لە چ گوزەرانـێکدایە. چۆن بـەرگـەکـانی خـۆی داکەندووە و چۆنیش هاتووەتە ناو پێخەفەکەیەوە.

ناشـتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە یۆنیکا و یانیش بابی، بەرگـەکانـی ئەمیـان

داکەندبێت. ئەوە هەر زۆر جێی شەرمەزارییە. بۆیە بیر دەکاتەوە: هیوادارم کە بەتەنیا ئەوەم کردبێت. دەنگی هەنگاوەکان دوور و دوورتر دەکەونەوە. ورتە ورتێک دەبیسترێت و ئیتر دەرگەی ژوورەکەی تر دادەخرێتەوە. ئیتر لەناکاو بێدەنگییەکە هێندە کپە هەر مەپرسە! تەنانەت چۆلەکەکانیش بێدەنگ بوون. بابی لە تەک یۆنیکادا، لە ماڵەکە چونە دەرەوە. لە ڕاستیدا دەبووایە ئەمڕۆ ئەو لە تەک کچەکەیدا بۆ فرۆشگای – کا، دێ، ڤێ – بچوونایە. بەڵام دیارە دەبینێت کە لێنا ئامادەیی تێدا نییە، بۆیە لە تەک یۆنیکادا ڕۆیشت. لێنا لە دڵەوە حەزی دەکرد، بکەوێتە گریان.

***

کارکەرەکانی خاچی سوور لە ساتێکدا پاڵ بە تەختەڕەوەکەوە دەنێن، بە هەنگاوی خێراوە بە داڵانەکەدا دەڕۆن. سەعید لەسەر تەختەڕەوەکە پاڵکەوتووە و روخساری وەک دیوارەکانی نەخۆشخانە سپییە. ترپەی دڵی هێندە بێهێزە کە هیچ هەستی پێ ناکرێت. پزیشکێکیش کە کیسەی ئاوبژێوی بە دەستەوەیە، لە پاڵ تەختەڕەوەکەدا هەڕا دەکات. تکە ئاوەکان بە کاوەخۆ لە سۆندەکەوە دەتکێنە ناو دەمارى قۆڵی سەعید. دەرگەی وەرگرتنی فریادگوزاری دەکرێتەوە، پەرستارێک بەرەو ڕوویان دێت و دەپرسێت:

– ئەوە ئەو لاوەیە کە حەبی زۆری قووت داوە؟

پزیشکەکە بۆی ڕاست دەکاتەوە:

– ژەهرخواردووی حەب!

– باشە. بۆ گەدە شتنەوە. هەموو شتێک ئامادە کراوە.

ئینجا بە داڵانەکدا و هەتا دەگەنە ژوورێکی کاشی، پاڵ بە تەختەڕەوەکەوە دەنێن. لەوێکانەدا پزیشکێک بە دەمامک و دەستکێشی دەستەوە چاوەڕێیان دەکات.

***

کە بەسام بە هانکە هانک دەگاتە بەر دەرگەی فریادگوزاری و ئەنگوست بە

زەنگەکەدا دێنێت، دەبێت ماوەیەک چاوەڕێ بکات. پەرستارێک دێت. بە نیگەرانییەوە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

– داوای لێبووردن دەکەم. جەنابتان دەبێت لێرەدا چاوەڕێ بکەن.

بەسامیش کە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوە، بە دوودڵییەوە دەپرسێت:

– خۆ ڕزگاری دەبێت؟ تەنیا پێم بڵێ کە ڕزگاری دەبێت! ئەو چەند هەفتەیەک لەمەوبەر و لە عێراقەوە بۆ ئێرە هاتووە. دایک و بابیشی لەدەستداوە. مەبەستم ئەوەی کە ناشێت... (بەسام دەبێت هەناسەیەکی قووڵ وەربگرێت)..

پەرستارەکە سەرێک دەلەقێنێت و بۆ ئارامکردنەوەشی، دەستێک دەخاتە بان دەستی و هەرخێرایش دەیگێڕێتەوە. بەرلەوەی دەرگەکە دابخاتەوە دەڵێت:

– بەخێرایی ئاگەدارت دەکەینەوە.

بەسام بە بێدەستەڵاتییەوە دەمێنێتەوە. دەسرۆکەیەک لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردێنێت، سەرنجێکی دەدات و ئینجا ئارەقەی ناوچاوانی خۆی دەسڕێت. لەولای هۆڵەکەوە سوچێک هەیە کە پەنجەرەی نزمی لەسەرە و کورسی بەدەووری مێزدا دانراون. کورسی پلاستکی ڕەنگ سوور. لەلایشەوە گەلای پلاستیکی. بەسام بە هانکە هانک بەرەو ئەوێ دەچێت و لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دادەنیشێت. چاوەکانی دادەخات و ئینجا دەیانکاتەوە و لەبەر خۆی هەڵدەڕوانێت. کاتەکە درێژە دەکێشێت. لە ناکاو دەکەوێتە دوعا و پاڕانەوە. ئەمەیشی لەمێژە نەکردووە. ئینجا تەلەفۆنە دەستییەکەی سەعید لە گیرفانی دەردێنێت و ئەنگوست بە لیستەی تەلەفۆن کراوەکاندا دەنێت:

نووسینگەی مامە بەسام.

تەلەفۆنی تایبەتی مامە بەسام

لێنای خۆشەویست

ئەنگوست بە ژمارەکەدا دەنێت و تەلەفۆنەکە بە گوێیەوە دەنێت.

***

تەلەفـۆنەکـەی لێنا نـێـزیک لـە خـۆی و لەســەر زەوییـەکـەیە. کـە زەنگەکـە دەبیستێت بە چاوی نوقاوەوە دەست دەگیرێت. کە سـەیری شـاشـەکە دەکات ناوی سـەعید دەبینێت. سـەری دەخاتەوە سـەر سـەرینەکە و دەڵێت:

– هـەلۆ، سـەعید.

بەڵام ئەوسـەری تر بێدەنـگە. لێنا ڕاست دەبێتەوە و خۆی بەسـەر ئـەنیشکتدا دەدات و دەڵێت:

– سـەعید؟ لەبارەی دوێنێوە داوای لێبووردن دەکەم. ئەوەیش.....

ئیتر بێدەنگ دەبێتەوە. بەڵام کە لێنا تەواو گوێبیست دەبێت، دەتوانێت گوێی لە هـەنسکە هـەنسکی کەسێکەوە بێت. بەدەنگی بەرز دەڵێت:

– سـەعید؟

گوێی لە هـەناسـەدانەوەیـەک و ئینجا دەنگێکـی قووڵ و قـوورسـەوە دەبێت کـە دەڵێت:

– من لە تەک لێنادا دەپەیڤم؟

لە شـاشـەکە هـەڵدەڕوانێت و دەپرسێت:

– بەڵێ. مەگەر ئەوەی لەوێکانەدایە سـەعید نییە؟

– من مامی سـەعیدم و تەلەفۆنەکەی ئەوم پێیە.

لێنا بە قـژی بژەوە لـەسـەر لـێـواری تەخـتـەخـەوەکەی دادەنـیـشـێت. چونکە بۆ گەدەی واهـا باشترە، بۆ پێشەوە دەنوشتێتەوە و بە ئاگاییەوە دەپرسێت:

– مامە بەسـام؟ مامی سـەعید؟

دەنگە گڕەکە وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ، بەڵێ! مامە بەسـام. سـەعید لە کن ئێمە دەژی.

– دەزانم. ئەو بۆی باس کردووم.

ئینجا لەو بێدەنگییەدا و بە ئارامی دەپرسێت:

– چی ڕووی داوە؟

– ئەو لە نەخۆشخانەیە. ماوەیەک بەر لە ئێستا هێنام بۆ نەخۆشخانە.

لێنا قوورتێک دەکات و دەپرسێت:

– ئێ، چی تر؟

– پێدەچێت بمرێت.

لێنا لێفەکە تووڕ دەداتە لاوە و لە پاڵ تەختەخەوەکەیدا دەوەستێت. لە ساتێکدا ئەژنۆکانی دەلەرزن دەقیژێنێت:

– چی؟ بۆچ؟

– نازانم. نازانم کە دوێنێ چی ڕووی داوە.

لێنا گوێبیست دەبێت چۆن کلیلی ناو کێلونی دەرگەی سەر دالانەکە دەچەرخێت. هەر بە تەلەفۆنەکەی سەر گوێیەوە، دەچێتە دالانەکە. ئینجا دەبینێت چۆن دەرگەکە درزی تێ دەکەوێت. لە پێشدا عەلاگەیەکی فرۆشگای – کا دێ ڤێ – و ئینجا پێلاوە سوورەکانی یۆنیکا دەردەکەون. بەسام هاوار دەکات:

– هەلۆ؟ لێنا؟

لێنا زمان بە سەر لێوەکانیدا دێنێت و دەچرپێنێت:

– بەڵێ. من لەسەر هێل ماوم.

دەنگی بەسام بەرز و ترس لێ نیشتووە:

– سەعید هەر هەموو حەبەکانی هاوسەرەکەمی تێکەڵ کردووە و قووتی داون. تێکەڵەیەک – کۆکتێلێک – لە ژەهر. ئیتر وا ئەو لە نەخۆشخانەیە و دەبێت گەدەی بشۆرنەوە. بەلام ناشزانن کە دەتوانرێت ڕزگار بکرێت... (لێنا بەدەم هەنسکەوە گوێی گرتووە کە مامە بەسام دەپرسێت).. تکایە دوێنێ چی ڕووی داوە؟

ئیتر وا یۆنیکا لە ژێر گرێژنەی دەرگەی سەر دالانەکدا وەستاوە و تارماییی بابیشی لە پشتیەوەیەتی. لێنا دەبینێت کە ئەو سەرنجی ئەم دەدات، چاوەکانی بچووک دەبنەوە. لێنا تەنیا دەرپێیەکی لە پێدایە و قژەکانیشی بژ

بوونەتەوە. شایەد هێشتاکە بۆنی ڕشانەوەی لێ دێت. لە ناکاو هەستێکی وەها خەمگین و قەڵسکەری بۆ دێت، ئاواتەخوازە هەر لەم داڵانەدا بکەوێت و هەرگیزیش نەکەوێتەوە جووڵە. بە تکاوە تەلەفۆنەکەی دەستی بۆ بابی درێژ دەکات. بابیشی بە قەڵسییەوە دەپرسێت:

– ئەمە یانی چی؟ ئەوە کێیە؟

لێنا کە وەک منداڵێک هەست بە بێدەستەڵاتی خۆی دەکات، دەورتێنێت:

– بابە، ئەمە پیاوێکە. تکایە دەتوانیت لەگەڵیا قسان بکەیت!

بابی پڕ بە تەلەفۆنەکەدا دەکات و دەپرسێت:

– کێیە؟

لێنا دەچرپێنێت:

– مامی سەعیدە. ئەو لە نەخۆشخانەوە تەلەفۆن دەکات....

ئەژنۆکانی دەلەرزن. یۆنیکا بێ ئەوەی شتێک بڵێت باوەشی پێدا دەکات. بەخۆیەوە دەنووسێنێت و لەوێشدا دەمێننەوە. لێنایش ڕوخساری بە چاکەتەکەی ئەوەوە دەنووسێنێت و بەوەی خۆشحاڵە کەسێک ئەمی توونە بەخۆیەوە گرتووە. زۆر ناڕوون گوێی لێیە، چۆن بابی لە تەک مامی سەعیددا دەپەیڤێت. کە گفتوگۆکە کۆتایی پێ دێت، یۆنیکا بێدەنگ و بە نەرمی خۆی لە لێنا جویێ دەکاتەوە. لێنا بەدەستەپاچەییەوە لە بابی هەڵدەڕوانێت.

بابی دەست دەخاتە بان شانی، بەرەو گەرماوەکەی دەبات و پێی دەڵێت:

– دەچیتە ژێر دووشەکەوە. جارێ ئاوی گەرم و پاشانیش سارد. قژەکانیشت بشۆ و بەرگێکی ڕێکوپێک بپۆشە. ئەوجا دەچینە نەخۆشخانە. لە ئێستایشەوە هەتا ئەوێ نزا بکە و بپاڕێرەوە کە سەعید ڕزگاری بێت و بژی.

## بەشی بیست

کە سەعید چاوەکانی دەکاتەوە، لێنا لەبەر تەختەخەوەکەیدا دەبینێت. تەختەخەوێکە بە بۆیەی سپی بۆیاخ کراوە. لێنایش بلوزێک و پانتۆڵێکی سپی لەبەردایە. تەواو لەو کارکەر و پەرستارانە دەچێت کە هەردەم لە ژوورەکەیدا دێن و دەچن. دیارە ئەوساتەی لێنا هاتووە، سەعید خەوتبێت، بۆیە گوێی لێ نەبووە و پێی نەزانیووە.

سەعید کەتبووە خەوێکی قووڵەوە و زۆر دوور کەوتبووەوە. دەنگۆ بیابانێکی بڕیوە. بەهۆی گەرما و بای بیابانەوە، دەمی وشکی بووە. باهۆزێکیش گەردی زیخی دەخستە چاوەکان و گوێ و کونە لووتەکانیەوە. بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو هەناسەی لەبەر ببڕێت و بخنکێت. بەسەر گردۆڵکەیەکی زیخدا سەرکەوت و خۆی بەودیودا تلدایەوە. قاچەکانی قوورس بووبوون و گەدەشی زامدار. گوێی لێ بوو وەک دەنگێک لە زۆر دوورەوە، هاواری دەکرد:" سەعید! سەعید!" ئەویش هەوڵی دا پێڵوی چاوەکانی بکاتەوە. یانیش دەستەکانی بجووڵێنێت و بڵێت:" ئا، گوێم لێتە.." دەنگەکە لە ئاسۆوە دەهات و بانگی لەم دەکرد. ئەمیش دیویست بەرەو دەنگەکە بچێت. باهۆزی بیابانەکە ئاوازێکی بە گوێی ئەمدا دەچرپاند. جارجارەیش دەتگۆ سەرابێک دەبینێت و گوندێکیش. گوندێکی وەک ئەوەی باپیری و لە پشت ئەویشەوە چیاکان. لە ناو ئەو گڕەی گەرمای بیابانەدا کانییەکی دۆزییەوە و کەسێک جامێک ئاوی بەم دا بیخواتەوە. ئاوێکی پاک و ڕوونی خواردەوە. هەستی پێ کرد چۆن ئاوەکە بە گەروویدا چووە خوارەوە و گەیشتە ناو گەدەی. چۆنیش لەشی بە سوپاسگوزارییەوە، ئاوەکەی وەرگرت.

ئینجا کەسێک دەستی خستە بان تەوێڵی. دەستێکی سارد لە بان

نێوچاوانە گەرمەکەی و دەنگێکیش هاواری کرد:

– سەعید! سەعید! چاوەکانت بکەرەوە.

هەستیشی بە بەرکەوتنی دەستێک بەسەر لامل و ئینجا ڕوومەتی خۆیەوە کرد. ئیتر توانی چاوەکانی بکاتەوە. کچێکی قژ زەرد کە بلوزێک و پانتۆڵێکی سپی لەبەر دایە، لە بەردەمیدا وەستاوە و لێی هەڵدەڕوانێت. ماوەیەکیشی خایاند هەتا ئەم زانی، ئەو کچە کێیە. ئەوە لێنایە. ئەو پیاوەشی لە پاڵ لێنادا وەستاوە، مامێتی. مامە بەسام. لەو لاشەوە پوورە سۆنیایە. هەر هەمووشیان فرمێسکیان لە چاواندایە. سەعید چاوەکانی دەکاتەوە، زمانی بە سەر لێوە وشکەکانیدا دەخشێنێت و دەڵێت:

– سڵاوتان لێ بێت.

مامە بەسامی بە بەرزی هەنسکی گریانی دێت. خۆی بەسەر پێخەفەکەدا دەنووشتێنێتەوە و بە حەز و خۆشی و سوپاسگوزارییەوە، برازاکەی ماچ دەکات و وەڵامی دەداتەوە:

– سڵاو. سڵاو لاوە باشەکەم.. سڵاو!

ئینجا وشەگەلێکی زۆری عەرەبی کە ئاماژە بە سوپاسگوزاری دەکەن، لە دەمی دێنە دەرەوە. خۆی بەلای ئەوانیتردا وەردەگێڕێت. بە دەنگی گریناوییەوە دەپرسێت:

– گوێتان لێ بوو؟ گوێتان لێ بوو؟

سەرنجی بۆ سەر سەعید دەگوێزێتەوە و دەڵێت:

– تۆ دەژیت! تۆ بۆ لامان گەڕایتەوە؟ خوا گەورەیە. خوا گەورەیە سەعید! ئەوە تۆ گوێت لێمانە؟ تۆ من دەبینیت؟ من دەبینیت لاوە خۆشەویستەکەم؟

سەعید دەڵێت:

– بەڵێ. دەتانبینم و گوێم لێتە.

– کەواتە با پێت بڵێم کە خۆشم دەوێیت. سەعید، ئێمە هەموومان تۆمان خۆشدەوێت. تکایە جارێکی تر شتی وەهامان لەگەڵدا مەکە. سوپاس بۆ

یەزدان کە ڕزگار کرایت...

بەسام هەڵوێستەیەک دەکات، تفەکەی قووت دەدات و دەست بە سەر و قژی سەعیددا دێنێت:

– پوورت ئەو شەوە خێرا هەستی پێ کرد، شتێک تەواو نییە. ئەوەتا ڕزگار کرایت.

دەست بە قژ و ڕوومەت و باسکەکانیدا دێنێت و فرمێسکەکانی دەتکێنە بان ڕوومەتەکان و ڕوخساری. هیچیش بەلایەوە گرینگ نییە، ئەوانیتر وەها ببینن:

– لاوەکەم، زۆر داوای لێبووردن دەکەم، بۆ ئەوەی کە دوێنێ وتم. من بێمێشکیم کرد. بۆیە تکایە بمبەخشە....

بە دەست تەڕایی بەرچاوەکانی خۆی دەسڕێت و هەوڵ دەدات زەردەخەنەیەکیش بکات. دەڵێت:

– دەبێت شتەکانیش بە دڵی خۆت بن. بخوێنێت و ببیتە پزیشک. ئەمەیش دەتوانین بکەین، گوێت لێیە؟

سەعید بە عەرەبی دەچرپێنێت:

– سوپاس...

هێدی هێدی بەری بینینی ڕوونتر دەبێتەوە. هەوڵیش دەدات زەردەخەنەیەکیش بکات. ئیتر چۆن دەردەکەوێت گرینگ نییە. ئینجا دەڵێت:

– پێدەچێت کە زۆر ژیر و زیرەک نەبم..

مامی کە نازانێت سەعید بەگاڵتەیەتی، هەر خێرا هەڵدەداتێ:

– بێشک کە زیرەکیت. دایکیشت و باببیشت هەر زیرەک بوون. هەردووکیان خوێندنیان تەواو کرد. شتەکان وەها دەبن، تۆ چۆنت دەوێت. بەڵام لە هەمور شتێک گرینگتر، تەندروست باشیتە. باش ببیتەوە. ئیتر کاری لەمجۆرەیش نەکەیتەوە! پوورت لە ترسا هێندەی نەمابوو بمرێت.

سۆنیا بە شەرمەوە زەردەخەنەیەک دەکات و دەست بە باسکی سەعیددا دێنێت. هەموو بە دەووریدا کۆبوونەتەوە. هەموو دەیانەوێت لەگەڵیان میهرەبان بن و پیشانی بدەن کە ئەو گرینگە. ئەمەیش بۆ ئەو هەستێکی خۆشە. سەعید لە لێنا هەڵدەروانێت. هەست دەکات ئەو چۆن شلەژاوە و پێڵوی چاوەکانی زوو زوو هەڵبەز هەڵبەزیانە. سەعید دەچرپێنێت:

– لێنا..

– بەڵێ؟

ئینجا تەواو لێی نێزیک دەبێتەوە. سەعید دەستی خۆی بەرز دەکاتەوە، لێنایش تێ دەگات کە ئەو دەخوازێت ئەم دەستی خۆی بخاتە سەری. لێنا دەشلێت:

– هەلۆ!

ئینجا بە شلەژان و شەرمەوە دەڵێت:

– سلاو.

سەعید زەردەخەنیەک دەکات. کە بەسام هەنگاوێک دێتە دواترەوە، سۆنیا پێی دەڵێت:

– وەرە با هەردووکیان تۆزێک بە تەنیا بن. پێموایە قسەی زۆریان بۆ گوتن پێیە. بۆیە ئێمە دەبینە هۆی قەڵسکردنیان.

زەردەخەنەیەک بۆ سەعید دەکات و دەڵێت:

– ئێمە لە دالانەکدا چاوەڕێ دەکەین.

دەستی بەسام بۆ دەرەوە دەگرێت و ڕادەکێشێت. بەسام ناتوانێت چاو لە سەعید وەربگێڕێت. لەبەر دەرگەکەوە هاواری لێ دەکات:

– من دەچم بۆ مزگەوت و بە خەڵکەکە دەڵێم؛ تۆ ڕزگار کراویت!

سەعیدیش سەری دەلەقێنێت و لە مامی و پوورە سۆنیا هەڵدەڕوانێت. لە ئان و ساتیشدا هەست بە باشی خۆی دەکات. دەرگەکە دادەخرێت و سەعید

و لێنا پێکەوە لە ژوورەکەدا دەمێننەوە. هەردووکیان بە شڵەژاوی و نائەرخەیانییەوە لەیەکتر هەڵدەڕوانن. برۆکانی سەعید دەجووڵێنەوە و دەورتێنێت:

– تۆ.. سلاوت.. وت.. زۆر خۆش.. بوو..

– ئەوە تەنیا وشەیەکی عەرەبییە کە من دەیزانم.

سەعید بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دەداتەوە:

– تۆ دەتوانیت وشەی زۆرتر فێر بیت، ئەگەر خۆت بتەوێت.

لە ناکاو نەرمونیانی و میهرەبانی سەعید، کار لە لێنا دەکەن. بۆیە لە کردەوەی خراپی خۆی لە هەمبەر ئەودا پەشیمانە.... ئەم توورە و ترۆ و ڕەق بوو لە هەمبەریدا. بۆیە دەیەوێت قەرەبووی بۆ بکاتەوە. دەستی سەعید دەگرێت و دەیخاتە سەر ڕوخساری خۆی. ماچێکی بەری دەستیشی دەکات. سەعید چاوانی لەسەر ئەو ڕاگرتووە و هیچ ناڵێت. بەڵام لە ناکاو دەڵێت:

– هەر ئەوەندە؟

لێنا پێدەکەنێت و دەست بە دەستیدا دێنێت. یەک یەکیش دەست بە پەنجەکانیدا دەخشێنێت. سەعیدیش بە خۆشحاڵییەوە دەخەنێتەوە. لێنا دەڵێت:

– ئۆ خوایە تۆ چی دەکەیت. ئەوان پێیان وتم کە تۆ لە دۆلابی گەرماوەکە دەرت هێناون..

بەدەم قسەکردنیشەوە، دەست لە دەستی دەخشێنێت:

– مامت لە خەمخۆریدا بۆ تۆ، دەرگەی گەرماوەکەی شکاندووە. پووریشت خێرا تەلەفۆنی بۆ پزیشکی فریاگوزاری و ئەمبولانس کردووە.... (هەوڵ دەدات پێکەنینێکی بۆ بکات).. بێشک کە ئەمبولانسەکە سەد و چل بەناو شاردا لێی خوڕیووە...

سەعید کەمێک پێدەکەنێت و دەڵێت:

– جێی داخە کە نەمزانیووە..

ماوەیەک لەیەکتری هەڵدەڕوانن. ئینجا لێنا دەڵێت:

– هەتا ژەهر لە لەشتا بێت، پێویستە چەند ڕۆژێک لە ژێر چاودێریدا، لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.

سەعید سەر دەلەقێنێت. لێنایش دەڵێت:

– منیش دەتوانم پاشنیوەڕوان سەردانت بکەم.

– خۆش دەبێت.

– من هەمیشە دێمە لات. کە لێرەیش هاتیتە دەرەوە، تۆ دێیتە سەردانم بۆ ماڵەوە. باشە؟ منیش دێمە کن تۆ.

سەعید هەمدیسان سەر دەلەقێنێت. لەپڕدا ئاورِ بەلای پەنجەرەکەدا دەداتەوە. لێنایش نازانیت بیر لە چی دەکاتەوە. پێدەچێت هەمان بیری ئەم بکاتەوە. یانیش بیر لە دوێنێ شەو بکاتەوە. هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت:

– لەبارەی دوێنێوە داوای لێبووردن دەکەم. ئێمە لە تەک تۆدا ناپاکیمان کرد. خۆیشم نازانم شتەکان چۆن ڕوویان دا. من... من سەرخۆش بووم و کەچی ئەو جگەرەیەکم کێشا. لە تۆیش تووڕە بووم.. مافی خۆیشت بوو کە تۆیش تووڕە ببیتەوە..

سەعید بەکاوەخۆی سەرنجی لەسەر پەنجەرەکە وەردەگێڕێت و لە لێنا هەڵدەڕوانێت. لێنا پێی دەڵێت:

– هەر هەموویان لە ئاهەنگەکەدا، زۆریان تێخنی. بێمێشکیش بوو. ئیتر دەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا و ئەو مۆریتسە هەڵی گرت و وەڵامی کورتە هەوڵەکەتی دایەوە...

– بۆ کورتە هەواڵەکە لە تۆوە نەبوو..؟

لێنا کە شڵەژاوە سەری ڕادەوەشێنێت. سەعیدیش دەپرسێت:

– بۆچ وەهای کرد؟

– نازانم. له بێمێشکیدا.

– مەگەر تۆ.... پێم وابێ کە جێی سەرنجت بێت..

لێنا بە قەلەقی پێدەکەنێت و وەڵام دەداتەوە:

– مۆریتس؟ ئەو خورتە دەبەنگە؟ چۆنە بیر لەوەها شتێک دەکەیتەوە؟

سەعید دەپرسێت:

– نەء؟

– نەخێر.

سەعیدیش بێدەنگ دەبێت. لێنا دەڵێت:

– من بە ڕێککەوت ئەو ئێوارەیە ناسیم. هەردووکمان پێکەوە سوواری ئەسانسۆرەکە بووین.

سەعید بە گرینگییەوە لێی هەڵدەڕوانێت و چاوەڕێ دەکات. بەڵام کە لێنا لەمەندە زیاتری نەوت، سەعید دەڵێت:

– من دەمویست بە تۆ بگەم.. (ئینجا بۆ وشە دەگەڕێت).. حاڵم خراپ بوو، خەمباریش بووم. من.. لە تەک مامدا، دەمانویست بۆ مزگەوت بچین. بەڵام مامم شتی خراپی وت. گوایە منیش لە پشووەکەدا ناتوانم سەردانی عێراق بکەم بۆ لای بابەگەورەم.... دەزانیت کە وێنەم لە بابەگەورەم هەیە... لەو گوندەی کە ئەو لێی دەژی. من هەر هەموویت پیشان دەدەم..

لێنایش بێدەنگ گوێی گرتووە. سەعید بە توندی سەری دەلەقێنێت و دەڵێت:

– تۆ دەبێت هەمووی ببینیت.

لێنا لێی هەڵدەڕوانێت و دەڵێت:

– باپیرەت خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بزانێت گوزەرانت باشە..

سەعید وەڵامی دەداتەوە:

– من خەمبار بووم، هەر زۆر خەمبار بووم. زۆر تەنیا بووم. بۆیە بیرم

کردەوە، دەبێت لە تەک تۆدا بپەیڤم...

چاوەکانیشی دەنووقێنێت. لێنایش دەڵێت:

– داوای لێبووردن دەکەم.

سەعید سەری دەلەقێنێتەوە، زەردەخەنەیەکی تری بۆ دەکات و دەڵێت:

– وەرە لای من.

کە لێنا بەسەریدا خۆی دەنوشتێنێتەوە، سەعید دەچرپێنێت:

– تۆزێکی تریش.

کە لێنا تەواو نێزیک دەبێتەوە، سەعید سەری دەگرێت و ماچێکی دەمی دەکات. لە دەرەوە و دالانەکە، دەنگە دەنگی ئاسایی نەخۆشخانە هەیە. هەنگاوە خێراکانی پەرستارەکان و جیرە و زیکەی گاریەکی نەخۆش کە بە دالانەکەدا پاڵی پێوە دەنرێت. زەنگێکیش لێ دەدرێت و یەکێک پێویستی بە هاوکارییە. لێ ، ئەمان گوێیان بەم شتانە نییە و یەکتر ماچ دەکەن. لە ناکاو دەرگەکە دەکرێتەوە و بابی لێنا لە ژوورەکە هەڵدەڕوانێت. هەر خێرایش سەریان لێک جوێ دەکەنەوە. لێنا ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوەی هەیە. بۆ ماوەیەک بابی نیگەران دەبێت، بەلام ئیتر واها ڕەفتار دەکات، وەک هیچی نەدیبێت. ئەو بەدەم قسەکردنەوە دێتە پێشەوە:

– سەعید، من لە تەک مامت و پوورتدا قسەم کرد. ئەوان سەرزەنشتی خۆیان دەکەن. ئەوان لە خەمی تۆدان. پێموایە کە تۆیان زۆر خۆشدەوێت.

سەعید نازانێت چ وەلامێک بداتەوە، چونکە تەواو شڵەژاوە. لێنا بەرەو بابی دەچێت و دەپرسێت:

– ناتوانیت داوەتیان بکەیت و بێنە مێوانیمان؟ هەتا ببینن ئێمە چۆن دەژین و یەکتری بناسین..؟

بابی چاوێکی لێ دادەگرێت و دەڵێت:

– باشە کۆترۆلکەکەم. تێگەیشتم.... (ماچێکی سەر لووتی لێنا دەکات)... هەرچیم لەدەست بێت دەیکەم..

لێنا لە پشت سەری بابییەوە دەرگەکە دادەخات و بۆ لای سەعید دەگەڕێتەوە. هەرکە لە لێواری تەختەخەوەکەی سەعید دادەنیشێت، خێرایش دەستەکانیان تێکەڵ بە یەکتر دەبن. سەعید دەڵێت:

– لەم نێزیکانەدا پشوو دەست پێ دەکات. دەزانیت... دەبێت لە تەک بابتدا بۆ جێیەک بڕۆیت؟ خۆ ئیتر من تۆ نابینم.

ماوەیەکی درێژ بێدەنگی دروست دەبێت. ئینجا لێنا لەسەر پێخەفەکە بەرز دەبێتەوە و بە ژوورەکەدا دەکەوێتە هاتوچۆ. سەعیدیش چاوەکانی لەسەریێتی. بەدەم هاتوچۆوە بە هەندێک لە قژی لوولی خۆیەوە سەرگەرمە. لێواری بلوزەکەی دەخاتە ناو پانتۆڵەکەیەوە و سەردەستەکانی بلوزەکەیشی هەڵ دەکات. بەدەم کرۆژتنی نینۆکی پەنجەیەوە، لە وێنەیەکی ڕووی دیوارەکە هەڵدەڕوانێت. ئینجا دەڵێت:

– ئەم وێنەیە – بایەر– ە. بڕوانە کەنیسەکەی، قوبەیەکی پیاز ئاسایی هەیە. کەنیسەکانی بایەر ئاوەهان. ناوەوەشیان زۆر دڵگیر ڕازێنراونەتەوە. نەخش و نیگاری سەقەفەکان و میحرابەکان. بێشک چیاکانیش!

بە پەنجە بە وێنەکەدا دەکێشێت و خۆی بەلای سەعیددا وەدەگێڕێت:

– جوانە، وانییە؟ دایکم ئێستاکە لە بایەر دەژی.

سەعید لە وێنەکە هەڵدەڕوانێت. لێنا درێژەی دەداتێ:

– ئەو لە کن خوشکەکەی دەژی. ئەوان لە نێزیکی – مونشن – ەوە، خانوویەکی گەورەی کۆنیان هەیە.

زێیەکی گەورەشی لێیە کە بەلەمی تێدایە و مەلەی تێدا دەکرێت. هەر لەوێشەوە بە نیو کاتژمێر دەگەیتە چیاکان. مرۆڤ دەتوانێت شاخەوانی بکات و لە زستانیشدا خلیسکانێی ناو بەفر. زۆر جێی خۆشییە. تا نهاکە چوویتەتە چیا؟

– بەڵێ. لە عێراق و لای بابە گەورەم. لە باکوور. زۆر خۆش و جوان بوو.

لێنا سەرنجێکی تری وێنەکە دەداتەوە و ئینجا خۆی بەلای سەعیددا

وەدەگێڕێتەوە و بە جەختەوە دەڵێت:

– وا لە ناکاو بیرێکی باشم بۆ هاتووە.

***

کە لێنا لە ژوورەکەی سەعید دێتە دەرەوە و لە دالانەکەدایە، هەستێکی نامۆی بۆ دێت. چونکە سەعید پێویستی بە ئارامییە، بۆیە دەبووا بەخواسپاردنی لێ بکات و جێی بێڵێت. بەلایەوە جێی سەرسوڕمانە، وا شتەکان بە سانایی بەڕێوە دەچن. بۆیە ناچار بە زەردەخەنەیەک دەبێت. ئەو هەستەیشی کە نهاکە هەیەتی، خۆشی بەخشە و هەست بە ئازادی دەکات.

***

لە دالانەکەی خوارەوە لێنا لە تەلەفۆنە دەستییەکەیەوە تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات. بەختی هەبوو. دایکی لە گەشتەکەی – شانگهای – گەڕاوەتەوە. ئەو گەشتەی کە لە تەلەفۆنکردنی ڕابردوودا باسی لێوە کرد. ئەو هاتووەتەوە و بەسەر ڕێگەی هاتنەماڵەوەوەیە.

– دایە، هەلۆ. منم.

– بەڵێ، گەنجینەکەم.. هەلۆ. ئاهەنگەکە چۆن بوو؟

– ئۆف بەڕاستی نامەوێت لەوبارەیەوە شتێک بڵێم...(هەناسەیەک نوێ دەکاتەوە).. دایە قبوولی دەکەیت کە لە پشووەکەدا، یەکێک لە تەک خۆمدا بێنم؟

– کەواتە تۆ دێیت؟ بەڕاستی؟ چەندە خۆش دەبێت! ئاخ، هەر زۆرم پێخۆشە. لێنا چەندە خۆش دەبێت.

– بەلام دایە، ویستم لێت بپرسم؛ ئایا دەتوانم کەسێک لە تەک خۆمدا بێنم؟ سەعید، ئەو خورتەی کە لە پۆلەکەمدایە و لە پاڵ یەکدا دادەنیشین.

– بێشک ئەو سەعیدەی کە لەبارەیەوە قسەمان کردووە! لاوەکەی خەڵکی بەغداد.

– ئەوەیشی کە من پێتم نەوتوویت، کاتی نەبووە.... ئەو دایک و بابی

هەردووکیان کوژراون. خۆیشی ڕووداوی تۆقێنەری بەسەردا هاتووە.

– لاوی هەژار.!

دایکی قورگی دەگیرێت و بۆ چرکەساتێک بێدەنگ دەبێت. ئینجا دەڵێت:

– بێشک سەعیدەکەت دەتوانێت بێت. لێرە هێندەمان جێ هەیە، کە دەتوانین تەواو خزمەتی بکەین و نازی ڕابگرین..

– ئەو بە بینینی چیا خۆشحاڵ دەبێت. باپیری لە باکووری عێراق، هێندە دوور لە چیاوە ناژی. بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆر جێی مەترسییە، بۆیە ناتوانێت بۆ لای ئەو بچێت.

– تێ دەگەم.

– سوپاس دایە!

ماوەیەک بیر دەکاتەوە چی تر بە دایکی بڵێت. ئینجا دەڵێت:

– لەگەڵ ئەوەیشدا، لەوساتەوەی کە من و سەعید جارجارە بە ئینگلیزی دەپەیڤین، ئینگلیزییەکەم هەر زۆر باشتر بووە. بێشک کە ئەو بە ئەڵمانی لێم تێ ناگات.

– دەی فەرموو.

– کێ دەزانێت. پێدەچێت تۆزێکیش فێری عەرەبیم بکات. ئەوسا دوو زمانی بیانی دەزانم. کە پاشان دەتوانم ببمە پێشخزمەتی ناو فڕۆکە – ستیواردێز ! –.

لێنا گوێی لە پێکەنینێکی نزمی دایکیەوەیەتی. ئینجا ئەو دەڵێت:

– ئاخ لێنا، چەندەم خۆش دەوێیت.

***

کە لێنا لە تەک بابیدا بۆ ماڵەکەیان دەگەڕێنەوە، پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەی داداوەتەوە و بە ناو ئاپۆڕەی ئۆتۆمبێلەکاندا، لە ڕادیۆکەوە گوێ لە گۆرانی تایبەتی وەرزی هاوین دەگرن. بیریش دەکاتەوە چۆن بەیانی باسی ئەم گۆڕانە نوێیانە بۆ سەعید بکات. دەست دەخاتە سەر قۆڵی بابی و سەرنجی لەسەر

رادەگرێت و دەڵێت:

- بابە، دەتوانم شتێک بڵێم؟

بابی ڕووی خۆشی تێ دەکات و وەڵامی دەداتەوە:

- هەمیشە.

- من لەو باوەڕەیدام.... بەڵێ، رام وایە.. ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات.. ژیان دەتوانێت هەر زۆر خۆش بێت. وانییە؟

بابی دەست دەخاتە سەر شانی و بۆ لای خۆیی ڕادەکێشێت و دەڵێت:

- بە جەختکردن لەسەر- دەتوانێت - و - هەر زۆر خۆشبێت - وایە و ڕاستە.

لێنایش بیر دەکاتەوە:" ئەی لەگەڵ جەختکردن لەسەر - هەوڵ دان ؟ - ". مرۆڤ دەبێت خۆی بۆ هەموو شتێک ماندوو بکات. تەنانەت بۆ گەیشتنە بەختیش.

بریگیتا برۆبل؛ لە دایکبووی ١٩٤٢ لە هامبۆرگ. زانستی شانۆ و سیاسی خوێندووە.

لە شاری فرانکفۆرت وەک بەڕێوەبەر و سەرنووسەری - ئەسۆسیت پریس - کاری کردووە.

لە پاڵ چالاکییەکانیدا، وەک ڕۆژنامەگەریی ئازاد و دەرهێنەردا، گەلێک ڕۆمانی بۆ گەورەساڵان و لاوان نووسیووە. پەرتووکەکانی بە ١٨ زمان وەرگێڕدراون و زۆر جاریش خەڵاتی وەرگرتووە.

سەرچاوە: دەستگای چاپی، س، ب، یۆ - مونشن.
چاپی یەکەم ٢٠٠٧ ئەڵمانیا.